تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

مێژووی میافارقین و ئامەد

ئیبنو ئەزرەقی فارقی

وەرگێڕانی:

د. قادر محەممەد پشدەری

ئاکۆ بورهان محەممەد

منتدى إقرأ الثقافي

للكتب (كوردي - عربي - فارسي)

www.iqra.ahlamontada.com

ئیبنو ئەزرەقی فارقی

مێژووی میافارقین و ئامەد

ساغکردنەوە:

د. بدوي عبداللطيف عوض

وەرگێڕانی:

ـ د. قادر محەمەد پشدەری

"سەرۆکی بەشی مێژوو – زانکۆی سەلاحەدین"

ـ ئاکۆ بورهان محەمەد

دەزگای وەرگێڕان

دەزگایەکی ئەهلییە بایەخ بە بواری وەرگێڕانی کتێب دەدات

خاوەنی ئیمتیاز: حەسەن ئەحمەد مستەفا

سەرنووسەر: مقداد شاسواری

ناوی کتێب: مێژووی میافرقین و ئامەد

نووسینی: ئیبنو ئەزرەقی فارقی

بابەت: مێژوویی

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: د. قادر محەمەد پشدەری ـ ئاکۆ بورهان محەمەد

بەرگ: ئاگری باڵەکی

دیزاینی ناوەوە: ئاکار جەلیل کاکەوەیس

تایپ: ئەحمەد حاجی مەولود

هەڵەچن و پێداچوونەوەی زمانەوانی: شادان عەلی

تیراژ : ١٠٠٠ دانە

نرخ: ٤٠٠٠ دینار

چاپ : یەکەم ٢٠٠٧ - هەولێر

چاپخانە :چاپخانەی منارە - هەولێر

لە کتێبخانەی گشتی هەولێر ژمارەی سپاردنی (٢٧٤)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ.

ناونیشان:

هەولێر/ گەڕەکی سێتاقان، نزیک ئامادەیی کوردستان

نورماڵ: 2532099

ئەم وەرگێڕانە پێشکەشە
به مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف

ناوەڕۆك

- پێشەکی ساغکەرەوە/ ل٥
- پێشەکی وەرگێڕ/ ل١٠
- باسی سەرەتای فەرمانڕەوایی کوردان لە میافارقین/ ل١٣
- باسی فەرمانڕەوایی بەرەبابی مەڕوان لە هەموو دیاربەکر/ ل٢١
- باسی خەلافەتی ئەبی عەباس قادر کوڕی ئیسحاقی موتەقی/ ل٢٥
- باسی ویلایەتی میر نەسرولدەولە ئەبو نەسر ئەحمەد کوڕی مەڕوان/ ل٤٦
- باسی فەرمانڕەوایەتی میر نیزامەدین/ ل١٠١
- باسی ویلایەتی میر ناسرولدەولە مەنسور/ ل١١٥

پێشەکی ساغکەرەوە؟[1]

کتێبی (مێژووی میافارقین)ی ئیبن ئەزرەقی فارقی، کتێبێکی بەهادار و سەرنجڕاکێشە و دەشێ بە یەك لە کتێبە دانسقە شایستەکان دابنرێت، جا هەر کەسێك لێی وردنەبێتەوە و تێ نەفکرێت نازانێ چەند بە بایەخە.

ئیبن ئەزرەق وای داناوە کتێبەکەی لەسەر مێژوی میافارقین بێ، هەتا دەگاتە سەردەمی خۆی، لەوەشدا لاسایی هەندێ لە مێژوونووسانی دیکەی کردۆتەوە وەکو: خەتیبی بەغدادی کە کتێبێکی مەزنی لەسەر شاری بەغداد نووسیوە و محەمەد کوڕی عەلی شمشاتی کە کتێبێکی لەسەر موسڵ بۆ قەرەواش کوڕی موقەلەد نووسیوە و هی دیکە کە لەسەر مێژووی شار و ئاوەدانییان نووسیوە.

بەڵام ئیبن ئەزرەق وەکو زۆربەی مێژوونووسانی سەدەکانی ناوەڕاست، بە باسی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەستی پێکردووە و لەبارەی زەمانی کۆن پێشەکیەکی درێژی باس کردووە.

لە نێوی کتێبەکەی (مێژووی میافارقین) وا دیارە کە نووسەرەکەی بۆ باسکردنی مێژووی شارێك تەرخانی کردووە، بەڵام پیاو هەق بڵێ، کتێبەکە نووسراوێکی دانسقە و

---

[1] - ئەم پێشەکیەی کە مامۆستای ساغکەرەوەی کتێبەکە نووسیویەتی زۆر بە دوور و درێژی باسی دەست نووسەکان و سەرچاوەکانی و چۆنیەتی ئیشکردنی بۆ ساغکردنەوەی کتێبەکە کردووە، کە ئێمە بە پوختی و ئەوەی بۆ خوێنەرانمان بە پێویست زانیوەو وەرمانگێڕاوە و خۆمان لە قەرەی وەرگێڕانی وردەکاریە ئەکادیمیەکانی نەداوە.

فراوانی رۆشنبیری و سیاسەتی سەردەمە کۆنەکانی، بە تایبەتی سیاسەت و رۆشنبیری سەدەی شەشەمی کۆچی ئەو سەردەمەی ئیبن ئەزرەقی فارقی تێدا ژیاوە.

کتێبەکە باسی ژیان و سەربوردەی خەلیفە و میر و وەزیر و سوڵتان و زانایان لە خۆ دەگرێ و زانیاری لەسەر سیاسەتی تاکەکان و میللەتانی تێدایە و دواتر قسەی لەسەر کێشە و ناخۆشی نێوان تایەفە و ئاینەدەی کردووە. هەروەکو هەندێك بابەتی جوگرافی و تایبەتمەندی زۆر لە ولاتانیشی ورژووانەدووە و لای کردۆتەوە لە هەندێك مەسەلەی گرنگی مێژوویی وەکو کێشەی جێنشینی (ولایە العهد)ی یەزیدی کوڕی مەعاویە. مەسەلەی خەلافەت و شایستەی ماڵباتی هاشمیان بۆ ئەو پۆستە. باسی دارایی و سامانی هەندێك لە هەرێمەکانی کردووە.

دواتر باسی ئەو میللەت و هەرێم و ناوچانەی کردووە، کە سەردانی کردوون و قسەی لەسەر خوخدە و زانستی ئەو میللەتانە کردووە و باسی دەوڵەتی ئومەوی و خەلیفەکانی کردووە، وێڕای بارودۆخی وڵات و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ولاتانی دراوسێ.

لەبارەی دەوڵەتی عەباسی نووسیوە و بە دوور و درێژی قسەی لەسەر رووداوە و هەواڵەکانی کردوە، لەمەڕ خەلیفە و وەزیرەکانی و خودان دەسەلاتەکانی دواوە، باسی ئەو دەوڵەت و میرنشینانەشی کردووە، کە لە شام و عێراق و جەزیرە و ئەرمینیە و فارس دەرکەوتوون وەکو سەلجوقی، ئەتابەکی، مەروانی و ئەرتقی.

ئاماژەی بۆ پەیوەندی دۆستانە و دوژمنانەی نێوان ئەو دەوڵەتانە کردووە، هەروەها پەیوەندیان لەگەڵ خەلافەتی عەباسی و هی دیکە، لەسەردەمە جیاجیاکاندا زۆر باسی مێژوویی میافارقینی کردووە.

ئیبن ئەزرەق هەروەکو لە ژیاننامەی دەردەکەوێ، پلە و پایەی جیاجیای لە دیوانە حکومی و دەوڵەتییەکاندا بینیون، تا لە دواییدا بوو بە چاودێری ئەوقاف. هەروەکو کە پێشتر باپیری ئەو پۆستەی هەبوو، بۆیە هەرچی کە ئیبن ئەزرەق لەبارەی سەردەمی

خۆی نووسیویەتی تایبەتمەندی هەیە و بە بەڵگەنامەیەکی فەرمی دادەنرێ، کە بە پێنوسی پیاوێکی دەوڵەتی ناسراوە و بەرپرس یاداشت کراوە.

جا بۆیە ئەرێ کتێبی فاریق کەنگێ و لە کوێ دانراوە؟

ناتوانین بە دروستی ئەو ساڵە دیاری بکەین، کە ئیبن ئەزرەق کتێبەکەی تێدا داناوە، چونکە بۆ بەدبەختی نە بۆ خۆی و نە هیچ کەسێکی دیکە لە نووسەران مێژووی دانانی کتێبەکە و ئەو شوێنەی کە کتێبەکەی لێ دانراوە دیاری نەکردووە. هەروەکو نووسەرەوەی (ناسخ کتێبەکە و کات و شوێنی نووسینەکەشی نازانرێ).

زۆر ڕێی تێدەچێ مێژوونووسەکەمانە لە ساڵانی بەرایی ژیانیدا ئەو کتێبەی نەنووسیبێ، چونکە لە سەرەداتا، ئەو لە زۆر جێیان سەرقاڵی کار و وەزیفەی بووە و نەپەرژاوتە سەر نووسینی مێژووەکەی، بۆیە دەتوانین بڵێین (مێژووی میافارقین و ئامەد) لە ساڵانی دوایی تەمەنی یان کەمێك پێش مردنی نووسراوە. گومانی تێدا نییە، کە ئەم کتێبە دوای مەرگی فارقی نووسراوەتەوە، کە لەوانەیە لە سەدەی حەوتەمی کۆچی بووبێ، ئەمەش بەوە ڕا دەزانین کە بە بەراوردکردنی دەستخەتەکەی لەگەڵ دەستخەتی بەڵگەنامەی نووسراوی سەدەکانی سێزدە و چواردەمی زایینی لێیان دەچێت.

وا دیارە ئەو بابایەی دەستنووسە کۆن و نوێیەکەی نووسیوەتەوە لەو نووسەرەوانە بووە، کە دەستخەتی خۆش بووە، بەڵام بە باشی تێی نەگەییوە، ئەمەش بە بەڵگەی بوونی چەندان هەڵەی زوبانی و ڕێزمانی و ئیملایی، کە ئاماژەمان پێ داون و چاکمان کردونەوە و لە پەراوێزی کتێبەکەیدا دامان ناون، ڕێی تێدەچێ نووسەرەوەکە تورك بووبێ و عەرەبی باش نەزانیبێ.

کتێبی (مێژووی میافارقین و ئامەد) لە دوو دەستنووسی مەزن پێك دێت، دەستنووسە گەورە و نوێیەکە دووسەد و نۆ پەڕەیە، کە دەکاتە چوارسەد و هەژدە لاپەڕە، بەڵام دەستنووسە بچووکە کۆنەکە سەد و چل پەڕەیە، کە دەکاتە دوو سەد و

هەشتا لاپەڕە. هەردوو دەستنووسەکە لە کتێبخانەی مۆزەی بەریتانی لە لەندەن پارێزران، کە بۆ خۆم وێنەیەکی کۆپیکراوم لەبەر ڕاگرتوونەتەوە و بۆ ساغکردنەوە کارم لەسەر کردوون.

دەستنووسە گەورەکە:

ناوەڕۆکی ئەم دەستنووسە لە پەڕەی نۆیەمەوە دەست پێدەکات، واتا لاپەڕەی هەژدە و لە پەڕەی دووسەد و نۆ کۆتایی پێ دێت، واتا لاپەڕەی چوارسەد و هەژدە، پێدەچێ بەشە ونبووەکەی لە سەرەتای کتێبەکەوە تا پەڕەی نۆیەم بریتی بێ لە ژیاننامەی پێغەمبەر(د.خ) لەگەڵ خەلیفایەتی ئەبوبەکر و بەشێکی خەلیفایەتی عومەری کوڕی خەتاب، واش دیارە کتێبەکە لە کۆتاییدا هەندێك لاپەڕەی لێ ون بووبن، چونکە دیماهییەکەی لە کورتی دەدا و کۆتایی نامەی تێدا نییە، هەروەکو لە کتێبەکانیتر دا هەیە.

ئەو دەستنووسە بەوە دەناسرێ، کە لاپەڕەکانی گەورەن، لە هەر لاپەڕەیەکدا بیست و سێ دێڕی هەیە، کە بە مەرەکەبی ڕەش لەسەر پەڕەی زەردی لە بار و پتەوە بە پێنووسی (نسخی) بە ڕوونی نووسراون، لە نێودا ناونیشانی ڕووداوەکان و سەرەتای سەردەمی خەلیفە و سوڵتان و پادشاکان بە پێنووسی (ثلث) هەر بە مەرەکەبی ڕەش نووسراون.

نووسەرەکەی بایەخی بە نوختەکان داوە، هەرچەندە لە زۆر جێی ئەو لایەنەی فەرامۆش کردووە، هەندێك دەستەواژەی ڕێك کردووە، بەڵام ڕێککردنەوەی هەموو جارێ لە لایەنی زوبانی و ڕێزمانی تەواو نییە.

دەبوو دەستنووسێکی ئاوا بەها گران ئەوەندەی هەڵە و پەڵە و کەلێنی تێدا نەبان، چونکە کارێکی لەو جۆرە دەکرا باشترین و ئەمینترین نووسەرەوەی بۆ گیرابا و ئەوەندە دەم چەور کرابا، کە بە باشی و وردی کارەکەی بە جێهێنا با، بەڵام جێی داخە کەمتەرخەمی و لۆزی و ناپوختی نووسەرەوەکەی لە ڕاستکردنەوە و چاککردندا

تێدا بەدی دەکرێت. هەرچەندە دەستنووسێك نییە لەو سەردەمانەدا بە دەربێ لە کەم و کوڕی و شەپڕیوی. (دەستنووسە گچکە یان کۆنەکە).

ئەم دەستنووسە قەبارەی لە دەستنووسە نوێ یان گەورەکە گچکەترە، هەر لاپەڕەیەکی سێزدە دێڕی تێدان، پەڕەی یەکەمی بە ساڵی دووسەد و پەنجا و پێنجی کۆچی دەست پێدەکات، کە باسی سەرداریەتی ئەبو موسا عیسا کوڕی شێخ بەسەر میافارقین و ئامەد دەکات لە سەردەمی خەلیفە موهتەدی.

هەرچەندە ئەو خەتەی ئەم دەستنووسەی پێ نووسراوە، تا ڕادەیەك جیاوازە لە خەتی دەستنووسەکەی دیکە، بەڵام لێکچوونیشیان لە نێواندا هەیە.

کۆتایی ئەم دەستنووسە بە باسی سەعید حیسامەدین خاوەنی ئامەد و میافارقین دێ و هەروەها سەرداریەتی کوڕەکەی دوای مردنی و کارە چاکسازی و ئاوەدانکارییەکانی لە وڵاتدا، کەوا بۆ خۆشگوزەرانکردنی خەڵکی شوێن پێی بابی گرتۆتە بەر.

هەروەکو دەستنووسەکەی دیکە، هەندێك لاپەڕەی لە سەرەتا و کۆتاییدا لێ فەوتانون. لە دواوەی دەستنووسەکەی لە پەڕەی ١٣٩ خشتەیەکی گەورە هەیە، کە ڕۆژهەڵاتناسی ئینگلیزی (ئەمدروز) کردویەتی و ڕووداو ساڵی لێکچووەکانی نێوان هەر دوو دەستنووسەکەی لەبەر یەك ڕاناون.

پێشەکی وەرگێڕ

کتێبی (مێژووی میافارقین ئامادە) یەك لە سەرچاوە ڕەسەن و بە کەڵك و دەگمەنەکانی مێژووی کوردە، کە تایبەتە بە مێژووی دەوڵەتی مەڕوانی کوردی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، بۆیە ئەم کتێبە ژێدەرێکی ناوازە و پڕ بایەخ و بێ ئەندازە بەهادار و سەنگینە، نەك هەر لە سۆنگەی ئەوەی کە پەرتوکێکی کەونارایە و لەبارەی بەشێکی مێژووی کوردان، لە دێریندا بالایە، بەڵکو لەبەر ئەوەش کە نووسەرەکەی کوردستانیە و بۆ خۆی و باب و باپیرانی لە مەیدان و بیرەوەریەکانی ئەم مێژووەدا ژیاون و لە ڕووداوەکانیدا خازون...

ئیبن ئەزرەقی فارقی کە زیاتر لە چوار سەد ساڵ پێش مێژوونووس شەرەفخانی بدلیسی ژیاوە، مێژوونووس و فەرمانبەرێکی کارای سەردەمی خۆی بووە و بەشە هەرە گرنگ و دیاری مێژووەکەی ئەم کتێبەی بەردەستە، کە لەسەر دەوڵەتی مەڕوانیە و بەمەش فارقی دادەنرێت بە یەك لەو مێژوونووسە کۆنانەی کە بەشێکی دیرۆکی کوردانیان بە بایەخەوە تۆمار کردووە، هەرچەند لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، چەندان کتێب لەسەر شارو ناوچە و قەڵا کوردیەکان نووسراون، بەڵام داخی گرانم چی وایان لێ نەماون، کە بکرێنە بناوان و ڕەوتی زەڵاڵی مێژوومانی لێ ڕابەستین، بەڵکو پێدەچێ زۆربەیان فەوتاون و تاقو لۆق کتێبێکی وەکو ئەم کتێبەی فارقی لە ناوچوون قوتاریان بووە.

بەهای مێژووی ئەم کتێبە هەر لەوەدا نییە، کە باسی مێژووی سیاسی و سەربازی کوردستانی باکور لە نیوەی دووەمی سەدەی چوارەم و سەدەی پێنجەمی کۆچی دەکات، بەڵکو هەروەتر زانیاری مێژووی لەبابەتی شارستانی فەرهەنگی و تا ڕادەیەك کۆمەڵایەتی و ئابووریش لە خۆی دەگرێت. جارجارە مێژوونووس باسی خەلافەتی عەباسی و بۆیهییەکان و سەلجوقیەکان و ناوچە و هەرێمە جیاجیاکانی جیهانی ئیسلامی ئەو سەردەمە دەکات و لەو بوارەشدا نەیویستوە کەمتەرخەم بێت.

گرنگترین زانیاریە مێژوویەکانی ئەم کتێبە، ئەوانەن کە لەسەر هەر دوو بنەماڵەی دۆستەکی و مەڕوانیانن و تایبەتن بە دەسەڵات و دەسترۆیشتویان و باسی بارودۆخی ناوچەکانی کوردستانی باکور لەو سەردەمە دەکەن، دەنا فارقی مێژوونووس لە هەندێك لەو زانیاریانەی کە بە گشتی لەسەر مێژووی خەلافەت و دەوڵەت و ناوچەکانی دیکەی نووسیوە زۆر ورد نەبووە.

ساغکەرەوەی دەستنووسەکە هەڵەی ڕاست کردونەوە و پەراوێزی لێناون و هەندێك لە کەسایەتی و جێگا مێژووییەکانیشی ناساندون، کە بۆ ساڵانی چلەکان سەدەی بیستەم کە دەستنووسەکەی تێدا ساغ کراوەتەوە کارێکی زانستی لە بارو بە بایەخ بووە، بەڵام ئێستا سەرچاوە و لێکۆڵینەوەی زیاتر لەمەڕ ئەو سەردەمە و مێژووی میرنشینی مەڕوانی هەن و کاری توێژینەوە لەو بارەیەوە تا ڕادەیەك ئاسان دەکرێت، بۆیە بە بۆچوونی ئێمە، ئەم کتێبە پێویستە کە سەرلەنوێ جارێکی دیکە پێداچوونەوە و ساغکردنەوەی بۆ بکرێ و لەگەڵ زانیاری نوێی نێو سەرچاوە جیاجیا بەکار نەهاتووەکانی دیکە، لەبەر یەك رابنرێ، هێز و پێزێکی دیکەی پێدەبرێت لە نێو کتێبە مێژوو دێرینەکانی مێژووی کوردا، لەسەرینگانێ دادەنرێ و بە تاسەوە سەرنجی دەدرێ و هەتا لە کن مێژوونووسانی غەیرە کوردیش بایەخی پێدەدرێ، بەڵام ئێمە بۆ ئێستا بە گرنگمان زانی زوو وەربگێردرێ و بخرێتە بەردەستی خوێنەران و بۆ کاری توێژینەوە لە مێژووی کوردی ئەو سەردەمە سوودی لێوەربگیرێت، دەکرێ لە داهاتوودا

سەرلەنوێ پێداچوونەوەی بۆ بکرێ، لەگەڵ زانیارییە مێژووییەکانی هاوشێوەی نێو پەرتووکە دێرینەکانی دیکە لەبەر یەك ڕابنرێ و سەروکاری لەگەڵ بکرێ، پوختتر و فراوانتر دیدەی خوێنەرانی کورد پێ ڕۆشن بکرێت.

دیارە وەرگێڕانی کتێبێکی بە عەرەبی نووسراوی سەدەی شەشەمی کۆچی، هەوڵ و ماندووبوون و سەلیقەیەکی زۆری دەوێ، بە پێی توانا هەوڵمانداوە لە ئاستی ئەنجامدانی کارەکەدا بێت و لەو پێناوەدا درێخیمان نەکردووە، ڕاستگۆیانە مامەڵەمان لەگەڵ دەقەکان کردووە، بەڵام لە پەراوێزەکاندا هەموو وردەکاریەکانی ڕاستکردنەوەی دەستنووسان کە دوور دەکاری ساغکردنەوەیەش نەمان ویستوە بیاننووسین، چونکە بۆ خوێنەران سوودێکی نییە.

باسی سەرەتای فەرمانڕەوایی کوردان[1] لە میافارقین[2]

1– بە پێی قسەی (المقریزی) کورد لەم هۆزانە پێکهاتوون: گۆران، هەزبانی، بەشنەوی، شامیجانی، سەلجی، بەزولی، مەهرانی، زرزاری، کەیکانی، جاك: لو: دونبولی، دەیسینی، ڕەوادی، هەکاری، حەمیدی، وەرکەجی، مەروانی، جەلالی شەنبەکی، جۆپی، ناوچە کوردنشینەکان لە ژماردن نایەن و ئاکنجی زۆریان لە فارس هەیە. (السلوك، المقریزی، ج ١ ف ٢ ص ٣).

لە تاج العروس (مادە الکرد) وا هاتووە کە (وڵاتیان ناوچەکانی فارس و عێراقی عەجەم و ئازەربایجان و هەولێر و موسڵە".

ساغکەرەوەی بەڕێزی ئەم کتێبە ویستویەتی کورد بناسێنێ و لە ڕەچەڵەکیان بدوێ. زانیاریەکانی مەسعودی لەو پێوەندیەدا هێناوەتە گۆڕێ و هیچی وەسەر نەخستوون و دیارە لەسەر بێ بنەمایی ئەو قسانە باس و خواس کراوە، مەسەلەکە ڕووی وەدەرخستنی نییە. (وەرگێڕ).

2– میافارقین: بەناوبانگترین بنەگەیە لە دیاربەکر. فارقی لە دەستنووسی ٩ پەڕی ٧ ب – ١٢ ب باسی سەرەتای دروستبوونی ئەم شارەو تاوەرەکانی و دەروازە و شورەکانی و شوێنی پەرستگای مەسیحیانی و مێژووەکەی لە پێش ئیسلامدا کردووە، وەدەریخستووە کە چۆن فارس و ڕۆمەکان دەستیان بەسەرداگرت و دواتر کەوتە دەست فەرمانڕەوایانی موسڵمان. هەروەها باس لەوە دەکات کە ئەم زانیاریانەی لە پەرتوکی "التشعیث" وەرگرتووە، کە لە پەرستگای مەسیحی شایانەی میافارقین دابوو کەوا فارقی بە هاوکاری یەك لە قەشەکانی ئەو پەرستگایە کە ناوی نەبردووە لە سریانیەوە کردوویە بە عەرەبی.

هەروەها یاقوتی حەمەوی کە دوای فارقی بە نیو سەدە کۆچی دوایی کردووە، لە کتێبەکەیدا (معجم البلدان ج ٤ن ص ٧٠٢ – ٧٠٨) ئەو زانیاریانەی هێناوە، هەروەها خاوەنی دەستنووسی "مارش" کە دوای فارقی بە سەدەیەك کۆچی دوایی کردووە، باس لە چیرۆکی ئەو شارەی کردووە، ئەم دەستنووسەش لە کتێبخانەی بودلینە لە زانکۆی ئۆکسفۆرد بە ژمارەی ٣٣٢ لەبەر پەڕەکانی (٦٦ ب – ٦٨ ب).

هەمان ئەو زانیاریانەی لەو بارەوە باسکردووە، کە چونیەکە لەگەڵ دەستنووسەکەی فارقی. جێی باسە کە هەر یەکە لە یاقوتی حەمەوی و خاوەنی دەستنووسی "مارش" باسی ئەو سەرچاوەیان کردووە، کە لێیان وەرگرتووە.

ئەو دەستنووسەی کە بە مارش ناسراوە هەمان ئەو کتێبەیە کە بە "الاعلاق الخطیرة في ذکر امراء الشام و الجزیرة" ناسراوە، دانەرەکەی (ابن شداد)ە. (وەرگێڕ).

وتراوە: باد کوڕی دۆستەکی حاربەختی – کە ناوی ئەبو عەبدولاّ کوڕی دۆستەك[1]، کە نازناوی (باد)[2]یان پێگوتووە، لە چیاکانی باحسمێی سەر بە ناوچەکانی حیزان[3] و مەعدەن[4] ڕاست بۆتەوە و خەڵکی لێ هەلاّوە و بەرەو ڕێگری هەنگاوی ناوە، هێرشێکی کردە سەر دیاربەکر.[5] بە مردنی عەزوددەولە[6] زیاتر بەهێز بوو، خەڵکی زیاتری بۆ

---

[1]– لە لای (الروذدراوري) لە کتێبەکەی (ذیل تجارب الامم، ح ٣، ص ٨٤) بە (دوشنك) هاتووە. لە لای (ابن خلدون: التاریخ ، مج ٣ و ٤ ص ٩١٢) لە (دوشتك هاتوە، کە پێ دەچێ دوستك ڕاستتر بێت، لە وشەی دۆستی کوردیەوە هاتبێ. (وەرگێڕ).

[2]– (باد) کە ئاوا لە دەستنووسەکەدا هاتووە. لە (ابن الاثیر، ح ٩ ص ٢٥)دا هاتووە کە (باذ) "لە کوردەکانی حەمیدیە، لە سەرەتادا لە کەوشەنەکانی دیاربەکر زۆری غەزا دەکرد، تا خستیە ژێر دەسەلاّت و ڕکێفی خۆیەوە، بابایەکی کەڵەگەت و بەوەج و توند و تیژ بوو. دەستی بەسەر تەسەیبیندا گرت، سەحسامولدەولە هێزێکی بەسەرکردایەتی گەورەترین سوپاسالاری بەناو ئەبالقاسم کوڕی سەعد کوڕی محەمەدی حاجب بۆ نارد، بەلاّم هێزەکەی تێك شکا، کوڕی دۆستەك سەرکەوت، هەروەکو کە بەسەر بەهرام کوڕی ئەردەشێردا سەرکەوت..." بۆ زیاتری ئەم ڕووداوانە بگەڕێوە بۆ (ابن الاثیر ساڵانی ٣٧٢ – ٣٧٤ / ٩٨٢ – ٩٨٤ن).

(ابن الاثیر ل ح ن ص ٢٦) دا دەڵێت: "هەندێ لە هاوڕێیانمان لە کوردانی حەمیدی ئەوانەی گرنگی بە هەواڵەکانی (باذ) دەدەن، لە کنیان درکاندم ئەو بە ئەبوشوجاع بەناوبانگە و ناویشی (باذ)، عەبدولاّ کوڕی حوسێن کوڕی دۆستەکی برای باذة". نووسەر دوای کەمێك باس لە برایەکی باد دەکات، حوسێن کوڕی دۆستەك بەناوبانگە بە ئەبو فەوارس.

[3]– حیزان: شارێکی بەدار و درەخت و بێستانە، ئاوی زۆرە و لە نزیك ئەسعەرتی دیاربەکرە، حیزان یەك لە شارەکانی ئەرمینایە. (معجم البلدان ح ، ص ٢٨٠).

[4]– مەعدەن: شارێکی ئەرمەنیە نزیك سەرچاوەی ئاوی ڕووباری دیجلەیە، لەبەر بوونی کانگاکانی ئاسن و مس لە نزیك وێ ئەو نێوەی لێنراوە. (السلوك ح ١ ق ٣ ص ٦٩٠ هـ ٤).

[5]– دیاربەکر: ولاّتێکی گەورە و فراوانە. بە نێوی بەکر کوڕی وائل کوڕی قاست نێو نراوە. سنوورەکەی ڕۆژئاوای دیجلە و لە ناوچەکانی چیایی کە بەسەر نەسەیبیندا دەڕوانێ هەتا دیجلە (معجم البلدان ح ٢ ص ٢٣٦).

[6]– عەزوددەولە: (عضد الدولة) ئەبو شوجاع فینا خەسرۆ کوڕی سوڵتان ڕوکنەدین حەسەن کوڕی بوەیهە. یەکەم کەسە لە ناو ئیسلام بە شاهینشاهـ (ملك الملوك) ناوبراوە، یەکەم کەسە لەسەر مینبەرەکانی بەغدا دوای خەلیفەکان وتاری هەینی بە ناوەوە بخوێنرێت، لە شەواڵی ساڵی ٣٧٢ ك / ٩٨٢ ز لە بەغدا کۆچی دوایی کرد. (النجوم الزهراه ح ٤ ص ١٤٢).

مێژوونووس (الروذراوري) نووسیویە کە باد هەمیشە لە ناوچە تخوبیەکان (لەگەڵ دەوڵەتی ڕۆم) لەشکرکێشی دەکرد، ئەو پیاوێکی بە ڕوو سامناك و بە هەیکەل و کەڵەگەت بوو. وەختێك عەزوددەولە هاتە موسڵ (ساڵی ٣٦٩ ك / ٩٧٩ن) باد بە هۆی زیاد کوڕی شەهراکویە سەرکردەی بوەیهی لە دەرباری ئامادە بوو، دوای ڕای کرد. دەڵێن: کە باد لە کن عەزوددەوەلە هاتە دەرێ هەلاّت، یاوەرانی لێیان پرسی بۆ ڕات کرد. ئەویش وتویەتی: "پیاوێکم دیت وام بە خەیاڵ دا

کۆبۆوە، بارەگای لە دەروازەی حیزان و مەعدەن بووە، خۆی بەشا دانا، وڵاتـی خـستە ژێـر دەسـەڵاتی خۆیـەوە و دەسـتی بـە پـەلاماردانی میافـارقین کـرد و ئابلۆقـەی دا. یاوەرانی میر ئەبو مەعالی[١] لە پاراستنی وڵات دەستەوەستان بـوو، بـاد پـەیامێکی بـۆ خـەڵکی میافارقین نارد و دڵی خـەڵکی شـارەکەی ئـارام کـردەوە و پـەیمانی پێدان بـە جوانی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. ئـەوانیش ڕەزامەنـدبوونیان دەربـڕی. ئینجا چووە میافارقین و دەستی بەسەردا گرت و لە مانگی رەبیعی ئاخرەی سـاڵی ٣٧٤ ك / ٩٨٤ ز تێیدا نیشتەجێ بوو، لە ماوەیەکی کەمدا بووە خاوەنی هەموو دیاربەکر و نەسەیبین[٢] و جەزیرە[٣].

ئەو یەکەم کورد بووە کە پاشایەتی پێبڕاوە، براکەی بـەناو ئەبولفـەوارس حوسـێن کـوڕی دۆسـتەکی[٤] کـردە فـەرمانڕەوای میافـارقین، بـادیش خـەریکی فراوانخـوازی لـە ناوچەکانی دیکەو دەسەڵات ڕانان و بەردەستکردنی سەربازان بـوو[٥]، ئەبولفـەوارس لـە

هات کە ئەگەر بمگرێ لە ناوم دەبا"، عەزوددەوەلە هـەر لەگـەڵ هاتنـە دەرەوەی باد داوای کرد و فـەرمانی دا بیگـرن و وتی: ئەوە پیاوێکی بەزیبك و زاکون و توانایە و خراپ و غەدارە و نابێ بمـێنێ، خەبـەریان دایـێ کـە ڕای کـردووە، دواتـر لەتخوبەکانی دیاربەکر باد باڵادەست بوو لەوێ ما تا هێز و فەرمانداری پێ برا. ‹ذیل تجارب الامم ح ٣ ص ٨٤).

[1]–سەعددەولە ئەبو مەعالی شەریف کوڕی سەیف دەولـە عـەلی کـوڕی عەبـدولا ئەحمـەد حەمـدانی تـەغلوبی خـاوەنی حەلەب، لە مانگی ڕەمەزانی ساڵی ٣٨١ ك / ٩٩١ ز کۆچی دوایی کرد. (النجوم الزاهـره ح ٤، ص ١٦١، ابـن الاثـير و عقد الجمان، شذرات الذهب لە ڕووداوەکانی ساڵی ٣٨١ ك / ٩٩١ن).

[2]– نەسەیبین: شارێکی ئاوەدانە لە وڵاتـی جەزیرەدا دەکەوێتە سەر ڕێی کاروانەکانی نێوان موسـڵ و شـام، نێوان وێ و موسڵێ شەش ڕۆژە. (معجم البلدان ح ٤ ص ٧٨٧).

[3]– جەزیرەی ئاقور: دەکەوێتە نێوان دیجلە و فورات بە تەك شامەوەیە، پێك هـاتووە لـە دیارمـەزر و دیاررەبیعـە و ... شاری ڕێك و قەڵاو بنکەی زۆری تێدایە، لـە بـە ناوبـانگترین شـارەکانی: حـەڕان، ڕەهـا، ڕەقـە، ڕاسـولعەین، نەسـەیبین، سنجار، خابوور، ماردین، ئامەد، میافارقین، موسڵ و هی تر.

[4]– لە (مارش) پەڕی ٧٩ ب دا هاتووە: "کاتێك باد میافـارقین کەوتـە ژێـر دەسـتی ئـەبو عـەلی، حەسـەن کـوڕی عـەلی تەمیمی کردە فەرمانڕەوای شارەکە تا جـەنگێك ڕوویدا لـە نێـوان بـاد و خـاوەنی موسـڵ کـە تیایـدا کـوژرا. ئـەبو عـەلی بەردەوام بوو لە فەرمانڕەوایەتی دیاربەکر".

[5]– فارقی مێژوونووس لە ناو هەموو چالاکیە سەربازیەکانی میر باددا باسی گرتنی موسڵ ناکـات، کـە یـەك لـە دیارترین سەرکەوتنەکانیەتی کەچی (الروذراوري) مێژوونووس بە درێـژی باسـی کـردووە و پوختەکـەی ئەوەیـە: لـە سـاڵی ٣٧٢ /

میافارقین مایەوە، ناوی لەسەر شورەکە لە زۆر جێیان نووسراوە، چونکە بە کەمتر لە دوو سالآن (...)[1] لە شورەکە بنیادنا. وتراوە: کاتێ سەمسام دەولە[2] زانی (...)[3] باد بە هێزە و چەند شوێن و ناوچەی خستۆتە بن دەستی، ئەو گرتنکاریانەی بە زۆر زانی و سەرکردەیەکی بەناو ئەبەلحەرب نارده لای باد، کە هاوڕێی ئەویش بوو، کە لێی نزیک بۆوە پەیامی بۆ نارد بچێتە ژێر دەسەلآتی سەمسام دەولەوەو خۆی لەگەلێدا ڕێك بخات، بۆ ئەوەی ئەمیشیان خزمەتی ئەو بکات و ئەو ناوچانەی کە لە ژێر دەسەلآتی باددایە بۆی ببڕێتەوەو هەر لە ژێر دەستیدا بێت، بەلآم باد ئەو کارەی نەکرد، ئینجا هێزێکی نارده سەری، ئەمیش بەرپەرچی دایەوە و توانی شکستی پێ بێنێ، هەرچی پێیان بوو لێی بە تالآن بردن، سامانێکی زۆری دەستگیر بوو، خۆی و سەربازەکانی پێ بە هێز بوو.

وتراوە سەمسام دەولە سوپایەکی بە سەرکردایەتی وەزیر ئەبی حەسەن کوڕی حەسەنی مەغریبی[4] باوکی وەزیری مەغریبی، کە لە خزمەت سەمسام دەولەدا بوو،

---

٩٧٣ ز سەرکردەی بوەیهی سەعدی حاجب هێرش دەبا و لە خابووری حوسێنی – کە دەکاتە نزیك زاخۆی ئێستا – پێکدادان لەگەلٚ سوپای میر باددا دروست دەبێ و ئۆردوی بوەیهی دەشکێ و میر باد هەموو دەیلەمەکان دەگرێ و بەرەو موسلٚ دەکشێ، لەگەلٚ گەڕانەوەی سەعدی حاجب بۆ مۆسلٚ و نزیك بوونەوەی باد لەوێ خەلکی موسلٚ لە سەعدی حاجب ڕادەپەڕن و بوویهیان دەردەکەن و باد موسلٚ دەگرێ و نیازی دەردەستکردنی تەختی پاشایەتی دەبێ. هەیبەت و سام ڕادەنێ و سەمسام دەولەی میری بوەیهیان زۆری بە هەند دەگرێ و بە هۆیەوە ئاگای لە کاروباری ولآت دەبڕێ و بۆ خۆی و وەزیرەکەی هەر لە بیری گرتنەوەی موسلدا دەبن. تا لە سالٚی ٣٨٤ / ٩٨٤ ز دا دەیگرنەوە. بڕوانە (ذيك تجارب الامم ح ٣ ص ٨٥ – ٨٧). (وەرگێڕ).

[1] – نێوکەوانەکان لە دەستنوسەکەدا نەتوانراوە بخوێنرێتەوە.

[2] – سەمسام دەولە: (صمصام الدولە) بەناوبانگە بە ئەبو کالیجار کوڕی عەزوددەولەی کوڕی بویە، دوای باوکی فەرمانڕەوایی بوەیهیانی گرتە دەست، لە سالٚی ٣٨٨ یا ٣٨٩ ك / ١٠٠٠ یا ١٠٠١ ز لە شیراز کوژرا، (النجوم الزاهرە ح ٤ ص ١٩٨).

[3] – نێوکەوانەکان لە دەستنوسەکەدا نەتوانراوە بخوێنرێتەوە.

[4] – ئەبو حەسەن هەلی باوکی وەزیر مەغریبی بوو لە هاوەلآنی سەیفولدەولەی حەمدانی بوو، پاشان بووە وەزیری خەلیفە فاتیمی عزیز بیلا لە میسر، پاشان چووە خزمەتی سەمسام دەولەی بوویەهی و دواتر حاکم بیئەمریلای خەلیفەی میسر.

ناردە سەر و ماوەیەك بەسەر میافارقینی دا، باد هەڵی دەکوتایە سەر و تالآنی سەربازی دەکردن، وەزیر نەدەستی وی پێ بوو، نەدەیتوانی لەوێ بمێنێتەوە، بۆیە شارە و شاری دەکرد و چەند ڕۆژان لێی دادەمەزرا و هەڵمەتی بۆ دەبرد، باد لێیان دەهاتە مەیدان و کۆمەڵێکی لێ دەکوشتن، ماوەیەك بەم جۆرە مایەوە، نەیتوانی لەگەڵ بادی دەربەرێ و ئاشتەوایی کرد.

سوپاکەی وەزیر بەرەو موسڵ[1] بۆوە و لە تەلفافان[2] گیرسایەوە، بەدوی ئەبیلقاسم (سەعد کوڕی محەمەدی حاجب)[3]یدا نارد، کە سەرداری موسڵ بوو مەسەلەکەی تێگەیاند، نامەی بۆ باد نارد و پێکهاتن، کە شارۆچکەی تۆرعابدین[4] و ئەو دیوی لە جەزیرە بدرێتە ئەبی لقسام سەعد و سەرجەم ولآتەکەی دیکە بۆ باد بێت، ڕەمەزانی ساڵی ٣٧٧ ن / ٩٨٧ ز لەسەر ئەمە ڕێککەوتن.

وتراوە: لە ساڵی ٣٧٦ / ٩٨٦ ز شەرەف دەوڵە ئەبولفەوارس شێرزیلی، کوڕی عەزوودەولە براکەی خۆی کە سەمسام دەولە بوو دەستبەسەر کرد. کە ماوەی دوو ساڵ و سێ مانگ[5] فەرمانڕەوایی کرد، لە تەمەنی بیست و هەشت ساڵیدا کۆچی دوایی

---

[1]– موسڵ: شارێکی کۆنە دەکەوێتە سەر ڕووباری دیجلەوە لە بەرامبەری لە لای ڕۆژهەڵات نەینەوایە. (معجم البلدان ج ٤ ص ٦٨٢، معجم ما استعجم ح ٤ ص ١٢٧٨).

[2]– فافان: دەکەوێتە سەر دیجلە لە خواروی میافارقین لە کن وێ دۆڵی ڕەزم دەڕژێتە ڕووباری دیجلە. (معجم البلدان ح ٢ ص ٥٥٢، ٧٧٦ ح ٣ ص ٨٤٥).

[3]– لە نێوان کەوانەکاندا لە (ابن الاثیر ح ٩ ص ٢٥) وەرگیراوە. لە بنەڕەتدا (ئەبیلقاسم کوڕی سەعدان) و بە ناوبانگە بە (ئەبو عەبدولآ) کە ناوی حوسێن کوڕی ئەحمەد کوڕی سەعدان وەزیرێکی سەمسام دەولە بوو. (ابن الاثیر ح ٩ ص ٢٧).

[4]– تۆر عابدین: شارۆچکەیەکی سەر بە نەسەیبینە دەکەوێتە خوار ئەو چیایەی کە بەسەر شارەکەدا دەڕوانێ بە چیای جوودیەوە لکاوە . (معدم البلدان ح ٣ ص٥٥٩).

[5]– لە (النجوم الزاهره، شذرات الذهب) لە ڕووداوەکانی ساڵی ٣٧٩ ك / ٩٨٩ ز داهاتووە کە شەرەف دەوڵە ئەبالفەوارس لە جەمادی ئاخیرە لە تەمەنی (٢٩) ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و ماوەی دوو ساڵ و هەشت مانگان فەرمانڕەوا بوو. لە (ابن الاثیر ح ١ ص ٤٢)دا هاتووە" فەرمانڕەوایەتیەکەی لە عێراقدا دوو ساڵ و هەشت مانگ بوو، تەمەنیشی ٢٨ ساڵ و پێنج مانگ بوو".

کرد. پاشان براکەی بەهائولدەولە ئەبو نەسر خاشاد کوڕی عەزوودەولە[1]، بووە فەرمانڕەوا، ئەمیش سەمسام دەولەی برای ئازاد کرد و هێنایەوە سەر تەختی فەرمانڕەوایەتی. وتراوە: سەمسام دەولە تا ساڵی حەفتا و نۆ مایەوە، دوای ئەو براکەی ئەبو نەسر خاشاد کوڕی عەزوددەولە فەرمانڕەوایەتی گرتە دەست، دڵاوایی بادی کرد و نێوانی باد و ئیبن سەعدان بەرەو تەبایی و خۆشی چوو، تەنانەت باد زۆر چالان پشتگیری دەکرد. وتراوە: وا ڕێککەوت کەوا کۆمەڵە کوردێکی هەکاری[2] و هی دیکە پەلاماری موسڵیان دا، کە ئیبن سەعدان لەوێ فەرمانڕەوا بوو، وڵاتەکەیان تاڵان کرد و ئابلۆقەیان خستە سەر، باد بەمەی زانی بە خۆیی و سوپایەکەوە لە حەسەنکێفا[3] دابەزی و بەشەو لە کن دەروازەی موسڵ بەسەریدا دان و زۆری لێکوشتن و سەروسامانی بە تاڵان بردن، هاوەڵانی ئیبن سەعدان و موسڵ لێ قوتارکردن، بەم جۆرەش خۆشەویستیەکی مەزنیان بۆ باد لە دڵدا باڵا بوو.

وتراوە: ئیبن سەعدان لە ساڵی ٣٧٦ / ٩٨٦ ز کۆچی دوایی کردووە، بەهائولدەولە ئەبو نەسر بەرەو موسڵ هەوراز هات و تیایدا نیشتەجێ بوو، لەگەڵ باددا هەروا پێك هاتوو بوو، جەزیرە و تورعابدینی بۆ بڕیەوە، ئەو پەیوەندیە ماوەیەك مایەوە، دواتر شابەهائولدەولە ناردیە کن باد، کە حاڵ و باریان وەك پێشوو لێبێتەوە، هەروەکو چۆن بوو لە نێوان باد و ئیبن سەعدان، بەڵام باد نەهاتە ژێر بار و بەهائولدەولە ئەم

---

[1] – سوڵتان فەیرۆز ئەبونەسر بەهائولدەولە کوڕی عەزود دەولە و وتراوە: ناوی خاشاد بووە، کە لە نەوەی عەزوددەولە کوڕی بویهە، دوای عەزوددەولە، سەمسام دەوڵە فەرمانڕەوایی کرد و دواتریش شەرەف دەولە پاشان بەهائولدەولە حوکمی گرتە دەست. لە ساڵی ٤٠٣ ك / ١٠١٤ز لە ئەرجان کۆچی دوایی کرد، ماوەی دەسەڵاتداریەکەی ٢٤ ساڵ و نۆ مانگ و چەند ڕۆژێك بوو، تەرمەکەی لە ئەرجان بەرەو کوفە بە ڕێکرا. (النجوم الزاهرە ح ٤ ص ١٥٥ن ٢٣٢).

[2] – هەکاری: شارۆچکە و چەنەدێ و ئاواییەکە لە موسڵ لە جەزیرەی ئیبن عومەر (بۆتان) کوردی تێدا دەژی و پێیان دەوترێ هەکاری. (معدم البلدان ح ٤ ص ٩٧٨).

[3] – حەسەنکێفا: شارێك و قەڵایەکی گەورەیە بەسەر دیجلە دەڕوانێ و دەکەوێتە نێوان ئامەد و جەزیرەی ئیبن عومەر لە دیاربەکر. (معجم البلدان ح ٣ ص ٢٧٧).

گۆڕانکاریانەی بە خەلیفە (الطائع)[1] ڕاگەیاند و سوپایەکی بە سەرکردایەتی نووسەرێکی بەناو سەریر نەسرە کوڕی تاشی، جا سوپاکان بەدەرکەوتن و بە پەیسەری باددا بە ڕێکەوتن. لە تۆرعابدین پێگەیشتن لەو لوتکەیەی بەسەر نەسیبیندا دەڕوانێ لێکیان دا، ئەبولفەوارس کوڕی دۆستەکی برای باد کوژرا، تەرمەکەی بۆ میافارقین برا و لە دەرێ نێژرا، گومبەزێکی لەو جێیە لەسەر دروست کرا، کە بە گومبەزەکەی ئەبولفەوارس ناسراوە، دوایی خەڵکی دیکە لە کن وێ ئیدیکەیان بنیاد ناو کۆمەڵێك گومبەزی لێ قوت کراویەوە[2].

وتراوە: کاتێك سەمسامدەولە کۆچی دوایی کرد و بەهائولدەولەی برای فەرمانڕەوایی گرتە دەست، حەمدانییەکان[3] چاویان بڕییە وڵاتەکە، هەر دوو میری

---

[1]– الطائع: خەلیفە عەبدولکەریم کوڕی موتیع کوڕی موقتەدیر، لە ساڵی ٣٦٣ ك / ٩٧٢ ز تا ساڵی ٣٨١ / ٩٩١ ز بوە خەلیفە پاشان دەستبەسەر کراو بەیعەت بە قادر بیلاّ درا، بە بەندکراوە لە خانویەکی قادر بیلاّ مایەوە و ڕێزی لێنرا تا ساڵی ٣٩٣ ك / ١٠٠٢ ز سەری نایەوە. (النجوم الزاهرە ح ٤ ص ١٠٥ و ٢٠٨).

[2]– (الروذراوري) یاداشتی کردووە، کە پاش مردنی سەعدی حاجب لە ساڵی ٣٧٧ ك / ٩٨٧ ز باد کوڕی دوشنك (دۆستەك) کە کەڵکەڵەی مەزنایەتی هاتبوو، کەللەیەوە و دەیویست بەسەر وڵاتیدا زاڵ بێ. سەرکردەی بوەیهی ئەبو نەسر خواشازە کە ئەمەی زانی بۆ پێشگیری لە باد بەرەو نەسیبین کشا، داوای یارمەتی لە پایتەخت کردوو و کەمی پێ گەیی، ترسا لە بەرامبەر باد شکست بێنێ بۆیە عەرەبی بەنوعەقیلی هێنان و ویستی بۆ شەڕی باد بەکاریان بێنێ زەوی و زاری ئەو ناوچەیەی کە بەرامبەر قەڵەمڕەوی باد بوو بەسەر وانی دا دابەش کرد، بۆ ئەوەی ڕێی فراوانکاری لە باد بگرن، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو بارودۆخە نوێیە میر باد تاکتیکێکی جەنگی ئاقلانەی بۆ چاوترسێن کردنی دوژمن بەکارهێنا، ئەویش بەوەی گاگەڵی بە دوندی کێوانەوە وەرکردبوون پیاوی خۆی نێو نێوە لێدا نابوون و شمشێر و خەنجەری ڕووت بە دەستەوە بۆ ئەوەی باق و بریقیان بگاتە بەرەی دوژمن و لەوێڕا وابزانرێ هەموو هەر سەرباز و لەشکرە و نەوێرن بۆیان سەرکەوتن، لەو کاتەدا برایەکی باد بۆ شەڕی عەرەبەکان چووە خوارێ و لەوێ کوژرا و باد بە بیستنی هەواڵی مەرگی براکەی زۆر شکا و لەو وەختەدا هەواڵی مردنی میر شەرەف دەولەی بوەیهی بە بەرەی سوپای بوەیهی گەیشت و سوکێك کشانەوە بۆ موسڵ و دەسەڵاتی باد لە ناوچەکانی تۆرعابدین و دیاربەکر هەر قایم بوو. بڕوانە (ذیل تجارب الامم ح ٣ ص ١٤٣ – ١٤٥). (وەرگێڕ).

[3]– حەمدانییەکان: کە لە بەرەبابی ڕەبیعەن، سەیفولدەولە عەلی میر و گەورەیانە. هەروا براکەی ناوی ناسرلدەولەیە و بابیان ناوی عەبدولاّ ئەبولهەیجائی کوڕی حەمدانە کە لەلایەن خەلیفە عەباسییەکانەوە فەرمانڕەوایەتی حەجی پێ ڕاسپێردرا، پاشان کوژرا.

حەمدانی: ئەبو تاهر و ئەبو عەبدولای کوڕانی ناسرلدەولە ئەبی محەمەد ئەلحەسەن کوڕی حەمدان بۆی چوونە دەرەوە، بەرەو باد هەڵکشان و ماوەیەك لێی دامەزران، بەڵام باد لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە لە هەڵهاتن دا بوو، تا بەرەو تۆرعابدین بە ڕێکەوت و لەوێ سەربازی زۆری ڕەگەڵ کەوت، هەردووك لێکیان دا و باد لە وڵاخەکەی کەوتە خوارێ. ئەو پیاوێکی بەوەج و بە قەڵافەت و توانا بوو، لەسەر ئەسپەکەیەوە ویستی خۆی هەڵداتە سەر وڵاخێکی دیکە، نەگەیشتێ و سەرانگرێ بوو ئێسکی سەر سنگی شکا. کەوتە نێو کوژراوان. ئاهێکی تێدا مابوو، پیاوێك لە بەرەبابی حەسان بە شمشێرەکەی لێی دا، تا مرد و تاڵانیەکەی برد و نەیناسی، دواتر بۆیان ناسرا کە بادە، دەست و پێیەکیان بڕی و بردیانە موسڵ و دواتر بەغدا و هەڵیانواسی.

لاشەکەی برایە موسڵ و شۆردرا و کفن کرا و نوێژی لەسەر کرا، ئینجا نێژرا و خەڵکی موسڵ ئەوەندە بە کوژرانی داخبار و بە پەرۆش بوونە کە باس ناکرێت، گریان و فیغانیان بۆ کرد و تازیەبار بوون[1].

وتراوە:ساڵی ٣٨٠ ك / ٩٩٠ ز ڕۆژی یەکشەممەی چواردەی موحەڕەم باد کوژرا.

حەمدانییەکان شا و میر بوون، بە ڕوەت و زمان پاراوو دەست و دڵاواو ژیر بوون. بۆ ماوەی نزیکەی سەدەیەك (٣١٧ – ٣٩٤ ك) فەرمانڕەوایەتی موسڵ و حەلەبیان کرد. (بڕوانە: یتمیە الدهر ح ١ ص ١١، اخبار الدول و آثار الاول ص ٢٦٤).

[1]– شایانی باسە ئەوە بە بیر بهێنرێتەوە دانەری دەستنووسی "مارش" کە زۆری لە مێژووی ئیبنولئەزرەق وەرگرتووە، لە پەڕی ٧٩ ب کاتێ لەسەر باد دەدەوێت دەڵێ: "ئیبنو لئەزرەق باس لە بادی کوردی ناکات. باس لە خاوەنداریەتیەکەی بۆ میافارقین و ئامەدەی تێدا نییە"... پاشان بۆ ڕوداوەکان پشتی بە ئیبنولئەثیر بەستووە.

ئیبنولئەزرەق لە پەڕی ١٢١ م – ١٢١ ب هەروەك زانیمان باس لە باد و هەڵکەوتن و دەستگرتنی بەسەر دیاربەکر و میافارقین دوای ئەوەی شکستی بە بوەیهیەکان و ئەوانی دیکە هێنا. ئەوەی کە دانەری دەستنووسی "مارش" باسی لێوەی دەکات لە بابەت دەستنووسی بە ڕاستە، چونکە ڕاستیەکەی باس لە چیرۆکی باد ناکات، بەڵکو پیتێکیش باسی وی تێدا نییە، ئەمەش واتای ئەوەیە کە دانەری "مارش" بە دەستنووسی أ ی نەزانیوە و بە دەستیشی نەکەوتووە.

باسی فەرمانڕەوایی بەرەبابی مەڕوان[1] لە هەموو دیاربەکر

وتراوە: مەڕوان کوڕی کك حاربەختی زاوای باد بووە، لە خوشکی چوار کوڕی لێ بوون، گەورەکەیان میر ئەبو عەلی حەسەن. دووەمیان: سەعید، سێهەمیان: ئەحمەد، چوارەمیان: کاك، خەڵکی دێی کرماس بوون، کە دەکەوێتە نێوان ئەسعەرد[2] و مەعدەن وە ئێستاکە ئاوەدانە.

هەر یەك لە کوڕەکانی کۆمەڵە خەڵکێکیان لەگەڵ بوو. مەڕوان ئاشێکی هەبوو کاری پێ دەکرد، پێشەوا و هەمەکاری دێی کرماس بوون، کاتێ باد بەرەو تالآن و بردن هەنگاوی نا و بووە خاوەنی وڵات، خوارزاکانی لەگەڵ بوون، لە شەڕ و گۆنگەلآن لێی جیا نەدەبوونەوە.

وتراوە: ئەوێ ڕۆژێ کە باد کوژرا و شەڕ گەرم بوو، کورد شکان و میر ئەبو عەلی گازی کردە خەڵك، ئەو گەورە و پێشەوایان بوو خەڵك لێی خڕبوونەوە و بەدوا حەمدانییەکان کەوت و شکستێکی گەورەی پێ بردن و تالآنی کردن، کۆمەڵێکی زۆری

---

[1]– سەرەتای فەرمانڕەوایەتی بەرەبابی مەڕوان لە دیاربەکر دەگرێتەوە سالّی ٣٨٠ ك / ٩٩٠ ز، وەزیر ئیبن جەهیر لە سالّی ٤٧٩ ك / ١٠٨٦ ز دەستی بەسەر ولآتەکەیاندا گرت، مەنسور کوڕی نیزامەدین کوڕی نەسری دەولە کوڕی مەڕوان لە سالّی ٤٨٨ ك / ١٠٩٥ ز کۆچی دوایی کرد،، زیاتر لە سەد سالّ فەرمانڕەوا بوون لە ناو دادترینیان بادی کوردی، دواتر مەڕوان باپیریانە، دوای ئەو ئەحمەدی کوڕی، دواتر نیزامەدینی کوڕی، دواتر هەر دوو کوڕەکەی سەعید و مەنسور (النجوم الزاهره ح ٥ ص ١٥٧ و مرآة الزمان فی حوادث ٤٨٨).

[2]– ئەسعەرد: وە (سعرت)یشی پێ دەوترێت، کە دەکەوێتە لای شاخۆلکەیەکی نزیك دیجلە، یەك ڕۆژە ڕێ و نیو لە م یافارقین دوورە. (تقویم البلدان ص ٢٨٨).

لێکوشتن، ئینجا میر ئه‌بوعه‌لی و ئه‌وانی له‌گه‌ڵیدا بوون، گه‌ڕانه‌وه حه‌سنکێفا، که هاوسه‌ری خاڵه بادی لێ بوو، ئافره‌تێکی ده‌یله‌می بوو له‌گه‌ڵیدا کۆبووه‌و پێی گوت: خاڵم کوژرا، حاڵه‌که‌ی تێگه‌یاند. ئه‌و وتی: پلان چییه؟ ئه‌بو عه‌لی وتی: ده‌چینه میافارقین، له‌و ساته‌وه چوونه میافارقین، له ساڵی ٣٨٠ ك / ٩٩٠ ز بوونه خاوه‌نی ئه‌وێ و به خێرایی ده‌ستی به‌سه‌ر ئامه‌د[١] و هه‌موو قه‌لاَکانی ده‌ورو به‌ریدا گرت. خالۆژنی خۆی کرد به هاوسه‌ری ژیانی[٢].

له ساڵی ٣٨٣ ك / ٩٩٢ ز ڕۆم هێرشیان کرده سه‌ر...[٣] ئه‌خلات[٤] و مه‌نازگرد[٥] و ئه‌رجیش[٦] و به‌رکری[٧]، میر ئه‌بوعه‌لی کوڕی مه‌ڕوان بۆیان چوو، به‌سه‌ریدا دان و

---

[1]– ئامه‌د: گه‌وره‌ترین شاره له دیاربه‌کر، له هه‌مووان به‌ناوبانگتر و به قه‌درتره و شارێکی کۆن و سه‌خته و له‌سه‌ر ته‌پۆلکه‌یه‌که، ڕووباری دیجله له شێوه‌ی هه‌یڤی تازه‌ده‌وری داوه. (معجم البلدان ح ١ ص ٦٦).

[2]– فارقی باسی دوایین شه‌ڕی کورده‌کان و حه‌مدانیه‌کانی موسڵی نه‌کردووه. باسکراوه که پاش ئه‌وه‌ی میر ئه‌بو عه‌لی ناوچه‌کانی قه‌ڵه‌مڕه‌وی بادی گێڕایه‌وه ژێر ده‌سه‌لاَتی خۆی چو بۆ میافارقین، هه‌ردوو کوڕانی حه‌مدان ئه‌بو تاهیر و ئه‌بو عه‌بدوڵلا ته‌ماحیان ڕێنیشت، که قه‌لاَیه‌کانی ناوچه‌که بگرن، به‌لاَم ئه‌بو عه‌لی چاکی قایم کردبوون. بۆیه شه‌ڕیان له‌گه‌ڵ به‌رپا کرد، شه‌ڕ به شکستی حه‌مدانیه‌کان کۆتای هات، ئه‌بو عه‌بدولاَ یه‌خسیر کرا، ئه‌بو عه‌لی ڕێزی گرت و چاکه‌ی له‌گه‌ڵ کرد و به‌ریدا. ئه‌بو عه‌بدولاَ که به‌ربوو چوو بۆ لای ئه‌بو تاهیری برای که به سوپاکه‌یه‌وه له لای ئامه‌د بوو، داوای لێکرد له‌گه‌ڵ ئه‌بو عه‌لی کوڕی مه‌ڕوان پێك بێن و لێیبگه‌ڕێن، به‌لاَم ئه‌بو تاهیر به قسه‌ی نه‌کرد و له‌گه‌ڵ کۆمه‌ڵێکی زۆری به‌نوعه‌قیلیان دیسان به‌سه‌ر سوپای ئه‌بو عه‌لییاندا دایه‌وه، ئه‌و جارش خراپ شکان و هه‌مدیس ئه‌بو عه‌بدولاَ به دیل گیراو ئه‌و که‌ره‌ته‌ی تینی بۆ هێنرا و له زیندانی په‌ستێورا، زۆر له‌وێ ما تا له‌سه‌ر تکای خه‌لیفه‌ی فاتمی میسر (العزیز باللہ) ئازاد کرا. بڕوانه (الروذراوري): ذیك تجارب الامم ح ٣ ص ١٧٨ – ١٧٩، ابن الاثیر: الكامل، ح ٧ ص ١٤٣، ابوالغداد: المختصر ح ٢ ص ١٢٦). (وه‌رگێڕ).

[3]– وشه‌یه‌که نه‌توانراوه بخوێنرێته‌وه.

[4]– ئه‌خلات: شاری ئه‌رمینیای ناوه‌ڕاسته، مجمع البلدان ج ١، ص ٤٠٧.

[5]– مه‌نازگرد: شارێکی به‌ناوبانگه له نێوان ئه‌خلات وولاَتی ڕۆم ده‌که‌وێته ئه‌رمینیا، خه‌ڵکه‌که‌ی ئه‌رمه‌ن و ڕۆمن. (معجم البلدان ح ٤ ص ٦٤٨).

[6]– ئه‌رجیش: شارێکی کۆنی سه‌ر به ئه‌رمینیای گه‌وره‌یه نزیکه له ئه‌خلات و زۆربه‌ی خه‌ڵکه‌که‌ی له ئه‌رمه‌نه مه‌سیحیه‌کانه. (معجم البلدان ح ١ ص ١٩٦).

[7]– به‌رکری: شارۆچکه‌یه‌کی بچوکه ده‌که‌وێته ڕۆژهه‌لاَتی ئه‌خلات، ڕۆژه‌ڕێیه‌ك له ناو چیاکاندا، له‌وێرا هه‌تا ئه‌رجیش هه‌شت فه‌رسه‌خه (تقویم البلدان ص ٣٨٩).

شکاندنی. گوتی سبەینێ هەموو سوپای ئیسلام دەگات، ئینجا لەگەڵیان پێکهات و لە ولاتی هەڵپرینگانەوە و بۆ ماوەی دە ساڵ ئاگربەستیان کرد، میر ئەبو عەلی لە فەرمانڕەواییدا جێگیر بوو. کوڕانی حەمدانیش گەڕانەوە شام و زۆر شوێنی کەنارەکانیان خستە ژێر دەسەلاتی خۆیان، میر ئەبوعەلی بێ ڕکابەر لە میرنشینەکە مایەوە و براکانی لە خزمەتیدا بوون، ئەمیش لەگەڵ ئەوان و خزمانی باش بوو، لە تاوەری پاشایەتیدا فەرمانبەری – میر – مەم ناوێك بوو، پیرێکی بە ساڵداچوو و دنیادیتە بوو، قاڵبووی ئەزمونان بوو، سیاسەتوانی دەوڵەتی ئەبی عەلی دەکرد و بە باشترین تەگبیرکار بەڕێوەی دەبرد.

گوتراوە: لە دوای پادشایەتی براکانی فەرمانڕەوایەتی بۆ بەهائولدەولە ئەبی نەسر خاشاد کوڕی عەزوودەولە جێگیر بوو، کوڕێکی[1] کۆچیی دوایی کرد، زۆری پێ شکا و کۆستی کەوت و لە حەرەمەتان لەسەر گڵەپەتەی دانیشت و خەلیفە تائیع بۆ خۆی ئامادەی پرسەکەی نەبوو، ئەو پێشتر دوو جاران بۆ خۆی سەرەخۆشی لە سەمسام دەولە کرد، جارێك کە عەزودەولە کۆچی دوایی کرد، جارێکی دیکەش ئامادەی پرسە بوو، کە موئەیەددەولە ئەبو مەنسور کوڕی سەمسام دەولە کۆچی دوایی کرد[2]، کە ئەو لە ساڵی ٣٧٧ ك / ٩٨٧ ز مرد وە تائیع بۆ پرسەکەی ئامادە بوو لە (الزبزب)[3]ەکەیدا مایەوە، ئەویش (سەمسام دەولە) بۆ پێشوازی و سڵاو لێکردنی لە ماڵەکەی هاتە

---

[1] – کوڕەکە ئەبو مەنسور وتراوە ناوی بووەیهە کە لە ساڵی ٣٩٩ ك / ١٠٠٨ ز کۆچی دوایی کرد بەهائولدەولەی باوکی زۆر دلگران بوو، بەرگی ڕەشی پۆشاك کرد. بەردەوام بوو لە گریان و پەژارە تا پیاوماقولانی دەیلەمی هاتنە کنی وداوایان لێکرد کە بگەڕێنەوە باری جارانی خۆی (النجوم الزاهره ح ٥ ص ٢٢٠).

[2] – لە (النجوم الزاهره ح ٤ ص ١٤٢) داهاتوو: "ساڵی ٣٧٣ ك / ٩٨٢ ز پاش ماوەیەکی کورت هەواڵی کۆچی دوای کردنی مامی واتا موئەیەدەولە ئەبی مەنسور کوڕی روکن دەولە گەیشتە سەمسام دەولە لە جورجان ئەویش بۆ پرسە دانیشت، خەلیفە تائیع بۆ جاری دووەم هاتە پرسەکەی".

[3] – زەبزەب: کەشتییەکی بچوکە.

دەرەوە، دەستی ماچ کرد، لە نێوانیاندا سوپاس و نزا درێژەی کێشا، تا تائیع گەڕایەوە ماڵەکەی.

وتراوە: کاتێ کوڕی بەهائولدەولە کۆچی دوایی کرد، تائیع ئامادەی پرسەکەی نەبوو، بۆیە بەهائولدەولە ئەمەی لە دڵدا گران بوو.

وتراوە: تا ڕۆژی شەممە ١٩ ی شەعبانی ساڵی ٣٨١ ک / ٩٩١ ز.

وتراوە: وە یان ساڵی ٣٨٣ ک / ٩٩٣ ز ئاوا مایەوە.

بەهائولدەولە ئامادەی کۆشکی خەلافەت بوو، تائیعی دەستبەسەر کرد و بەرەو کۆشکی سەلتەنەی برد، شایەد و دادەوەران و فیقهزان و پیاو ماقولان و میرانی بانگهێشت کرد و ئامادە بوون، لەگەڵ ئامادەبووانی هاشمیان و هی دی شایەدی لابردنیان دا.

خەلافەتەکەی حەڤدە ساڵ بوو. وتراوە: شازدە ساڵ و هەشت مانگ بوو، دەڵێن: نۆ مانگ و پێنج ڕۆژ بەم جۆرە خەڵك بێ خەلیفە مانەوە، وتراوە: ماوەیەك مایەوە گوێی بڕی، ماوەیەکی دیکە مایە وە سەری کەپووی بڕی و شێواندی. پاشان وتراوە، بەهائولدەولە بە دوای ئەبوعەباس ئەحمەد کوڕی ئیبراهیم[1] موتتەقی کوڕی جەعفەری کوڕی موقتەدیریدا نارد، کە لە بتیحە (البطیحة)[2] بوو لە لای موهەزەب کوڕی عیمڕان، کە پێشتر لە دەستی تائیع هەڵاتبوو، چونکە ویستبووی بیکوژێ. بەهائولدەولە ویستی کاری دادوەری بە عەلەویەك بسپێرێت، بەڵام خەڵك کردیانە هەرا و بەمە ڕازی نەبوون و ئەویش توانی هێمنیان بکاتەوە، بەدوی قادریدا نارد، کە ئامادە بێت، کە گەیشت چووە پێشوازیکردنی، بە گەیشتنی خەڵك پشتگیریان کرد (بەیعەتیان پێدا).

---

[1]– لە (النجوم الزاهرە ح ٤ ص ١٦٠) هاتووە: "ناوی ئەحمەدە بە ئەبو عەباس کوڕی ئیسحاق کوڕی خەلیفە جەعفەری موقتەدیر بەناوبانگە و لە "ابن الاثیر ح ٥ ص ٥٦) هاتووە: "قادر بیلاَ ئەبوعەباس ئەحمەد کوڕی ئیسحاق کوڕی موقتەدیر".

[2]– بتێحە: زەویەکی فراوانە لە نێوان واست و بەسرەدا، پەنداوگەی دەیجلە و فوراتە. ناوچەی ڕۆنگاوەی ئێستای عێراقێ دەگرێتەوە.

باسی خەلافەتی ئەبی عەباس قادر کوڕی ئیسحاقی موتەقی

وتـراوە: تـائیع لـە خەلافـەت لادرا، بەهائولدەولـە لـە ئـەبو نەسـر خاشـاد کـوڕی عەزودەولە کوڕی موهەزەب[١] کوڕی عیمران لە بتیحە ڕاسپارد بە هێنانی ئەحمەد کوڕی موتـەقی بۆ بەغدا، کـە گەیـشت چـووە پێشوازی کردنـی، لەگەڵیدا چـوونە کۆشـکی خەلافەت و خەڵکیان بانگهێشت کرد و بەیعـەتی پێـدرا، خـەڵك ئامـادەی بەیعەتەکـەی بوون. بەناوبانگە بە ئەبی عەباس و نازناویـشی قـادرە، لـە دوازدەی مـانگی رەمـەزانی ساڵی ٣٨١ ك / ٩٩١ ز بووە خەلیفە، وتراوە ساڵی ٣٨٣ ك / ٩٩٣ ز بووە.

پـێش گەیـشتنی بـە بەغـدا وتـاری هـەینی لـە دووەم ڕۆژی مـانگی ڕەمـەزان بـۆ خوێنرایەوە، چونکە خەڵك بە بەهائولدەولەیان گوت: ڕۆژوگرتن بـە بـێ بـوونی خەلیفـە دروست نییـە، ئـەویش ڕێیـدا پـێش گەیـشتنی وتـار بـەناوی خەلیفـەوە بخوێنرێتـەوە ، دایکی ناوی یومنی کچی بەهرامە، کە دایکی کـوڕە (ام ولـد)[٢]، لـە ئـەبی عـەباس تـائیع هـەڵاتبوو، بـۆ مـاوەی دوو سـاڵ و یـازدە مانگـان لـە بتیحـە مایـەوە، هـەتا گەیـشت، بەهائولدەولە بە خەلیفەی دانـا و خـەڵکیش لـەم بـارەوە کـۆك بـوون، ڕۆژی دانـانی بـە

---

[1] – عەلی کوڕی نەسر ئەبو حەسەن موهەزەب دەولە خاوەنی بتیحە، قادر بیلاّ پەنای بۆ برد بوو، ئـەویش نەیهێشت لـە لایەن تائیع ئازاری پێ بگات زۆر بە چاکی خزمەتی کرد، لە ساڵی ٤١٠ ك / ١٠١٩ ز کۆچی دوایی کرد. (النجوم الزاهرە ج ٤ ص ٢٤٤).

[2] – (ام ولد) دایکی کوڕ: بەو ئافرەتانە دەوترا کە عەرەب یان قوڕەیش نەبوون و خەلیفەکان مارەیان دەکردن و منداڵیان لێ دەبوو، دواتر منداڵەکە دەبووە خەلیفە. (وەرگێڕ).

خەلیفە ئەو تەمەنی لە چل و پێنج ساڵیدا بوو، لە مێژووی (الصابی)دا وتراوە: ماوەیەك فەرمانی دواخرا، بەیعەتی لە ڕۆژی چوارشەممەی ٢٣ی مانگی (ربیع الاولی) ساڵی ٣٨٢ك / ٩٩٢ ز پێدرا. وتراوە! پاشان ڕێ درا لە مزگەوتی حەربیە نوێژ بکات، کە موتیع بونیادی نابوو، نوێژی لێ نەکردبوو. قادر لە خەلافەت کاروباری جێگیر بوو.

وتراوە: میر حوسامەدین موقەلد کوڕی مەسیبی عەقیلی[1]، دوای حەمدانیەکان ساڵی ٣٧٩ ك / ٩٨٩ ز بووە فەرمانڕەوای نەسیبین، تا ساڵی ٣٨٢ ك / ٩٩٢ ز بەم جۆرە مایەوە، ئینجا ماوەیەکی کەم فەرمانڕەوایی موسڵیشی کرد، دواتر لە ساڵی ٣٨٥ ك / ٩٩٥ ز سوپایەك لە عێراقەوە هات و وەدەری نان و تا ساڵی ٣٨٦ ك / ٩٩٦ ز مایەوە، بەڵام دواتر توانی دەستی بەسەردا بگرێتەوە، ئەمەش سەرەتای فەرمانڕەوایەتی بنەماڵەی شەرەفولدەولە[2] قەرواشی کوڕی موقەلەد بوو.

گوتراوە لە ساڵی ٣٨٤ ك / ٩٩٤ ز میر ئەبو عەلی گازەندەی خۆی لە خەڵکی میافارقین لە لای (مەم)ی پەردەداری درکاند، کە ئیختیارێکی بە ئەزموون بوو، وتی: توانای ئەوانم نییە و لە ژێر دەسەڵاتی منیشدا نین و لەگەڵ واندا فەرمانێکم نییە. هۆی ئەو دڕدۆنگیە ئەوە بوو، کە خەڵکی میافارقین متمانەیان بە بەرەبابی حەمدانیەکان هەبوو، پەرۆشی ئەوان بوون، نەك هی دیکە، هەر بەو پێودانگە شەقاوە و نەفامەکان لەوانە بوو لەبەر حەز و خاتری حەمدانییەکان دەستدرێژی بکەنە سەر سەرباز و یاوەرانی میر، بازاڕی کوتاڵی (بز) حورمەت و ڕێزێکی زۆری لێ دەنرا، تەنانەت کەس بۆی نەبوو بە سواری بچێتە وێ.

---

[1] – موقەلەد کوڕی مەسیب کوڕی ڕافع حوسام دەولە ئەبو حەسان عەقیلی خاوەنی موسڵ لە ساڵی ٣٨٢ ك / ٩٩٢ ز موسڵی گرت دوای ئەوەی لە بن دەستی براکەی واتا (ابوالذواد)دا بوو. لێهاتوو بە توانا بوو، وڵاتەکەی فراوان بوو، خەلیفە قادر پشتگیری و متمانەی خۆی پێ بەخشی. لە ساڵی ٣٥١ ك / ٩٦١ ز کۆچی دوایی کرد، دوای ئەو کوڕەکەی موعتەمەد دەولە ئەبو مەنیع قەرواش جێی گرتەوە. (ابن خلکان ح ٤ ص ٣٤٨).

[2] – میر ئەبو مەنیع قەرواش، خەلیفە قادر بیلا متمانەی پێ بەخشی و نازناوی کردە موعتەمەد دەولە، لە ساڵی ٤٤٢ ك / ١٠٥٠ ز کۆچی دوایی کرد. (ابن خلکان ح ٤ ص ٣٥٥).

وتراوه: وا ڕێککەوت یەك لە ئامۆزایەکانی میر بە سوار ئەسپەوە چووە ناو بازاڕ، کە ئەمەیان پێ ناخۆش بوو، دواتر ڕۆیشت و پاش چەند ڕۆژێکی دیکە گەڕایەوە و ساتێك لە دوکانەکان مایەوە، پاشان سوار بۆوە و ئەسپەکەشی تەرسی کردبوو، خەڵکی میافارقین دایانبەزاند و زۆربەیان لێکرد بە هەڵگرتنەوە و فڕێدانی بۆ دەرەوەی بازاڕ، هەرچەندە هەوڵیدا کە نۆکەرەکەی ئەم کارە ئەنجام بدات، بەڵام خەڵکەکە قایل نەبوون، کە میر بەمەی زانی دلگران و نیگەران بوو، خەڵکی شاریش هەر سەربازێك یا کوردێك دەستدرێژی کردبا لە ناو جەرگەی بازاڕ بێڕەزامەندی میر یا والی دارکاری قورسیان دەکرد، میر قینی لەوان و لەوانەی وەکو ئەوان دەکەن بووەوە، ئاخر میرایەتی دەرویەکی شەریفی هەیە تەنها گوێرایەڵی بۆ فەرمانەکانی و ملکەچی بۆ ڕێوڕەسمەکانی نەبێ ناسەلمێنێ و دەبێ سەرپێچی هیچ شتێ نەکرێ.

وتراوە: کە میر شکایەتی خۆی گەیاندە (مەم)ی پەردەدار، نیشانیدا کە چی لە دەرووندایە و لەوەی لە ئارادایە ئارامی نییە ، مەم پێی وت: تۆ توانای ئەوانت نییە، هێزی ئەوانت نییە، پێویستە بە حورمەت و لەسەرەخۆ بیت.

وتی لە وزەمدا نەماوە، پێی وت: ئەگەر هەر وایە و بە ڕوتدا دان، نازانی چۆن نێوانتان ناخۆش دەبێ و بارودۆخەکەت بۆ چاك نابێتەوە. وتی بۆچوونت چییە؟ پێی وت: پێم وایە لێیان گەڕێی تا ڕۆژی جەژن کە ڕۆژی جەژن، هات و خەڵك چوونە دەرەوە بۆ جەژن و نوێژکردن دەروازەیان بە ڕوو دابخە، ئینجا بە ئارەزوی خۆت ئەوەی دەتەوێت لەناوی ببەیت بیهێنە ژوورەوە، ئەوەی دەتەوێت دەیگریت و ئەوەی دەتەوێت دەیکوژی.

وتراوە: ڕۆژ ڕۆژی جەژنی قوربان بوو، وتراوە: جەژنی ڕەمەزان بوو، خەڵك چوونە دەرەوە بۆ جەژن و میریش وای نیشاندا کە بە بۆنەی جەژنەوە نیازی چوونەوە دەرەوەی هەیە و خۆی لە خەڵکەکە دواخست، بەڵام باروچەکێکی کەمی پێ نەبوو، وشتر و خشڵی زۆری دەرهێنابوو، کە وەکو ئەم نەبینرا بوو. چوونە دەرەوە و میر بۆ

چێشتەنگاوێکی درەنگ دواکەوت. کەس لە وڵاتیدا نەمابوو، پاشان دەرگاکانی لە دویان داخست، پیاوماقوڵ و گەورە و پێشەوی شار محەمەد کوڕی ئەبی سەقر لەسەر شورەکە دانیشتبوو، کە خەڵکەکە هەموو لەو دیوی شار تەواو کۆبوونەوە، بە بۆنەی جێژنەوە چاوەڕێی دەرکەوتنی میریان دەکرد، میر چووە سەر ئەو کۆشکەی کە حەمدانیەکان بینایان کردبوو، لە شورەکەدا و چووە تاوەری دەروازەی شار و کۆمەڵە خەڵکێکی گرت، کە لەسەر شورەکە بوون، ئیبن ئەبی سەقری لەسەر شورەکەوە فڕێ دایە خوارەوە و بە هیلاك چوو، کۆمەڵێکی کوشتن و سەربازەکان دەستیان لە کوتاڵی خەڵك نەپاراست و دەستیان بە تاڵانی کرد، ئینجا بانگەوازێك بۆ خەڵکەکە کرا، بۆ پاراستنی ئاسایش و چۆلکردنی شوێنەکە هۆشداری درا، کە نابێ لەوێ بمێنن. دوایی کۆمەڵێکی هەڵبژارد و ڕێی دان بە گەڕانەوە، ئەوەی متمانەی پێ هەبوو هێنایەوە نێو شار و زۆربەی خەڵکەکەی دور خستەوە.

خەڵك هەتا دواین ڕۆژانی حوکمی میر ئەبو عەلی بە وڵات و دەشت و دەر وەربوون و وەك کەوێ برا برایان لێهات و هەندێکیان گەڕانەوە و زۆربەشیان لە غەریبایەتی سەریان نایەوە.

وتراوە: جا بە هێز و توانا بوو فەرمانی تەواوی بەسەر خەڵکیدا هەبوو، نە دوژمن و نە نەیاری نەما. وتراوە: لە ڕۆژی دووشەممە ١٣ی شەوالی ساڵی ٣٨٤ ك / ٩٩٤ ز ئەبو حەسەن[1] کوڕی هیلال نووسەری سابی خاوەن (الرسائل) کۆچی دوایی کرد، لە بەغدا لە شونازی[2]، شەریفی ڕەزی[1] (الشریف الرضي) (خوا لێی ڕازی بێت) بە هۆنراوەیەکی ڕەوان لاواندویەتیەوە، کە ئاوا دەست پێ دەکات:

---

[1]– سەرچاوەکانی بەردەستمان کۆکن لەسەر ئەوەی کە بە ئەبو ئیسحاق بەناوبانگە، ناوی: ئیبراهیم کوڕی هیلال کوڕی ئیبراهیم کوڕی زەهرون کوڕی حەبونی حەڕانی سابییە. بڕوانە (ابن خلكان ح ١ ص ٣٤، ابن الاثیر ح ٩ ص ٧٤، النجوم الزاهره ح ٤ ص ١٦٧، ابن كثیر ح ١٢ ص ٣١٣ عقد الجمان ڕووداوەکانی ساڵی ٣٨٤ ك / ٩٩٤ ن).

[2]– لە(معجم البلدان ح ٣ ص ٣٣٨) بە (الشونیزیە) هاتووە کە گۆڕستانێکە دەکەوێتە لای ڕۆژئاوای بەغدا، کۆمەڵێك پیاو چاکی لێ نێژراوە.

بینیت کێیان لە دار دا هەڵگرت

دیتت چۆن ڕوناکی دۆڵ هەڵکشا

وتراوە: لە ١٤ ی سەفەری ساڵی ٣٨٥ ک / ٩٩٥ ز صاحب کوڕی عەباد کە ناوی ئیسماعیلە[2] لە ڕەی[3] کۆچی دوایی کرد، کە بە درێژایی فەرمانڕەوایەتی عەزوددەولە و براکانی سەرکاری ڕەی بوو، لە خانووەکە چەند ڕۆژێك بە زنجیران هەڵواسرابوو، بۆ ئەسفەهان[4] برا و لە گوندێکی خۆی لە دەروازەی دریە بە خاك سپێردرا.

سابی و ئیبن عەباد ملیوانەی زەمان و تاقانەی سەردەم بوون، خوای گەورە ئەدەبی دابوونێ و کاڵای بە ڕوەتی و هۆنەری و شیعر و نامەکانی بە باڵایان بڕیبوو.

وتراوە: لە ١٤ یان لە ٢٥ی مانگی ڕەمەزانی ساڵی ٣٨٦ ک / ٩٩٦ز ئەبو مەنسوور کوڕی نزار کوڕی مەعد خەلیفەی میسر کۆچی دوایی کرد، کە نازناوی عەزیز بیللا بوو، وتراوە: لە ٤ ی[5] مانگی ڕەمەزانی ئەوێ ساڵێ کۆچی دوایی کردووە.

لە شوێنی وی کوڕەکەی ئەبو عەلی مەنسوور جێنشینی بوو، کە نازناوی (الحاکم بامر الله المنتقم من اعداء الله) بوو، پێی لە فەرمانداری جێگیر بوو، لە تەمەنی ٢١ ساڵی دا پاشایەتی دەستگیر بوو، ئازا و بە جەرگ و لێهاتوو بوو، تەنانەت سەرکوت و

---

[1] – ئەبو حەسەن محەمەد کوڕی حوسێن کوڕی موسا... کوڕی جەعفەری سادق باوکی ڕەزی و مورتەزیە کە هەر سێیکیان شیعەن. پیاوچاکێکی گوێڕایەل و کەسایەتیەکی بە هێزتر بوو لە هی خەلیفە، لە بەغدا لە ساڵی ٤٠٠ ک / ١٠٠٩ ز کۆچی دوایی کرد و لە خانووەکەی نێژرا، دواتر بردراوە بۆ مەزارگە حوسێن. (النجوم الزاهره ح ٤ ص ٢٢٣).

[2] – ئەبولقاسم کوڕی ئەبی حەسەن عەباد کوڕی عەباس تالقانی، پێی وتراوە (صاحب) چونکە هەر لە منالیەوە هاورێیەتی موئەیەد دەولە کوڕی بوەیهی کردووە.

[3] – ڕەی: شارێکی بەناوبانگ و گەورەیە، چەقی ڕێگەی حاجیانە و لەسەر ڕێی ڕێبوارانە، شارپی ولاتی چیاکانە، نێوانی لەگەڵ نیسابور ١٦٠ فەرسەخە. (معجم البلدان ح ٢ ص ٨٩٢).

[4] – ئەسفەهان: شارێکی ناسراوە دەکەوێتە ولاتی فارس. (معجم ما استعجم ح ١ص ١٦٢).

[5] – لە (ابن الاثیر ح ٩ ص ٨١) داهاتووە: "لەو ساڵەدا – واتە ٣٨٦ ک / ٩٩٦ ز – عەزیز ئەبو مەنسور کۆچی دوایی کرد، دووشەو لە ڕەمەزانێ مابوو". لە (عقد الجمان) لە ڕووداوەکانی ساڵی ٣٨٦ ک / ٩٩٦ ز : "ڕۆژی سێ شەمەی ٢٨ی ڕەمەزان". هەر بەم جۆرەش لە (ابن خلکان ح ٥ ص ١١" (النجوم الزاهره ح ٤ ص ١٧٥) داهاتووە. لە (امنتظم) دا لە ڕووداوەکانی ئەم ساڵەدا هاتووە کە لە ڕەمەزان کۆچی دوایی کردووە، بەلام ڕۆژەکەی دیاری نەکردووە.

کوشتاری خەڵکێکی زۆری کرد، دەستووری دا کە نابێ ئافرەت لە ماڵێ بچێتە دەرێ، گەر سەر پێچی کرد ئەوا لە نیلدا نقوم دەکرێت، لەگەڵ خەڵکی میسر زۆر توند و تیژ و سەرەڕۆ بوو، پیشەی کاڵە (الخفاف)کردنی قەدەغە کرد، ڕۆژی لە خەڵکی میسر کردە شەو، بە شێوەیەك کەس نەوێرێ دەرکەوێت، دەنا دەکوژرێ و شەوی لێکردبوونە ڕۆژ، خەڵکیش لە شەودا ئیش و کار و کڕین و فرۆشتنیان دەکرد، کارنامەی هێند دزێو بە زوڵم و ستەم بوو هەر باس ناکرێ و سنووری نەبوو، بەم شێوەیە مایەوە تا کوژرا، کە دواتر بە ویستی خوا باسی دەکەین.

وتراوە: میر ئەبو عەلی حەسەن کوڕی مەڕوان هەروا پاشای دیاربەکر بوو، لەکن خەڵك بە سام بوو، فەرمانی توند بوو، ئاوا هەتا کۆتایی ساڵی ٣٨٦ ك / ٩٩٦ ز مایەوە.

وتراوە: دواتر ناردیە حەلەب[1] بۆ خوازبینی (ست الناس)ی کچی میر سەعد دەولە شەریف کوڕی سەیف دەولە کوڕی حەمدان، نەختێکی پێشکەش کرد، بریتی بوو لە (٢٠٠) هەزار درهەم، مەرجی کرد کە شەوی زاوایی لە ئامەد بێ و لەوێ نیشتەجێ بێ، کۆمەڵە کەسێکی تایبەت بە خۆی بۆ هێنانی نارد، هەروا کۆمەڵە ئافرەتێکی سەرەژنی پایەبەرزی گەورە ماڵانی میافارقینی نارد، لەوانە کچی وتارزان ئەبی تاهیر محەمەد کوڕی عەبدولڕەحیم[2] کوڕی نەباتە، وتراوە: کچی عەبدولڕەحیم بەرەو حەلەب چوو، تەدارەکی بووك ساز کرا و بەڕێ کرا تا گەیشتە ڕوها[3].

میر ئەبو عەلی لە میافارقین بەرەو ئامەد بەڕێکەوت، لەوێوە کۆمەڵێکی تایبەتی خۆی ناردە پێشوازی بوکێ، بوکەکەش تا لە فورات پەڕێنەوە سەربازێکی زۆری لەگەڵ

---

[1] – حەلەب: شارێکی کۆنە، قەڵایەکی بەرز و سەختی هەیە، مەزارگەی ئیبراهیم خەلیلی لێیە، دەکەوێتە ڕێگەی عێراق بۆ کەوشەنەکان (ثغور) و هەموو شام. (تقویم البلدان ص ٢٦٦).

[2] – عەبدولڕەحیم کوڕی محەمەد کوڕی ئیسماعیل کوڕی نەباتەی فارقی خاوەنی وتار، لە میافارقین ساڵی ٣٣٥ ك / ٩٤٦ ز لە دایك بووە و هەر لەوێ ساڵی ٣٧٤ ك / ٩٨٤ ز کۆچی دوایی کردووە (النجوم الزاهرە ج ٤ ص ١٤٦).

[3] – ڕوها: شارێکە لە جەزیرە لە نێوان موسڵ و شام. (معجم البلدان ج ٢ ص ٨٧٦).

بوو، لە مانگەشەوێکدا لە شوێنێك دابەزین گەیشتە ڕەها، ئینجا بووك لە چادر هاتە دەرێ و سەیرێکی مانگ و ئەستێرەکان و ئاسمانی کرد و گوێی لە دەنگی یەکێکی نەبیراو بووە لە غەیبەوە دەیوت:

ئاسەم بۆ سوارێکە پێی تاسام

پێش شەوی زاوایی بێوەژنی کردم

بەمە موچوڕکێ بە لەشیدا هات و بە دڵتەنگی و بیرکردنەوەوە گەڕایەوە چادرەکەی، کچی وتاربێژ ئیبن نەباتە پێی وت: چیتە ئەی شازادە؟ وتی: هیچم نییە تەنها خێر نەبێت، هەروا بێ زار و بێواز بوو، کچەکە جارێکی دیکە پێی وت: دڵت توند مەکە و غەمبار مەبە، تۆ بوویە خاوەنی وڵاتی باوك و باپیرت، دەبیتە شاژنی دیاربەکر، گوێی مەدەرێ، وتی: شازادە بۆی گێڕایەوە، کە پێش کەمێك گوێی لە چی بووە! پێی وت: گرنگی بەوە مەدە، ئەوە لە دەروونت هەڵمەگرە، تۆ ئەگەر سبەینێ گەیشتی و بووی بە خاوەن وڵات و کە ئەمە ڕوویدا کە هاوشانی نییە، لە ژێر فەرمانڕەوایەتی تۆدا هەموو ئەو کەسانە لادەچن. وتراوە: لە پشت چادرەکەوە گوێی لە دەنگێك بوو دەیوت: ماوە تەواو بێت، ماوە تەواو بێت، بەمە زیاتر غەمباری دایگرت. ئینجا کچی وتاربێژ هەموو شەوەکە دڵنەوایی دەکرد.

وتراوە: پاشان دوو ڕۆژ ڕۆیشتن هەندێ کەسیان لە ڕێ بینی، کچی وتار بێژ وتی: ئەمە یەکەم کەسانێکن کە پێت دەگەن، کاتێ نزیك بوونەوە هەواڵی کوژرانی میر ئەبوعەلی لە دەروازەی ئامەدیان پێ ڕاگەیاند. بوکیان گەڕاندەوە بۆ ڕوها، ئەو خزم و کەسانەی لەگەڵی بوون گەڕانەوە، هاوڕێیانی میر ئەبو عەلی بەرەو میافارقین بە ڕێکەوتن.

وتراوە: هۆی کوژرانی ئەوە بوو، کە کاتێك بە دوای بوکێدا ناردی بۆ حەلەب، لە میافارقین دەرچوو، پەردەدار (مەم)ی لە میافارقین جێهێشت. بە هاوڕێیەتی شەروە کوڕی مەم، لەگەڵ سەربازەکانی بەڕێکەوت، تا لە ئاوی ئەلحەق کە ئاوی شاری

حانییە[1] دابەزی، ئاسمان دەستی بە بارین کرد و بروکی نەبوو ئاو زیادی کرد، نەیانتوانی بپەڕنەوە، شەویان لەوێ بەسەر برد و ئینجا کاتی بەیانی لەبەر قوڕ و لیتە بە هەزار دەردەسەری تا پەڕینەوە، میر براکانیشی لەگەڵدا بوو، میر ئەبو نەسر کوڕی مەڕوان لەبەر خۆیەوە وتی: گەر خوا خاوەنداریێتی (مولك)ی پێبەخشیم، ئەوا پردێك لێرە دروست دەکەم، تا خەڵك لەسەری بپەڕنەوە.

ئینجا میر چوو لە گردێکی بەرز دابەزی و چادری هەڵدا و مایەوە، پێشەوا و پیاوماقوڵی ئامەدە عەبدولبەر چووە لای میر کە پیاوماقولی بازاڕی خۆراك (سوق الطعام) بوو، هەروەها بەهێز و مەرد و ئازا بوو، ڕێزی لێناو لە خۆی نزیك کردەوە و جلوبەرگی کردە دیاری، ئەمیش واتە عەبدولبەر دیاریەکی زۆری لەگەڵ خۆی بۆ میر هێنا بوو، لەبەر ئەوەی پەردەدار شەروە میر ئەبومەنسوری خۆشدەویست و هەموو شتێکی لەمیر ئەبی عەلی ڕەچاو دەکرد، پیاوماقولەکەی جیا کردەوە و پێی وت: بەرێزلێنانی میر لەخۆبایی مەبە، ئەمە فێڵ و هەڵخەڵەتانە، تەنها مەبەستی دەست بەسەرداگرتنتانە، هەر لەبەر ئەمەش هاتۆتە لاتان، خۆتان بینیتان چی بەسەر خەڵکی میافارقین[2] هێنا. جا ئاگاداری خۆتان بن و ئامۆژگاریم کردن. عەبدولبەر وتی: ئێمە بەندەی میرین و لە ژێر فەرمانی ئەو داین و فەرمانی بەسەرماندا جێبەجێ دەکرێت، پیاوماقولەکە تا کاتی عەسر مایەوە، جا ڕوخسەتی لە میر خواست بگەڕێتەوە شار، ئەوەی ئەو پێویستی پێیە ئامادەی بکات و خەڵکیش بێنە پێشوازی، ئینجا میر ڕێی چوونەوەی پێدا، گەڕایەوە و وتەکانی شەروەی لە دەرووندا جێگیر بوو، هەرکە چووە شار خەڵکی کۆ کردەوە و پێی وت: بێگومان گوێ بیستی ئەوە بوون، کە ئەم میرە چەند زاڵم و ستەمکارە، زانیتان چی بەسەر خەڵکی میافارقین هاتووە، کە لە ئێوە

---

[1] – حانی: شارێکە لە دیاربەکر ماددەی ئاسنی تێدایە. (معجم البلدان ح ٢ ص ١٨٨).

[2] – ئاماژە کردن بوو بە چیرۆکی ئەم کارەی کە میر لە ڕۆژی جەژنی قوربان چی بەسەر پیاو ماقولانی میافارقین هێنا و چۆن محەمەد کوڕی ئەبیلسەقری لەسەر شورەکەوە فڕێدایە خوارەوە. بڕوانە (دەستنووسی أ پەڕی ١٢٣أ).

نەرمتر و خۆڕاگرتریش بوون، زۆر پێدەچت بێت و بەسەرتاندا زاڵ بێت، چۆنی بەسەر واندا ئاوا و زیاتریشیان بەسەر بێنێ، پەرەدار پێی وتم، ئەویش ئەوەی پەردەدار پێی وتبوو ئەوانی ڕاگەیاند، وتیان فەرمان لە تۆیە و ئێمە گوێلەمستی تۆ و ملکەچی فەرمانتین، ئەوەی دەتەوێت بیکە، وتی: ئەگەر لە دەروازەوە هاتە ژوورەوە من بە پارە بەسەردا هەڵدان مژول و سەرکوێری دەکەم و ئێوەش بە شمشێران لێی دەن. دەروازە دادەخەین و لە کۆڵمان بۆوە، ئەوەی بیکوژێت دەبێتە میری شار و من ئاوا دەبمە بەردەستی.

بەم شێوەیە پەیمانیان بەست کە بەیانی داهات خەڵك هاتنە دەرەوە بە میر گەیشتن و لە دەروازەی ئاو (باب الماء) چووە ژوورێ، کە گەییە نێوان دوو دەروازەکان کە جێیەکی بەرتەسك بوو، تاکە تاکە سوارە نەبێ نەیدەتوانی گوزەر بکا، عەبدولبەر بەستە دینارێکی بەڕوی میردا هەڵاویشت، ئینجا بە چاونوقاوی دەم و چاوی خۆی داپۆشی، ئەبو تاهیر یوسف کوڕی دەمنە تۆپزێکی سەرخواری تیژی لەسەریدا.

وتراوە: بە سواری لە دوای میر ڕۆیشتووە و چەقۆیەکی لە کەلەکەی کوتاوە، جا بە شمشێران کەوتونە سەری، دەروازەی شار داخرا و هاوار هەستا و خەڵك تێك هەڵگلان، کۆمەڵێك لە هاوەڵانی میر کە لەگەڵی هاتبوون کوژران، خەڵکە سادەکەش چوونە سەر شورەکە. دەروازەی چیا (باب الجبل) کرایەوە، خەڵکی ئامەد ئەوانەی بۆ پێشوازی میر چووبوونە دەرەوە، هاتنەوە ژوورەوە.

وتراوە: سەربازەکانیش لە دەرەوەی شارن، ئینجا شەروە هاتە پێش و وتی: ئەی خەڵکینە پێمان ڕابگەیەنن هەواڵ چییە؟ ئەگەر هاوەڵەکەمان لە ژیاندایە پێمان ڕابگەیەنن، کەللە و تەرمی میریان فڕێدایە پێشی، شەروە هەڵیگرت، بە میر ئەبو مەنسوری ڕاگەیاند و جا بە خۆی و سوپاکەی گەڕایەوە میافارقین و سەرباز و میر ئەبو مەنسورر چوونە نێو شار و مەمی پەردەدار ڕۆنیشت و میر ئەبو مەنسوری لە میرایەتی دانا و نازناوی مومەهەددەولەی پێ بەخشی، ئەو یەکەم کەسی کوڕانی مەڕوان بوو، کە

نازناوی پێ بدرێت، شەروە بووە پـەردەدار، فەرمانداریـەتی وڵات بۆ مـەم و کوڕەکـەی بوو.

میر ئەبو عەلی لـە کۆتـایی سـاڵی ٣٨٧ ك / ٩٩٧ ز کـوژرا، فەرمانڕەوایەتییەکـەی حەوت ساڵ زیاتر یا کـەمتر بـوو، مومەهەددەولـە لـە کۆشـکی بنەماڵـەی حەمـدانیان دانیشت، خەزێنەکانی پارە و پولی دەستکەوت و میرەکانی وڵاتیش گەیشتن و چوونە لای شەروە و کوڕەکەی.[1]

وتراوە: تەرم و سەری مـیر ئـەبو عـەلی بـۆ ئـەرزەن[2] بە ڕێکـرا، گومبـەزێکیان لـە سـەرووی مزگەوتـەوە لای ڕۆژهـەڵاتی پردەکـەوە بـۆ دروسـت کـرد، کـە تـا ئێـستاش شوێنەواری ماوە. مەڕوانی باوکی میرەکان – کە کوێر ببوو – لەگەڵ خێزانەکەی فـەهم ئامادە بوون، لەسەر گۆڕەکەی ئەبو عەلی مانەوە.

وتراوە: میر ئەبو عەلی منـداڵێکی لـە پـاش بـەجێما بـەناوی فـەزڵ. وتـراوە: نـاوی سەنخاریب بوو و بە ئەبی دەلف ناسرابوو، زارۆکێکـی چـوکەڵە بـوو، لـە کـن مامـەکانی پێگەیشت و گەورە بوو، نەسرودەولەی مامی ژنی بۆ هێنا.

ئینجا منداڵێکیان بوو بە ناوی (الست فاطمة)، کە بووە خێزانی میر ئیبراهیم کـوڕی نەسـرەدەولە ئـەویش مـیر ئەبولفەوارسـی لـێ بـوو، کـە دایکـی (مـیر ئیـبراهیم) کـچی سەنخاریبی شای سەناسنە[3] بوو (میر نەسرەددەولە) هێنابووی.

---

[1]– ئەم دێرەی دوایی پێ دەچێ هەڵەبێ چونکە میری ناوچەکان گـەر بێـت دێنـە لای مـیر نـەك هاوکارەکـانی، هـەروەها شەروە و کوڕەکەی ڕاست نییە چونکە هەرگیز باسی لە کوڕی شەروە نـەکراوە ڕاستیەکەی دەبـێ مـەم و کوڕەکـەی بـێ .(وەرگێڕ).

[2]– ئەرزەن: شارێکی بەناوبانگە لە نزیك خەلات، قەلایەکی سەختی هەیە. (معجم البلدان ح ١ ص ٢٠٥).

[3]– سەناسنە (السناسنە): هۆزێکی ئەرمەنیە و خاوەن قـەڵای سـەختن لـە نزیـك خـەلات، ڕێککـەوتنیان لەگـەڵ خـاوەنی خەلات هەبووە و ئەم قەلایانە تا ساڵی ٥٨٠ ك / ١١٨٤ ز بە تەنیا لە ژێر دەستیان مایـەوە، پاشـان موسـڵمانان دەسـتیان بەسەر داگرت، ئینجا پەیمانی ئاشتیان لەگەڵ ئەرمەندا مۆر کردن بەڵام حاجیان فڕاندن، زۆریان لێ کوشـتن و هەنـدێکیان بەدیل گرت و تاڵان و پارە و پولیان بردە ڕۆم، نەسرددەولە سوور بوو لەسەر شەڕ کردنیان. کاتێ ئەوان گوێ بیستی نیاز و پەیگیری میر بوون، شـای سەناسـنە نامەیـەکی بۆ نـارد و بڕیاریدا هەرچـی دیـل و تاڵانییـە هـەمووی بگەڕێنێتـە وە و

وتراوە: میر مومەهەددەولە ئەبو نەسر هەموو ولاتی فەرمانڕەوایی کرد، تەنها ئامەد نەبێت. وتراوە: دادوەر عەلی کوڕی ئەحمەدی نەسموی سالّی ٣٨٧ ك / ٩٩٧ ز کۆچی دوایی کرد، کە دادوەری میافارقین بوو هەر لەوێ نێژرا.

وتراوە: لە هەمان سالّدا لە سێ شەممە سێی زیلحیجە دادوەری دادوەران، لە بەغدا ئەبو عەلی عەبدولا کوڕی مەهلوس کوژرا، کە کوڕی مونزیربینی بووی، کە ماوەیەك لە بەغدا مایەوە و دواتر بووە دادەوری میافارقین، تا نزیکەی سالّی چوار سەد. دوای ئەو ئەحمەد کوڕی خامە جێی گرتەوە، کە فیقیهزانێکی بە توانا بوو، وەکیلی دادوەر عەلی کوڕی ئەحمەد و دادوەر ئەبو عەلی حەسەن کوڕی حەسەن ماوەیەك دادوەری دەکرد و جێی ئەوانی گرتبۆوە، تا نزیکەی سالّی ٤١٠ ك / ١٠١٩ ز کۆچی دوایی کرد، کە بە پشتیوانی خوای گەورە باسی دەکەین.

وتراوە: میر مومەهەددەولە دوای کوژرانی براکەی بە سێ ڕۆژان لە سالّی ٣٨٧ ك / ٩٩٧ ز [1] لە میافارقین دانیشت و لە فەرمانڕەوایەتی جێگیر بوو.

وتراوە: لە سالّی ٣٨٨ ك / ٩٩٨ ز مومەهەددەولە ناردیە خوازبینی (سته الناس)ی کچی ئەبی مەعالی شەریف کوڕی سەیف دەولە بەو نەختەی کە میر ئەبو عەلی دابووی و بوونە هاوسەری یەکتر، بۆی هێنرایە میافارقین و لەوێ چووە کنی، دەسەلاتی خۆی چەسپاند، شەروە خاوەن بیروڕا و دەمڕاست و ڕاوێژ بوو، هاوەلّ و نزیکی میر بوو، لە کن وی لە هەموو کەس لە پێشتر بوو، ولات و دەولّەت بە تەواوی لە ژێر فەرمانی بوو،

ئاشتیان لەگەلّ مۆر بکات، ئەمیش وازی هێنا. بڕوانە دەستنووسی (أ) پەڕەکانی پ ٧ (ب) ، ١٢٥ (أ) ١٤٠ (ب) ١٦٠ (أ). (ابن الاپیر ح ٩ ص ٣٠٦).

[1]– مەترانی شاری نەسیبین ئەو وەختە کە هاوچەرخی ڕوداوەکان بووە نووسیویە وەختێك ئەبو عەلی کوژرا. برایەکەی – واتە مومەهەددەولە حاکمی شاری جەزیرە بوو هەرکەزانیّ، لە ڕۆژی پێنج شەممەی حەوتی مانگی زیلقیعدەی سالّی ٣٨٧ ك / ٩٩٧ خۆی گەیاندە میافارقین و دەسەلاتی خۆی ڕانا و بوو بە باشی. بڕوانە: ایلیا بر برشینایا، تاریخ ایلیا برشینایا، عربه و قدم له و علق علیه، یوسف حبی (بغداد: ١٩٧٥، ص ٢٠٠ — ٢٠١). (وەرگێڕ).

هۆزەکان لە هەموو لایەکەوە هاتنە لای، سوێندیان خوارد لە ژێر فەرمان و خزمەتی ئەودا بن، تەنیا ئامەد لەو حاڵە بەدەر بوو.

وتراوە: کە میر ئەبو عەلی کوژرا و سەربازەکان گەڕانەوە میافارقین، ئامەد کەوتە ژێر فەرمانی عەبدولبەڕ و سەربازان و خستیە ژێر دەستی خۆیەوە، ئەبو تاهیر کوڕی دەمنەی لە میرایەتی دانا، ئینجا سەرباز و سوپا و خەڵکی شاری خستە بەردەست، بەرژەوەندی و کاروباری وانی لە بەرچاو گرت و پایەی زۆر گەورە بوو، ناردیە لای شەروەی پەردەدار، تا لەگەڵ مومەهەددەولە بدوێ، کە هەموو ساڵێ ٢٠٠ هەزار درهەمی بۆ دەنێرێ و وتار و پارەلێدان بەناوی ئەو دەبێت، ئەویش بەمە قایل بوو. هەموو فەرمانێك بە دەستی ئیبن دەمنەوە بوو، بە دەسەلات بوو پیاو و دەستەو تاقمی هەبوو، هەموو هاوەڵانی خۆی لە بازاڕی خۆراك (سوق الطعام) هێنا بۆ خزمەتکردنی و ڕێکی خستن ، لە بنەوە بۆ خۆی حەزی لە تاکڕەوی بوو و ویستی عەبدولبەڕ بکوژێ، لەم بارەیەوە قسەی لەگەڵ هاوەڵانی کرد و ئەوانیش سوێندیان بۆ خوارد، بە دەم چەورکردن متمانەی زیاد کردن.

وتراوە: عەبدولبەر هەموو ڕۆژێك بۆ دادەوەرێتی و گەواهیدەرەکان و خاوەن دیوانەکان و ماقولانی شار دادەنیشت، کار و بەرژەوەندی ئەوانی جێبەجێ دەکرد، ئیبن دەمنە داوای ڕوخسەتی لێ وەگرت بۆ بانگکردنی خەڵك و سازکردنی خواردن بۆیان، عەبدولبەر ڕێی پێدا، دوای دوو ڕۆژ خواردنێکی زۆری دانا و خەڵکێکی زۆری کۆ کردەوە و لە خانوەکەی ئامادە بوون، ئینجا لە عەبدلبەر چووە ژوورەوە، کە لە خانویەکی بچووکدا لەکن کچی خۆی بوو، بەو شمشیرەی دەستی لە سەری دا و کوشتی و کەللەی لەگەڵ خۆی هەلگرت و هاتە نێو خەڵکەکە، ئەوان خواردنیان خوارد و دانیشتن، پاشان ئیبن دەمنە پێی وتن: زانیتان من چۆن ئامادەباشی خۆم وەرگرت، لە مافی ئێوە و پاراستنی گیانم من لە ژێر فەرمانی ئێوەدام، بە بەزەییترین کەسم بۆ ئێوە، بۆم ڕوون بووەوە، کە ئەم پیرە مێردە پێی داگرتبوو لەسەر ئەوەی کە وڵات

ببەخشێت بە شەروە و بۆ خۆی ببێ بە وەزیری مومەهەدەدەولە لە هەموو ولاتدا، تەنها من و ئێوەیان گەرەکە، پێش ئەوەی من و ئێوە لەناو ببات من کوشتم و لەناوم برد ، سەرەکەی بۆ فرێدان و وتی: ئەوەی گوێرایەڵم بێت، منیش بۆی دەبم، ئەوەی گوێرایەڵم نەبێ، فەرمانی خۆیەتی و بۆ خۆی دەزانێ.

کە سەرەکەیان دیت زارەترەك بوون، هەموو وەلامیان گوێرایەڵی کردن بوو، لەسەر ئەوەی کە دەیویست، سوێندی دان و بلاوەیان لێکرد. جا سوار بوو خەزێنەکانی کردەوە و پارە پول و چەك و تفاقی بۆ ماڵێ بردەوە، پارەی بەسەر خزمان و خۆشەویستانیدا دابەشکرد و زۆر چاکەی لەگەڵ خەڵکی ئامەد کرد و خۆشیانویست و گەورە و بچووك گوێرایەڵی ئەو بوون، نامەیەکی بۆ شەروە نووسی و مەرایی کرد و داوای لێکرد، کە میر ئەو بە والی بزانێ بەسەر ئامەدەوە، من بەندە و کۆیلەم، کەس لە ئامەد بۆ وی وەك من نابێ، جا میر مومەهەددەولە بە هەمان شێوەی کە لەگەڵ عەبدلبەر پێکهاتبوو بەسەر ئامەد هێشتیەوە.

وتراوە: ئیبن دەمنە بە هێز و دەسەلات بوو، بە فەرمانڕەواییەکەی خەڵکی دەستکەوت و لەگەڵیان باش بوو، کۆشکێکی لەسەر دیجلە دروست کرد و سیلسیلەی[1] لە ڕۆژهەلاتی ولات بە مەحکەمی بیناکرد، لە ڕووی دیجلەوە دەروازەیەکی لە کۆشکەکەی کردەوە، ناوی نا دەروازەی (ئەلهوە)، جێ پێی خۆی قایم کرد و بۆ هەموو شاکانی نووسی، دیاری بۆ خەلیفە قادر بیللا و حاکم بیللای میسر نارد، دواتر بۆ ظاهر و موستەنسیر دیاری نارد، نویسندەی بۆ پادشای ڕۆم ڕەوانە کرد و وەکو میر و گەورە پیاوانی لێهات و دیاری و پۆشاك و کەلوپەلی ناوازەی لە هەموو لایەکەوە بۆ نێردرا، بووە پەناگەی ترساوان و داڵدەی هاتووان، پارە و پولێکی زۆری بەخشی و

---

[1] – لەکتێبەکەدا ڕوون نییە چیە بەلام لەوانەیە نێوی کۆشکێکی دیکە بێت کە ئیبن دەمنە لە ڕۆژهەلاتی ئامەد بونیادی ناوە. (وەرگێڕ).

شاعیرانی و ولاتان ستایشیان کرد. تەهامی[1] شاعیر کە بۆ کن نەسرەددەولە هاتبوو، هاتە لای بە سێ هۆنراوە ستایشی کرد.

ئیبن دەمنە ئەگەر بە سواری ڕێی کردبا، حەفتا جوانە وشتری چاکی بە جلەوی زێڕینی گەوهەر کفتەوە لەگەڵدا بوو، لە لایەنی جوانکاری و سەروەت و سامان ئەوەندەی وەگیر کەوت، کە باس ناکرێ. لە سەرەتای تەمەنیدا ڕۆژێکیان باراشێکی گەنمی برد بۆ دەرەوەی ئامەد بۆ دەروازەی گرد کە ئاشی لێ بوو، لە ئاشی کرد و هەڵیگرت و بردیەوە بۆ ماڵی خاوەنەکەی کە ڕۆژێکی زۆر گەرم بوو، تا گەیشتە نێوان هەر دوو شورەکە داینا و ساتێك پشویدا، جا پاڵی دایەوە تەماشایەکی شورەکەی کرد و لێی نواڕی و وتی: شورەیەکی پتەوە! بەلام نێوییە و پێویستە بەرزایی زیاد بکرێت، دواتر وتی: خوایە ئەگەر بومە خاوەنی ئامەد، ئەوا بە قەد بەژنێك بەرزیەکەی زیاد دەکەم، کە فەرمانڕەوایەتی وەرگرت بیری کەوتەوە، کە بڕیاری لەسەر چی دابوو، جا دەستی بە بیناکردن بە دەوری شارەکەوە کرد، لەسەر شورەکە بالاپیاوێك شورەکەی بەرز کردەوە، پارەیەکی زۆری لێدا، کە ئێستا بە شورەکەوە دیارە و نەزری سەرشانی بەجێهێنا و زۆر بەچاکی لەگەڵ خەڵکی ئامەد جولایەوە. دلاواترین کەس بوو، هەر چاکەکار و دەسەلات بەکار بوو، تا ساڵی ٤١٥ ك / ١٠٢٤ز زەمانی نەسرەولدەولە کە پشت بە خوا لەسەری دەدوێین.

وتراوە: لە ساڵی ٣٩٠ ك / ١٠٠٠ ز پاشای ڕۆم بەسیل هاتە ناوچەکانی ئامەد و میافارقین، لەگەڵ مومەهەددەولە ئەبی مەنسور کۆبووە، بەڵێن و پەیمانیان بەست و بە بێ زیان گەیاندن گەڕایەوە.[2]

---

[1]– تەهامی: ئەبو حەسەن عەلی کوڕی محەمەدی تەهامی شاعیر، ساڵی ٤١٦ ك / ١٠٢٥ ز لە قاهیرە دا کۆچی دوایی کرد. (ابن خلکان ح ٣ ص ٦٠، النجوم الزاهره ح ٤، ص ٢٦٣).

[2]– هەندێ سەرچاوە نووسیویانە کە وەختێك پادشای غورزانیەکان مرد، ئیمپراتۆری ڕۆم چوو بۆ ناوچەی غورزانی مومەهەددەولە دیتی و ئیمپراتور بە خۆشیەوە ئەو و سوپاشی ناسی و بە لێزانی دانا، کە ئاسایشی چەسپاندووە. باسیلیۆسی ئیمپراتۆری ڕۆم نووسراوێکی دەرکرد، تیادا ئەبو مەنسوور سەعید کوڕی مەڕوان (مەبەستی مومەهەد

وتراوە: لە مانگی (ربیع الاول) یا لە ٢٧ی (جماد الاخرە)ی ساڵی ٣٩١ / ١٠٠١ ز ڕەیس ئەبو عەبدوڵڵا حوسێن کوڕی حەجاج[1] نووسەر و شاعیر (خوا لێی خۆشبێت) لەڕێی نیل کۆچی دوایی کرد[2]، تابوتەکەی بۆ بەغدا بردرا، لە خانوەکەی خۆی لە بازاڕی یەحیا لە لای ڕۆژهەڵات لە گەڕەکی ڕەسافە[3] نزیك مەزارگەی ئەبی حەنیفە (خوا لێی خۆشبێت) نێژرا.

وتراوە: لە مەزارگەی موسا کوڕی جەعفەر (سڵاوی خوای لێبێت) نێژراوە، کە ئەمە ڕاستە[4]، لە ساڵی ٥٨٦ ك / ١١٩٠ ز زیارەتی گۆڕەکەم کرد، لەسەر پەڕی مەزارگەکە لە گەڕەکی (باب التین)[5]دایە، (خوا لێی خۆش بێت).

تێوەندی یەکانگیری شاعیرانی عێراق بوو، نەهاوتای بینراوە و نە لە شیعری وی ناسکتر هەبوو، شەریفی ڕەزی (خوا لێی خۆشبێت) لاواندنەوەیەکی بۆ نووسیوە:

به نیاز چاکی شینیان بۆ گێڕا – خوایە شینگێڕان چ هەواڵی مەرگیان پێیە

دەولەیە) میری کوردان کرد بە (ماجسترس و دوقسی) ڕۆژهەڵات. بڕوانە: ایلیا برشیتایا، التاریخ، ص ٢٠٤، سعید بن البطریق، التاریخ المجموع علی التحقیق والتصدیق، بیروت، ١٩٠٩، ص ١٨٤. لەبارەی هەردوو زاراوەی (ماجسترس و دوقس). بڕوانە عبدالرقیب یوسف، الدولە الدوستکیە فی کردستان الوسیطی، اربیل، ٢٠٠١ ص ٢ ص ٤٣، پەراوێزی ژمارە – ١٠ – ! (وەرگێڕ).

1– بڕوانە (یتمیە الدهر ح ٣ ص ٢٥، ابن خلکان ح ١ ص ٤٣٦، النجوم الزاهرە، ح ٤ ص ٢٠٤، ابن الاثیر ح ٩ ص ١١٩).

2– نیل: شارۆچکەیە لە سەوادی کوفە نزیك _حلە بنی مزید) کەندرلۆێکی گەورەی ڕوباری فورات دەیبڕێ، حەجاج کوڕی یوسف هەڵیکەند و بەناوی نیلی میسر ناوی نا (معجم البلدان ح ٤ ص ٨٦١)، لە (ابن خلکان ح ١ ص ٤٢٨) نیل: شارێکە لەسەر فورات لە نێوان بەغدا و کوفەدا، لە بنەڕەتدا ڕوبارێکی لێیە کە حەجاج کوڕی یوسف هەڵیکەند لەم شوێنەدا، چونە دەرەوەی لە فوراتە و بە (نیل)ی میسر ناوی لێنا.

3– لە (معجم البلدان ح ٢ ص ٤٧٨٣): ڕەسافەی بەغدا لە لای ڕۆژهەڵاتی، مەنسور لای ڕۆژئاو بیناکرد و تەواوی کرد، داوای لە مەهدی کوڕی کرد لە ڕۆژهەڵات بنکەیەکی سەربازی دابنێت، خانوو بینای لێ دروست بکات و بیکاتە بنکەیەکی سەربازی بۆ ئەو، ئینجا خەڵکی دوای وی چوون و ئاوەدانیان کردەوە.

4– لە (ابن خلکان) هاتووە) "لە مەزارگەی موسا کوڕی جەعفەر نێژرا، کە وەسیەتی کردبو لە کن پێی موسا بنێژرێت".

5– باب التین: گەڕەکێکی گەورەیە لە بەغدا لە لای خەندەق (معجم البلدان ح ١ ص ٤٤٢).

مەلۆتکەیە کۆمەڵێك خۆشیان ویستی – لە دڵەوە هەروەکو شیرەخۆرەی بەرمەمکان

وام نەدەزانی زەمانە – کە تیّ دەکا تیژایی ئەو زەمانە

بەدەرچونت رەوت کەران گریان – کە لە بزەکانی تژی بوون لە بۆن و بەرامەی واتایان.

بەڵێ گیانە زەمانە لەسەرت درێژ بوو – ئاخر تۆ رۆح سوکی زەمان بووی.

وتراوە: رۆژی هەیتی ٢٨ ی ساڵی ٣٩٢ ك / ١٠٠٢ ز ئەبو فەتح عوسمان کوڕی جەنی نەحوی موسا کۆچی دوایی کرد[1].

وتراوە: لە فەرمانڕەواییەتی مومەهەد بارودۆخی خەڵکی جێگیر بوو، مومەهەد بە هێز بوو، نامەی بۆ پاشاکان و خەلیفەی بەغدا نارد و تەشریفی لە لایەن خەلیفە و بەهائولدەولە و فەخرولمەلیکی کوڕی بۆ هات، وازۆی لە لایەن پاشایانەوە بۆ هات، خەلیفەی میسر ئەلحاکم نامەی بۆ نارد و دیاری پێشکەش کرد، شورەی میافارقینی زیاتر هەڵچنی، ناوی لە ڕوی شورەکە لە بیست و دوو شوێنان هەیە، ژمارەیەك بینای لەناو شار دروست کرد، کە زیاد لە سی شوێنە.[2]

وتراوە: دەروازەی شار و تاوەرەکەی کە دەروازەی ناوەندی لێیە تێکیدا و چاکی کردەوە، دەروازەی قلۆفحی لە نێوان تاوەرەکانی ئەلتە بالین کردەوە، ئینجا خەڵك لە هەر دوو دەروازەی ڕەبض و باقوسی دەچوونە دەرەوە، کە هەر دەم کراوە بوون. کە

1– لە (النجوم الزاهرە ح ٤ ص ٢٠٥، ابن خلکان ح ٢ ص ٤١٠، الکامل فى التاریخ ح ٩ ص ١٢٧، هاتووە کە لە بەغدا کۆچ یدوایی کردووە، تەنیا (ابن الاثیر) دەڵێ ساڵی کۆچی دوایی دەگەڕێتەوە بۆ ٣٩٢ ك / ١٠٠٢ ز.

2– نووسراوێك کە لەسەر بورجێکی شورەی شاری میافارقین نووسراوە مێژووی مومەهەددەولە، دەقەکەی بەم شێوەیە: "بەناوی خوای بەخشندە و میهەربان و هیچ خوایەك نییە تەنها خوا نەبێت و محەمەد نێدراوی خوایە(د.خ)، لە ژێر فەرمانی میرمەنسور مومەهەد دەولە ئەبو مەنسور خزمەتکاری پێشەوای باوەڕداران خوا مانەوەی درێژ بکا دروست کراوە لە ساڵی ٣٩١ ك / ١٠٠١ز لە پارەی خۆی بۆ ڕەزامەندی خوای گەورە خەرجی کردووە. بڕوانە (عبدالرقیب یوسف/ نفس المصور ح ٢ ص ٢٣٦. وەرگێڕ.

بیناکردنەوەی دەرگای قلۆفحی تەواو بوو دایخست، ئینجا خەڵکیش وەکو پێشتر دەهاتنە ژوورەوە، دواتر دەروازەکانی رەبض و باقوسی داخست و بە تەنیا ئەم دەرگایە مایەوە.

دروستکردنی دەروازەکە لە ساڵی ٣٩٦ ك / ١٠٠٥ ز بوو. مومەهەد لە وڵایەت مایەوە و شەروەی پەردەدار کاریەدەست و هەموو فەرمانێکی بەدەست بوو، زۆر لە خۆی نزیک کردەوە و زۆری خۆشویست و بە ژن و کەنیزەکانی ناساند، بە جۆرێك کە رۆژێك پێی وت: گیانم پێش گیانت ئەی ئەبا شوجاع، رۆژم پێش رۆژت، شەروە نۆکەرێکی هەبوو بە ناو ئیبن فلیۆس زۆی خۆشدەویست و کردی بەسەر پۆلیس.

مومەهەد زۆر رکی لە ئیبن فیلوسی دەبۆوە، بە هیچ شێوەیەك حەزی لە چارە و بینینی نەدەکرد، چەند جارێك هەوڵیدا بیکوژێت، بەڵام دڵی شەروەی رادەگرت. ئیبن فلیۆس دەیزانی میر چی لە دڵدایە و دەیبوغزاند، جا رۆژێکیان لەگەڵ شەروە بە تەنیا بوون و تێیگەیاند و پێی وت: بزانە ژیانی من بەندە بە ژیانی تۆوە، پێت دەڵێم کە لای من راست دەرچوو، بیروڕای میر بەرامبەر تۆ تێك چووە، ئەو نزیکبوونەوەی میر لە تۆ تەنیا فروفێڵە، تاوەکو ئەوەی بیەوێت جێبەجێی بکات و لەناویان بەرێت، چەند چیرۆك و بەڵگەیەکی بۆ دروستی قسەکانی هێنایەوە. شەروە وتی: رات چییە؟

وتی: دەیکوژین، خۆت جێی دەگریتەوە، ئەگەرنا هەموومان بە هیلاك دەبات، شەروە وتی: هەڵناگرێ ناپاکی پێ بکەم، ئەوەندە ماف و نیعمەتی بەسەر منەوە هەیە، کە لە پێگەی خۆی دایناوم، بە ژن و ژاڵی ئاشنا کردووم و غەدری لێ ناکەم و پەیمان ناشکێنم، خەڵکیش وام تێرا نابینن. پێی وت: خوێنی دڵت خۆشەویسترە لە خۆشەویستی و نزیکبوونەوەی وی، رۆژانە لەبەر خۆی ئەوەی دووبارە دەکردەوە، تا لە دەروونی شەروەی جێگیر کرد، کە توندوتیژ و پێداگر بوو خودان راو برست بوو، ئینجا شەروە پیلانگێری کرد، کە خواردنەوەی ژەهراوی بداتێ، بەڵام ئەمەی بۆ لەگەڵ خواردن و خواردنەوەی وی نەکرا و بۆی نەچووە سەر.

مومەهەد قەلای هەتاخی[1]دا بووە شەروە کە سەخت بوو، بەسەر مێرگ و پانتایی شینایی و زەوی گوڵزاردا دەیڕوانی، شەروە خویەکی هەبوو: لە ڕۆژانی بەهاردا لەگەڵ میر دەهاتە ئەوێ و لەوێ کاتیان بەسەر دەبرد و دەعوەتی بە کۆمەڵی ساز دەکرد، وا ڕێککەوت کە لە کۆتاییەکانی ساڵی ٤٠٠ ك / ١٠٠٩ و هەندێك وتویانە ساڵی ٤٠١ ك / ١٠١٠ ز بەرەو هەتاخ چوون. چەند ڕۆژ سەیران و ڕاویان کرد و لە خواردن و خوردنەوە بەردەوام بوون، ئیبن فیلوس خواردن و جێ و ڕێی باشی بۆ دابین کردبوون. (لەگەڵ خواردنەوەی زۆردا، چەند ڕۆژان لە خۆشیدا بوون).[2]

وتراوە: شەروە وەڕێی ئیبن فیلوسیدا کە چەند کەسێك لە دەروازەی قەڵا دابنێ، ڕێگە نەدەن کە هیچ یەك لە هاوەڵانی میر بێتە ژوورێ، جا بۆ خواردن و خواردنەوە دانیشتن، میریش سەرگەرمی خواردنەوە و خۆشی بوو، سوێندی لە شەروەی دەخوارد، کە دانیشێ و ئەویش دانەدەنیشت، خاکی ژێر پای میری ماچ دەکرد و دانەدەنیشت، میر پەردلخی دەدایە جارجارە دەیخواردەوە، هەر یەکە لە هاوەڵان و غڵامۆزایانی میر کە سەرخۆش دەبوون، ڕاست دەبوونەوە شەروە دەیبردنە دەرەوە، وەکو ئەوەی کە خولحافیز بوونیان لێ بکات، دەیبردنە ماڵێ و دەیگرتن گوایە ئەمە لەسەر ڕاسپاردەی میرە، بەردەوام تا لەگەڵ هەمووان ئەم کارەی ئەنجام دەدا و دەستبەسەری دەکردن، تەنیا گۆرانی بێژان و سێ کەس لای میر مانەوە، لەسەرینگانی میر خزمەتکارێکی هەبوو بەناوی موشرق، هەرکە سەرخۆش بوو لاڵ و پاڵی لێ وەدیار کەوت. شەروە پێی وت: گەورەمان وای پێ باشە بچێ بخەوێت. وتی: بەڵێ بە گیانی من تەنها ئەم کلاجوایە[3] ماوەتەوە تا من و تۆ بیخۆینەوە، وتی: گوێڕایەڵ و ملکەچم، جا خواردیانەوە. ئینجا میر بەرەو شوێنی نوستنی چوو پاشان

---

[1] – هەتاخ: قەڵایەکی سەختە لە دیاربەکر نزیکە لە میافارقین. (معجم البلدان ج ٤ ص ٩٥٢).

[2] – نێوان دوو کەوانەکە لە دەستنوسە بنەڕەتیەکەدا ڕوون نییە و ئەوەی نووسیومانە لە (ب پەڕی ٢٨ ب) وەرگیراوە.

[3] – کلاجوا: بە مانای پەرداخ دێت.

خەوت، خزمەتکارەکەش پێیەکانی بردنە شوێنی نوستنی خۆی و داپۆشین، ئیبن فیلوس به شەروەی وت: ئێستا کاتەکە ڕێککەوتووە. شەروە وتی: بە خوای دەروونم ڕێگەم پێ نادات! وتی: هەر دەبێ بکرێت، ئەگینا هەموومان بە هیلاك دەچین. شەروە وتی: بە خودای من ئەم کارە ناکەم! بەڵام ئەگەر تۆ ویستت بیکە.

ئیبن فیلوس شمشیرێکی ڕووتی بەدەستەوە بوو، لێی چووە ژوورێ و میر پێی حەسیا و وتی: بۆچی لەم کاتە هاتویتە ژوورێ! وتی: بۆ خزمەت هاتووم. میر وتی: برۆ نەگەڕێیتەوە. ڕاوەستاو میر لێی بڵند بوو، لە بن خۆی ناو هاواری بۆ شەروە کرد: شمشیرەکەم بدەیێ، کە لێی جیا نەدەبۆوە و لە ژێر پێخەفەکەی بوو، شەروە هەڕەشەی لێ کرد و شمشیرەکەی لە ژێر پێخەفەکانی دەرهێنا و لە میری دا و شانی داهێنا. میر وتی: ئای شەروە! بە دوای مەرامی ئیبن فیلوس کەوتی، بە خوا پاشان سەرناکەویت. جا یەکسەر موشرقی خزمەتکاریان گرت، شەروە چووە دەرێ ئەو سەربازەی متمانەی پێ دەکردن لە خەوی هەستاندن و تێیگەیاندن، کە چی بووە، کۆمەڵێکی لە ئامۆزایانی میر زیندانی کردن، ئەوەی ویستی هێشتیەوە و ئەوەی ویستی دەری کرد، ئەم کارانەی هەموو ئەوێ شەوێ کردن و موشرقی ئازاد کرد. هەر بە شەوێ بە هەڵەداوان بەڕێ کەوت و وەختی بەرەبەیانی گەیشت، خوی پاسەوان و دەرگاوانەکان وابوو، کە میر لە ڕاو شکار دەگەڕایەوە، تا ڕوی موشرقیان نەدیبا دەرگایان نەدەکردەوە. کە گەیشتن موشرق هەرای لێکردن و ئەوان هاتنە خوارەوە و دەرگایان کردەوە، شەروە و ئیبن فیلوس هاتنە ژوورەوە و مەشخەڵیان بە دەستەوە بوو، پاسەوانەکان کە میریان بەدی نەکرد، شەروەیان لە ئەسپەکەی هێنا خوارەوە و گرتیان. ئیبن فیلوس پەلاماری دان و سێ کەسی لێ کوشتن، ئینجا چوونە شار و لە کۆشکی کوڕانی حەمدان دابەزین، کە کۆشکی میرنشینی بوو.

هەرکە شەروە دەسەلاتداریێتی شاری وەگیرکەوت، دەستی بەسەر خەزێنە و سەربازەکاندا گرت، بە هێز بوو خەڵکیش لە ترسان ملکەچی بوون.

وتراوە: دەستەیەك سەربازی بۆ شاری سەعرد (سعرت) نارد، تا میر ئەبی نەسری برای میر بگرن. پێشوتر کە میر ئەبو عەلی کوژرا، ئەبو نەسر لەگەڵ براکەی مومەهەد وێڕای سەربازەکان لە ئامەد بوون، کە میر ئەبو مەنسوور گەڕایەوە و میافارقین و وڵاتی خستە بن دەست، ماوەیەك لەگەڵ براکەی لە میافارقین مایەوە، ڕۆژێك بە مومەهەدی برای وت: من ئەم شەو لە خەونمدا — واتا دوێنێ — وەکو بڵێی مانگ کەوتە کۆشمەوە. وتراوە: بەڵکو وتی: ڕۆژ لەسەر سەرم کەوتبوو. مومەهەد وتی: ئەو خەونەی تۆ بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دەبیتە خاوەن دەسەڵات. وتی: خۆت نیشانی من مەدە دەنا دەتکوژم، دووری خستەوە و دێیەکی بەناو ئەسعەر پێ بەخشی، بە ڕوبارێکی وێ دابەڕێی کرد و بە درێژایی ژیان و میرایەتیەکەی دیداری برای نەدیتەوە.

وتراوە: کە لە ئامەد گەڕانەوە، مومەهەد دەسەڵاتی وەرگرت ماوەیەك — میر ئەبی نەسر — لە کنی مایەوە، پاشان لە خۆی دوور خستەوە، لەسەر ئەمە پێیان وت بەڵام قایل نەبوو، پێی وتن: گەر بیگەمێ دەیکوژم. پێیان وت: لەبەرچی، تاوانی چییە؟ وتی: ڕۆژم بینی وەکو بڵێی هاتە کۆشمەوە، برام ڕاست بۆوە لە کۆشی دەرهێنام و بردی. بێگومان پاشایەتی بەدەست دێنێ و چاوم بەرایی نادا بیبینم.

وتراوە: ئەوێ ساڵێ گرانی و وشکەساڵی بوو، جرەیب گەنم بە دە دیناری سوور بوو، میر ئەبو نەسر وتی: خوایە نەزری سەر شانم بێ، گەر بوومە خاوەنی وڵات هەموو ڕۆژێك جرەیبەك گەنم لە مزگەوت بکەمە سەدەقە، بە درێژایی ژیانی براکەی لە ئەسعەرد مایەوە، ویلایەتی مومەهەد ١٤ ساڵ بوو لە ساڵی ٣٨٧ی مانگ بۆ ساڵی ٤٠١ / ١٠١٠ ز.

وتراوە: لە ١٤ مانگی موحەڕەم ساڵی ٤٠١ ك / ١٠١٠ ز لە موسڵ ڕۆژی هەینی وتار بەناوی (حاکم) خەلیفەی میسر خوێنرایەوە، چەند ڕۆژێکی کەم وتار بەناوی ئەو خوێنرایەوە، پاشان وازیان هێنا، جارێکی دیکە بۆ عەباسییەکان خوێنرایەوە و بەنو عەقیل ئەو کارەیان کرد، بەڵام خەڵك لێیان لە هەریا دان ئەوانیش وازیان هێنا.

وتراوه: شەروە هەموو قەلاکان و ولاتـی بـە مۆری مـیر وەرگـرت، تـەنها ئـەرزەن مابوو، کە لە کاتی فەرمانڕەوایەتی میر ئەبو عەلی و میر مومەهـەد دەولـەوە، والیـەکی خەڵکی ئەسفەهان بەناو خواجە ئەبو قاسم بە سەرەوە بوو.

باسی ویلایەتی میر نەسرولدەولە ئەبو نەسر ئەحمەد کوڕی مەڕوان

وتراوە: سێیەم ڕۆژ بوو شەروە چووە ناو (....) [1] و تەنزێ [2] و ئینجا عەبدولڕەحمان کوڕی ئەبی وەردی دونبولی [3] نارد بۆ ئەرزەن، کە ماقولی دەوڵەتان خواجە بەبولقاسمی لێ بوو، بابایەکی بە تەگبیر و ڕاو ئاقڵ بوو، عەبدولڕەحمان چووە کنی و بە نەرمی ئەو و یاوەرانی دواندن، بەڵام وەڵامی هیچ شتێکی ئەویان نەدایەوە، دواتر چوونە ڕاو، خواجە ئەبولقاسم تاق بۆوە، پیاوێکی بەکار و توندی بینی پێی وت: چیت لە دوایە؟ وتی: شەروە میری کوشتوە، کۆمەڵێك چەکداری ناردووە بۆ گرتنی میر ئەبی نەسر، منیش دەچمە لای و پێش ئەوەی بیگەنێ تێی دەگەیەنم، ڕێگاکانیش هەمووی گیراون بۆ ئەوەی ئەم هەواڵە تەشەنە نەکات، خواجە ئەبولقاسم باوەڕی پێ هێنا خەڵك ڕای ئەویان وەردەگرت، کە گەڕایەوە ئەرزەن و لە مەسەلەکەی دڵنیا بوو، بەڕۆکی خۆی دادڕی و چەپۆکی بەسەری خۆی دادا و گریا و هاواری کرد، کۆمەڵێك چەکداری بۆ میر ئەبو نەسر نارد و پەیامی نارد: ئەسپان جڵەو کە و زوو بگە لام. کە

---

[1] – لێرەدا لەبەر دیار نەبوونی لە بنەڕەتدا نەتوانراوە بخوێرێتەوە. دوای خوێندنەوەی ب پەڕی ٣١؟ و "مارش" پەڕی ٨٢؟ وابزانم بەم جۆرەیە: "کۆمەڵێك سەربازی نارد کە پێنج سەد سوار بوون بۆ دەستگیرکردنی میر ئەبی نەسر و بۆوەی ئەسعەردی لێ بستێنن".

[2] – لە (معجم البلدان ح ٣ ص ٥٥١) تەنزێ (طنزة) شارێکە لە ئیبن عومەر لە دیاربەکر.

[3] – دونبولی: دەگەڕێتەوە بۆ دونبول کە هۆزێکی کوردانە لە ناوچەی موسڵ.

سبەینیٚ گەیشتە کنی و ئەمیش ڕاستەوخۆ تێی گەیاند، لە کن ئەو لە ئەرزەن مایەوە، کۆمەڵە سوارێك لە لای شەروەوە هاتن بۆ گرتنی، ئەویش لەگەڵیان جەنگا و ڕویان کردە ئەرزەن، خواجە ئەبولقاسم بە میری وت: دەروازەی قەڵاکە بپارێزە، تا وەدەریان دەنێم، کە زانیان میر لە قەڵای ئەرزەن خۆی قایم و پارێزگیر کردووە گەڕانەوە، پاشان سوبحی خزمەتکار گەڕایەوە و میری بینی و تێی گەیاندن، ئەوانیش دڵیان توند بوو، گەڕانەوە میافارقین و بە شەروەیان ڕاگەیاند.

وتراوە: دواتر خواجە ئەبولقاسم هاتە لای میر مەڕوان و لە مەزاری میر ئەبو عەلی و ژنەکەی، لە کوشتاری میر ئاگاداری کردنەوە، میر ئەبو نەسر[1] هاتە لایان و ئەویش لەبەر چاوی ئەوان سوێندی خوارد و وتی: من گیان وماڵم لەبەر دەستدایە و سوێندی خوارد، کە لە ژێر فەرمانڕەوایی ئەو بێت، ئامادەیە گوێڕایەڵی هەموو فەرمانەکانی بێت. ئینجا چووە دەریٚ و خەڵکی شار و سەرباز و گەواهیدەر و دادوەرانی کۆ کردەوە. میری سوێندا و جا خواجە جارێکی دیکە سوێندی دانەوە خەزێنەکانی کردەوە و دانەوێڵە و پارەی بەشیەوە، چەکی دابەشکرد، عەشیرەت و کوردەکانی لە هەموو لایەکدا کۆ کردەوە، خەڵکێکی زۆری لەکن خڕبۆوە، سوێندی پیٚ خواردن، کە لە ژێر فەرمانی میردابن، لە قسەی وی لانەدەن، هیچی لیٚ داوانەکەن تا شەروە نەکوژێت و وڵات نەگرێتە دەست خۆی، بەم جۆرە سوێندیان خوارد.

وتراوە: جا هەموویان پێکەوە بەرەو پانایی شار بەڕێکەوتن، خەڵکێکی زۆریان کوشت و هەموو شتێکیان بە تاڵان برد، شەروە و سەربازانی هاتنە دەرەوە و کوشتارێکی توندیان کرد، شەروە و هاوەڵانی شکستیان هێنا، زۆریان لیٚ کوشتن و هەرچی پێیان بوو لێیان بە تاڵان بردن، جا میر و خواجە و سوپاکە بەرەو ئەرزەن گەڕانەوە، هەر کە گەیشتن میر هەموو دەستکەوتەکانی جەنگی بەسەر دابەشکردن و هیچی بۆ خۆی هەڵنەگرت، جا (چاڵەگەنم) یان دانەوێڵەخانەکانی کردەوە و دای بە

---

[1] – بە شێوازی جیا ناوی هاتووە وەك ئەبو نەسر، میر مەڕوان، نەسرولدەوەلە. (وەرگێڕ).

لایەنگرانی، سەربازی ئامادە کرد، خەڵکێکی زۆر لە دەوری میر و خواجە ئامادە بوون، جا خەڵکەکەیان برد لە دووری فەرسەخێك لە شار دابەزین و لەوێ دایان کوتا. شەروە لە کردەوەی خۆی پەشیمان بۆوە و زانی شەڕی لە ڕێیە، دڵی خەڵکی ڕاگرت و لەگەڵیان چاك بوو، دراو و باربوی زۆری دانێ، کە پێشتر لەگەڵیان خراپ بوو، ئیبن فیلۆس تێی گەیاند کە نامە بۆ پاشای ڕۆم بنووسێ و هانای بۆ ببا، وتی (بلێ): ئەی پاشای ڕۆم، جگە لە تۆ کەس خوێنمان ناپارێزێ، ولاتەکە تەسلیم بەو بکە. شەروە پەیکی نارده کنی و نووسراوی بۆ نووسی، دیاری و شتی ئاوازەی بۆ نارد. خەڵکی شار گوێبیستی ئەمە بوون پێیان ناخۆش بوو و دڵیان توند بوو، بە ئاشکرا نەفرەتیان لە شەروە و ئیبن فیلۆس دەکرد، بە ڕادەیەك جنێو و نەفرەتیان دەگەیشتە بەر گوێیان.

وتراوە: ئینجا شەروە هەرچی لە لای هەبوو لە پارە و پول و گەوهەر و کەلوپەل لە سەندوقێکدا کۆیکردەوە. نێوانی ئەو و ئەبو تاهیر کوڕی دەمنە خۆش بوو، پەیوەندیەکی توند و تۆڵ و هاوڕێیەتیان هەبوو، قاسیدی بۆ کنی نارد و پێی ڕاگەیاند: یان بۆ خۆت وەرە یان یەکێك بنێرە کە متمانەی پێ دەکەی، ئەویش فەرماندار (مورتەج)ی پەردەدار و مێردی کچی نارد، کە بە شێوەیەکی جوان وەڵامی نووسراوی دایەوە و پەیمانی دا، کە چۆنی بوێ ئاوا لە ژێر حوکمی دا بێت، هەرکە گەیشت هەموو پارە و پولی بە ئەمانەت دایێ، پارچە پارچە هەمووی پێ پیشاندا، کیسە بە کیسە و بە کێش و دانە و باسەوە پارە وماڵەکە بۆ ئامەد برا، ئیبن دەمنە سوێندی بۆ خوارد. شەروەش سوێندی خوارد، کە یەك دەست بن و بە هیچ شێوەیەك لێی دوا نەخا و نەیدا بە کەس.

وتراوە: خەڵك لە دڵیان چەسپا کە شەروە لێبڕاوە، ولات تەسلیمی شای ڕۆم بکا و موسڵمانان تووشی نەهامەتی بکات، خەڵك لە کارەساتی میر ئەبو عەلی تۆقیبوون.

ڕۆژی هەینی لە کاتی نوێژکردن ئیبن فیلۆس هاتە مزگەوت، خەڵکێکی زۆری لەگەڵ بوو، هات و هوت و بگرە و بەردەی دروست کرد، خەڵك گومانیان نەبوو لەوەی کە

وەگیر کەوتوون، ئیدی خەڵك ڕاپەڕین و لێیان دەرپەڕین، ئبن فیلۆسیان لەگەل شکست ڕووبەڕوو کرد و ڕاویان نا.

میرێك لە میرانی کورج[1] لە خزمەتی مومەهەددا بوو لە ولاتی خۆی لە دەستی پاشای کورج تارابوو، ناوی ئیبن ئەبی لەیس بوو، کە تا ئیستا نەوەیان لە تەفلیس[2] ماون و لە خزمەتی پاشای کورجدان، کۆمەڵێکی زۆری لەگەڵدا بوو، کە میر کوژرا دایانە پاڵ شەروە. خەڵك بە دوای ئیبن فیلۆس کەوتن و شکستی هێنا و بەرەو دەروازەی ئەو کۆشکە، کە شەروەی لێبوو چوو. سەربازان بەرگریان لێکرد و خەڵك دوای کەوتن، شەروە فەرمانی بە کورجەکان کرد، کە خەڵك تیرباران بکەن، ئەوانیش یەك دەست ئەو کارەیان ئەنجام دا، کۆمەڵێکیان کوشت و کۆمەڵێکیش بریندار، جا شەروە چووە دەرێ و خەڵکەکەش کپ بوونەوە و وتیان: (ئیبن فیلۆس بە دەستەوە بدە، چونکە سەری خراپەکارییە، ئەو وای لە تۆ کرد ئەو کارە بکەیت)[3]، ئەویش بە دەستەوەی نەدا و کوشتار دەستی پێ کردەوە. جا شەروە چووە ناو کۆشکەکەوە و خەزێنەی والا کرد و بەسەر سەربازانی دا دابەش کرد، لەگەڵ خەڵك جەنگا و زۆری لێ کوشتن، بەلام شەروە و یاوەرانی و کۆمەڵەکەی شکستیان هێنا و بۆ خۆی سەرکەوتە سەر شوورەکە. ئیبن فیلۆس کوژرا و منداڵان تەرمەکەیان بە نێو شاردا ڕاکێشا و شێواندیان، کۆشکیان بە تالان برد، کاتێ کە شەروە شکستی هێنا، سەرکەوتە تاوەری پاشا و لەوێ خۆی قایم کرد، جا هاواری بۆ پیاو ماقوڵانی شار هێنا، هاتنە لای و لۆمەیان کرد، داوای لێکردن گیانی بپارێزن ئەوانیش دڵنیایان کردەوە و پەیمانیان پێدا نەیکوژن و لە لای میر ئەبو نەسر ناوبژی بکەن. ئینجا شەروە لە ماڵی یەك لە ماقولانی

---

[1]– کەرج: یان گورج میللەتێکن لە چیاکانی قەبەق نیشتەجێ بوون، مێژیان زیاد بوو هەتا شاری تەفلیسیان گرت. (قەبەق) چیایەکە مل بە ملی بابولئەبوایە کە دوایین سنووری ئەرمینیایە (معجم البلدان ح ٣ ص ٣١ ، ٢٥١).

[2]– تەفلیس: شارێکە لە ئەرمینیا (معجم البلدان ح ١ ص ٨٥٧).

[3]– لە نێوان کەوانەکاندا نەتوانراوە بخوێرێتەوە چونکە لە بنەڕەتدا ڕوون نیە. ئەوەی نووسیومانە لە (ب پەڕی ٣٤ ب) مان وەرگرتووە.

ناوچەکە دابەزی و سوێندی دان بەگزادەی نێوی ئەبو تەیب محەمەد کوڕی عوبێد کوڕی محیوەر بوو، کابرایەکی زەنگین و هەبوو بوو. خەڵك بە پێشەنگی خۆیان دەزانی و بە قسەیان دەکرد و لەگەڵی بوون. کە دەکاتە باپیری پیاوماقول شێخۆلشیوخ ئەبو حەسەن عەلی کوڕی یەحیا کوڕی حەسەن بوو، جا شەروە لە لای ئەو هاتە دەرەوە و گلەیی لە خەڵکی کرد، کە کۆشکیان تالان کردەوە، خەڵکیش گوێیان پێ نەدا و کۆشکی دێرینیان تێکدا و ڕوخاندیان و هەرچی تێدا مابوو گەسکیان لێدا.

خەڵك دەستیان بەسەر شاردا گرت و نامەیان بۆ میر ئەبو نەسر نووسی، کە ئامادە بێت، کە هات لە قەراخ شار دابەزی، پەیامی بۆ ناردن و داوای کرد کە شەروەی تەسلیم کەن، بەلام خەڵکەکە قایل نەبوون و وتیان، ئێمە پەیمانی گیان پاراستنمان پێداوە و لەسەر و ماڵی خاترجەممان کردووە. جا خەڵك کۆبوونەوە و ناکۆکیان کەوتە نێوان، شێخ ئەبو تەیب کوڕی میحوەر خۆی لێ کەنارگیر کردن و گوتی: خۆم لە مەسەلەی ئێوە ناگەیەنم، ئینجا پیاوێکیان کردە دەمڕاستی خۆیان کە نێوی ئەبو تاهیر کوڕی حەمامی بوو، کە زۆر لە لایان ڕێزدار بوو، ماوەیەك بە قسەیان کرد و هێندەی نەبرد تێك گیرانەوە، کە ئەوەی لێ بینین لێیان جیا بۆوە و تاقکەوتەوە، دواتر خەڵکەکە چوونە ژێر باری پیاوێك لە ڕیش بەدەرەکانی بازاڕی قوماش، کە بە دادپەروەری ناسرا بوو و ناوی ئەبو حەسەن ئەحمەد کوڕی وەسیف ئەلبەزاز بوو، کە لە نێوان خۆیی و پیاوێك بە ناوی ئیبن ئەبی ڕێحان دۆستایەتی هەبوو، خودان خزم و خوێش و خەڵك بوو، هەر دوویان ئامادە بوون، پەیمانیاندا بارێزگاری شار و خەڵك بکەن و بە کار و باریان ڕاپەرمون. پەیمانی چاکەیان بە خەڵك دا. ئیبن وەسیف خەڵکانی نزیکی خۆی کۆ کردەوە و خەڵکی شار و پیاوماقولانی دواند و بارودۆخەکەی چاك کردەوە و بە هێز و دەسەلات بوو، هەندێ لە تالانکراوی کۆشکی گەڕاندەوە، پارە و پولێکی زۆری وەدەست کەوت.

وتراوە: ئینجا میر ئەبو نەسر بە توندی لەگەڵ خەڵك جولایەوە، پەیگیرانە کوشتاری کردن، ئیبن وەسیف ترسا لەوەی ئەم کارەی میر درێژە بکێشێت و خەڵکیش متمانەی خۆیان بە میر ببەخشن و ئەویش بە دوژمن بمێنێتەوە، بە نهێنی نامەی بۆ ئەبو نەسر نارد، داوای ئەمانی لە میر و خواجە ئەبیلقاسم و یاوەرانی کرد، چی ویست بۆ خۆیی و بۆ خەڵکی کردی، بەو مەرجەی کە ویستی هەرچی کە پێی کرا پشتگیری کرا. میر هەرچی ویستی بۆی سەلماند و جا شۆڕ بۆوە لەگەڵ ماقول و گەورە پیاوانی شار لە مزگەوت کۆبۆوە و وتی: تا چەند خۆمان لە ژێر ئەم ئابلۆقەیەدا ڕاگرین، تاکەی ئاوا بمێنینەوە، ماڵ و موڵکمان وێران بوو، بژێوی و کار و کاسبیمان نەماوە؟ وتیان: هەرگیز شەروە بە دەستەوە نادەین. ئینجا میر نامەیەکی بۆ ناردن و وەڵامیان نەدایەوە، ئەمەش لە تشرینی یەکەم بوو، کە تشرینی دووەم هات و بوو بە کڕێوەو بەفر و سەرمایەك هەر باس ناکرێ، میر و یاوەرانی تووشی زیانێکی زۆر بوون و نەیانتوانی بمێننەوە، چووە ئەرزەن و هەندێ لە سەربازانی بەسەر شارەوە جێهێشت و خواردن و پیتاکی لێ بڕین، میر تا مانگی شوبات لە ئەرزەن مایەوە، جا بەرەو میافارقین گەڕایەوە و کوشتار و گەمارۆی توند کرد.

جارێکی دیکە ئیبن وەسیف نامەی بۆ میر نووسی و متمانەی خۆی پێدا و پەیمانی چاکەی بە مە دا، میر درێژەکێشانی ئەمەی لە دڵ گران بوو، ئاخر چۆن زوو خۆیان بە دەستەوە نادەن. ئیبن وەسیف کە وەڵامی میری بۆ گەڕایەوە، خەڵکی کۆ کردەوە وتی: ئەوە خەڵکەی! ئەم کارە درێژەی کێشا، ئەم میرە ڕای ناگۆڕێ و هەر سورە لە سەری، ئێمەش جگە لەو پەنایەکی دیمان نییە، خۆمان لە پێناوی شەروە بە هیلاك نابەین! وتیان: ڕات چییە؟ وتی: ڕام ئەوەیە کە بۆ میر بنووسین بارودۆخمان چاك کەین و لەبارەی شەروەوە بیدوێنین و داوا بکەین لێی خۆش بێ، گەر ئەمەی کرد باشە، دەنا شەروە لەناو دەبا و ئێمە هەموومان بە هیلاك ناچین.

وتیان، فەرمان لە تۆوەیە، بەم جۆرە ڕێککەوتن، کۆمەڵێکیان چوون چاویان بە میر و خواجە ئەبولقاسم کەوت، ئەویش ڕێزی لێنان و، پەیمان باشی پێدان، هەروەکو داوایان کردبوو ئەماننامەی بۆ ئەوان و شەروە نووسی و دڵنیای کردنەوە، جا چوونە شار و شەو مانەوە، قاوەڵتی دەروازەی بەلەد و دەروازەی ئەلهوە و دەروازەی ڕەبزیان کردەوە، میر ئەبو نەسر چووە ژوورەوە و لە خانوی شەروە دابەزی، چونکە کۆشکی میرنشینی تێکدرا بوو، شەروە لە تاوەری پاشا (برج الملك) دابەزیە کنی و خواجە ئەبولقاسم چووە لای. هاتنی میر بۆ شاری میافارقین لە دوایین مانگی ساڵی ٤٠١ ك / ١٠١١ز بوو.

وتراوە: میر لە پاشانشینەکە جێگیر بوو، کاروباری خەڵکی بەڕێوە برد، خواجەی کردە وەزیر و هەموو فەرمانێکی خستە بەردەستی، تەنانەت میر هیچ کارێکی بێ ڕا و فەرمانی ئەو ئەنجام نەدەدا، سیاسەتیشی لەگەڵ خەڵك باش کرد و جالای لە کۆمەڵێك لە خەلکی شار کردەوە، کە فاسق و گێرە شێوێن و تێکدەر بوون و شاربەدەری کردن، هەرچی هاوکاریان بوو ڕایکردو چەندی پێی کرا زێڕی تالآنکراوی دەست خستەوە.

وتراوە: ئەبولحەسەن کوڕی وەسیفی کردە والی شارۆچکەی تەنزێ و تەل فافان[1] و دەوروبەرەکانی تا سنووری جەزیرە.

وتراوە: دوای ماوەیەك میر شەروەی گرت و پەلکێشی ئەو جێیەی کرد، کە مومەهەدی لێ کوژرابوو، لەوێ خنکاندی و بە دارێوە هەڵیواسی، لەگەڵ ئەو کۆمەڵێ لە هاوەڵە خراپەکارەکانیشی کوشت، میافارقین لەوانە پاك بۆوە، کە چاویان بە چاکە هەڵنەدەهات و هەر خەریکی فیتنە و ئاژاوەگێڕی بوون.

وتراوە: ئینجا میر فەرمانی دەرکرد بە بردنی تابوتی براکەی مومەهەد بۆ ئەرزەن، بۆ کن باوك و دایكی، لە گومبەزێکی نزیك میر ئەبی عەلی برای نێژرا، مومەهەد وەجاخ کوێر بوو.

---

[1] – فافان: شوێنێکە دەکەوێتە سەر ڕووباری دیجلە لە خوار میافارقین. (معدم البلدان ح ٣ ص ٨٤٥).

وتراوە: کە میر شەروەی کوشت ئیبن وەسیف لە دڵی گران هات و لە خۆی ترسا و تەنزێ و ویلایەتەکەی جێ هێشت و هەڵات بۆ بەغدا و لەوێ مایەوە.

وتراوە: میر نەسر لە فەرمانڕەوایەتی جێگیر بوو، نازناوی نەسرولدەولەیە، هەموو دیاربەکری فەرمانڕەوایی کرد، تەنیا ئامەد نەبێت، نامەی نووسی بۆ پاشاکان و خەلیفە و بەهائولدەولە کوڕی بویە، دەسەڵاتی بە هێز بوو، کەس نەمابوو بەرەنگاری ببێتەوە.

وتراوە: ئەبو تاهیر کوڕی دەمنە لە ئامەدەوە مورتەجی سەر لەشکر و زاوای ناردە میافارقین، لەگەڵیدا دیاری و کەلوپەلی گرانبەها و ناوازە و نامەی پیرۆزبایی بۆ نارد، جا هەر وەکو چۆن بڕیاری لەسەر درابوو لەسەردەمی مومەهەد ئیبن دەمنە دیاری و پارە و پول بنێرێ و وتار و دراولێدان و درهەم بەناوی میرەوە بێت، بە هەمان شێوەش لەگەڵ میر نەسرولدەولە و خواجە ڕێك کەوت.

وتراوە: لەساڵی ٤٠٢ك / ١٠١٢ ز مانگی (ربيع الاول) ئەبو حوسێن کوڕی لەبان فەرضی – خوا لێی خۆش بێ – لە بەغدا کۆچی دوایی کرد.

وتراوە:لە شەممە ٢٣ی (ذي القعدة)ی ساڵی ٤٠٢ ك / ١٠١٣ ز قازی ئەبوبەکر باقلانی[1] لە بەغدا کۆچی دوایی کرد، لەسەر گۆڕەکەی نووسراوە:

بڕوانە چیا کە پیاوان دەیرپێنن

تەماشای گۆڕکە چ ڕەقەنی تێدا

سەیری شمشێری ئیسلام کە لە کاڵاندا

سەح کە دوڕی ئیسلام لە سەدەف دا

وتراوە: لە دووشەممە پێنجی جەمادی یەکەمی[1] ساڵی ٤٠٣ ك / ١٠١٢ ز لە بەغدا بە نەخۆشی پەرکەم کۆچی دوایی کرد، تەمەنی چل و دوو ساڵ بوو. کوڕەکانی لە دوای ئەو لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشتن.

---

[1] – ئەبوبەکر محەمەد کوڕی تەیب کوڕی محەمەد جەعفەری بەسری مالکی،دانەری کتێبی (الصفات). ·شذرات الذهب ج ٣ ص ١٦٨).

جەلالدەولە ئەبوتاهیر فەیرۆز خەسرۆ بووە فەرمانڕەوای خۆراسان.[٢]

سولتان دەولە ئەبو شوجاع بووە پاشای عێراق[٣] و ئەهواز[٤] و فارس[٥] و ئەرجان[٦].

موئەیەددەولە ئەبوکالیجار مەرزەبان کوڕی سولتان دەولە لە جێی باوکی بووە خاوەنداری عێراق، مامەکەشی شەرەفدەولە فینا خەسرۆ بووە پاشای ڕەی و ئەسفەهان.

وتراوە: لە ڕۆژی شەممە چواری موحەڕەم ساڵی ٤٠٣ ك / ١٠١٣ز سوڵتان دەولە ئەبو شوجاع دەستی بەسەر فەخرلمەلیکی ئامۆزایدا گرت، شەوی سێ شەممە کوشتی.

وتراوە: لەو موحەڕەمەدا هەواڵ هات بە درزبردنی گۆشەی یەمانی (البیت الحرام) و کەوتنی ئەو لا دیوارەی کە[٧] پێغەمبەر (د.خ) لێبوە. پەرستگا گەورەکەش بەسەر بەردی بەیتولموقدیس کەوت و مزگەوتی سوڕە من رەئا[٨] لە عێراق سوتا، خەڵك لەمە تۆقین.

1– لە (النجوم الزاهرە ح ٤ ص ٤٣٢) داهاتووە کە بەهائولدەولە کوڕی عەزوددەولە کۆچی دوایی کردوە، لە (ئەرجان ڕۆژی دووشەممە پێنجی جەمادی ئاخیرە... لە وەختی مردنی دا کردنی چل و دوو ساڵ ونۆ مانگ بوو، لەئەرجان بەرەو کوفە بەڕێ کرا...).

2– خۆراسان وڵاتێکی فراوانە سەرەتای سنورەکەی لەو دیوی عێراقە، کۆتایی سنوورەکەشی لەم دیوی هیندە،بڕوانە (معجم البلدان ح ٣ ص ٤٠٩ ،تقویم البلدان ص ٤٤٩).

3– بڕوانە (معجم البلدن ح ٣ ص ٦٢٨، تقویم البلدان ص ٣٩١).

4– ئەهواز: نیشتەجێیە کە لە خوزستان . تقویم البلدان ص ٣١٦).

5– فارس: وڵاتێکی فراوان و هەرێمێکی بەرینە، بڕوانە (معجم البلدان ح ٣ ص ٨٣٥، تقویم البلدان ص ٣٢١).

6– ئەرجان: شارێکی گەورەیە دەکەوێتە نێوان فارس و خوزستان. (تقویم البلدان ص ٣١٨).

7– لە دەستنوسدا ئاوا نووسراوە،بەڵام مانایەکەی ڕێك ناکەوێ. پێ دەچێ وشەیەك یا دەستەواژەیەك پەڕی بێ و نووسەرەوە لە بیری چوو بێ. وەکو (مینبەر) یان (کە لێی دادەنیشت) واتاکەی (دیوارێکی کە پێغەمبەر لێی دادەنیشت).

8– سوڕەمەن ڕەئا: شارێکی گەورەیە دەکەوێتە نێوان بەغدا و تکریت و لە لای ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلەوە. بە سامەڕا بەناوبانگە (معجم البلدان ح ٣ ص ١٤).

وتـراوە: مـیر نەسـرولدەولە ویـستی بـۆ شـوێنی نیـشتەجێبوونی کۆشـکێك بینـا بکاتەوە، بڕیاریدا بە نۆژەنکردنەوەی کۆشکی دێرین کە پێشتر هی حەمدانیـەکان بـوو، کۆمەڵێك پێشنیاریان کرد، کە قەڵای سەرکردە کە نۆژەن بکاتەوە و بیکا بـە کۆشـکی، مەیلی بۆ ئەمە نیشاندا و جەختی لەسەر کرد، خواجە ئەبولقاسم پێی وت: بە من بیٚ بە تەنیشتی تاوەری پاشا (برج الملك) دروستی بکەی، شـوێنێکی بـەرزە و بەسـەر هـەموو شاردا دەڕوانیٚ، وەبزانە ئەگەر تۆ لە نێو شـاردا دروسـتت کـرد، تـاوەری پاشـا وەتـاق دەکەویٚ و هەر کەس دەستی پیٚ ڕابگا و فەرمانڕەوایی تێدا بکـا، لـە شـاردا سـەربەخۆ دەبیٚ و پێـی نـاوێریٚ، بـەڵام گـەر لـەو جێیـە کـردت، تـاوەری پاشـا و دەروازە دەبنـە بەشێك لە کۆشك و لە بن دەستتدا دەبن. بەمە کەیف خۆش بـوو، لـە سـەرەتای سـاڵی ٤٠٣ ك / ١٠١٣ ز دەستی بە دروستکردن کرد، بە چاکترین شێوە بینای کرد، پارەیەکی زۆری لێدا و پانتایی دێرینی بینا کرد، کە دەڕوانێتە دەوروبەری شار، باخچەی کۆشکی نەمام چێن کرد.

وتراوە: جێگاکەو جێگای خانووی سەیدە پـەرستگایەکی گەورەی مەسـیحیان بـوو. کەلوپەلەکانی گواستەوە بۆ پەرستگای مەلەکیـە و کـاری چـاکی لـە کۆشـکەکە کـرد و ڕازاندیەوە و زێڕی بە دیوار و بانیەوە نا، کـارێکی وای تێداکرد، کـە پێـشتر کـاری وای نەکراوە.

وتراوە: کەناڵێکی ئاوی لە ڕەئسولعەین بۆ هەڵکەند، ئەویش کەناڵی ئەو کۆشکەی کـە لەسـەر ڕێیـە، هێنایـە نـاو کۆشـك و گـەرماو و کانیـاوی لـیٚ دروسـت کـرد، بـوو بـە دڵڕەفێنی تەماشاچیان.

وتراوە: کار لە کۆشکەکە لە (ذي الحجة)ی سـاڵی ٤٠٣ ك / ١٠١٣ ز تـەواو بـوو، لـە (ذي الحجة) پێش جەژن بە سیٚ ڕۆژ خزمـەتکارێك لـە خزمـەتکارانی خـەلیفـە قـادر بیلا لەگەڵ پەردەدارێکی سوڵتان دەولە کـوڕی بـوەی لەگەڵـدا بـوو، کـە نـاوی ئەبولفـەرەج محەمەد کوڕی ئەحمەد کوڕی مەزیەد بوو گەیشتن، کە پۆشاك و تەشریف و نوسیندەی

بۆ فەرمانڕەوایەتیکردنی هەموو دیاربەکر لە لایەن هەر یەکە لە خەلیفە و سوڵتانەوە بۆ میر هێنابوو، نازناوی نەسرولدەولە و (عمادها ذي الصرامتين)ی پێدرا. پۆشاکەکە حەوت پارچە بوو: عەبای بالاپۆش و فەرەجی و جوبە و مێزەرێکی ڕەش و دوو پشتێنی زێرکفت و ماینێکی زین زێڕین، فەرمانی نووسراو بە حوکمکردنی هەموودیاربەکر و قەلا و قۆنگەرەکانی، فەرمانەکەش بە ئامادەبوونی خەڵکی شار و گەواهیدەران و گەورە پیاوان خوێنرایەوە، ئەو کاتە لە قازی عەلی کوڕی حامد بوو، کە جێگری دادوەر نەسەوەی بوو وەکو باسمان کرد، ئینجا لادرا و دادوەر ئەبولقاسم حەسەن کوڕی حەسەن کوڕی مونذیر لە جێی دانرا، بە درێژایی فەرمانڕەوایەتی مومەهەد دەولە دادوەر بوو، لەساڵی ٤٠١ ك / ١٠١١ ز کۆچی دوایی کرد، دواتر عەلی کوڕی حامد جارێکی دیکە کرایەوە دادوەر، هەروا ما کە پشت بە خوا باسی دەکەین.

وتراوە: میر پۆشاکەکانی لەبەر کرد و خەڵك هەموو ئامادە بوون.

وتراوە: ئەوێ ڕۆژێ وەشەوێرا نوێنەری خەلیفەی میسر حاکم بیئەمریلا ئەبو عەلی مەنسور گەیشت، لەگەڵ خۆیدا دیاری ئەو کەلوپەلی نایاب و جوانی بۆ هێنابوو. نازناوی (عز الدولە و مجدهاذي الصرامتين)ی دا بە نەسرولدەولە، جا هەرچی لە دەوڵەتیدا بوو بۆ پێشوازی وی چوونە دووری شار، سەر لەبەیانی ئەوێ ڕۆژێ نوێنەرێك لە پاشای ڕۆم بەسیلی سەقلی[1] گەیشت، کە پاشای قوستەنتنیە بوو، خەڵکیش چوونە دەرەوە بۆ پێشوازیکردنی کە ئەسپی ڕەسەن و وشتر و کەلوپەلی نایابی هێنابوو، کە هەر باس ناکرێ. ڕۆژەکە ڕۆژی چوارەمی جەژن بوو، نەسرولدەولە بۆ جەژنە پیرۆزە لەسەر تەخت ڕۆنیشت، نێردەی خەلیفە و سولتان ئامادە بوون، لەلای ڕاستی دانیشت، نێردراوی میسر و نێردراوی پاشای ڕۆم لە لای چەپی دانیشت، شاعیران و قورئان خوێنان ئامادە بوون، ڕۆژێکی بەشکۆ و جەژنێکی دیار بوو، فەرمانی حوکمداری بە

---

[1]– سەبارەت بە ژیانی بڕوانە (ابن الاثير ج ٩ ص ٢٤٠).

ئامادەبوونی نێردراو و میران خوێنرایەوە. میر پۆشاکە بە دیاری هێنراوەکانی کردە بەر، جلوبەرگی بە دیاری پێشکەشی نێردراوەکان کرد، کە ناشێ هاوتای هەبێ.

پلان دارێژ و سیاسەتمەداری دەوڵەت وەزیر خواجە ئەبولقاسم بوو.

وتراوە: پایەی نەسرودەولە باڵا بوو، دەسەڵاتی لە زیادیدا بوو، بڕیاری لە وڵاتدا ڕەوا بوو، کاری خێرخوازی کرد و دادپەروەری لەگەڵ خەڵك نواند، چەند زەوی و زار و شوێنی وەقفی شورەی میافارقینی کرد و خێرخوازی و چاکەکاری وای کرد، کە هیچ یەك لە خزم و خۆێشانی نەیدەکرد.

وتراوە: لە ساڵی ٤٠٣ ك / ١٠١٣ز شەریف ذولمەجدەین ئەبو ئەحمەدی موسەوی[١] گەورەی بنەماڵەی پاکی عەلەویان بابی ڕەزی و مورتەزا کۆچی دوایی کرد. سوڵتان دەولە ئامادەی سەرەخۆشی بوو. لە گۆڕستانی قوڕەیشیان لە مەزارگەی بابولتین[٢] نێژرا. گەورایەتی بنەماڵەی عەلەویان لە ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوای وڵات بە شەریف ڕەزی ئەبو حەسەن محەمەدی کوڕی بڕا. براکەی مورتەزا ئەبولقاسم بووە پێشەوای حاجیەکان (امارة الحاج)، کە پێشتر تا باوکی کۆچی دوایی کرد هەر جێگری بوو.

وتراوە: دامەزراندن نامەیان لە هەموو مینبەرانی بەغدا لە لایەن خەلیفە قادر و سوڵتان دەولە فەخرولمەلیك بۆ خوێنرایەوە، بەم شێوەیە لە پلە و پایەی خۆیان مانەوە.

وتراوە: لە ساڵی ٤٠٤ ك / ١٠١٤ ز (.....)[٣] برلیمان مسبك لە ئەنتاکیا لە ڕۆم مرد.

وتراوە: لە ساڵی ٤٥٠ ك / ١٠٥٩ز[١] دادوەر ئەبوحوسێن عەلی کوڕی محەمەدی ماوەردی لە بەغدا کۆچی دوایی کرد.

---

[1]– لە (النجوم الزاهرە ح ٤ ص ٢٢٣ و ابن الاثیر ح ٩ ص ١٥٤) هاتووە کە کۆچی دوایی لە ساڵی ٤٠٠ ك / ١٠١٠ ز بووە، هەروەك لە(النجوم الزاهرە) داهاتووە کە ناوی حوسێنی کوڕی موسا کوڕی محەمەد کوری ئیبراهیم کوری موسا کوری جەعفەری سادق شەریف ئەبو ئەحمەدی موسەوی باوکی شەریف ڕەزی و مورەتەزایە لە ساڵی ٣٠٤ ك لە دایك بووە.

[2]– بابولتین: گەڕەکێکی گەورەیە لە بەغدا لەسەر خەندەق لە لای ناوچەی ئوم جەعفەر (معجم البلدان ح ١ ص ٤٤٣).

[3]– نەتوانراوە لە دەست نووسەکەدا بخوێنرێتەوە، لە سەرچاوەکانی ژێر دەستمان هیچ باسێکی لێ نەکراوە.

وتراوه: له ساڵی ٤٠٦ ك / ١٠١٦ ز ئەبو حامد ئەحمەد کوڕی ئەبی تاهیری ئەسفراینی[٢] له بەغدا له تەمەنی شەست و دوو ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

وتراوه: له شەشی سەفەری[٣] هەمان ساڵدا، شەریف رەزی ئەبو حەسەن محەمەد کوڕی حوسێن موسەوی خوا لێی خۆش بێت، کۆچی دوایی کرد، سوڵتان دەوڵە فەخرولمەلیك ئامادەی سەرەخۆشی بوو. له ساڵی ٣٥٩ ك / ٩٦٩ ز له دایك بووه، له تەمەنی دوازده ساڵی شیعری هۆنیوەتەوە، ئەبو عەبدولا محەمەد کوڕی مەهلوس عەلەوی و خەڵك نوێژی مردویان لەسەر کرد، پێنج جاران (الله اکبر)ی لەسەر کراو بەرەو بابولتین بۆ گۆڕستانی قورەیشییەکان نێردراو و لەوێ نێژرا[٤] (مورتەزا برای بەرەو مەزارگەی گۆڕستانەکانی قورەیش چوو چونکە[٥]، نەیتوانی سەیری جەنازەکە و تابوتەکە بکات. سوڵتان دەوڵە گەڕایەوە کن مورتەزا و له خانوەکەی مەزارگەکە سەرەخۆشی لێکرد، دواتر گەڕاندیەوە بۆ ماڵەکەی له کەرخ[٦].

1– له بنەڕەتدا به ٤٠٥ هاتووه که هەڵەیە، فیقهزانێکی شافعییه له مانگی (ربیع الاول) ساڵی ٤٥٠ که / ١٠٥٩ ز کۆچی دوایی کردووه، له گۆڕستانی دەروازەی حەرب له بەغدا نێژراوه. بۆ زیاتر بڕوانه: تاریخ بغداد ج ٢ ص ١٠٢، شذرات الذهب ج ٣ ص ٢٨٥، ابن خلکان ج ٢ ص ٤٤٥، النجوم الزاهرە ج ٥ ص ٦٤، البدایه و النهایه ج ١٢ ص ٨٢، عقد الجمان و مرآة الزمان و تاریخ الاسلام له ڕووداوەکانی ٤٥٠ که / ١٠٥٩ز، ابن الاثیر ج ٩ ص ٤٤٩).

2– له بنەڕەتدا به ئەسفراینی هاتووه که هەڵەیە، له (عقد الجمان)دا هاتووه: که بنەچەی دەگەڕێتەوە بۆ (ئەسفرایین) شارۆچکەیەکی خۆراسانە له ناوچەکانی نیسابور. له (معجم البلدان ج ١ ص ٢٤٦) داهاتووه که شارۆچەیەکی قایمە له ناوچەکانی نیسابور.

3– له (ابن خلکان ج ٤ ص ٤٨) داهاتووه: "بەرەبەیانی ڕۆژی یەکشەممەی شەشی موحەڕەم، وتراوه سەفەر" کۆچی دوایی کردووه کەچی له (النجوم الزاهرە و عقد الجمان) له ڕووداوەکانی ساڵی ٤٠٦ ك / ١٠١٦ ز له پێنجی موحەڕەم کۆچی دوایی کردووه.

4– له (ابن خلکان) شزرات الزهب، تاریم بغداد، المنتقم، عقد الجمان، البدایه و النهایه) هاتووه که شەریفی رەزی لەخانووەکەی له مزگەوتی ئەنبارییەکان نێژراوه.

5– ڕستەی کۆتایی له دەست نووسدا نەتوانراوه بخوێنرێتەوه چونکه یەك وشەی تێدا دیار نییە، ئەوەی نووسیومانە لەپەوتوکی (المنتظم وەرگیراوه له باس و ڕوداوەکانی ساڵی ٤٠٦ ك ١٠١٦ز.

6– کەرخ: گەڕەکێکی بەغدایە، خەلیفە مەنسوور دروستی کردووه. (معجم البلدان ج ٤ ص ٢٥٤).

وتراوە: لە ساڵی ٤٠٦ ك / ١٠١٦ ز بەهائولدەولە ئەبو نەسر خاشاد کۆچی دوایی کرد و لە دوای ئەو بۆ بەڕێوەبردنی کار سولتان دەولە و وەزیر فەخرولمەلیك و ئەبوغالیب جێیان گرتەوە[1].

سوڵتان دەولە و شەرەف دەولەی برای هەر بە تەبایی گوزەراندیان و تا دوایین ڕۆژانی سەردەمی قادر بیلا هەروا مانەوە.

وتراوە: لە ڕۆژی شەممەی ٢٣ی سەفەر مورتەزا لەجێی بابی و براکەی گەورایەتی عەلەوەیان و پێشەوایەتی حاجیانی گرتە دەست و لێپێچینەوە لە ستەمکاری (النظر في المظام)ی پێ سپێردرا، دامەزراننامەی لەسەر مینبەرەکانی بەغدا خوێندرایەوە، سوڵتان لە مزگەوتی خەلیفە ئامادە بوو، بە ئامادەبوونی وی و سەرجەم پایەدارانی هەر دوو دەولەت (عەباسی و بوەیهی) دامەزراننامەکە خوێندرایەوە، هەر نازناوی باوکی واتا (ذي المجدين)ی پێدرا، مورەتەزا لە لایەن خەلیفە و سوڵتانەوە دانرا و کاروباری پێ سپێردرا.

وتراوە: بڕستی دەسەڵاتی نەسرولدەولە زێدە بوو، لەگەڵ خەڵك دادپەروەر بوو، ئەرك و بارگرانی زۆری لەسەر لابردن. هەندێك جێی لە شورەی میافارقین ڕوخاند و لە سەرەتای میرایەتیەکەی هەتا ئێستا نۆژەنی کردنەوە.

وتراوە: هەر لە یەکەم ڕۆژی حوکمیەوە، وا هەڵکەوت هەموو ڕۆژێ جرەیبێك گەنمی لە مزگەوت دەکردە خێر، ئەو وەفاداری ئەو نەزرە بوو، کە خستبوویە سەر شانی خۆی. تا ساڵی ٤٠٧ ك / ١٠١٧ ز یان ٤٠٨ ك / ١٠١٨ ز ئاوا مایەوە. ڕۆژێکیان لەم سەرپەرشتی کردنەی لۆز بوو. وتی: لەوانەیە هەندێك ڕۆژان سەرقاڵ بم و نەتوانم نەزرەکەی سەر شانم بەجێ بهێنم، بۆیە فەرمانی دا بە شێخ ئەبو محەمەد حەسەن

---

[1] – ئەمە هەڵەیە، چونکە بەهائولدەولەی بوەیهی لە ساڵی ٤٠٢ ك / ١٠١٢ ز کۆچی دوایی کردووە و دوای خۆی سوڵتان دەولەی کوڕی جێی گرتۆتەوە، لە ساڵی ٤١٢ ك / ١٠٢٢ ز کۆچی دوایی کردووە. بروانە: "ابن الجوزی: المنتظم ح ٧ ص ٢٦٤، ابن الاثیر: الکامل ح ٧ ص ٢٦٨، الزهبی العبر ح ٢ ص ٢٢٣). (وەرگێڕ).

کوڕی محەمەد کوڕی میحوەر[١]، کە کاروباری ئەوقاف لە ژێر دەست و چاودێریدا بوو، کە هەر لە بەیانیەوە لە دیوان لە لای خواجە ئەبی لقاسم دانیشێت و پارچە زەویەکی کشتوکاڵی دەستنیشان دەکەن، کە واریداتی ٣٦٠ جرەب بێ، وەقفی سەر هەژار و کەم دەرامەتان بکرێ، گەنمەکەی لە مزگەوت دەکرێتە سەدەقە، تا وەفادار بم بەو نەزرەی سەر شانم، دەترسم هەندێك ڕۆژان هەڵە بکەم و وەفاداری نەزرەکەم نەبم.

کە بەیانی داهات شێخ ئەبو محەمەد لە دیوان لە لای خواجە ئەبی لقاسم دانیشت و ڕایان کەوتە سەر ئەوەی کە ئەو دییەی بە (العطشان) ناسراوە لە ڕۆژئاوای میافارقین وەقف بکرێ، بە میریان ڕاگەیاند، جا وەقفی سەر هەژاران و کەمدەرامەتانی کرد، هەموو ساڵان گەنمەکەیان دەبردە مزگەتێ و لەوێ بە سەدەقە دابەش دەکرا، کە تا ئێستا وەقفە لەسەر هەژار و کەمدەرامەتان، جا نەفرەتی خوا و فریشتان و هەموو خەڵکی لەسەر ئەوانەی کە دەیگۆڕن، یا لە ڕێی دابەشکردنەکە لادەدەن، یا دەیدەنە خەڵکانی ناشایستە.

وتراوە: لە ساڵی ٤٠٦ ك / ١٠١٦ ز مامۆستا ئەبوبەکر کوڕی فۆرك[٢] کۆچی دوایی کرد. وتراوە: لە ساڵی ٤٠٥ ك / ١٠١٥ ز ئەبو عەلی ڕەکابی[٣] لە نیسابور کۆچی دوایی کرد، لەسەر گۆڕەکەی نووسراوە:

بڕوانە چیا کە پیاوان دەیڕوێنن

تەماشای گۆڕکە چ ڕەقەنی تێدا

سەیری شمشێری ئیسلام کە لە کالاندا

سەح کە دوڕی ئیسلام لە سەدەف دا

---

[1]– لە ب پەڕی ٣٩ ب ، (مارش) پەڕی ٨٦ ب: ئەبو محەمەد حەسەن ك وڕی محەمەد کوڕی عوبێد کوڕی میحوەرە.

[2]– محەمەد کوڕی حەسەنی ئەسبەهانی فیقهزانی خاوەن دانراوی (اصول و کلام)ە، ·(شذرات الذهب) ح ٣ ص ١٨١، النجوم الزاهره ح ٤ ص ٢٤٠).

[3]– ژیاننامەی ویمان لە سەرچاوەکان نەدیوە.

وتراوە: لە ساڵی ٤٠٩ ك / ١٠١٩ ز دادوەر ئەبو عەبدولاّ حوسێن کوڕی سەلمەی مالیکی بووە دادوەری میافارقین، لەگەڵ شێخ ئەبو محەمەد کوڕی میحوەر بووە چاودێری کاروباری وەقف، دوای ماوەیەك بووە دادوەری ئامەد، بەم جۆرە بووە دادەوری هەر دوو شار، کە بە ویستی خوا باسی دەکەین.

وتراوە: لە ساڵی ٤٠٩ ك / ١٠١٩ ز هەواڵی بزربوون و مردنی[1] خەلیفەی میسر حاکم بیئەمریلا ئەبو عەلی مەنسور گەیشت، لە جێگای ئەو کوڕەکەی ئەبو حەسەن عەلی دانیشت، نازناویشی (الظاهر للاعزاز دین الله) بوو، لە ساڵی ٤٠٩ك / ١٠١٩ ز لە لایەن زاهیرەوە پۆشاك و نوسیندەی حوکم و تەشریفات بۆ نەسرولدەولە نێردراوە.

وتراوە: کاتێ زاهیر فەرمانڕەوایەتی گرتە دەست تەمەنی پازدە ساڵ بوو. وتراوە: بیست و یەك ساڵ بوو.

وتراوە: هۆی بزربوونی حاکم لە میسر کە لە مانگی ڕەمەزانی[2] ساڵی ٤٠٩ ك / ١٠١٩ ز بوو، ئەوە بوو کە زۆر توندوتیژ بوو لەگەڵ خەڵکی میسر ڕێگەی بە ئافرەتان نەدەدا بێن و بچن، پارە و پولی خەڵکی زەوت کرد. وا ڕێککەوت ڕۆژێك لە ڕێگا ئافرەتێکی بەدی کرد، کە چارشێوی بەسەر خۆیدا دابوو، لەسەر ڕێی وی ڕاوەستاوە و پارچە نووسراوێکی لە دەستی دابوو، وتی: ئەوەکێیە؟ وتیان: ئافرەتە، پارچە

1– زانراوەکە _الحاکم بامر الله ابو علی المنصور) خاوەنی میسر بزر بووە و هەواڵی دیکەی نەزانراوە: بڕوانە (ابن الاثیر ح ٩ ص ٢٢١، ابن خلکان ح ٤ ص ٣٧٩، النجوم الزاهرة ح ٤ ص ٢٤٦، شذرات الذهب، عقد الجمان، البدایة والنهایة، المنظم، تاریخ الاسلام).

2– لە سەرچاوەکانی پێشوو لە شەوی دوو شەممە سێ ڕۆژ پێش کۆتایی شەواڵ ساڵی ٤١١ك / ١٠٢١ ز بزر بوو، لە (النجوم الزاهره) هاتووە کە: دوای کوژرانی باوکی حاکم ئەو بووە خەلیفە لە شەواڵی ساڵی ٤١١ ك / ١٠٢١ز. دانەری (مرآة الزمان) دەڵێت: لە ڕۆژی جەژن ساڵی ٤١١ ك / ١٠٢١ ز دا خەلافەتی وەرگرت، کە شازدە ساڵ و هەشت مانگ و پێنج ڕۆژ بوو. لەسەر هەمان ڕا (ابن خلکان) جەختی کردوە، بەلاّم دەڵێت کە خەلافەتەکەی لە دوای باوکی بووە بە ماوەیەك، چونکە باوکی لە بیست و حەوتی شەواڵی ساڵی ٤١١ ك / ١٠٢١ بزر بووە،خەڵکیش پەرۆشی دیارکەوتنی بوون، بە پەیسەری دەچوون کە زانیان نەماوە، کوڕەکەیان کردە خەلیفە (النجوم الزاهره ح ٤ ص ٤٧).

نووسراوەکەی لە دەستی وەرگرت، وتیان ئەوە کۆتەڵی ئافرەتێکە[1] لە گوندی بلبیس[2]، جا نووسراوەکەی کردەوە بینی جنێو و نەفرەت و سوکایەتی پێکردنە، زیاد قینی هەستا، ئەویَ شەویَ بەرەو ماڵیَ ڕۆیشتەوە، کۆمەڵێکی کوشت، بە دوای خوشکەکەی (ست الناس) یا (ست الملك)ی دا نارد، پێی گوت: پێیان گوتووم کە نامە گۆڕکیَ لەگەڵ پیاواندا دەکەی و دێنە کنت، بێگومان پێت لیَ هەڵبڕیوە، دەبیَ بە نیشان مامانانت دەم، کە خوشکەکەی گوێبیستی ئەوە بوو لە خۆی ترسا، وەزیری بانگ کرد[3] و پێی وت: حاکم دەیەوێت بتگرێت، خەڵك ترسیان ڕێنیشتووە، کە تاکەی ئەمە دەخایەنێت؟ وەزیر وتی: من دەست لەسەر سینگ ڕاوەستاووم. وتی: دە بەندەم[4] لەوانە بۆ ڕەوانە بکە، کە متمانەت پێیانە، جا لەسەر ئەمە سوێندی دا.

وەزیر بە ڕێکەوت و دە بەندەی بۆ ڕەوانە کرد و دە هەزار دیناریشی پێدان، ئەویش پەیمانی هەمان پارەی بەوان دا.

وتراوە: حاکم هەموو شەوێك دەچووە دەرەوە بۆ چیای ئەلمەقتەب یاخود ئەلمەقتەم، لە سێیەکی شەو تێڕا دەمایەوە تا کاتی بەرەبەیانی، ئینجا دەگەڕایەوە میسر. ست ئەلناس بە بەندەکانی وت: خۆتان لەم چیایە بشارنەوە تا وەکو حاکم

---

[1]– لە (النجوم الزاهره) ج ٤ ص ١٨١) داهاتووە: کە میسریەکان لێی بێزار بوون، نووسراوی مۆرکراویان بۆ دادەنا پڕیان دەکردەوە لە توك و نەفرین و بە ئەو و بە هاوەڵەکانی، تاپەیکەرێکی ئافرەتێکیان لە پارچە کاغەز و پەڕۆ و بە نەعل و چارشێوەوە دروست کرد، لەسەر ڕێگە دایان نا، کە نووسراوێکی لە دەست دابوو، حاکم چووە لای و لە دەستی دەرهێنا دەرەوە. جا بانگی سەر لەشکرەکانی کرد و داوای لێکرد کە بەرەو میسر بەڕێ بکەون، ئاگری لیَ بدەن و تالانی بکەن.
لە (البدایە و النهایە ح ١٢ ص ٩) هاتووە کە : "خەڵکی میسر دیمەنی ئافرەتێکیان بە کاڵە و چارشێو دروست کرد، چیرۆکێکی لە دەست دابوو کە جوێن و نەفرەت و شتی دیکە دژی حاکمی میسر تێدا نووسرابوو، کە ئەوی بینی وایزانی ئافرەتێکی ڕاستییە، چووە لای و چیرۆکەکەی لە دەست دەرهێنا و خوێندیەو زۆر تووڕە بوو، بڕیاری کوشتنی ئافرەتەکەی دەرکرد، کە زانی دەستکردە زیاتر ڕقی هەڵستا".

[2]– بلبیس: ئاوەدانیەکە نێوانی ئەو و فوستاتی میسر دەفەرسەخە. (معجم البلدان ح ١ ص ٧١٢).

[3]– لە (ابن الاپیر ح ٤ ص ٢٢٢) بە دوای سەرلەشکرێکی گەورە لە سەر لەشکرانی حاکم دا نارد کە ناوی ئیبن دواس بوو.

[4]– لە (النجوم الزاهره ح ٤ ص ١٨٧): پێویستم بە دەوڵەمەندەکانتە.

بەسەر چیاکە دەکەوێت و بە تەنیا دەمێنێتەوە، جا داوای ئێستر یا گوێدرێژ دەکا لەو کاتەی هێرشی بکەنە سەر و بیکوژن، چەقۆی ژەهراوی پێدان. ئینجا بەسەر چیاکە سەرکەوتن (....)[١] لەم شەوەدا ئەستێرەیەکی بۆ دەرکەوت، بەدایکی وت: ئەم شەو (....)[٢] کات. دایکی پێی وت: تو خوا سوار مەبە، تا نیوەی شەو دانیشت و مایەوە، جا هەڵستا و سەیرێکی ئاسمانی کرد و ئەستێرەکەی بینی و وتی: دیارکەوتی هەی ڕەشبین! جا بڕیاری چوونە دەرەوەی دا، دایکی خۆی پێوە گرت و دەستەودامێنی دەبوو، ئەویش قایل نەبوو، وتی: با خوا کارێك بکا کە تەواو بووە. ڕۆیشت و سەرکەوت لەسەر چیاکەدا ئێسترەکەی گەڕاندەوە، لە ئەشکەوتێکدا کە چوو بووە ناویەوە بەسەریاندا دا بە چەقۆیان کوشتیان و هەڵیانگرت و بردیانە کن خوشکەکەی (ست الناس).

وتراوە: (ست الملك) شاردیەوە کە بەیانی کردەوە چۆوە کۆشکی براکەی و لەوێ لەگەڵ کوڕەکەی حاکم ئەبو حەسەن وتووێژیان ئەنجام دا، کە بچوك بوو، وەزیر[٣] ئامادەی بوو، داینیشاند. نازناوی ظاهر لاعزاز دینولایە و تاجی موعزی باپیری و پۆشاکی وی دەرهێنا و لەبەری کرد. جا وەزیر و ست ئەلمەلیك فەرمانڕەوایی وڵاتیان گرتە دەست، ماوەیەك مایەوە دواتر وەزیری کوشت.

ماوەی فەرمانڕەوایەتی حاکم بیست و سێ ساڵ بوو، ظاهر لە مانگی ڕەمەزانی ساڵی ٤٠٩ ك / ١٠١٩ ز بووە فەرمانڕەوا.

1– نەتوانراوە بخوێنرێتەوە چونکە لە بنەڕەتەوە دیار نییە.

2– لە بنەڕەتدا نووسین نییە، لە سەرچاوەکانی پێشوو: بە دایکی وت: ئەم شەو و بەیانی برینێکی گەورە هەیە.

3– لە (النجوم الزاهرە) هاتووە: وەزیر کە نازناوی خەتیرلمەلیك بوو ئامادە بوو حاڵەکەی تێگەیاند، بێدەنگی لە مەسەلەکە کرد و لەسەر وەفا و گوێڕایەڵی سوێندی دا.

خەتیر المڤلیك (رئیس الرؤساء) ئەبو حوسێن عەمار کوڕی محەمەد بوو. زەمانی حاکم لەسەر دیوانی هۆنین کاری (دیوان الانشاء) کاری دەکرد. بەیعەتی دایە الظاهر لاعزاز دین الله. بڕوانە: (الاشاره الی من ناك الوزاره).

وتراوە: لە ساڵی ٤١٠ ك / ١٠١٩ ز سوڵتان مەحمودی كوڕی سەبەكتەكین[1] دیاركەوت و بووە فەرمانڕەوای وڵاتی هێند و غەزنە[2] و ئەم ناوچانەی گرتە دەست و دەستی بە غەزا و هێرشی سەربازی كرد.

وتراوە: میر نەسرولدەولە، فەزلۆنیەی كچی فەزلۆنی كوڕی مەنوجەهری خاوەنداری ویلایەتی ئاران[3] و ئەرمینیای سەروی هێنا، كە چەند كوڕێكیان بوو لەوانە میرسەعید و شاهینشا و میر ئەبو حەسەن كە گەورەكەیانە.

وتراوە: میر نەسرولدەولە خانم كچی شەرەف دەولە قەرواش كوڕی موقەلەدی هێنا و لە تەنیشتی كۆشكەوە خانوو باخچەی بۆ بیناكرد، زۆر ڕێزی لێدەنا.

وتراوە: پیاوێك لە میسر بەناوی ئوستاد فەرەج گەیشتە میافارقین و كەنیزەیەكی لەگەڵدا بوو، كە وەكو وێ نەبینرابوو، نەوەكو ئەویش لە لێهاتوویی لە گۆرانی وتن بە عود بەدی كرابوو. كوڕێكی خۆی لەگەڵدا بوو، كە لە ئوستادەكەی واتا فەرەج بووبووی، نێوی محەمەد بوو، بە ئەبولوەفا دەناسرا. میر ڕێزی لە ئوستاذی كەنیزەكە نا و مەراقی لێدا بوو بەتەواوی ئارامی لەبەر بڕابوو، داوای لە ئوستاذەكەی كرد، كە لێی بكڕێت، بەڵام قایل نەبوو. وتی: ئەو منداڵەم لێی هەیە و فرۆشتنی ناكرێ. میر بەم وەڵامە دڵتەنگ بوو، چونكە كەنیزەكەی زۆر زۆر خۆشدەویست و لە ئاستیدا خۆی پێ ڕانەدەگیرا، كە ژنی لە ئوستاذەكە خواستی و كردی بە ژنی شەرعی خۆی[4]، بەم كارە

---

[1]– لە (النجوم الزاهرە ج ٤ ص ٢٧٣) : " سوڵتان مەحمود پێش بوونی بە سوڵتان بە سەیفولدەولە نازناوكرابوو، لە شاگەورەكانی جیهانە، شوێنی زۆری فەتح كرد لە هیند و شوێنی دیكە، وڵاتەكەی فراوانكرد...). ژیننامەیەكی درێژی لە (وفیات الاعیان ج ٤ ص ٣٦٣) دا هەیە، لە غزنە ساڵی ٤٢٠ ك / ١٠٢٩ ز كۆچی دوایی كرد.

[2]– غەزنە: شارێكی گەورەیە، ویلایەتێكی فراوانە لە لای خۆراسان (معجم البلدان ج ٣ ص ٧٥٨).

[3]– ئاران: هەرێمێكی بەناوبانگە بەسەر ئازەربایجانەوەیە، هەروەها ئاران قەڵایەكە لە لای قەزوین (تقویم البلدان ص ٣٨٦).

[4]– ئەم مەسەلەیە ڕوون نییە، عەرەبیەكەی ئاوایە "فلما علم انها لا تباع تزوجها من استاذها" ئەمەش چەند واتایەك دەگرێتە خۆ، یان مەبەست ئەوەیە كە میر لە ئوستاذەكەی خواستویەتی و كردوویە بە ژنی خۆی نەك كەنیزەك یان

فەزلەوەن و سەیدە دڵتەنگ بوون: سەیدە خۆی ڕاگرت، بەڵام فەزلەوەن بە مەبەستی سەردان چۆوە ماڵێ بابی و لە کنی مایەوە و لەوێ تا مردن نەگەڕایەوە. میر سەعید لە کن باوکی مایەوە. نەسرولدەولە ئەوەندەی کەنیزەك کڕین، کە هەر باس ناکرێ، لەبەر فەرجیەی میسری ئاگای لە هەمووان بڕابوو.

وتراوە: لە ساڵی ٤١٤ ك / ١٠٢٣ ز نەسرولدەولە بە پارەی خۆی بیمارستانی بینا کرد و مزگەوتی نوێ کردەوە، کە ئەبو سەعید کەبیری نووسەر ئیبن بەختیشۆع ئەلغازن کاری نۆژەنکردنەوەی گرتە ئەستۆ. لە هەمان ساڵدا منارەی مزگەوتی ڕەبخی بینا کرد، لەو ماوەیەدا زۆر جێگای دیکەی لە شوورەی میافارقین بینا کرد.

وتراوە: لە ساڵی ٤١٤ ك / ١٠٢٣ ز شێخ ئەبو حەسەن ئەحمەد کوڕی محەمەد کوڕی قاسم کوڕی ئیسماعیل ئەلمەحاملی[1] لە بەغدا کۆچی دوایی کرد.

وتراوە: لە ساڵی ٤١٨ ك / ١٠٢٧ ز ئەبو ئیسحاق ئیبراهیم کوڕی محەمەدی ئەسفرایینی[2] کۆچی دوایی کرد.

وتراوە: ساحب کوڕی عیبادە دەیگوت: باقلانی دەریایەکی نغرۆکەرە، ئیبن فۆرك ماری بێ ئیجازەی لێدەرە و ئەسفراینی ئاگرێکی سوتێنەرە.

وتراوە: لە ساڵی ٤١٥ ك / ١٠٢٤ ز مورتەج لە ئامەد لە لای ئیبن دەمنەوە گەیشتە میافارقین، دیاری و کەلوپەلی نایاب و هی دیکەی هێنا بوو، دیارە ئەمەش هەموو ساڵێ دەکرا، کە زاوای ئیبن دەمنە بوو لە کچەکەی، کە گەیشت داوای لە میر کرد لەگەڵیدا تاق بێتەوە، کە میر لە تەکی جیا بۆوە پێی وت: ئامەدت دەوێ؟ وتی: بەڵێ.

کردویەتی بە ژنی شەرعی ئوستاذەکەی بۆ ئەوەی کەنیزەك نەهێنێ و ئازاد بێ و دواتر تەڵاقی بدا و میر نەسرولدەولە مارەی بکا. بەڵام لێکدانەوەی یەکەم زێتر ڕێی تێ دەچێت. (وەرگێڕ).

1– ئەلمەحاملی لە مانگی (ربیع الاخره)ی ساڵی ٤١٥ ك / ١٠٢٤ ز کۆچی کردووە. بڕوانە (وفیات الاعیان ح ١ ص ٥٧، شذرات الذهب ح ٣ص ٢٠٢، الکامل ح ٩ ص ٢٤٠، البدایە والنهایە ح ١٢ ص ١٨).

2– شارێکە لە خوزستان سەر بە نیسابور. بڕوانە (ابن خلکان ح ١ ص ٥٥، شژرات الژهب ح ٣ ص ٢٠٩، البدایە والنهایە ح ١٢ ص ٢٤، النجوم الزاهره، ح ٤ ص ٢٦٧).

وتی: سوێند بخۆ لەسەر هەرچی دەمەوێت. میر وەڵامی دایەوە و سوێندی بۆ خوارد، کە پشتی دەگرێت، ماڵ و پارە و پولی ئیبن دەمنەی بۆ دەپارێزێ. بە قسەی هیچ کەسێك لەبارەی ویەوە قایل نابێ، لە میر دڵنیابوو، جا وەزیر ئەبولقاسمی مەغریبی سوێندی بۆ خوارد.

وتراوە: سەرلەشکر مورەتەج لە ئامەد موڵکێکی زۆری بە دەست هێنابوو، بوژاندیەوە و پار و پولی زۆر بوو. ئیبن دەمنە ئیرەیی بە موڵکەکانی دەبرد، مورتەج لەمە ترسا و گەڕایەوە ئامەد، لەگەڵ تاقمێکی خۆی کۆ بۆوە و لەسەر ئەوەی کە دەیەوێت سوێندی دان، کە لێیان دڵنیابوو داوای لە چوار کەس کرد بچنە کن ئیبن دەمنە و داوای موچە و بەراتی خۆیان بکەن. ئەوان بە جەرگ و کوڕەی تەنگانان بوون. مورتەج هەر جار بێ پرس دەچووە کن ئیبن دەمنە، ئەم جارە لەگەڵی چوونە ژووری و داوای ماف خۆیان لێی کرد، ئەو لەسەر جێیەکی نەرم و نیانبوو، تەنیا یەك خزمەتکاری لە کن بوو، ساتێك دەمەقاڵەیان کرد، بەلام ئەوان لێی هەڵسانەوە وە بەر کێردانیان دا و کوشتیان، خزمەتکارەکە هاواری بۆ خەڵکی برد و خەڵکیش لە دەرگای کۆشك کۆبوونەوە، هاتنە ژووری و بینیان وا ئیبن دەمنە لە خوێنی خۆیدا دەگەوزێ، جا خزمەتکارەکە هاواری بۆ غولامەکان هێنا و چوونە ئەو ماڵەی کە کچی ئیبن دەمنەی لێ نیشتەجێیە، پێیان وت کە مێردەکەت باوکتی کوشتووە، کوڕانی مورتەج چوونە دەرەوە و خەڵك کۆبوونەوە، خزمەتکارەکەی ئیبن دەمنە لە نێو خەڵکیدا لە مورتەج ڕاست بۆوە و وتی: تۆ کوشتت، جا چەقۆیەکی لە ملی مورتەج دا و لەناو کۆشکدا کوشتی. خەڵك مژول بوون و خزمەتکارەکە گەنجینەکەی کردەوە و خشڵی گرانبەهای لێ دەرهێنا، جا دەروازەی ئەلهوەی کردەوە و بەرەو میافارقین بەڕێ کەوت. خەڵکی ئامەدیش بەرەو کۆشك کشان و هەرچی لێ بوو بەتاڵانیان برد.

کوڕانی مورتەج دەستیان بەسەر کۆشك و شورەدا گرت، یەکیان نارد بۆ کن نەسرولدەولە و بارودۆخەکەی تێگەیاند، ئەمیش بە سواری بەرەو ئامەد بەڕێ کەوت و

لە ڕێگەدا خزمەتکارەکەی بینی و هەواڵەکانی پێ ڕاگەیاند، پارەکانی دا بە نەسرولدەولە، پێی ڕاگەیاند کە پارەی ئیبن دەمنە لە کوێیە و کێ بردوویەتی و سامانەکەی لە کوێیە.

نەسرولدەولە بە ڕێکەوت تا گەیشتە ئامەد دەروازەکانی شاری بە ڕوودا داخرا و کوڕانی مورتەج لەسەر شورە بە پیاو و کەلوپەلەوە ئامادەن، وەزیر قاسم قسەی بۆ کردن، ئەوانیش پێیان وت: شار نادەین بە دەستەوە تا بکوژی باوکمان بە دەست نەدەن، میر بەمە ڕازی نەبوو، وزیر وتی: ئامەد بە خزمەتکارێك مەفرۆشە! داوای مافی خۆیان و بکوژی باوکیان دەکەن. ئیبن دەمنە لەسەر ڕاو فەرمانی تۆ کوژراوە. خزمەتکاریان دا بە دەست ئەوان و کوشتیان، میر سوێندی بۆ خواردن هەر وەکو سوێندی بۆ باوکیان خواردبوو، دەروازەیان کردەوە و میر سەرەتای ساڵی ٤١٥ ك / ١٠٢٤ ز چووە ژوورەوە.

فەرمانڕەوایەتی ئیبن دەمنە بیست و هەشت ساڵ بوو.

وتراوە: میر لە ئامەد دانیشت و بارودۆخی ڕێك کرد، داوای پارە و پولی ئیبن دەمنەی کرد، سەرباری ئەوەی کە لە لای خەڵکی دایناوە، کەلوپەلی بە تاڵانچووی کۆشکی گەڕاندەوە و لەگەڵ خەڵك باش بوو، ڕێکی خستن و زۆر شتی لەسەر شانی لابردن، دادوەری چەسپاند. بۆ کاروباری ئامەد یاوەرەکەی خۆی بە ناوی ئەبو حارس زەنگ کوڕی ئاوان کە حەڕان[1] و ڕەهای[2] لەبەر دەستدا بوو دانا. هەر لەو ڕۆژانە کۆچی دوایی کرد، کە میر لە ئامەد بوو، میر زۆر بەمە دڵتەنگ بوو. ئەم جارەیان کوڕە گەورەکەی بەناوی ئەبو حەسەن بەسەر ئامەدەوە دانا، کە نازناویشی سەعددەولە بوو، لەکنی خۆشەویست بوو، نووبەرێکی بۆ دانا، کە ناسراوە بە ئیبن خەمار ئێستاکە

1– حەڕان: شارێکی مەزن و بەناوبانگە لە جەزیرەی ئاقود (هەرێمی جەزیرە) کەپایتەختی دیار مضرة، لەگەڵ ڕەهادا ڕۆژ ڕێیەکیان نێوانە، لەگەڵ ڕەقەدا دوو ڕۆژە ڕێ، دەکەوێتە سەر ڕێگەی موسڵ وشام و ڕۆم. (معجم البلدان).

2– ڕەها: شارێکە لە هەرێمی جەزیرەدا لە نێوان موسڵ و شام، نێوانیان شەش فەرسەخە (معجم البلدان).

بە ماڵی نەخوار ناسراون، بەمە ناونراون بۆ ئەوەی نێوی ئارەقچی (الخمار)[1] یان لەسەر لا چێت.

وتراوە: نەسرولدەولە کاروباری ئامەدی ڕێکخست و چووە میافارقین، قازی ئەبو عەبدولا حوسێن کوڕی سەلمای مالکی، کە قازی میافارقین بوو کردی بە قازی ئامەد، واتا بە هاوتایی لەگەڵ دادوەرێتی میافارقین. مانگێك لە ئامەد و مانگێك لە میافارقین دادوەرێتی دەکرد، خاوەن بڕیاری تەواو بوو، لە شەوی چواردەی مانگ کە مانگ بە تەواوی بە دەرەوە بوو، لە میافارقین دەچووە دەر واتا لە هەموو مانگێکدا لەو کاتەدا بەڕێدەکەوت، وێڕای گۆرانیبێژان هەموو پێداویستیەکی لە خواردن و شتومەك و بەز بۆ داگیرساندن و ڕوناك کردنەوە و بۆن و شتی دیکە، کە دەگاتە قاسمیە لە ناوەڕاستی ڕێگادا، لەوێ لەگەڵ ئەوانەی کە لە ئامەد دەرچوون لە دادکار (عدول) و گۆرانیبێژان و پێداویستیەکانیان پێك دەگەن و ئەو شەوە تا بەیانی خۆشترین کاتی خۆیان بەسەر دەبەن، پاشان لەگەڵ دادکارانی ئامەد دەگەڕێتەوە شارەکە و خەڵکی میافارقینیش کە لەگەڵی هاتبوون، دەگەڕێنەوە شارەکەیان، لە ئامەد دەمێنێتەوە و تا چواردەی مانگی داهاتوو دادوەرێتی دەکات، جا لەگەڵ ماقولانی ئامەد هەمان دەستور بە هەموو پێداویستیەکەوە وەدەردەکەوت و لەگەڵ فارقیەکان کە هاتونەتە پێشوازی لە قاسمیە پێك دەگەن، لەوێ شەوەکەی بە بەزم و خۆشی بەسەر دەبەن، پاشان خەڵکی ئامەد دەگەڕێتەوە، دادوەر ئەم جارەیان لەگەڵ فارقیەکان دەگەڕێتەوە، هەتا دادوەری ئەو دوو شارە بوو، ئەو پێڕەو و دابەی هەر جێبەجێ دەکرد.

---

[1]– وا دیارە ماوەیەکی زۆر کوڕی نەسرودەولە حاکمی ئامەد بوو. گەریدە و فەیلەسوف ناسر خەسرەو لەساڵی ٤٢٨ ك / ١٠٤٧ ز چۆتە ئامەد، دەڵێ کوڕی نەسرولدەولت لە میری شارەکەیە و لە هەر چوار لای دنیایێ لە وڵاتی عارەب و عەجەمان هیند و تورکان زۆرم شار و قەلا دیون،بەلاّم هەرگیز وەك شاری ئامادم لە هیچ جێیەك لەسەر ڕووی زەوی نەدیوە لە کەسیشم نەبیستووە شوێنێکی هاوتای وێی دیبێ. بڕواننە (ناسر خەسرەو: سفرنامە، ترجمە یحی الخشاب، القاهرە ١٩٤٥ ص ٩).

وتراوە: نەسرولدەولە لە میافارقین جێگیر بوو، بەوەی کە ئامەدی هێنا بۆ ژێر دەسەڵاتی خۆی زیاتر پایەی بەرز بوو، لەکن خەڵك بەشکۆ و لەبەرچاوی پادشایانیش گەورە، نە دژ و نە دوژمنی بۆ مایەوە.

وتراوە: لە شەعبانی ساڵی ٤١٠ ك / ١٠١٩ ز خواجە ئەبولقاسمی وەزیر لە میافارقین کۆچی دوایی کرد. وتراوە: لە ڕەمەزانی ئەویَ ساڵی بوو، میر بە مەرگی وی دڵتەنگ بوو، زۆر خەم و پەژارەی بۆ خوارد.

وتراوە: وەزیر ئەبو حەسەن عەلی کوڕی حوسێنی مەغریبی[1] کە لە میسر ڕای کردبوو وەزیری موعیز بوو، ئینجا بووە وەزیری حاکم، پاشان حاکم گرتی، بەڵام لەبەر دەستی هەڵات و گەیشتە عێراق، چووە خزمەتی بوەیهیەکان، لە جێگەی ئەودا لە میسر کوڕەکەی بەناوی ئەبولقاسم حوسێن کوڕی عەلی مەغریبی دانرا، وەزیر ئەبو حەسەن لە خزمەتی شەرەف دەولە[2] ئەبو مەنیع قەرواش کاری کرد، ئینجا هەڵات و چووە کن شەرەف دەولە کوڕی بەهائولدەولە کوڕی بوەیە، بە درێژایی دە مانگان خزمەتی کرد. کوڕەکەی ئەبولقاسم حوسێن کوڕی عەلی مەغریبی گەیشتە لای کە پێشتر حاکم گرتبووی و لە خەزێنەی ئەلبنود بەندی کردبوو، لە دەستی هەڵات بوو.

وتراوە: کەس بە قووچاندن لەو خەزێنەی دەربازی نەبووە، تەنیا ئەو نەبێت.

---

[1]– بنەماڵەی مەغریبی لە عێراق و میسر نێوبانگیان هەبوو. بە بنچە خەڵکی بەسرەن، دوایی لە بەغدا نیشتەجیَ بوون، یەکەم کەسیان کە شۆرەتی پەیدا کردبیَ ئەبو حەسەن عەلی کوڕی محەمەد کە بوو بەبەرپرسی دیوانی مەغریبی لە بەغدا، سەرەتای سەدەی چواردەمی کۆچی حوسێن کوڕی عەلی کوڕی ئەو کە لە بەغدا لە دایك بوو، دواییَ پلە و پایەی زۆری وەرگرت،. لە زەمانیئەخشیدیەکان چوونە میسر و بەرەبەرە ڕۆڵی سیاسی و کارگێڕیان گێڕا. لە بەناوبانگترینیان ئەبولقاسمی مەغریبیەکە بووە وەزیری نەسرولدەولە. بۆ زیاتر بڕوانە (المقريزي، خطط املقريزي، بيروت د. ت ، ج ٢ ص ١٥٧ – ١٥٨). (وەرگێڕ).

[2]– دانەر نازناوی لە قەراوش ناوە (شەرەف دەولە) لە سەرچاوەکانی دیکە دا نازناوی قەراوش (موعتەمەد دەولە)یە. قەراوش ساڵی ٣٩١ ك /٩٩١ ز فەرمانڕەوایی گرتە دەست و لە ساڵی ٤٤٢ ك / ١٠٥١ ز کۆچی دوایی کرد، ئینجا برازاکەی قورەشی کوڕی بەدران جێی گرتەوە. بڕوانە (النجوم الزاهرە، ابن الاثير لە ڕووداوەکانی ساڵی ٣٩١ ك / ٩٩١ ز ، ٤٤٢ ك / ١٠٥١ ن).

ماوەیەك لەكن باوكی مایەوە، كە باوكی لە عێراق[1] كۆچی دوایی كرد، بۆ لای شەرەف دەولە قەرواش هەڵكشا و لە خزمەتیدا مایەوە، ماوەیەك بەسەر چوو جا گرتی، لەگەڵیدا سلێمان كوڕی فەهد بۆ ماوەیەك بەند كرا، ئینجا ئازادی كردن و بەرەو دیاربەكر بە ڕێكەوتن و مالكی برای شەرەف دەولە لە ڕێ چاوی پێكەوت و گەڕاندنییەوە موسڵ و وتی: ئەوانە پارە و پولی تۆیان –واتا هی قەرواش– خواردووە، ماوەیەك بردنیەوە بەندیخانە، خۆیان بە پارە و پول بەردا و بەرەو لای نەسرولدەولە چوون و لە میافارقین نیشتەجێ بوون. شەرەف دەولە قەراوش بە دوایدا ناردن و داوای كردن، نەسرولدەولە بە دەستەوەی نەدان. لەو بارەیەوە قسە و باسیان كرد و میر وتی: هەرگیز بە دەستەوەیان نادەم.

وتراوە: ئینجا وەزیر ئەبولقاسم حوسێن كوڕی عەلی مەغریبی كردە وەزیر و هەموو كاروبارەكانی خستە بن دەست، ئەو لە هەموو كارێك كە لێی دەخوازرا پیاوێكی ڕەند و بە توانا بوو.

وتراوە: كەسێك لەو ئاقڵ و بە تواناتر نەبۆتە وەزیری خەلیفە یا سوڵتان، نە لەویش زاناتر و چاكتر و سیاسەتوانتر، جگە لەمەش كەم یا زۆر ئەوەی لە پیاواندا هەبوو، لەویشدا هەبوو، لە وەزارەت جێگیر بوو هەموو، كاروبارێكی خرایە بن دەست.

وتراوە: سلێمان كوڕی فەهد لە كن نەسرولدەولە بە میوانداری مایەوە و وەزیر بە درێژایی مانەوەی لەگەڵیدا باش بوو، دۆستایەتی و هاوڕێیەتیان لە نێواندا هەبوو. لە لای مایەوە تا كاروباری خۆی لەگەڵ شەرەف دەولە چارە كرد و گەڕایەوە ماڵ و كاری خۆی لە موسڵ.

---

[1]– سەرچاوەكان (البدایه و النهایه ج ١٢ ص ٢٣ والنجوم الزاهره ج ٤ ص ٢٦٦ و ابن الاثیر ج ٩ ص ٢٢٣ و ابن خلكان ج ١ ص ٤٣٠ و مرآة الزمان لە ڕووداوەكانی ساڵی ٤١٨ ك / ١٠٢٧ ز) داهاتووە كە عەلی كوڕی حوسێن باوكی ئەبولقاسمی وەزیر حاكمی میسر كوشتویەتی.

وتراوە: وەزیر لە وەزارەت مایەوە و خەڵکیش لەگەڵیدا لە ئەوپەڕی باشیدا بوون، چاودێریکردنی دیوان لە ئەستۆی ئیبن بەرەکەدا بوو، ئەمیش لەبەر دەستی وەزیر، نووسەری هۆنین و نامەکاری لە ژێردەستی مەنازی[1] شێخ ئەبو نەسر بوو کە خەڵکی مەنازجرد بوو، شاعیرێکی لێهاتوو و بە توانا بوو، چەند جارێك بۆ قوستەنتینیە بۆ کن پاشای ڕۆم نێردراوە، کتێبی زۆری کۆکردۆتەوە و دابەشی کردووە بەسەر ئامەد و میافارقین و کردویە بە وەقف لە خەزێنەی کتێبی مزگەوتی میافارقین و خەزێنەی کتێبی مزگەوتی ئامەد، کە تاوەکو ئێستا لە ئامەد و میافارقین ماونەتەوە و لە هەر دوو جێ بە کتێبەکانی مەنازی ناسراون.

وتراوە: قادر ڕۆژانی دوو شەممە و پێنج شەممە بۆ بەدواداچوونی نەهێشتی ستەمکاری دادەنیشت، ئەو دوا خەلیفە بوو فەرمانڕەوایی و خێرەومەندی لێ بوەشێتەوە[2].

وتراوە: لە بیست و یەکی[3] (ذي الحجة) ساڵی ٤٢٢ ك / ١٠٣١ز ڕۆژی دوو شەممە لە کاتی بەیانیدا پێشەوا قادر بیلا ئەبولعەباس ئەحمەد کوڕی ئیسحاقی موتەقی کوڕی موقتەدیر (خوا لێی خۆشبێت) کۆچی دوایی کرد، کاتی مردنەکەی لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ئاشکرا کرد، لە تەمەنی هەشتاو هەشت ساڵی و نۆمانگ و ڕۆژێك کۆچی دوایی کرد[4].

---

[1]– ئەبو نەسر ئەحمەد کوڕی یوسف سەلیك مەنازی، بنەچەکەی دەگەڕێتەوە شاری مەنازجرد کە شارێکی ناسراوی نێوان خەلات و وڵاتی ڕۆمە، دەکەوێتە ئەرمینیا و خەڵکەکەش ئەرمەن ڕۆمن. (معجم البلدان ج ٤ ص ٦٤٨) و بڕوانە ژیننامەی لە (ابن خلكان ج ١ص ١٢٦، البدايە والنهايە ج ١٢ ص ٥٤).

[2]– لە (النجوم الزاهرە ج ٤ ص ٢٧٥)دا هاتووکە : "... ئایین پەروەر و بە خێر و بێر و خاوەن بیر و باوەڕ بوو، فەرمانی بە چاکەو نەهی لە خراپە دەکرد".

[3]– لە (النجوم الزاهرە، عقد الجمان، البدايە و النهايە لە ڕووداوەکانی ساڵی ٤٤٢ ك / ١٠٣١ز) دا هاتووە کە قادر بیلا لە شەوی دوو شەممەی یازدەی (ذي الحجة) کۆچی دوایی کرد، لە شەوی سێ شەممەی نێوان شێوان و خەوتنان نێژرا.

[4]– لە (ابن ا لاثیر ج ٩ ص ٢٨٢) هاتووە "پێشەوا قادر لە تەمەنی هەشتا و هەشت ساڵی و دە مانگی کۆچی دوایی کردووە" و لە (البدايە و النهايە) دا "... لە تەمەنی هەشتا و شەش ساڵی و دە مانگ و یازدە ڕۆژی کۆچی دوایی

ڕۆژی لە دایکبوونی لە بیست و نۆی[١] مانگی (ربیع الاول) ساڵی ٣٣٦ ك / ٩٤٦ ز بوو، خەلافەتەکەشی چل و یەك ساڵ و سێ مانگ و بیست و یەك ڕۆژی خایاند[٢]. پێشەوایەکی پارێزگیر و بڕوادار و پیاو چاك و ئایین پەروەر بووە.

فەرمانڕەوایەتیەکەی لە ڕۆژانی حوکمی بەهائولدەولە ئەبو نەسر خاشاد کوڕی عەزوددەولە بوو، کابرایەکی سەر ڕاست و ژین پاك و دادپەروەر و چاکەخواز بوو بۆ خەڵك، لە دوا ڕۆژەکانی خەلافەتیدا دەوڵەتی دەیلەم خەریك بوو دەڕوخا و دەسەڵاتیان دەفەوتا.

وتراوە: لە ساڵی ٤٢٢ك / ١٠٣١ ز شا جەلال دەولە[٣] ئەبو تاهیر کوڕی بوەیە کۆچی دوایی کرد، عەزیز دەولەی[٤] کوڕی لە واست دەسەڵاتی وەرگرت، گەیشتە بەغدا و لەگەڵ خەلیفەدا[٥] کۆبۆوە. دوای چەند ڕۆژێك تورکەکان کۆبوونەوە و پەیمانیان لەگەڵ ئامۆزاکەی عەزیز دەولە کە ناوی ئەبوکالیجار بوو بەست و پاشان عەزیزدەولە شکستی هێنا و بەرەو میافارقین ملی لێنا، کە دواتر بە پشتیوانی خوا باسی دەکەین.

کردووە" و لە (عقد الجمان) دا "تەمەنی گەیشتە هەشتا و شەش ساڵ و سێ مانگ و بیست و یەك ڕۆژیدا کۆچی دوایی کردووە".

[1]– لە (مرآة الزمان) لە ڕووداوەکانی ساڵی ٤٢٢ ك / ١٠٢١ز "ڕۆژی سێ شەممەی نۆی (ربیع الاول) ساڵی ٣٣٦ ك / ٩٤٦ ز لەدایك بووە).

[2]– لە (النجوم الزاهرە ج ٤ ص ٢٧٥ و عقد الجمان) لە ڕووداوەکانی ساڵی ٤٢٢ ك / ١٠٣١ز "خەلافەتەکەی چل و یەك ساڵ و سێ مانگی خایاند" و لە "اکامل فی التاریخ ج ٩ ص ٢٨٤): "خەلافەتەکەی چل و یەك ساڵ و سێ مانگ و بیست ڕۆژ بووە".

[3]– لە (ابن الاثیر ج ٩ ص ٣٥٢، شذرات الذهب ج ٣ ص ٢٥٤، النجوم الزاهرە ج ٥ ص ٣٧، البدایە والنهایە ج ٢ ص ٥١، مرئة الزمان، المنتظم لە ڕووداوەکانی ساڵی ٤٣٥ ك / ١٠٤٤ز) کە جەلاڵ دەولە ئەبو تاهیر کوڕی بەهائولدەولە کوڕی عەزوددەولە کوڕی بوەیە لە شەعبانی ساڵی ٤٣٥ ك / ١٠٤٤ز کۆچی دوایی کردووە و لە ساڵی ٣٨٣ ك / ٩٩٣ ز لە دایك بووە، لەکاتی مردنیدا تەمەنی ٥١ ساڵ و مانگێك بوو و ماوەی حوکمی لە بەغدا ١٦ ساڵ و یازدە مانگ بوو، شایەکی خۆشەویست بوو بۆ گەلەکەی و سەردانی پیاوچاکانی کردووە.

[4]– لەسەرچاوەکانی پێشوودا کوڕەکەی ناوی ئەبو مەنسوورە و نازناویشی شا عەزیزە.

[5]– مەبەستی (قائیم بیئەمر یللا)یە.

وتراوە: لەو ڕۆژەدا[1] بەیعەت درا بە کوڕەکەی (قادر بیللا) کە ناوی ئەبو جەعفەر عەبدولاّ و نازناویشی (قائیم بیئەمریللا)یە.

دایکی بەدرولدوجایە، بۆ بەڵێن وەرگرتن ڕۆژی بیست و دووی (ذي الحجة) سالّی ٤٢٢ ك ١٠٣١ ز دانیشت. تەمەنی سی و یەك ساڵ بوو، بە ئاشکرا پێشنوێژی بۆ خەڵك کرد، دابی خەلیفەکان هەتا سەردەمی (الراضي)[2] وابوو، ڕۆژانی هەینی پێشنوێژییان دەکرد و وتاریان بۆ خەڵکی دەخوێندەوە، نوێژی هەینی بڕاندەوە و لە نوێژی شێوان بۆ خەڵك پێشنوێژی کرد. بەم شێوەیە بەردەوام بوون، پێشنوێژی شێوانی کرد و جا تابوتەکەی قادری باوکی دەرهێنا و نوێژی لەسەر کرد، چوار جار (الله اکبر)ی لەسەر خوێند، پاشان لە خانوی ئەلشەجەرە[3] لەسەر کورسیەك دانیشت، کراس و بەرگی سپی لەبەردا بوو، خەڵك هەموویان بە تەواوی ئامادە بوون و بەڵێنیان پێدا.

پەردەدار بە پیاوی دەوت: بەڵێن بە پێشەوا قائیم بیئەمریلا دەدەی بە ڕەزامەندبوون لە پابەندبوونی بە گوێڕایەڵیکردنی وەکو پێشەوای خۆت، دەڵێت: بەڵێ، جا دەستی دەگرێ و ماچی دەکا.

---

[1]– واتە ڕۆژی مردنی خەلیفە (القادر بامر الله).

[2]– (الراضي بالله) لە ساڵی ٣٢٩ ك / ٩٣٩ ز کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە ژیننامەکەی لە (ابن الاثیر ح ٨ ص ٢٧٣، النجوم الزاهرە ح ٣ ص ٢٧١، شذرات الذهب ح ٢ ص ٣٢٤).

[3]– خانووی ئەلشەجەرە: یەکێکە لە خانوەکانی نلو کۆشکی خەلیفە لە بەغدا و لە بیناکاری موقتەدیر بیلایە، خانویەکی فراوان و باخچەی زۆری تێدایە، ئەم ناوەشی لەبەر بوونی دارێکی لە زێڕ و زیو دروستکرابوو لەناوەڕاستی حەوزێکی گەورەی بازنەیی، بەرامبەر بە دەرگاکانی. لە زێڕو زیو هەژدەد لقی هەیە، هەر لقێکی چلّی لێ دەبۆوە بە گەوهەری جۆراوجۆر لەسەر شێوەی بەرەکەی دروست کرابوو لەسەر لکەکانی باڵندەی جۆراوجۆر نیشتوون گەر هەوا بە نێویدا هەڵی دەکرد جۆرەها دەنگی جریوە جریوە و ویتە ویتی سەر سوڕهێنەری لێ دەهات، لە ڕاستی حەوزەکە پەیکەری لێ هەبوو بریتی بوو لە (١٥) سوار چاك لەسەر (١٥) ئەسب، بە هەمان شێوە لە لای چەپی دا هەبوو کە جۆرەها بەرگی ئاوریشمیان لەبەردابوو، شمشێریان پێدا کرابوو، ڕمی بچوکیان لە دەست بوو لەسەر یەك هێڵ دەجولێنەوە، وا پێشان دەدا کە هەر یەك لەمانە هەوڵ دەدات بگاتە ئەوی دیکە. (معجم البلدان ح ٢ ص ٥٢١).

بەرواری لەدایکبوونی دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژی پێنج شەممەی (٢٨)ی[1] (ذي القعدة) ساڵی ٣٩١ ك / ١٠٠٠ ز و تەمەنی ئەو کات (٣١) ساڵ و چەند مانگێك بوو. ئەو لە خەلافەت جێگیر بوو، لە هەموو لایەنێك سەڵتەنەت هەروەکو باسمان کرد لە ژێر دەستی بەرەبابی بوەیە[2] کوڕانی بەهائولدەولە[3] دا بووە.

وتراوە: لەو ساڵەدا (٤٢٢ ك / ١٠٣١ز) دادپەروەر مەحمود کوڕی سەبەکتەکین[4] پاشای غەزنە[5] و بلخ[6] و سەمەرقەند[7] و ئەو دیوی ڕووبار (ماوراء النهر)[8] کۆچی دوایی

---

[1]– له (البدایه و التهایه و امنتظم و مرآة الزمان له ڕووداوەکانی ساڵی ٤٢٢ ك / ١٠٣١ن) هاتووەکە لە (١٨) (ذي القعدة) ساڵی ٣٩١ ك / ١٠٠٠ ز له دایك بووه.

[2]– نەوەی بوەیە ئەمانەن:

أ– عیمادولدەوله ئەبو حەسەن عەلی، ساڵی ٣٣٨ ك / ٩٤٨ ز کۆچی دوایی کردووه (ابن الاثیر ح ٨ ض ٣٦٣، النجوم الزاهره ح ٣ ص ٢٩٩).

– روکنولدەوله ئەبو عەلی حەسەن ساڵی ٣٦٦ ك / ٩٧٦ ز کۆچی دوایی کردووه (اکامل فی التاریخ ح ٨ ص ٤٩٢، النجوم الزاهره ح ٤ ص ١٢٧).

– موعزئەلدەوله ئەبو حوسێن ئەحمەد ساڵی ٣٥٦ ك / ٩٦٦ ز کۆچی دوایی ك ردووه. (الکامل فی التاریخ ح ٨ ص ٤٢٥، النجوم الزاهره ح ٤ ص ١٤).

ئەمانەی سەرەوە کوڕانی ئەبی شوجاع بوەیە کوڕی فیناخەسرۆن. سەرەتای فەرمانڕەوایەتیان دەگەڕێتەوە ساڵی ٣٢١ ك / ٩٣١ ز (ابن الاپیر ح ٨ ص ١٩٧) و له (النجوم الزاهره ح ٣ ص ٢٤٥) دا: سەرەتای دەرکەوتنیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٣٢٢ ك / ٩٣٣ز.

[3]– ئەبو نەسر خاشاد کوڕی عەزوددەوله ساڵی ٤٠٣ ك / ١٠١٢ ز کۆچی دوایی کردووه (النجوم الزاهره ج ٤ ص ٢٣٢، شذرادت التهب ح ٣ ص ١٦٦، الکامل فی التاریخ ح ٩ ص ١٦٩).

[4]– له (شذرات للذهب، المنتظم،عقد الجمان، البدایه والتهایه، الکاملن النجوم الزاهره) هاتووه کە مەحمود کوڕی سەبەکتەگین ساڵی ٤٢١ ك / ١٠٣٠ ز کۆچی دوایی کردووه.

[5]– غەزنه: شارێکی مەزن و ویلایەتێکی فراوانه لای خۆراسان. (معجم الیلدان ح ٣ ص ٧٩٨).

[6]– بلخ: شارێکی بەناوبانگه له خۆراسان (معجم البلدان ح ١ ص ٧١٣).

[7]– سەرمەقەند: شارێکی ناسراو و بەناوبانگە، وتراوە که لە بنیادنراوەکانی (ذي القرنین)ە لە ئەودوی ڕووبار (معجم البلدان ح ٣ ص ١٣٣).

[8]– (ماوراء النهر): واته ئەو دیوی ڕووباری جیحۆن لە خۆراسان، هەرچی لای ڕۆژهەڵاتییەتی پێی دوترێت ناوچەی هەیاتله. له ناو موسڵمانان‌دا به ئەودیوی ڕووبار ن اسراوه، لەلای ڕۆژئاوایه ڕووباری خۆراسان و ویلایەتی خەوارزمه (معجم البلدان ح ٤ ص ٤٠٠).

کرد. کە شایەکی دادپەروەر بوو، لە ناوچەکانی هیند غەزای دەکرد، زۆر ناوچەی فەتح کرد و بتەکانی هیندستانی تێك شکاند، کاری وای کردووە کەس وەك وی پێ نەکراوە. دوای ئەو کوڕەکەی محەمەد جێی گرتەوە، دواتر کوڕەکەی دیکەی کە ناوی مەسعود بوو، دەسەلاتی بە هێز کرد و لەسەر تەختی فەرمانڕەوایەتی دژی براکەی جەنگاو لێیان بوو بە شەڕ و هەلاّ و سەرەنجام دەسەلاّت لە دەستی مەسعوددا چەسپا.

وتراوە: لە ڕۆژی پێنج شەممەی دووی جەمادی یەکەمی سالّی ٤٢٣ ك / ١٠٣٢ ئەبو حەسەن کوڕی هیلال نووسەری ناسراو (ابن البواب)[1] لە بەغدا کۆچی دوایی کردو و لە تەنیشت گۆڕی ئەحمەد کوڕی حەنبەل خودای لێ خۆش بێ نێژرا.

وتراوە: لە سالّی ٤٢٣ ك / ١٠٣٢ز نەسرولدەولە مزگەوتی ئەلموحەدەسەی ئاوا کرد، پارەی جێی نوێژکردنی مزگەوتەکەی لە مالّی خۆی خەرج کرد، بە شێوازێکی جوان بینای کرد، وەقفی بۆ دیاری کرد.

وتراوە: وەزیر مەغریبی لە وەزارەت مایەوە، فەرمانڕەوایەتی نەسرولدەولەی جوانکرد و پایەکی بەرزی پێدا. باری دەسەلاّتی لەسەر شێوەی میسر و عێراق ڕێکخست، ڕۆژانی گەشاوە و پرشنگدار بوون، لەگەلّ هەموو خەلّکی چاکەی کرد. تا سالّی ٤٢٨ ك / ١٠٣٧ ز[2] لە وەزارەت مایەوە، ئینجا نەخۆش کەوت.

---

[1] – لە (ابن الاثیر ح ٩ ص ٢٢٩) داهاتووە کە سالّی مردنی ٤١٢ ك / ١٠٢١ ز بووە، لە(النجوم الزاهرە، شذرات، عقد الجمان، المنظم) کۆچی دوایی دەگەڕێتەوە سالّی ٤١٣ ك / ١٠٢٢ و ٤٢٣ ك / ١٠٣٢ ز و لە (وفیات الاعیان ح ٣ ص ٢٩) داهاتووە : "ئیبن ئەلبەواب ڕۆژی پێنج شەممەی دووی جەمادی یەکەمی سالّی بیست و سێ، وتراوە: ٤١٣ ك / ١٠٢٢ ز لە بەغدا، لەتەنیشت پێشەوا ئەحمەد کوڕی حەنبەل خوا لێی ڕازی بێت نێژراوە".

[2] – لە (الکامل، المنتظم، عقد الجمان، البدایە و النهایە، النجوم الزاهرە) دا هاتووە کە ئەم وەزیرەلە سالّی ٤١٨ ك / ١٠٢٧ ز کۆچی دوایی کردووە. لە (وفیات الاعیان ح ١ ص ٤٣٢) دا: "کە چووە دیاربەکر و بووە وەزیری فەرمانڕەوایی وێ ئەحمەد کوڕی مەڕوان لە لای مایەوە لە ١٣ی ڕەمەزان سالّی ٤١٨ ك / ١٠٢٧ ز وتراوە لە ٤٢٨ ك / ١٠٣٧ ز کۆچی دوایی کرد، هی یەکەمیان ڕاسترە).

نامەیەکی ڕەوانەی کوفە کرد بۆ کن نەقیبی مەزارگەی ئـەلغرا[1]، داوای کـرد کـە لـە سیلەی دەروازەکەیدا بنێژرێت و وتی: مەبەستمە کە هەزار دینار لە نـاو کیـسدا بخرێتـە ناو تابوتەکەمەوە، کە تابوتەکە گەیشت بیکەنەوە و بیبەن ئەمە نیشانەیەکی نێوان من و ئێوەیە. ئینجا نەخۆشیەکەی توند بوو، مەبەستەکانی خۆی بـۆ وتاربێـژ ئـەبی تـاهیر محەمەد کوڕی عەبدولڕەحیم کوڕی نەباتەی دانەر (خوا لێی خۆشبێت) ڕوون کـردەوە، کە لە تابوتەکەیدا کیسێکی تێهاوێت و هەزار دیناری تێدا بێ و تەرمەکەی بـشوات، کـە کۆچی دوایی کرد و وتاربێـژی نـاوبراو لـە ٢٣ی ڕەمـەزانی سـاڵی ٤٢٩ ك / ١٠٣٧ ز لـە دوای شۆردن و کفنکردنی خستیە ناو تابوتەکە و کیسەکەی لەگەڵ نارد هـەزار دینـاری تێدا بوو، پێشتر بە خەتی خۆی نووسینێکی زۆری بۆ هەموو ناوچەکان نـاردبوو، تێیـدا وتبووی: کەنیزکێك کە لە کن من بە ڕوەتە، وەسێتی کرد کە تەرمی بنێردرێتە کوفـە و لەوێ بنێژرێت، وەسێتەکەم بـە جـێ گەیانـدووە، هـەر کـە گەیـشت بـۆ سـاتێکیش ڕای مەگرن و یەکسەر بەڕێی کەن.

وتراوە: کەسێك بە مەی نەزانی تەنیا وتاربێژ ئەبو تاهیر کوڕی نەباتـە لەگـەڵ سـێ خزمەتکاراندا. کە کۆچی دوایی کـرد خرایـە نـاو تابوتەکـە و بـەرەو حەسـنکیفا بـردرا. غولامەکان نووسینەکەیان گەیاند، یەکسەر بەڕێ کراو ڕێگـەی جـەزیرە و هـی دیکـەیان گرتە بەر، بە شێوەیەك لە جێیەك بە مردنیـان نـەدەزانی دەگەیـشتە جێیـەکی دیکـە، دەسەڵاتداری هەر شوێنێك بە تەنگ بە ڕێکردنیەوە بوو، تەنانەت نەیـدەزانی کـە ئەمـە وەزیرە تا بەڕێ دەکرا بۆ شوێنی دیکە. هەر بەم جۆرە تا گەیـشتە کوفـە و بـۆ ئـەلغرا هەڵیانگرت، کـە مەزارگـەی عـەلی تێدایـە. بـە نـەقیبیان وت: ئەمـە وەزیـر مەغریبیـە، باوەڕیان نەکرد وتیان: ئەمە وەزیر نییە، وتیان: بەڵێ بـە خـوا ئەمـە وەزیـرە، وتیـان: نیشانەیەکی لەگەڵ وی هەیە، ئێمە تابوتەکە دەکەینەوە، وتیان: خوایە خوایە ! ئەمـە

---

[1] – لە (معجم ما استعجم ج ٣ ص ٩٩٦) داهاتووە : "ئەلغرا شوێنێکە لە کوفە، وتراوە کە مەزاری عەلی کوڕی ئـەبیتالیب – خوا لێی رازی بێ – لەوێیە".

چۆن دەبێت؟ وتیان: پێویستە بکرێتەوە، بەڵگەیەکی تێدایە کە وەزیرە، تابوتەکەیان کردەوە کیسێکیان بینی هەزار دیناری تێدا بوو، لە لای پێیەکان دانرابوو، هەڵیانگرت و لە لای سیلەی دەروازە گۆڕیان بۆ لێدا، لە لای سەری نووسیان: ئەی کۆکەرەوەی خەڵك بۆ کاتی ڕۆژی زانراو، حوسێن کوڕی عەلی مەغریبی لەسەرکەوتوان و ئەمانەتدراوان بێ و ڕۆژی قیامەتێ حەشری لەگەڵ تۆبەکاران بێ.

وتراوە: لە ساڵی ٤٢٧ ك / ١٠٣٦ ز ئەلزاهیر[1] لە میسر کۆچی دوایی کرد، کە بۆ ماوەی پازدە ساڵ و حەوت ڕۆژ فەرمانڕەوایەتی گێڕا[2]، لە دوای خۆی کوڕەکەی مەعد ئەلموستەنسیر جێی گرتەوە.

وتراوە: نەسرولدەولە بێ وەزیر مایەوە و دەوڵەت و فەرمانڕەوایی بەردەوام بوو، نەسریەی بە جوانترین شێواز، لەگەڵ کۆشکێکی نایاب لە تەنیشت چۆمەکە بینا کرد، بازاڕ و گەرماو خانووی لە شارەکەدا دروست کرد، بۆ هەر یەك لە ئامۆزا و کوڕانی خانوی بینا کرد، کۆمەڵە کەسێك بەم کارە هەستان، دۆڵابێکی ئاوی لەسەر شەتەکەدا دروست کرد و بە هۆیەوە ئاوی گەیاندە شار و باخچە و حەوزی ئاوی دروست کرد، پردێکی لە کن گردی بە نان بە جوانی بینا کرد، دەروازەی (الصفر)ی هێنا، کە ئێستا هی مزگەوتێیە و کردی بە دەروازەی کۆشکی نەسریە، هەرچی ویستی تێیدا کردی، کە خاوێنترین و لە بارترین شوێنە.

میر لە سیاسوتی بەهارێدا بە خۆی و کوڕ و کەنیزەك و هەموو ژن و هاوەڵ و ئامۆزاکانی دەچوونە نەسریە، ماوەی بەهار لەوێ لە نێو مێرگ و گوڵزاردا دەمانەوە، میر لەگەڵ پیاوەکانی وێڕای ژنەکانی لە میافارقین دەردەچوون، لە یەکەم ڕۆژدا لە شاری ڕا بەرەو گوندێکی ناسراو بە (باترێ) بەڕێ دەکەوتن، مزگەوتێك و خانێکی لێ

---

[1] – عەلی کوڕی حاکم بیئەمریلا ئەبی عەلی مەنسور.

[2] – لە (ابن الاثیر ح ٩ ص ٣٠٤) داهاتووە: "خەلافەتەکەی – واتا ئەلزاهیر – ١٥ ساڵ و ٩ مانگ و ١٧ ڕۆژ بوو" لە (مرآة الزمان و المنتظم) لە ڕووداوەکانی ساڵی ٤٢٧ ك / ١٠٣٦ ز: کە فەرمانڕەوایەتیەکەی شازدە ساڵ و نۆ مانگ بوو.

بوو، کە تا ئێستا شوێنەواری لە کن ڕووبارەکە ماوە، لەوێ ڕۆژیان بەسەر دەبرد، کە بەیانییان دەکردەوە بۆ ڕۆژی دووەم، پیاوەکانی بەرەو خوار ڕووبار بۆ لای باپۆدین بەڕێ دەکەوتن.

وەزیر فەخرلدەولە کوڕی جەهیر[1] مزگەوتێکی بینا کر، کە تاوەکو ئێستا بە مزگەوتی شێخ ناسراوە، خانە و خانوویەك و گەرماوێکی بینا کرد، ئەو ڕۆژە لەوێ دەمانەوە بۆ بەیانی بۆ ئەلجەنینە بەڕێدەکەوتن و لەسەر پردەکە دەپەڕینەوە و لە لای ڕۆژهەلاتی چۆمەکە دەمانەوە. لە سەرووی ئەم پردەدا لە لای گردی بەتن مزگەوتێك و خانێکی بینا کردبوو، ڕۆژیان لەوێ بەسەر برد، جا لە کاتی بەیانی بەرەو نەسریە بەڕێکەوتن، لە ڕێگادا سەیرانی مێرگ و گوڵزار و دەشتی کاکی بە کاکیان دەکرد. بەهارێ لە نەسریە دەمانەوە، تاکو گەرما تینی دەشکا، جا دەگەڕانەوە شار.

نەسرولدەولە وەقفی بۆ پردی حوسەینیە و حەمیدیە و گردی بە نان و قەتینیتا و بابوزین و ئیبراهیمیە و بەرسەدی دانا. پارە و پولێکی زۆری بۆ خەرج کرد. پارە و سامانێکی بێ ژماری لە نەسریە سەرف کرد.

نەسرولدەولە لە فەرمانڕەوایەتی جێگیر بوو، دەسەلات و موڵکێکی هەبوو، کە کەس نایبێ، لە خۆشگوزەرانیەکدا بوو کە کەس وەك وی ژیانی خۆش نابێ، خەڵك لە هەموو لایەکەوە ڕوویان تێ دەکرد، پەناگە بوو بۆ وەی پەنای بۆ دەهێنا. صەریع ئەلدەلا[2] لە هۆنراوەکانیدا ستایشی کرد شاعیران لە هەموو وڵاتان ستایشیان کرد.

---

[1]– محەمەد کوڕی محەمەد کوڕی جەهیر وەزیر ئەبولنەسر فەخرولدەولە وەزیری نەسرولدەولەی مەڕوانییە. لە ساڵی ٤٨٣ ك / ١٠٩٤ ز کۆچی دوایی کردووە، لە نووسراوی ب ل ٤٥؟ دا هاتووە: "وەزیر مەغریبی خانویەك و گەرماوێك و مزگەوتێکی بۆ بینا کرد".

[2]– ئەبو حەسەن عەلی کوڕی عەبدولواحدی فیقهزانی بەغدادی، شاعیر. لە میسر لەناکاو لە حەوتی ڕەجەبی ساڵی ٤١٢ ك / ١٠٢١ ز کۆچی دوایی کرد. بڕوانە: "وفیات الاعیان ح ٣ ص ٦٤، شذرات الذهب، عقد الجمان لە ڕووداوەکانی ساڵی ٤١٢ ك / ١٠٢١ز".

ئەلتەهامی[١] شاعیر هاتە کنی و ستایشی وی و هی وەزیر مەغریبی کرد. شاعیران فەرماندە ئەبو ڕەزا کوڕی تەریف[٢] و ئیبن سەودادی و ئیبن غزەیری لە خزمەتیدا بوون.

ڕۆژانی فەرمانڕەوایی وەکو جێژنان پڕشنگدار بوو، سلێمان کوڕی فەهد[٣] پەنای بۆ هێنا، کاری بۆ چاك کرد و گەڕاندیەوە ویلایەتی موسڵ، شاعەزیز[٤] کوڕی بوەیە پەنای بۆ هێناوە چیا یاقوتە سوری[٥] بۆ هێنا، کە لە لای کوڕەکانی مەڕوان بوو، کێشی حەوت مسقاڵ بوو، قورئانێکی نووسراوی بە دەستخەتی عەلی کوڕی ئەبی تالیب بە دیاری بۆ هێنا. وتی: دونیا و قیامەتم بۆ هێناوی، میوانداری باشی کرد و چاکەی لەگەڵ کرد و ڕێی پێدا، پارە و پولێکی زۆری لێدا، زیاتر لە بیست هەزار دینار بوو. شاعەزیز ماوەیەك لە ئەسعەرد نیشتەجێ بوو، ئینجا لە میافارقین کۆچی دوایی کرد، تابوتەکەی بۆ کوفە نێردرا.

وتراوە: نەسرولدەولە بە پارە و پولی خۆی بەنگامی[٦] لە مزگەوتی میافارقین دروست کرد و لە مزگەوتەکەش پارەی سەرف کرد. هەر ئەو دەروازەی نەسریەی سفر و پەنگامی دروستکرد و ناویشی وا بەسەر هەردووکانەوە تۆمار کردووە.

---

[1]– ئەبو حەسەن عەلی کوڕی محەمەدە، لە شاعیرە بە تواناکانە. لە قاهیرە ساڵی ٤١٦ ك / ١٠٢٥ ز کۆچی دوایی کردووە، بڕوانە: "ابن خلكان ح ٣ ص ٦٠، شذرات الذهب، النجوم الزاهرە لە ڕووداوەکانی ساڵی ٤١٦ ك / ١٠٢٥ ز".

[2]– لە (ابن خلكان ح ٤ ص ٢١٥) بە شێوەی ئیبن الطريف هاتووە کە ناوی ئەبولڕەزا ئەلفەزل کوڕی مەسنور کوڕی الطريف فارقی ساڵی ٤٣٠ ك / ١٠٣٩ ز کۆچی دوایی کردووە، بەڵام لە "المنتظم والكامل لە ڕووداوەکانی ساڵی ٤٣٠ك / ١٠٣٩ ز بە ئیبن ئەلزەریف هاتووە.

[3]– بڕوانە (ابن الاپير ح ٩ ص ٢٢٦).

[4]– ئەبوبەکر مەنسور کوڕی جەلال ئەلدەولەی بوەیهی ساڵی ٤٤١ ك / ١٠٥٠ ز لە میافارقین کۆچی دوایی کردووە (ابن الاپير ح ٩ ص ٣٨٤).

[5]– لە نووسراوەکەی فارقی دا بە (الحبك الياقوت الاحمر) نووسراوە، بەڵام ڕاستیەکەی (الجبل الياقوت الاحمر)ە. بڕوانە" البيروني" الجماهير ڤ معرفه الجواهر، حيدر آباد، ١٣٣٥، ص ٥٦. (وەرگێڕ).

[6]– لە پەرتوکی "الالفاظ الفارسيه المعربه ص ٢٨)هاتووە کە پەنگام تەعریب کراوی بەتکانە. بەنگام بریتیە لە بەهرەیەکی زانستی بە بەکار هێنانی ئامێر بۆ مەبەستی دیاری کردنی کات، واتە مەبەست لەم ئامێرە بۆ دیاری کردنی

وتراوە: لە ساڵی ٤٢٤ ك / ١٠٣٣ دادوەر ئەبوعەبدولاّ محەمەد کوڕی عەبدولاّ کوڕی ئەحمەدی ئەلبیضاوي[1] لە بەغدا کۆچی دوایی کرد.

وتراوە: لە ساڵی ٤٢٩ ك / ١٠٣٨ ز یاخود ساڵێك کەمتر ئەبوعەبدولاّ حوسێن کوڕی سەلمە ئەلمالکی کۆچی دوایی کردووە، کە دادوەری میافارقین و ئامەد بوو، وەکو لە پێشو باسمان کرد، لە هەر یەك لەم شارانەدا مانگێك دادوەرێنی دەکرد، واتە مانگێك لە میافارقین و مانگێك لە ئامەد.

وتراوە: ئەبولمرجا سەعادە حوسێن کوڕی بەکر دادوەرێنی میافارقینی گرتە دەست، فیقهزانێکی لێهاتوو بوو، ئەبو عەلی حەسەن کوڕی عەلی ئامەدی ناسراو بە ئەلبەغل دادوەرێنی ئامەدی گرتە دەست، کە دیارترین گەورە پیاوانی ئامەد بوو، ئەوەندە مولك و پارەو زەوی لە ناوەوە و دەرەوەی شار هەبوو، کە کەس وەکو وی نەیبووە، نەسرولدەولە ڕێزێکی زۆری لێنا، ئەوەندە حورمەت و پلە و پایەی لە لای میر و گەورە پیاوانی دەوڵەت هەبوو، کە هەر باس ناکرێ. نەسرولدەولە داوای لێکرد کە پردێك لەسەر ڕووباری ئەلحو بینا بکات، چونکە کاتێ میر ئەبو عەلی بەرەو ئامەد ڕۆیشت و کوژرا میر نەسرولدەولە نەزری سەر شانی خۆی کردبوو، کە ئەو پردە دروست بکات، کە یەکەم جار باسمان کرد. بە چاکترین شێوە بینای کرد، پارە و پوڵێکی زۆری میری لێ خەرج کرد، نێوی میر لەگەڵ نێوی کوڕە گەورەکەی سەعدئەلدەولە ئەبی لحەسەن محەمەدی لەسەرە.

کاتی نوێژ و وەخت و جولانەوەی ئەستێرەکان . (کشف الظنون ح ١ ص ٢٥٥). بەپێی چەند یاسایەکی میکانیکی وەکو کاتژمێر کاریان دەکرد ئەمە لەسەر دەمانێك هەبووە لە میافارقین کە لە جیهاندا زۆر کەم بەدی دەکرا. بڕوانە:
Minorsky, maiyafarkin, (E.J.B.Enc.I) Vol.v, P.J60.وەرگێڕ

[1]– لە "طبقات الشافعیه ح ٣ ص ٦٣) هاتووە کە : "ئەلبەیضاوی دادوەرێنی لە بەشێکی کەرخ وەرگرتووە لە بەغدا، ئەلخەتیب وتویەتی : لەسەرم نووسیوە کەسایەتیەکی جێی بڕوا و ڕاستگۆ و ئایین پەروەرێکی توند بووە... لە ناکاو ڕۆژی هەینی لە ١٤ی ڕەجەبی ساڵی ٤٢٤ ك / ١٠٣٣ ز مردوو لە گۆڕستانی (باب الحرب) نێژراوە...".

لە ساڵی ٤٠١ ك / ١٠١٠ ز ئەبو عەلی و ئیبن عەقیلی خەڵکی ئامەد دادوەرێتیان گرتە دەست، مێژووەکە لەسەر پردەکە نووسراوە.

فەرمانڕەوایەتی ئامەد بۆ میر ئەبی لحەسەن براپەوە، دادوەرێتی شارەکەش کەوتە دەست ئەبو عەلی، فەرمانڕەوایەتی دیوان کەوتە دەست ئیبن ئەلخەمار، لەسەر ئەو حاڵەی مانەوە.

وتراوە: نەسرولدەولە هەر لە وەختی مردنی (وەزیر مەغریبی) بێ وەزیر مایەوە، لەو کاتەدا ئیبن بەرەکە چاودێری دیوان بوو، نەسرولدەولە پێی قایل بوو (واتا وەکو وەزیر).

وتراوە: شێخ ئەبو نەسر محەمەد کوڕی جەهیر لە ماقوڵانی خەڵکی موسڵ بوو، زاوای سەرۆك ئیبن ئەبیلعەقارب بوو لە موسڵ کە نێوانیان ناخۆش بوو ململانێیان هەبوو تا گەیشتە دوژمنداریەکی مەزن.

شەرەفولدەولە پێی وابوو ئیبن جەهیر لەسەر هەقە، ئیبن ئەبیلعەقارب بە هەموو شێوەیەك سوور بوو لەسەر هەقی خۆی، بەڵام شەرەفودەولە بۆی نەدەسەلماند، جا ئیبن ئەبیلعەقارب لەگەڵ خزم و دۆست و ئامۆزاکانی کۆبۆوە تێی گەیاندن، کە دەبێت ئیبن جەهیر لە ناو ببرێت یا لە موسڵ دور بخرێتەوە، ئەم کارەش بۆ من بێ ڕازیبوونی ئێوە لەسەر ئەوەی دەمەوێ مەیسەر نابێ، وتیان: لە ژێر فەرمانتداین، وتی: با هەڵسین، کۆمەڵێکیان چوونە لای شەرەفولدەولە، پێیان وت: دەبێت ئیبن جەهیر لە وڵات دەربچێت، دەنا ئێمە هەموومان دەڕۆین، جا شەرەفولدەولە داوای لە ئیبن جەهیر کرد بەرەو حەلەب بچێت و کردی بە چاودێری وێ، شەرەفولدەولە هەر ئەوێ ساڵێ — حەڵەبی — خست بووە ژێر دەسەڵاتی خۆی، بەرەو حەلەب بە ڕێکەوت و ماوەیەك فەرمانڕەوایەتی کرد، ئیبن ئەبیلعەقارب لەگەڵ شەرەفولدەولە ڕێککەوت لەسەر لابردنی ئیبن جەهیر لە حەلەب، ماوەیەك مایەوە جا ناردیە لای دادوەر ئەبو عەلی کوڕی ئەلبەغل لە ئامەد، کە نەسرولدەولەی بۆ قایل بکا بێتە ناو قەڵەمڕەوی وی و لای ئەو

بمێننەوە بێ ئەوەی کار و فەرمانی هەبێ. دادوەر ئەبو عەلی داوای لە میر کرد بۆ ئەم داخوازیەی ئیبن جەهیر، بەڵام ڕێی پێ نەدا وتی: پێویستیمان بەمە نییە یا لامان نەمێنێتەوە، گەر خێرێکی هەبووبێت لە وڵاتەکەی خۆی دەرنەدەچوو!

وتراوە: میر ماوەیەك بێ وەزیر مایەوە، مەسیحی باڵا دەست و بەهێز بوون، وا ڕێککەوت کە ئەبا حەکیم کوڕی حەدیسی[1] کە کار فەرما(عارض)ی سوپا بوو، ڕۆژێك دانیشتبوو یاری شەترەنجی لەگەڵ یەك لە خزمەتکاران دەکرد، تێك گیران، ئەبو حەکیم لەسەری خزمەتکارەکەیدا و برینداری کرد، ئەویش بە ڕووی خوێناویەوە چووە کن میر و وتی: من بەندەی تۆم و ئاوام لێ دەکەی؟ وتی: کێ وای لێکردویت! وتی: ئەبو حەکیم. داوای ئامادەبوونی کرد، ئەویش هەڵات و چووە خوارێ بۆ لای میر مەرزبیان کوڕی بەلاشو کوڕی کاك، کە ئامۆزای نەسرولدەولە و مێردی ئامۆزاکەی هند کچی عەلی کوڕی مەنسور کوڕی کاك بوو، نەسرولدەولە لە دوای نارد و مەرزەبان بە دەستەوەی نەدا، کۆمەڵێکی دی بە دوادا نارد، بەڵام وەڵامی ئەوانیشی نەدایەوە، میریان تێگەیاند و ئەویش پیاو و سوارەکانی ناردە سەر، میر مەرزەبان چەکی لە خۆی قایم کرد و بۆیان دەرپەڕی لەگەڵیان بجەنگێ، پیاوەکان گەڕانەوە لای میر و پێیان ڕاگەیاند، ئەویش بۆ خۆی چووە دەرەوە بۆ لای دەروازەی قالدرمەکان لە سەرەوەی دەروازەی کۆشك، دابەزی و لە خوارێ سواری ئیسترێ بوو، لە کۆشکێ چووە دەرێ.

وتراوە: میر لە ڕۆژی بیناکردنی کۆشکەوە لەو قالدرمانە نەهاتۆتە خوارێ تا ئەوێ ڕۆژێ، چونکە پێشتر لە لای تەختی دانیشتنەوە سوار دەبوو، بە کۆشکدا دەڕۆیشت لە دەروازەی ڕۆژهەڵاتەوە دەچووە دەرێ، جا بۆ هەر کوێیەك بیویستابە بەڕێ دەکەوت. ئەوێ ڕۆژی لە ڕقان لەبەر مامەڵەی مەرزەبان لەگەڵی لەسەر تەختی دانیشتنی هەستا و بە پێپلکانەکاندا چووە خوارێ و جا سوار بوو بەرەو ماڵی میر مەرزەبان بە ڕێکەوت، کە ئەو گوێ بیستی بوو بۆی دەرچوو و وتی: چاکت کرد ئەی ئامۆزا!

---

[1]– لە پەڕی بە کاغەزی ٤٨ ب : "ئەبا حەکیم ئەلکەبیر نووسەری دیوان بوو".

هاتویت ئەباحەکیم دەبەیت، کە لای کچی مامتە، لە خانووی ئامۆزاکەتدایە، دەڵێی دەچی بۆ گرتنی خەرشەنە[1]، یاخود هەندێ قەڵای ڕۆمان. جا میر شەرمی کرد و گەڕایەوە چەند ڕۆژێك مایەوە، ئینجا لە ئەبی حەکیم خۆش بوو گەڕاندیەوە شوێنەکەی خۆی. ئەو ئەبو حەکیمە دەکاتە باپیری کوڕانی ئەلحەدیسی کار فەرمای ئێستای سوپا.

وتراوە: میر پەیکی ناردە کن دادوەر ئەبو عەلی کوڕی ئەلبەغل و فەرمانی پێدا، کە شێخ ئەبو نەسر کوڕی جەهیر بێنێت ئەویش لە ئامەدەوە بەدویدا نارد، گەیشت و قازی بە خۆ و بە خزم و خوێش و خەڵکی شار چوو بۆ پێشوازی لە لای خۆیان ئیبن جەهیریان گلداوە و ڕێزیان لێنا، پێی ڕاگەیاند کە میر حەز دەکات بچێتە لای، ئەوەی پێویستی پێی هەبوو لە وشتر و ولاخ و ڕەشماڵ و پێداویستی دایێ، ئەوەندە دیاری و کەلوپەلی نایابی دایێ، باس ناکرێت. بە ڕێ کەوت تا گەیشتە میافارقین، لەگەڵ میردا کۆبۆوە و چەند دیاریەکی بۆ هێنابوو، بۆ هەر یەك لە کوڕانی میر و ئامۆزاکانی دیاری هێنابوو. میر لە ساڵی ٤٣٠ ك / ١٠٣٩ز و ئەو دەوروبەرەی کردیە وەزیر، مافی فەرمانی بەو بەخشی، دەسەڵات و دەستڕۆیشتویی پێدا و هەموو کارەکانی بەو سپارد و نازناوی نا بە کافی لدەولە، سیاسەتی لەگەڵ خەڵکی چاکترین سیاسەت بوو، دادوەری بالاّ دەست کرد و لەگەڵ خەڵکی مامەڵەی ڕێك بوون، کابرایەکی خۆش خوو چاکەکار و بەدڵ بوو. لە سەردەمیدا وەکو ئەو نەبینرا بوو، خودان بۆچوون و توانایی و ژیری و دانایی، شاعیران هاتنە لای و ستایشیان کرد، وەکو ئیبن سنان[2] ئەلخەفاجی و ئیبن حیۆس[3] حەلەبی و ئی دی. دەوڵەت بەوەوە تەواو جوان بوو، شاکان نامەیان بۆ

---

[1]– خەرشەنە: شارێکە لە نزیك مەلاّتیە لە ولاّتی ڕۆم. (معجم البلدان ح ٢ ص ٤٢٣).

[2]– ئەبو محەمەد عەبدولاّ کوڕی محەمەد کوڕی سەعد کوڕی سەنان خەفاجی شاعیر و ئەدیب: لە ساڵی ٤٦٦ ك / ١٠٧٥ ز کۆچی دوایی کردووە (ابن خلكان ح ١ ص ٩٨).

[3]– محەمەد کوڕی سلکان کوڕی محەمەد کوڕی حیۆس میری شاعیر. یەك لە شاعیرە بە تواناکانە لە دیمەشق ساڵی ٤٧٣ / ١٠٨٢ ز کۆچی دوایی کردووە. (شذرات الذهب والنجوم الزاهرة).

نووسی و ئەو نامەی بۆ نووسین پیرۆزبایی نامەی وانی پێگەیشت و گەیشتە پلەی هەرە بالآ.

وتراوە: لە ساڵی ٤٥٠ ک / ١٠٥٨ ز[1] ڕووداوی ئەرسەلان بەساسیری[2] سەری هەڵدا، کە دژ بەخەلیفە ئەلقائم بیئەمریلا و شای بەغدا چووە دەرێ و ئەلقائم بەرەو حەدیسە[3] ڕۆیشت و لای کوڕانی مەهارش[4] مایەوە. بەساسیری وتاری بۆ خەلیفەی میسر خوێندەوە.

خانم (سەیدە) ژنی خەلیفە لە بەغدا چووە دەرەوە و ئەبولعەباس محەمەدی کوڕی ئەلقائیمی لەگەڵدا بوو بەناوی ئەلزەخیرە ئەبولموقتەدی[5]، ئەم خانمە بە مەبەستی چوون بۆ میافارقین ڕۆیشت و زەخیرەی کوڕی خەلیفەی لەگەڵدا بوو، نەسرولدەولە چووە پێشوازیان و لای خۆی هێشتنیەوە و ڕێزی لێنان و میوانداری کردن و بۆ ئامەد بە ڕێی کردن و لە کۆشك داینان، ئەوەی پێویستیان پێ هەبایە بۆی دێنان.

---

[1]– لەسەر (النجوم الزاهره والمنتظم و تاریخ ابن القلانسی و ابن الاثیر والبدایە و النهایە) ڕاستکراوەتەوە (بڕوانە ڕووداوەکانی ساڵی ٤٥٠ ک / ١٠٥٩ز. دەنا لە دەستنووسی وب پەڕی ٤٩ ب نووسراوە لە ساڵی ٤٣١ ک / ١٠٤٠ ز کە ئەمە هەڵەیە.

[2]– ئەبولحارس ئەرسەلان کوڕی عەبدولآ بەساسیری تورکی سەرکردەی تورەکەکانە لە بەغدا، لە بەندەکانی بەهائولدەولە کوڕی عەزودەولە لە کوڕی بوەیهە، کە لە دژی ئەلقائم بیئەمریلآ لە بەغدا چووە دەرەوە، وتاری بۆ خەلیفە ئەلمومتەنسیری ئەلعەبیدی خاوەنداری میسر خوێندەوە. بەساسیری بەغدای گرت و درێژەی کێشا تا سوڵتان توغرول بەگی سەلجوقی کوشتی. خەلیفە لە حەدیسە گەڕایەوە بەغدا و وتار بەناوی ئەو خوێندرایەوەن بەساسیری لە کۆتایی ساڵی ٤٥١ ک / ١٥٦٠ ز کوژرا. (ابن خلکان ح ١ ص ١٧٢).

[3]– مەبەستی حەدیسەی فوراتە کە ناسراوە بە حەدیسەی ئەلنور کە چەند فەرسەخێك لە ئەنبارەوە دوورە و قەلآیەکی سەختی لێیە. (معجم البلدان ح ٢ ص ٣٢٣).

[4]– میری عارەبان (محي الدين ابو الحارث مهارش بن المجليي العقيلي) خاوەنداری حەدیسە و عانەیە، لە ساڵی ٤٩٩ ک / ١١٠٨ ز کۆچی دوایی کردووە (ابن خلکان ح ١ ص ١٧٣) ، النجوم الزاهره ح ٥ ص ٧ هامش ٥، ١٩٣).

[5]– ئەبولقاسم ئەلموقتەدی بیلا کوڕی میر زەخیرەلدین ئەبولعەباس محەمەد کوڕی خەلیفە لە دوای کۆچی دوایی باپیری بووە خەلیفە لە ساڵی ٤٦٧ ک / ١٠٧٦ لە ناکاو بە ساڵی ٤٨٧ ک / ١٠٩٦ ز کۆچی دوایی کرد. (النجوم الزاهره ح ٥ ص ١٣٩، ابن الاثیر – ڕووداوەکانی ساڵی ٤٨٧ك).

هۆی ئەمەش ئەوە بوو، کە دەوڵەتی بوەیهیان لە ساڵی ٤٢٢ ک / ١٠٣١ ز وەبەرەو فەوتان و پوکانەوە و لە کەمیدان چوو، شا ئەبوکالیجار[١] کۆچی دوایی کرد و کوڕەکەی شا ڕەحیم جێی گرتەوە، لە خۆراساندا ئەبوتالیب توغرولبەگ[٢] محەمەد کوڕی میکائیل کوڕی سەلجۆق دەرکەوتبوو، لەو ماوەیەدا سوڵتان ئەلعادل کوڕی سەبەکتەکین[٣] لە ناوچەی غەزنە و سەمەرقەند کۆچی دوایی کرد، لە دوای ئەو کوڕەکەی مەسعود ماوەیەك شوێنی گرتەوە، ئینجا بەرەنگاری توغرول بەگ بۆوە و لە نێوانیاندا جەنگ و کوشتار دەستی پێ کرد، مەسعود شکستی هێنا و توغرول بەگ خۆراسانی گرتە دەست، جا وەدەرکەوت و ڕەی و ئەسفەهان و دەوروبەری خستە بن دەست و ئەبولحارس ئەرسەلان بەساسیری بەغدای داگیر کردبوو و خۆی بەسەر خەلیفە ئەلقائیم سەپاند.

---

[1]– مەرزەبان کوڕی سولتان ئەلدەولە کوڕی بەهائولدەولەی بوەیهی لە بەسرە لە شەوالی ساڵی ٣٩٩ ک / ١٠٠٨ ز لە دایك بووە و لەجەمادی یەکەمی ساڵی ٤٤٠ک / ١٠٤٨ ز کۆچی دوایی کردووە و کۆڕێکی بەناو ئەبو نەسر لە بەغدا لە خانوی شا لە جێی باوکی دادەنیشت، خەلیفە ئەلقائیم بیئەمریلا نازناوی شاڕەحمی (الملك الرحيم)ی پێ بەخشی. (النجوم الزاهره ح ٥ ص ٤٦).

[2]– توغرولبەگ لە ساڵی ٤٤٧ ک / ١٠٥٥ ز هاتە بەغدا، خەلیفە ئەلقائیم بیئەمریلا نیشانەی سەلتەنەی پێ بەخشی و ناوچەکانی ڕۆژهەلات ورۆژئاوای پێدا. یەکەم شای سەلجوقیانە، هەر ئەو بوو ڕێی دەوڵەتی بۆ – عەباسییان – خۆش کردن کە بەرەو نەمان چووبوو، فەرمانڕەوایەتیان لە عێراق نەما و وتار بۆ نەوەی عوبێدی خەلیفانی میسر خوێنرایەوە کاتێ کە ئەبولحارس ئەلبەساسیری شاری بەغدای گرت. لە ڕەی ڕۆژی هەینی ١٨ی ڕەمەزانی ساڵی ٤٥٥ ک / ١٠٦٤ ز کۆچی د وایی کرد. (ابن خلكان ح ٤ ص ١٥٥ – ١٥٩، النجوم الزاهره ح ٥ ص ٧٣، شذرات الذهب – لە ڕووداوەکانی ساڵی ٤٥٥ ک / ١٠٦٤ز).

[3]– سوڵتان یەمین دەولە ئەبو قاسم محەمەد کوڕی سەبەکتەکین کوڕی میر ناسرولدەولە ئەبی مەنسور فەرمانڕەوای غەزنە و هی دیکە. لە پێش سەڵتەنەتدا بە شمشێری ولاّت ناسراوبوو، لە غزنە ساڵی ٤٢١ ک / ١٠٣٠ ز کۆچی دوایی کرد. (شذرات الذهب، النجوم الزاهره – لە ڕووداوەکانی ساڵی ٤٢١ ک / ١٠٣٠ز).

نێوانی بەساسیری و وەزیر سەرۆکی سەرۆکان (رئیس لرؤساء) (ابن المسلمە) [1] خەراپ بوو و خەلیفە هیچ دەسەڵاتێکی بۆ نەمایەوە، سەرۆکی سەرۆکان خێزانی بەساسیری گرت و خراپ لەگەڵی جولایەوە، (بەساسیری) نەیاری و جیاکاری خۆی دەربڕی و خەلیفە ئەلقائیم بە دوای توغرول بەگیدا نارد، تا ئامادە بێت و بچێتە بەغدا، ئەویش گەیشتە ویلایەتی هەمەدان و ئەسفەهان، شارەحیم پێی گەیشت و گرتی و قۆڵبەستی کرد و ناردی بۆ یەك لە قەڵاکان[2]. ئەمە کۆتایی دەوڵەتی دەیلەمەکان بوو، ماوەی ١٢٥ ساڵ فەرمانڕەوایەتیان گێڕا، دەسەڵاتیان لە بەغدا و عێراق و هەموو شوێنەکان نزیکەی ١١٢ ساڵ بوو، دوازدە ساڵیش پێش هاتنیان بۆ عێراق، میر توغرول بەگ بەرەو ناوچە چیاکان بە ڕێکەوت و میر ئیبراهیم یەنال[3] رەنگاری بۆوە و لەگەڵیدا جەنگا و توغرول بەگ شکستی پێهێنا. بەساسیری گوێبیستی ئەم هەواڵە بوو بەرەو بەغدا ڕۆیشت، چووە رەحبە[4] و خەڵکێکی زۆری کۆکردەوە، پەیکی ناردە میسر و داوای بە هاناهاتنی کرد و لە ئەلموستەنسیری خواست بێت و وتار بخوێنێتەوە، بەساسیری داوای هاتنە بەغدای لێکرا و بە خۆو بە سەرباز و عەلۆ و جەلۆوە چووە وێ و تاڵانیان کرد، وەزیر و خزمانی خۆیان لە بەغدا شاردەوە، بانگەشەی بۆ فاتمیان کرد و وتاری بۆ موستەنسیر خوێندەوە، کە توغرول گوێبیستی ئەمە بوو سەربازانی کۆکردەوە و لەگەڵ خەڵکێکی زۆردا بەرەو عێراق بە ڕێکەوتن بۆ جاری دووەم، میر

---

[1]– عەلی کوڕی حوسێن کوڕی ئەحمەد کوڕی محەمەد ئەبوقاسم کوڕی موسلیمە. کە لە بنەماڵێکی سەردار و پایەدار بوو، خەلیفە ئەلقائم بیئەمریلا ئەلعەباس کردی بە نووسەر و دواتر بە وەزیر و ناوی نا (رئیس الرؤساء شرف الوزراء) لە شەعبانی ساڵی ٣٩٩ ك / ١٠٠٨ ز لە دایك بووە، بەساسیری لە ساڵی ٤٥٠ ك /١٠٥٨ کوشتی. النجوم الزاهرە ح ٥ ص ٦، ٦٤ و المنتظم و البدایە والنهایە – لە ڕووداوەکانی ساڵی ٤٥٠ ك).

[2]– (ابن الاثیر، دەڵێت: لە ساڵی ٤٥٠ ك / ١٠٥٨ز شارەحیم دواشای نەوەی بوەیهیان لە قەڵای سیروان کۆچی دوایی کرد لە نزیك ڕەی.

[3]– ئیبراهیم یەنال برای سوڵتان توغرول بەگ، کە بوو هاوپەیمانی بەساسیری دژی توغرول بەگ، لە ساڵی ٤٥١ ك / ١٠٥٩ ز کۆچی دوایی کردووە. (ابن الاثیر ح ٩، ص ٣١٢، ٤٤٤، النجومالزاهرە ح ٥، ص ١١).

[4]– رەحبە: شارێکە دەکەوێتە نێوان ڕەقە و بەغدا لەسەر کەناری فورات.

ئیبراهیم یەنال بەرەنگاری بوو، بەلاّم تەغرول بەگ شکستی پێهێنا و بە دیلی گرت و کوشتی، ئینجا بەساسیری لە بەغدا کوشت، کە هەرچی لە کۆشکی خەلافەتدا هەبوو بە تالاّنی بردبوو.

خەلیفە ئەلقائیم لە کۆشکەکەی هەلاّت و ئیبن مەهارش فەرمانڕەوای حەدیسە بەرەو قەلای عانەی[1] برد، (هەرچی لە کۆشکی خەلیفەدا هەبوو تالاّنی کرد)[2]. دوای ماوەیەك توغرول بەگ بە سەربازێکی زۆرەوە گەیشتە بەغدا و دەستی بەسەردا گرت و بەساسیری بە دیل گرت و خستیە بەندیخانەوە. جا بۆ خۆی چووە عانە و خەلیفەی لای ئیبن مەهارش هێناوە و گەڕاندیەوە کۆشکەکەی و جێگیر بوون، جا لە ملی بەساسیری دا، دەولّەتی عەباسی پتەوتر بوو، وەکو پێشوو وتار و نزا بۆ خەلیفەکانیان خوێنرایەوە، سولّتان توغرول بەگ لە کن خەلیفە هاتە دەرێ، وێڕای پشتێن و پشتەوانە پۆشاکی وای پێ دا، کە نە باس دەکرێ و نە بەهای دەزانرێ ، تەشریفی وای پێ بەخشرا کە باس ناکرێت. توغرول بەگ بەرەو موسلّ ڕۆیشت، قورەیش کوڕی بەدران[3] خزمەتکار و پارە و پولی بۆ هێنا و ئەویش خەراجی بۆ دیاری کردن، گەڕایەوە حەڕانیە و فەرمانی کەوتە دەست، ئەو یەکەم پاشای سەلجوقیانە[4]. خاتوون (السیدە) لەگەلّ زەخیرە کە بچووك بوو چوو بۆ میافارقین، نەسرولدەولە چووە پێشوازی و ڕێزی

---

[1]– عانە: شارێکی ناسراوە دەکەوێتە نێوان ڕەقە و هیت کە بە شارێکی سەر بە ناوچەی جەزیرە دادەنێت. (معجم البلدان ح ٣ ص ٥٩٤).

[2]– ئەوەی نێو کەوانە کە دووبارەی ئەوەی پێشترە کە دیارە مەبەستی بەساسیریە.

[3]– قورەیش کوڕی موقلە و ئەبو مەعالی عوقەیلی میری ئەوەی عوقەیلە، لە سالّی ٤٥٣ ك / ١٠٦١ ز کۆچی دوایی کردووە (النجوم الزاهرە ح ٥ ص ٦ هامش٤).

[4]– سەلجوقیەکان: دەگەڕێتەوە بۆ سەلجوق کوڕی تەقاق کە خاوەن بیروڕای بە توانا بووە. سەلجوق چەند کوڕێکی هەبوو بەناوی ئەرسەلان و میکایل و موسا، سەلجوق لە (جوند) نزیك (بوخارا) لە تەمەنی ١٠٧ سالّیدا کۆچی دوایی کردووە، میکایل چەند کوڕێکی بەجێ ما لەوانە (بێفر) و (توغرولبەگ) و (جفری بەگ)، ڕەسەنی سەلجوقیەکان دەگەڕێتەوە تورکەکانی ئەودیوی ڕووبار، کە گوێڕالی هیچ سولتانێکیان نەدەکرد تا ئەوەی ویستیان بۆیان چووە سەر. (ابن الاثیر ح ٩ ص ٣٢١).

لێنان و مێوانداری کردن و جا بەرەو ئامەدی ڕەوانە کردن. لە کۆشکی دابەزاندن و هەرچییەکی پێویستیان پێ هەبایە پێشکەشی دەکردن.

قازی ئەبو عەلی کوڕی بەغل لە ئامەدەوە گەیشتە میافارقین و داوای لە میر کرد، کە میوانداری ئەوان لەسەر خەرجی وی بێت، نەسرولدەوله وتی: ناتوانم ئەمە بکەم، چۆن ببیسترێتەوە کە یەکێ وەکو خەلیفە لە کنم بووە و لە میوانداری مندا نەبوو! قازی گوتی: ئەی گەورەی ئێمە دەبیسترێتەوە کە یەك لە ڕەعیەت و خزمەتکارانی تۆ میوانداری کوڕی خەلیفەی کردووە و پێویستی بۆ دابین کردووە. وەزیری کۆمەڵێك خەڵکی دیکە هەوڵیان بۆ دا تا بەوە قاییل بوو ڕێگەی پێدا. هەموو ڕۆژێك موچەیان نزیکەی (٥٠) دیناری ئەرمانۆسی بوو، بێجگە لە داواکارییەکانیان بە پێی پێویست شتی دیکە جگە لە مووچەکە بەم شێوەیە ماوەیەك مانەوە.

وتراوە: لە ساڵی ٤٣١ك / ١٠٤٠ز بەرایی پەرپوتی دەوڵەتی دەیلەم دەستی پێکرد و توغرول بەگ محەمەد کوڕی میکایل کوڕی سەلجوق لە خۆراسان دەرکەوت و زۆربەی گرت و بە مەبەستی عێراق بەڕێکەوت. بیستی خەلیفە چی بەسەر هاتووە، بەرەنگاری کوڕی بوەیهیە بووەوە، جەنگ لە نێوانیاندا بەرپا بوو، لە ساڵی ٤٣٢ ك / ١٠٤١ ز[1]، بەرنگاری بەساسیری بووە و بەسەریدا زاڵبوو بەدیلی گرت، بەغدای گرت و دواتر بەرەو حەیسە ڕۆیشت، ئەلقائیمی لەگەڵ خۆیدا هێنایەوە بەغدا بردیەوە ماڵەکەی، دەوڵەتی بۆ پتەو کرد و بەساسیری کوشت. بە دوای خاتوون و زەخیرەی دا نارد و لە لای نەسرولدەوله هێنایەوە، نەسرولدەوله ئامادەی کردن و ڕێی پێدان و ئەوەندە کەلوپەلی نایاب و دیاری پێ بەخشین، کە بایی نزیکەی ٢٠٠ هەزار دینار دەبوو. بەو

---

[1]– فارقی لە نووسینەکەیدا چەند هەڵەیەکی گەورەی کردووە بە تایبەت لە تۆمار کردنی ڕووداوە مێژووییەکاندا، کە لەسەرچاوەکانی دیکەدا هیچی بەسەر هیچەوە نییە، وەکو دەڵێت: "لە جەنگی دانداقان بوەیهیەکان پشتی توغرول بەگیان شکاند دوای ئەم جەنگە بەرەو عێراق ڕۆیشت" ئەمە لە کاتێکدا کە جەنگەکە لە نێوان سەلجوقیەکان و غەزنەوەیان ڕووی داوە. (وەرگێڕ).

هۆیەوە نەسرولدەولە لە ناوبانگ و باسکردن و نێوهێناندا بە شێوەیەکی زۆر دەنگی دایەوە کە کەم نەبوو. ئەوەی کە ئەمەی ڕێك خستبوو فەخردەولە کوڕی جەهیر بوو، ئەمە یەکەم سەرهەڵدانی دەوڵەتی تورکان و فەوتانی دەولەتی دەیلەمان بوو. توغرول بەگ ناوچەی خۆراسان و هەر دوو عێراقی خستە بن دەستی و ماوەیەك مایەوە. لە ساڵی ٤٣٤ ك / ١٠٤٢ ز سوڵتان توغرول بەگ دوو میری لە یاوەرانی خۆی یەکێکیان بۆقاو ئەوی دیکەیان بەناوی ناسیغلی لە گەورە تورکەکان بوون لەگەڵ ١٠ هەزار سوارە بەرەو دیاربەکری ڕەوانە کردن، وڵاتی بە وان بەخشی، سوپایان لەگەڵدا بوو، هێرشیان کردە سەر ناوچە و بە تالآنیان برد، جا لە دەروازەی میافارقین دابەزین، چەند ڕۆژان دەروازەیان بە ڕوودا داخرا، گفتوگۆ لەگەڵیان درێژەی کێشا، پێشنیاریان کرد، کە گەر بگەڕێنەوە نزیکەی ٥٠ هەزار دیناریان پێ دەبەخشن ، بەڵام وەڵامیان نەبوو. وا ڕێککەوت کە ئەو دوو سەرلەشکرەی توغرول بەگ لە شەوێکدا خواردبوویانەوە و سەرخۆش بوون، تێك گیران و قسەیان لێك هەڵبەزینەوە و ئامبازی یەك بوون و لێکیان دا، هەر یەکێکیان بە چەقۆ لە ئەوی دیکەی دا و هەر دووکیان کوژران، لە نێو سەربازان شلەژانێکی گەورە کەوتەوە، میر گوێبیستی ئەمە بوو، یەکێکی بۆ هەواڵ وەرگرتن نارد، زانیاری وەرگرت و لەگەڵ سەربازانی چووە دەرێ و هەرچی پێیان بوو بە تالآنی برد و زۆری لێکوشتن، زۆریشی لێ بە دیل گرتن، پارە و پول و هەرچی هەبوو کەوتە دەستیان، خودا لە شەڕی وان قوتاری کرد، بە درێژایی ویلایەتی نەسرولدەولە تاکو مردنی لەمانە بترازێ، کەس مەیدانخوازی نەسرولدەولەی نەکردبوو، خوا لەوانی چەپاڵەدا ئەمە یەکەم دیارکەوتنی تورکانە لەم ناوچەیەدا، کە ڕوخسار و قەد و قیافەی وانیشیان نەدی.

وتراوە: لە ساڵی ٤٣٩ ك / ١٠٤٧ز ئەلب ئەرسەلان بووە شای وڵات و دەسەڵاتی توند بوو. لەو ساڵەدا ڕەملە[1] بە بوومەلەرزە وێران بوو، خەڵکەکەش لە وڵات پەرتەوازە بوون.

وتراوە: نێوانی میر نەسرولدەولە و شەرەف دەولە قەرواش تێك چوو، وا ڕێککەوت کە دادوەر ئەلمەرجا ئەبوبەکر کە ئیبنولفتێری شاعیر نووسەری بوو، ڕۆژێکیان نامەیەکی بۆ موسڵ بۆ نووسی و داوای لە دۆستێکی کرد، کە هەندێك کتێبی فیقهی بۆ بنێرێت ئەوانەی کە لە میافارقین دەست ناکەون، ئیبنولفتێری نامەکەی برد و ڕۆیشت، پیاوێکی بینی دەچووە موسڵ، نامەکەی پێدا و وتی: ئەم نامەیە بگەیەنە فلان کەس و وەڵامەکە هەرچی هەبێ دەی هێنیتەوە و پێنج دینارت دەدەینێ، یەك لە سەربازانی میر گوێبیستی ئەمە بوو، بە میری ڕاگەیاند و وتی: ئەی میر قازی نامەیەکی بۆ موسڵ نووسیوە، ئەوەی گوێبیستی بوو بۆ میری گێڕایەوە، میر داوای ئامادەبوونی ئەبالمەرجی کرد و دەربارەی نامەکە پرسیاری لێکرد، بەڵام ڕەتی کردەوە ئەویش سوێندی دا، ئینجا ئیبنو لفتێری نووسەری دادوەریان هێنا و لەو بارەوە پرسیاریانی لێکردن ئەویش وتی: نووسینێکم بۆ فلانەکەس نووسی بۆ کتێبێکی فیقهی، بەڵام باوەڕیان پێی نەکرد و لە نەسەلماندنی دادوەر و سوێندخواردنی خانە گومان بوون، بۆیە دادوەریان بردە کۆشك و لە تاوەرێکدا دایان نیشاند و دەروازەکەیان بە قوڕێ هەڵچنی و دادوەر لەوێدا بوو تا گیانی دا.

وتراوە: دوای ئەو دادوەر ئەبو مەنسور کوڕی توسی دادوەرێتی میافارقینی گرتە دەست، کە فیقهیزانێکی زانابوو، بێجگە لە دادوەرێتی چاودێری ئەوقافیشی پێ سپێردرا، ئەمەش لە ساڵی ٤٣٥ ك / ١٠٤٤ ز یان ٤٣٦ ك / ١٠٤٥ ز بوو.

---

[1] – ڕەملە: شارێکی قەوغایە لە فەلەستین... نێوانی وێ و شاری قودس هەژدە میلە. (معجم البلدان ج ٢ ص ٨١٧).

وتراوە: لە ساڵی ٤٣٦ ك / ١٠٤٥ ز مورتەزا[1]ی نەقیبی (عەلەویەکانی) تاهیریەکانی بەغدا کۆچی دوایی کرد، کە برای شەریفی رەزی بوو، دوای ئەو عەدنانی کوڕی بووە نەقیب تا ساڵی ٤٤٧ ك / ١٠٥٥ز بەردەوام بوو.

وتراوە: وا رێککەوت شورەی میافارقین کە لە هەموو دەوڵەتەکاندا خۆی گرتبوو و نزیکترین شوێنی لێ رمێنرابوو، تا ویلایەتی کوڕانی مەروان هەروا مایەوەو دواتر زۆر شوێنی لێ ڕوخێنرا، میر ئەبولفەوارس کوڕی دۆستەك برای باد هەندێکی بینا کردەوە، میر ئەبو مەنسور مومەهەد شوێنێکی زۆری بینا کردەوە و ناوی خۆی بە دیوی دەرەوە و ناوەوەی نا، میر ئەبوعەلی چەند شوێنێکی لێ بینا کردەوە و ناوی خۆی لەسەر نووسیوە.

نەسرولدەولە و نیزامولدین شوێنێکی زۆر لە تاوەرەکان و جێگای دیاریان لێ بینا کردەوە، بە چاکترین شێواز نۆژەن کراوە، لە دیوی ژوریێ شورەکە نێوی خۆی پێوە ناون و ژماردومن نۆ شوێنە، بەڵام هی دیکە باس دەکەن کە بیست شوێنە، لە ناوەوەی شورەکەشەوە لە ناو شاردا ئەو شوێنانەی بینای کردەوە و نێوییان لەسەرە ژماردومن سی شوێنی زیاترە و لادێ و شتی دیکەی وەقفی شورەکە کرد، هەردوو گەرماوی عەقەبەی بیناکرد و کردیە وەقف لەسەر شورە، گەرماوی ئەلجەدیدی لە بیابانی شورجان لە لای کانیەکە بینا کرد و کردیە وەقف لەسەر شورەکە و ئیبن شلێن لەڕۆژانی میر ئەبی عەلی و ڕۆژانی مومەهەد کاروباری وەقفی گرتە دەست.

وتراوە: لەسەر دەستی ئەواندا پیاوێکی مەسیحی وەقفی گرتە دەست بەناوی ئیبن سلێتا لە ساڵی بیست و پێنج یا دەوروبەری، زۆر پارەی لە وەقف بۆ هات، کەناڵێکی

---

[1] – عەلی کوڕی حوسێن کوڕی موسا کوڕی محەمەد ئیبراهیم کوڕی موسای کازم کوڕی جەعفەری سادق کوڕی محەمەد باقر کوڕی عەلی زەینولعابدین کوڕی حوسێن کوڕی عەلی کوڕی ئەبی تالیب خوا لێی ڕازی بێت. شەریف ئەبوتالیب ئەلعەلەوی ئەلموسەوی. (النجوم الزاهرە – لە ڕووداوەکانی ساڵی ٤٣٦ ك / ١٠٤٥ز).

لە ڕەئسولعەینەوە[1] تا شار هەڵکەند، کە لە ژێر مزگەوتی ڕەئسولعەین هێنایە ناوەڕاستی شار لە لای ڕۆژهەڵاتیەوە، ئینجا ڕایکێشا بۆ تاوەری شاوە دەرەوازەی ئەلهوە تا گەیشتە ئەلفەسیل، ئینجا بۆ یەك لە دوو تاوەرەکانی دەروازەی قەلۆفحی ڕاکێشا و بردیە نێوی، لەلای ڕۆژهەڵات بەسەر شاردا دابەش کرا و پارەیەکی زۆری لە کەناڵەکە خەرج کرد و بە چاکترین شێوە کاری تێدا کرد، ئەمەش سێیەم کەناڵە هێنراوەتە نێو شار.

وتراوە: هەر سێکیان لە ڕەئسولعەینەوە هاتوون.

وتراوە: لە سەردەمی نەسرولدەولە لە شاردا پیاوماقولێکی لە پێش لە بازرگانەکان هەبوو، کە دەلال (سمسار) بوو بە ناوی ئەبوبەکر محەمەد کوڕی جەری، کە خاوەن پارە و پولێکی زۆر بوو. لە کانی حەنباس ڕا پڕۆژەی کەناڵێکی بۆ مزگەوت هەڵکەند، لەگەڵ هەندێك کانیاوی دیکە تێکەڵی کردو هێنایە لای ڕۆژئاوای شار، تا ڕایبەست و هێنایە کن شورەکە و بردیە بێستانی فەیسەڵ، هەتا کن شاری بڕی پەنجا هەزار دیناری لێ خەرج کرد، جا چووە لای میر مۆڵەتی ڕاکێشانی لێوەرگرت، شورەکەی کون کرد و بردیە ناو فەیسەڵ بۆ نێوانی هەر دوو شورەکە و درێژەی پێدا، ڕایکێشایە نێو شورە گەورەکە لە کن کانیەکە. بردیە نێو شار، ئینجا بۆ ناوەڕاستی شار و کۆڵانی قەتیل، لەوێ ڕا بۆ خانوی خۆی لە لای سەرەوەی گومبەزەکەوە پەڕاندیەوە، دڵۆپێکیشی بۆ خانوەکەی خۆی ڕانەکێشا، لە بازاڕی قوبە تەواوی کرد بۆ مزگەوت و نۆ بۆڕی بۆ ئاوهێنانی بۆ هەردوو شوێنی خاوێنکاری و گەرماوەکان و هی دیکە بەکار هێنا، بەم شێوەیە شار سودێکی تەواوی پێگەیی و خەڵکی میافارقین لە کۆندا تەنها ئاوی بیریان هەبووە، سەیفولدەولە کەناڵی یەکەمی بردە ناو کۆشکی کوڕانی حەمدان، پڕۆژەی کاری سێ کەناڵی دیکە لە سەردەمی نەسرولدەولە ئەنجام درا.

[1]- ڕەئسولعەین: شارێکی بەناوبانگە لەشارەکانی جەزیرە دەکەوێتە نێوانی حەڕان و نەسەیبین.

وتراوە: ئیبن جەری پارەیەکی زۆری لە کەناڵ سەرف کرد و پەڕاندیەوە بۆ دەروازەی خانوەکەی، ئەمەیان وەڕوودا ئەویش وتی: نەخێر بە خوا! تا خەڵك بڵێن ئەو کەناڵەی بۆ خانوەکەی و لە بۆ بەرژەوەندی خۆی هێناوە ! خوا ڕوحمی پێ بکا و لێی ڕازی بێت.

وتراوە: میافارقین لە ڕۆژانی نەسرولدەولە بوژایەوە، بازرگان و خەڵك لە هەموو لایەکەوە هاتنە شارەکەوە، خەڵك لە ڕۆژانی وی دەوڵەمەند بوون، ڕۆژانی چاکترین ڕۆژ بوون و دەوڵەتەکەی وەکو دەوڵەتان نەبوو، ئەویش لە ئەنجامی ئەم گۆڕانکاریانە[١].

وتراوە: پیاوێکی دەلاڵی لێ بوو بە ناوی ئیبن بەهات لە دادکار (عدول)ە پێشینەکان بوو، دەستی کرد بە کڕینی خامێکی زۆر لەو کاروانەی کە گەیشت، وا ڕێککەوت دەمی نێوەڕۆیێ کۆمەڵێك هاتن و داوای خامیان کردو و هەر ئەوێ ڕۆژێ پێی فرۆشتن و پارەکەی وەرگرت، کە نزیکەی (٥٠٠) دیناری ئەرمانۆسی[٢] قازانج کرد، نرخەکەی نەدا بە خاوەنەکانی، لێرەدا میر نەسرولدەولە گوێبیستی ئەمە بوو، بانگێشتی کردو ئەویش ئامادە بوو، پارەکەی هێنا، لەو بارەوە میر پرسیاری لێ کرد، ئەویش وتی: ئەمە ڕاستە، پارەکەی خستە بەردەمی، میر وتی: بە خوا بۆ ئەوە بانگم نەکردووی لێت بستێنم، بەڵام ویستم ڕاستی ئەم قسەیە بزانم، کە لە وڵاتی من کەسێك لە ڕۆژێکدا (٥٠٠) دیناری قازانج کردووە. ئیبن بەهات سوێندی خوارد، کە پارەکەی ناوێ، میریش سوێندی خوارد کە هیچی لێ هەڵناگرێ. وا ڕێککەوت کە دێیەك لە دێکانی ناحیەی قەڵای فەتراتا هێنرا بۆ سەر فرۆشتن، ئیبن بەهات کڕی و وقفی کرد

---

[١] – لێرە مەبەستی فارقی ئەوەیە کە دەوڵەتی نەسرولدەولە لە دەوڵەتانی تر بە هێزتر و سەقامگیرتر بووە و لەوانی تێ پەڕاندووە.

[٢] – لە دراوی ئیسلامی دینار بەو ناوە نییە بەڵکو دیناری بێزەنتی کە دەگەڕێتەوە بۆ ئیمپراتۆر ڕۆمانۆس یەك لە ئیمپراتۆرانی دەوڵەتی بێزەنتی لە بنەماڵەی باسیل و لە ساڵی ٣٥٢ ك / ٩٦٣ ز مردووە کە هاوچەرخیئیبن تەفح ئەخشیدی میسر بوو مامەڵە و گۆڕینەوەیان هەبوو، ئەمیش ناسرا بوو بە ئەرمانۆس. _صبح الاعشى للقلشندى ج ٧ ص ١٠).

لەسەر پاسەوانانی قەڵاكانی ئاكل و یەمانی و جاترە و قەڵاكانی ئامەد. دێیەكە ناوی بەنونوح[1] بوو لە زنجیرەی فەتراتا.

وتراوە: نەسرولدەولە ئەو قەڵا نوێیەی دروستكرد، كە لە كەوشەنی سەناسنەیە و پارەی خۆی لێ خەرج كرد و بووە بەربەست و لەمپەرێك بە ڕووی سەناسنە و بە بیناكردنی بەری هاتنە وڵاتیان لێگیرا.

وتراوە: هیچ كەسێك لە ڕۆژانی نەسرولدەولە ستەمی لە خەڵك نەكردووە، دەستی بەسەر ماڵ و موڵكی كەسدا نەگرتووە، تەنیا شێخ ئەبابەكر كوڕی جەڕا نەبێ، هۆیەكەش چونكە هاوڕێی فەرمانڕەوای سەناسنە بوو، یەك لە ناحەزانی هاتە لای میر و ڕایگەیاند: ئەمە خۆی لەگەڵ خاوەنی سەناسنە ڕێكخستووە و لەوانەیە وڵات بخاتە بن دەستی، بە سەر ماڵەكەیاندا دا و چەكێكی زۆریان تێدا دیتەوە، بەوە تاوانبار كرا و دەست بەسەر ماڵ و موڵكیدا گیرا، كە (٤٠٠) هەزار دینار دەبوو، میراتگرانی هەشتا هەزار دیناریان لە كەلوپەل و قوماش و هی دی جگە لە موڵك بۆ مایەوە. میر لێی خانە گومان بوو تا ئاوای بەسەردا هات، دەنا هیچ كەس نەیزانیوە نەسرولدەولە یەك تاقە درهەمی لە كەس ستاندبێ.

وتراوە: نەسرولدەولە (المصنع)ی لە باخچەی سەرۆك عەلی كوڕی مەنسور كوڕی كاك لە كن تاوەری عەلی كوڕی وەهب بینا كرد، هەڵیكەند تا ئاوی لێ وەدەرخست، بە چاكترین شێواز دروستی كرد و پارەیەكی زۆری لێ سەرف كرد، لەو بینایە مەحكەمتر نەبینرا بوو، ناسیح كافی لدەولە ئەبو نەسر محەمەد كوڕی محەمەد كوڕی جەهیر بیناكردنەكەی گرتە دەست. نەسرولدەولە لەگەڵ خەڵكی میافارقین باش بوو، سەردەمی وی وەك جێژنان بوو.

[1]– لە دەست نووسەكەدا وا هاتووە، بەڵام لە مارش "وب" بە "بنت نوح" هاتووە.

وتراوە: چوار[1] ژنی هەبوو لەوانە فەزلۆنە کچی فەزلۆن کوڕی مەنو چەهر خاوەنداری ئەڕان و ئەرمینیا، ئەلسەیدە کچی شەرەف لدەولە و ئەلفەرجیە و کچی سەنخاریب پاشای سەناسنە، کە ژنی میر ئەبی عەلی برای بوو. (٣٦٠) کەنیزەکی لەبەر دلانی هەبوو، تیایاندا کارەکەر بوو، نۆرەی هەر یەکێکیان لە ساڵێکدا تەنیا یەك جار دەهات. لە هەموو شەوێکدا بوکێکی نوێی هەبوو، ئەوەندە گۆرانیبێژ و سەماکەر و خزمەتکار و جۆرەها ڕابواردنی هەبووە، کە هیچ کەسێك لە سەرجەم پادشا و سوڵتانان ئەوەی پێ نەبڕاوە، هەر کە بیستبای کەنیزەیەکی جوان یا گۆانیبێژێکی دڵبەر هەیە، دەینارد بیکڕن و پارەی زۆری پێ دەدا، دووقات بەهای بۆ دادەنا.

پێڕەوی فەرمی ئاوا بوو، ڕۆژێك بۆ سەربازەکان دادەنیشت، لەگەڵیاندا دەیخوارد و دەیخواردەوە، تا شەوێ، جا خۆی تاق دەکردەوە، ڕۆژێك بۆ ئامۆزا و کوڕانی و خزمانی و کەسانی تایبەت بە خۆیەوە دادەنیشت و لەگەڵیاندا دەیخوارد و دەیخواردەوە تا شەوێ.

ئینجا دەهاتە کن گۆرانبێژ و سەماکەر و خۆشخوانان سەعاتێك دەما و جا بلاوەیان لێ دەکرد، میر لەگەڵ کەنیزەکەکانی دەماوە بۆ ڕۆژی سێیەمیش بە تەنیا لەسەر جێی خۆی دادەنیشت، لەم دانیشتنەدا تەنیا باسی وی دەکرا، خزمەتکار و کەنیزەك و ژن و کچەکانی ئامادە دەبوون و خواردن دەخۆن و سەما دەکەن، بەدرێژایی ڕۆژەکە تا شەوێ ئارەزوومەندانە گاڵتە و گەپ دەکەن، ئینجا ژن و کچەکانی دەڕۆن و ئەویش دەخوا و دەخواتەوە، کەنیزەك و کارەکەر لە خزمەتدان تا بەری بەیانی کە وەختی نوستن دێ، نۆرەی کێهەیان بێت لەگەڵ وی دەیگوزەرێنێ.

وتراوە: تەسرولدەولە هەر لە بەرەبەیانی زوودا سوار دەبێ و دەچێتە ڕاوێ، تا چێشتەنگاوێ دێتەوە و بۆ ماوەی سەعاتێك دادەنیشێت، وەزیر دەچووە کنی و

---

[1]– لە ب پەڕی ٥١ ب: "سێ ژنی هەبوو فەزلۆنیە کچی فەزلۆنی کوڕی مەنوجەهر، سەیدە کچی شەرەف لدەولە، کچی خاوەنی سەناسنە کوڕی سەنخاریب".

مۆڵەتی وی لەبارەی هەر کارێك کە پرس پێکردنی ویستبا وەردەگرت، ئینجا بۆ خواردن دادەنیشت، تا پێش عەسر پشووی دەدا، دوای ئەوەی کە نوێژی نێوەڕۆ و عەسری لە کاتی خۆیدا دەکردن، ئەوجا بۆ خواردن و خواردنەوە دادەنیشت تا سێیەکی شەوێ دەیخواردەوە، پاشان ئەوانەی لە کنی بوون هەڵدەستان و کەنیزەك و کارەکەران دەهاتن و تا سێیەکی کۆتایی شەوێ ڕادەشکا گۆرانیان بۆ دەگوت و ئەویش لەنێو خۆشی و بەزمی خۆیدا گەمەی لەگەڵ دەکردن و دەیخواردەوە، جا دەچووە جێی نوستنێ و خزمەتکارەکە تۆرەی کام لە کەنیزەکانی بایە بۆی دێنا و تا بەرەبەیانی لە کنی دەبوو، جا دادەنیشێت و دەچووە گەرماوێ و دەهاتە دەرێ و نوێژی بەیانی لە کاتی خۆیدا دەکرد.

وتراوە: بە درێژایی ویلایەتەکەی خۆی نوێژی بەیانی نەچووە، ڕۆژێکیان گۆرانیەکیان بۆی وت، کە لە هۆنراوەی ئەبی نوئاس[1] بوو سەرەتاکەی دەڵێت:

نووستنم بە خەوخۆشی بەخشیوە　　　کە بە تەنگ تەمەنی خۆمم
شەوگاری ڕەشم بەسەر بردووە　　　بە بەزم و خۆشی و شەرابەوە
تەمایەکم بە نووستنێ نییە　　　مەگەر تەنها وادەی سەرخۆشیم

وتراوە: میر حەکەیی بوو و پێی هاتە گۆرانی و گوتی: خودا چ گەوهەری هەیە! دەڵێی شیعرەکەی بە ئێمە هەڵلا گوتووە. لە دوای مردنی بە دەستە و پێوەندانی وترا: دەوڵەت و ویلایەتی نەسرولدەولە چەندی خایاند، بیستومە کە پەنجا و سێ ساڵ بوو؟ پیاوەکە پێی گوت: بۆچی نالێی سەد و شەش ساڵ شەوانی لە ڕۆژانی باشتر بوو.

---

[1] – ئەبوعەلی حەسەن کوڕی هانی کوڕی عەبدولئەوەل کوڕی سەباح ناسراو بە ئەبی نوئاس شاعیری بەناوبانگ. لەئەهواز لە دایك بووە و لە منداڵیەوە لەوێ گواستراوەتەوە تەمەنی دوو ساڵ بووە، دایکی ئەهوازیە و ناویشی حەلبانە، باوکیشی لەسەربازانی مەڕوان کوڕی محەمەد بوو دوا شاکانی نەوەی ئومەویە، خەڵکی دیمەشقە وساڵی ١٩٦ ك / ٨٠٨ ز یا ١٩٧ ك / ٨٠٩ ز یا ١٩٨ ك / ٨١٠ ز کۆچی دوایی کردووە لە بەغدا و لە گۆڕستانی شۆنزی نێژراوە. (ابن خلکان ح ١ ص ٣٧٣، الشعر والشعرا ح ٢ ص ٧٧٠).

وتـراوە: ئـەوەی کـە نەسرولدەولەی شـادومان کردبـوو دوای مردنیـشی، شـانازی دەوڵەت و کوڕەکانی بوو، ئەوەیە کە ئەلمەغریبی وەزیـری بـوو، کـە پێشتر وەزیـری ئەلحاکمی خەلیفەی میسر بوو. هەروەها لە وەزیرانی نەسرولدەولە ئیبن جـەهیر بـووە، ئەمیش لە پێشوتر وەزیری خەلیفە ئەلقائیم بیئەمریلا بووە. ئەوەندە کامەران بوو، کـە کەس وەك وی نەبووە لە کامەرانێتیدا. سوڵتان و پاشـاکان وڵات و نێویـان هـەبوو، کـە ئـەو وەك وان نـەبوو، بـەلام بـە قـەدوی خـوا پـێ داو و وەکـو وی شـادی و خۆشـگوزەرانیان دەسـت نەکـەوتووە، ئەوەنـدەی وی گـوزەرانی خـۆش و سـەروەت و سامان و وەچاخ ڕوونیان دەستگیر نەبووە.

وتراوە: ڕۆژێکیـان چـەند سـاڵێك لەمـەو بـەر ئەستێرەناسـێکی بـە توانـا لـە وڵاتـی هیندەوە هاتە لای و میر ڕێزی لێی نا و چاکەی لەگەڵ کرد، لەگەڵ میر دانیشت و چەند حوکمێکی بۆ ئەو و ماڵەوەی دا، بۆ بەڵگەی وتەکانی چەند شتێکی دیاری کردە بەڵگە، ئینجا پێی وت: ئەی میر پیاوێك کە تۆ چاکەت لەگەڵ کردووە، ڕێزت گرتـووە، خۆشـت ویستووە و پێشتخستووە دوای تۆ و پاش ماوەیەك لـە دەوڵەتەکـەت هەڵدەگەڕێتـەوە، دەسەلات لە ئێوە دەستێنێتەوە، ماڵ و وڵات دەگرێتـە دەسـت، دەبێتـە هـۆی ئـەوەی ئەم وڵاتە لە دەست ئـەم بنەماڵەیـە بچێت، ئەمـەش ماوەیـەکی درێژ ناخایـەنێت لێـی دەسێنرێتەوە. میریش ساتێك بیری کردەوە و سەری بۆ لای وەزیـر ئـیبن جـەهیر بـەرز کردەوە و وتی: ئەگەر ئەم وتەیە ڕاست بێت، ئەوا ئەم پیرەمێردەیە ! ! ئینجا ئەو پێـی وت: ئەی ئەبا نەسر! تو خوا ئەگەر دەسـەلاتت گرتـە دەسـت بیانهێڵـەوە ! زەوی مـاچ کرد و وتی: خوایە خوایە گەورەم من و شتی وا کوجا مەرحەبا ! ؟ ئیبن جەهیر ئەوەندە ئاگـاداری دەوڵـەتی بـەرەبانی مـەڕوانیان بـوو، کـەس وەکـو وی نـەبوو، لـە هـەموو خەزنەکان شارەزا بوو و چیان هەیە لـە گەنجینـە و پـارە و پـول و گەوهـەر و داهـاتی وڵات.

من لە بابم بیستومە – خوا لێی خۆشبێت – کە ئەویش لە زمان بابی خۆی – خوا لێی خۆشبێت – دەگێڕێتەوە، وەزیر ئیبن جەهیر پێی وتووە – کە لە خزمەتیدا بوو لە چاودێری حەسەنکێفا – : بە خوا لەو ڕۆژەوەی کە ئەستێرەناسەکە ئەو وتانەی بۆ نەسرولدەولە وتوە، بەردەستکردنی ولآت لە دەروونی مندا جێگیر بووە، ئەوەم لە دەروونداما تا سەردەمی میر مەنسوور کوڕی نیزامەدین کوڕی نەسرولدەولە، هەلێکم دۆزیەوە ئەوەی کە ئەستێرەناسەکەی وتبووی ڕاست دەرچوو، پشت بە خوا لە جێی خۆی باسی دەکەین.

وتراوە: لە ساڵی ٤٤٧ ك / ١٠٥٥ ز ئەلزەخیرە ئەبوعەباس محەمەد کوڕی ئەلقائیم بیئەمریلا کە هێشتا بابی مابوو، لە بەغدا کۆچی دوایی کرد، ئەوێ ڕۆژێ بوو کە توغرول بەگ چووە ناو بەغدا، لە دوای خۆی عەبدولآ ئەلموقتەدی بچووکی جێ هێشت، کە ئەلقائیم پەروەردەی کرد.

وتراوە: لە ساڵی ٤٤٩ك / ١٠٥٧ز عەدنان کوڕی شەریفی ئەلرەزی[1] کۆچی دوایی کرد. ئیبن ئەلموعەمەر بووە پێشەوای عەلەویەکان، کە لە کوڕانی زەید کوڕی عەلی بوو لە کوفە، پێشەوایەتیەکە لە ماڵی زیلمەجدەین[2] و کوڕی ئەو گوێزرایەوە و تا ئێستا لەو بنەماڵەیەدا ماوەتەوە، (تەنیا کوڕەکەی مابوو لەگەڵ چەند کوڕێکی کە لە بەغدا بوون بێ دەسەلآت و پلە و پایە).[3]

وتراوە: لە ساڵی ٤٤٩ ك / ١٠٥٧ وەزیر ئیبن جەهیر دادوەر ئەبا مەنسور محەمەد کوڕی شازان توسی لە دادوەرێتی میافارقینیان خست، قازی ئەبوقاسم عەلی کوڕی

---

[1] – ئەبو ئەحمەد عەدنان کوڕی ئەلرەزی لە نەوەی عەلی کوڕی ئەبی تالیبە، لە ناوەڕاستی جەمادی ئاخیرەی ساڵی ٤٣٠ ك / ١٠٣٩ز پێشەوایەتی وەرگرت بۆ ماوەی ١٢ ساڵ. تەمەنی گەیشتە ٤٩ ساڵ و شەش مانگ لە کۆشکی خەلآفەت بەڵێنەکەی بۆ خوێنرایەوە و ساڵی ٤٠٥ك / ز نازناوی ئەلرەزی پێدرا (عقد الجمان – ڕووداوەکانی ساڵی ٤٤٩ ك / ١٠٥٧ن).

[2] – شەریف زولمەجدەین ئەحمەدی موسەوی.

[3] – فارقی وای نووسیوە دەستەواژەیەکی ناڕۆشنە مامۆستای ساغکەرەوە هیچی لەبارەوە نەنووسیوە لەوانەیە مەبەستی کوڕەکانی عەدنان کوڕی شەریف ئەلرەزی بێ – وەرگێڕ.

قازی ئەبی عەلی کوڕی بەغلی ئامەدی لە شوێنی وی دانا، چونکە چاکەی قازی ئەبو عەلی لە چاویدا بوو، کە ئەوی هێنا بۆ وڵاتی دیاربەکر و بۆ مافی ئەو بە هەموو ڕوویەك و بە هەر هۆیەکەوە بۆی تێکۆشا. جا بە میری وت: ئەی سەردار! بزانە کە دادوەر لە ئامەد بە پارە و گفت و لفت و کردارانی بە جۆرێك خۆی ڕەپێش کردووە، کە هەموو خەڵکێك سەری بۆ دادەنوێنن، خەڵکیش تێکڕا گوێرایەلی فەرمان و داواکاری ئەون، تۆ باوەڕت نەکرد کە ئامەد لە ژێر دەستی ئیبن دەمنە بهێنیە دەرەوە، تا ئیبن ئەلبەغل بووە خاوەنداری، جا وتی: بیروبۆچوونت چییە؟ وتی: بیروبۆچوونم ئەوەیە کە بە دوای کوڕەکەی ئەودا بنێریت بێتە میافارقین، بیکەیە قازی ئێرە وەکو دەستەبەسەریش بێت، بابی بەمە دڵی ناڕەنجێ، بەم کارەش خۆمان دیاردەخەین، میر بە قسەی کرد و کوڕی قازی ئەبو عەلی کە ناوی ئەبوقاسم بوو هێنا و دادوەرێتی میافارقینی پێ بەخشی و قازی ئەبو عەلی باوکی و ئەبو حەسەنی برای و ئیبن ئەبی ئەیوب و ئیبن بەکرۆن و ئیبن عەقیلی وتاربێژ ئامادەی ڕێوڕەسمی ئەو بوون، کە ئەمانە لە گەورە پیاوانی خەڵکی ئامەدن، ئیبن عەقیل بەڵێنەکەی لە ڕۆژی هەینی لەسەر مینبەر لە میافارقین خوێندەوە، جا لە دادوەرێتی جێگیر بوو.

وتراوە: لە ساڵی ٤٥٠ ك / ١٠٥٨ قازی ئەبولتەیب محەمەد ئەلفەیفیە ئەلتەبەری[1] لە بەغدا لە تەمەنی سەد و دوو ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

وتراوە: لە ساڵی ٤٥١ ك / ١٠٥٩ ز نەسرولدەولە دەستی بەسەر قازی ئەبی عەلی کوڕی بەغل دا گرت لە میافارقین، پارەیەکی زۆری لێ ستاند، لە میافارقین لە بەندیخانە کۆچی دوایی کرد و بەرەو ئامەد بە ڕێ کرا و لە گومبەزی دەروازەی ڕۆم نێژرا، کوڕەکانی لە زیندان ئازاد کران، دادوەر ئەبو حەسەنی کوڕی گەڕایەوە ئامەد و

1– تامیر کوڕی عەبدولا کوڕی تامیر لە خۆراسان و عێراق لە زانستی فیقهی خوێندووە، دادوەرێتی لەکەرخدا کردووە، لە تەبەرستان لە ساڵی ٣٤٨ گ / لە دایك بووە. (ابن خلكان ح ٣ ص ١٩٩، شذرات الذهب، ابن الاثير، المنتظم، النجوم الزاهره، عقد الجمان – لە ڕووداوەکانی ساڵی ٤٥٠ ك /).

قازی ئەبو قاسمی کوڕی لە دادوەریّتی میافارقین مایەوە، تا نەسرولدەولە کۆچی دوایی کرد، کە بە ویستی خوا دێینە سەری.

وتراوە: نەسرولدەولە بۆ ماوەی پەنجا و سیّ ساڵان خاوەنداریتی وڵاتی کرد، لەو ماوەیەدا هیچ ترسێکی لە لایەن ترسێنەران و دوژمنانیەوە ڕێنەنیشتووە، هەر بۆ ڕۆژێکیش دڵی بەوەوە گیرۆدە نەبوو، تەنیا جارێك لە لایەن (بۆ قاوتاسغلی)[1]، باسمان کردووە، کە چیان بەسەر هات و لێیان قوتار بوو، هەرچی پێیان بوو بیّ جەنگ و کوشتار لێی بە تالاّن بردن، نێوی خۆی لە کن خەلیفە و پادشایانی دی کردبوو، کەس وەك ئەو لە خۆشیدانە بووە. ڕاستە پادشایانی دیکە لەویان زێتر هەبووە، پانتایی زیاتر لە وڵاتییان هەبووە و پارەی زیاتریشیان چنگ کەوتووە، بەلاّم وەك وی لە خۆشیدا نەبوون، کەس حاڵ و گوزەرانی هاوتای وی نەبووە، هەروەکو باسمان کرد.

وتراوە: تا ٢٩ی شەواڵی ساڵی ٤٥٣ ك / ١٠٦١ ز لە پاشایەتیدا مایەوە و کۆچی دوایی کرد، خوا لێی خۆشبێت. شەشی تشرینی دووەم بوو ئامادەکرا و لە مزگەوتی ئەلمەحدەسە نێژرا، وتراوە: لە کۆشکی ئەلسەدەلی[2] نێژراوە تا کچەکەی ست ئەلمەلیك ئەو گومبەزەی کە بەناوی خۆیانەوە ناسراو لە ساڵی ٤٥٦ ك / ١٠٦٤ ز دابین کردو و کە لە گۆڕەپانەکە بە تەنیشت مزگەوتی ئەلمەحدەسەوە بوو گوازیتەوە بۆ ویّ.

وتراوە: کە نەسرولدەولە کۆچی دوایی کرد. وەزارەت لە ژێر دەستی وەزیر ئیبن جەهیردا بوو، وڵاتی ڕێکخست و بە شێوەیەکی زۆر سیاسیانە کاروباری بەڕێوە برد. میر لە پێشتر بەڵێنی دابوو کە کوڕەکەی میر نیزامەدین ئەبی لقاسم نەسر جێی بگرێتەوە، براکەی میر سەعید میری گەورە بوو دوای میر ئەبی حەسەن کە لە ئامەد بوو لەویّ کۆچی دوایی کرد و وەجاخ کوێر بوو. ئەوە بزانە.

1– لەو بارەوە بگەڕێوە لاپەڕە ( ).

2– ئەلسەدەلی: گومبەزێکە لەکۆشك لەسەر سیّ پایە وەستاوە، زاراوەیەکی عەجەمییە ماناکەی سیّ پایەیە.

باسی فەرمانڕەوایەتی میر نیزامەدین

وتراوە: کە میر کۆچی دوایی کرد، وەزیر لە کنی بوو، وەزیر سەرداری سەربازانی بە دوای میر نیزامەدیندا نارد و لە خانوەکەی لە شاردا هێنای و وەزیریش بەرەو کۆشك سەری خست و خاکی لەبەردەمیدا ماچ کرد، بۆ میرایەتی دواندی و سڵاوی میرنشینایەتی لێکرد و لە هەمان کاتدا سەرەخۆشی مردنی باوکی لێکرد، لەسەر تەختەکە داینیشاند، خەڵك لە میران و ئامۆزایان و دادوەران و گەواهیدەران و زانایان و گەورە پیاوانی خەڵکی وڵات ئامادە بوون و سڵاوی وەرگرتنی پۆستی میرایەتیان پێشکەشی کرد، تا هەموو خەڵك بە تەواوی بۆی کۆبوونەوە.

وتراوە: ئینجا تەختەکەی جێ هێشت و لەسەر زەوی بێ ڕایەخ دانیشت، شاعیر و نزیکانی ئامادەی بوون و سروودیان گوت و سەرەخۆشی کۆچی دوایی باوکیان لێکرد. میر نێژرا و خەڵکیش بڵاوەیان لێکرد. نیزامەدین لە میرایەتی جێگیر بوو، لە ئامۆزای و برا و سەربازان و خەڵکی وڵات کەس ناکۆکی نەبوو، لە زیلقیعدە ساڵی ٤٥٣ ك / ١٠٦١ فەرمانڕەوایەتی گرتە دەست.

وتراوە: نەسروەلدەولە لە مەرگیدا بیست منداڵی نێرەوەزی زیاتر لە پاشی بەجێماوە.

وتراوە: نزیکەی چل و شتێك کوڕی هەبووە، کە گەورەکەیان میر ئەبو حەسەن بوو لە ئامەد و وەجاخ کوێر بوو، دوای ئەو میر سەعید کە لە ژیانی خۆیدا ست عەزیزە کچی زەنکی کوڕی ئاوانی خاوەنداری حەڕان و ڕەهای بۆ خواست و میرعیسکۆ و ست

ئەلناسی لێ بوو. دوای وی میر ئەبوقاسم نەسر کە بە ناوی ئەوەوە – واتە نەسرولدەولە – ناسرابوو ، کە بابایەکی ژیر و بە تەکبیر و ڕا و بە توانا بوو، کە لەبەر ئاقڵی و خاوەن ڕایی بابی کردبوویە جێگرەوەی خۆی. کوڕانی تریشی هەبوو. باس لەوانە دەکەین کە منداڵیان دەسەڵاتیان بووە و تا ئێستا نەوەیان ماون و بە بنەچە لە نەسرولدەولەن. ئەو کوڕانەی وەچاخ ڕوون نەبوون پێویست ناکا باسیان بکەین و لە دوای خۆی سێ کچی جێهێشتووە، گەورەکەیان ست ئەلمەلیك کە مێردی نەکردووە، کە ئەمە بوو لە ساڵی ٤٥٦ ك / ١٠٦٤ ز گومبەزەکەی دروست کرد. دوای وی زوبێدەیە، کە هاوسەری ئەبی فەوارس ئەحمەد کوڕی شیل کوڕی ئیبراهیم بوو، کە خاوەنداری ئەرزەن بوو، ئینجا زەینەب کە ئامۆزاکەی ئەلرەئیس موسكاك کوڕی محەمەد کوڕی کاك هێنای و کۆمەڵێك منداڵی لێبوو.

وتراوە: بەڵام ئامۆزاکانی میر ئەوانیش کۆمەڵێك بوون، لەوانە ئەلرەئیس موسكاك کوڕی محەمەد کوڕی کاك و ئەلرەئیس ئەفشین کوڕی کاك، میر مەرزەبان کوڕی داود کوڕی کاك. لە سەردەمی نەسرولدەولە کەس لافی میرایەتی لێنەداوە تەنها میر و کوڕانی خۆی نەبێت، لەناو ئامۆزاکانی بە تەنیا میر مەرزەبان کەسایەتیەکی توند و بە توانا بوو، لە کن میر ڕێزی خۆی هەبوو، کچی ئامۆزاکەی ئەلرەئیس عەلی کوڕی مەنسور کوڕی کاکی بۆ خواست کە ناوی هیند بوو.

وتراوە: نیزامەدین لە میرایەتی لە دوای باوکی ماوەیەك جێگیر بوو، جا میر سەعید لەگەڵی تێکدا وچووە دەرباری سوڵتان توغرولبەگ و شکایەتی خستە بەردەمی وی، ئەویش میرێك لە میران و پێنج هەزار سوارە و سوپایەکی گەورەی لەگەڵ نارد، گەیشتە وڵات و لە دەرەوەی میافارقین لە ساڵی ٤٥٥ ك / ١٠٦٣ ز جێگیر بوو، دەستی بە هێرشبردن کرد، وەزیر ئیبن جەهیر بۆ بینینی چووە دەرەوە و لەگەڵی دوا، وتی: لە بن هێنانی ئەم بنەماڵە لە ترسی تۆ و بە دەستی تۆ نابێت، بڕیاری دا پارە و زەوی زۆری بۆ ببڕدرێتەوە، ئەمیشیان ڕازی بوو. نیزامەدین بۆ ئەو میرە پەنجا هەزار دیناری

هێنا و جا گەڕانەوە و میر سەعید لەگەڵ براکەی لەلایەکدا مایەوە و ڕێزێکی زۆری لێ دەنرا.

وتراوە: لە ساڵی ٤٥٥ ك / ١٦٠٣ ز خەلیفە ئەلقائیم بیئەمریلا ناردیە کن میر نیزامەدین داوای کرد، وەزیر ئیبن جەهیر بێت بۆ ئەوەی بیکا بە وەزیر، نیزامەدین لەگەڵ وشتر و جوانکاری و کەلوپەلی نایاب و دیاری ناوازەدا ناردی، چاکترین و جوانترین جلوبەرگی پۆشی و بە ڕێکەوت کە گیشتە بەغدا کردیە وەزیر و نازناوی موئەیەدەدین فەخردەولەی پێ بەخشرا، گەیشتە بەرزترین پلە و پایە. بەرەبابی مەڕوانان شانازیان دەکرد و دەیانوت: وەزیر مەغریبی وەزیری ئێمە بوو، وەزیری ئەلحاکم خەلیفەی میسر و وەزیری خەلیفەی بەغدائێیە.

وتراوە: پایە بڵند ئەبو فەزل ئیبراهیم کوڕی عەبدولکەریم کوڕی ئەبناری هاتە میافارقین، کە لە ویلایەتی شەرەفلدەوە قەراوشدا سەرکار بوو لێی جیا بۆوە و هاتە لای نیزامەدین و ماوەیەك لە لای ئەو مایەوە، کە وەزیر فەخرولدەلە بۆ لای خەلیفە ڕۆیشت، نیزامەدین شەرفلدەولەی کردە وەزیر و جیگیر بوو، کە خودان بۆچوون و دانایی و کارامەیی بوو.

وتراوە: لە ساڵی ٤٥٥ ك / ١٠٦٣ ز دادوەر ئەبو حەسەنی ئامەدی لە دادوەرێتی میافارقین لابردرا، کە لە ماڵە گەورە و پێشەواکان بوو، پیاوێکی مەزن و دڵاوابوو، پارەیەکی زۆر و موڵك و ماڵێکی زۆریشی هەبوو، نێوانی ئەو و ئیبن جەرا دوژمنداری هەبوو، چووە میسر لەوێ مایەوە، نەگەڕایەوە میافارقین، تا ئیبن جەرا کۆچی دوایی کرد هاتەوە، تا ئەو ماوەیە، دادوەرێتی وەرگرت، خاوەن بۆچوون و ژیری و سیاسەت بوو.

وتراوە: لە مانگی ڕەبیعولئەوەلی ساڵی ٤٥٨ك / ١٠٦٦ ز میرێك لەلایەن سوڵتانەوە گەیشتە وڵات بەناوی سالار خوراسان لەگەڵ پێنج هەزار سوارەی سوڵتان توغرول بەگ هاتە دیاربەکر، دەرەوەی شاری میافارقینی تاڵان کرد و هێرشی کردو لە دەروازەی

ئەلهەوە دابەزی و دەرگاکانی شار داخران، ماوەیەك مایەوە وەزیر بە نەرمی دۆخەکەی لەگەڵ چاککرد و بەوەی کە ٣٠٠ هەزار دیناری بۆ ببات و بڕۆن. جا لەسەر ئەوە سوێندی بۆ خوارد. ئەویش ملی دا و میر حەسەن کوڕی نەسرولدەولە بە بارمتە دانرا، جا سوار بوو بۆوەی لە دەروازەی ئەلهەوە بچێتە نێو شار، کە نزیك بوو پەشیمان بۆوە — واتە سالاری خوراسان — خانە گومان بوو، زانی چیان لێ دەوێ. بۆیە ویستی بگەڕێتەوە وەزیر بە ڕوخساریدا ئەوەی زانی و وتی میر فەزلون و میر مامك هەر دوو برای میر بێنن و ناردنی بۆ سەربازگەی — میرەکە — ئەمیش بەوە دڵی چا بوو و چووە ناو شار، کە چووە ناو کۆشك کۆمەڵێك سەربازی خۆی لەگەڵ بوون، لە جێیەك دانیشت. وەزیر لەگەڵ میر کۆبۆوە و وتی: چۆنت پێ چاکە؟ ئەویش وتی: براکانم لە لای وان گل دراونەوە؟ وەزیر وتی: براکانت دوژمنتن، دیاربەکر و ولاتیان پێ دەکڕیەوە، میر وتی: لەسەر چی لەگەڵی پێك هاتبووین دەیدەینێ و دەڕوا، وەزیر وتی: سبەینێ یەکی دی دێ! دوایی یەکی دیکە! دەرگایەکت پێدا دەکرێتەوە ناتوانی قەت پێوەی دەی. جا لێی جیا بۆوە و گرتی.— میرەکە — پێی گوتن: غەدرتان کرد؟ وتیان: بەڵێ. وتی: هیچ خودایەك نییە جگە لە ئەڵلا کە دوژمنەکانی بە دوژمنەکانی دەگرێ. کە گرتیان سوپا وەدەرکەوت و خێوەتگایەکەی و هەرچی لێی بوو بە تالانیان بردن و کۆمەڵێکیان کوشتن. دوو براکەی میریان پەلکێش کردن و لە سەکۆی دەرەوەی دەروازەی ئەلهەوە لە ملیان دان، ئەوەی دیکەشیان لە کلکی جوانویەکی سرك بەستوو، گەیاندیە ترمین جوتیار ڕێك دەیگاتێ و ڕزگاری دەکا و دەیگەڕێنێتەوە بۆ شار، لەوێ تیمار کرا و چاك بۆوە و دوایی ژیا "پێم وابێ میر فەزلون بوو" سەرباز تالان کران و هەندێك دیل کران و هەندێکیش کوژران، دوای چەند ڕۆژان میر هاتە دەرێ و لەسەر سەکۆی دەروازەی ئەلهەوە ڕۆنیشت و سالار خۆراسان و یاوەرەکانی هێنران و لەوێ لە ملی هەموویان درا، لە ژێر گۆڕستانەکان لە جێیەك کە بە بیوت ناسراوە

فرێدرانە چاڵێوە، پاچکارەکان گڵیان بەسەردا کردن و شاردیانەوە. ئەو جێیە بە چاڵی سالار خۆراسان ناسراوە.

وتراوە: تەرمی میر حەسەنیان هێنا و لە پێش هەیوانی ڕۆژهەڵاتی مزگەوتی ئەلمەحدەسە لە دەری هەیکەل نێژرا، دەروازەیەکی بۆ لای گومبەزەکە بۆ کرایەوە. لە دوای خۆی دوو کوڕی جێهێشت ئەباسەعید و مەنکەلان، ئەبو سەعید تا ئەم کاتە[1] لە ژیاندایە، کوێر بوو لە بیمارستان ماوەیەك بە کوێری بینیم دواتر گوێزرایەوە بۆ کن میر تاج ئەلدەولە محەمەد کوڕی مەنسور کوڕی نیزامەدین.

وتراوە: لە ساڵی ٤٥٨ ك / ١٠٦٦ ز وەزیر ئەبو فەزل ئیبراهیم کوڕی ئەنباری کۆچی دوایی کرد، لە لای مەزارگەی عەلی نێژرا لە چیا لە خانویەکی درێژ کە بۆی دروستکرا لە ڕۆژئاوای مزگەوت. دوای ئەو ئەبو تاهیر سەلامەی کوڕی وەزارەتی گرتە دەست، کە ژیر و بەتوانا و خاوەن بۆچوونی خۆی بوو، بە نیزامەدین وتوا: ئەمە گەنج و لاوە، وەزارەتیش شیاو نییەتەنها بە خاوەنی بیرورا و ئیختیارانی تەبێ، کە دەوڵەتیان جەرباندووە. وتی: من پێی قایلم، دەبینین ئەمە چی لێ دەردەرچێت، نازناوی نا (عین الکفاة)، لە وەزارەتی خۆی ڕێکیخست و خەڵك و وڵاتی بە سیاسەتێکی زۆر باش بەڕێوە برد.

وتراوە: لە ساڵی ٤٥٥ ك / ١٠٦٣ ز سوڵتان توغرولبەگ لە ئەسفەهان کۆچی دوایی کرد، لە دوای خۆی برازاکەی سوڵتان ئەلب ئەرسەلان محەمەد کوڕی داود جێی گرتەوە، کە هەر لە ڕۆژی کۆچی دوایی سوڵتان توغرول بەگەوە بەرەو عێراق ڕۆیشت، لەگەڵ ئەلقائیم بیئەمریلا کۆبۆوە و ئەویش دانی بە سەڵتەنەتی ئەو نا و بڕیاری دەرکرد و وتاریشی بۆ خوێنرایەوە، پۆشاکی پێ بەخشی و لە فەرمانڕەوایەتی جێگیر بوو، بووە خاوەنداری هەموو موڵکەکانی مامی و لە شوێنی ئەو دانیشت.

1- واتە تا سەردەمی دانەر، کە سەدەی شەشەمی کۆچییە – وەرگێڕ –

وتراوە: لە ساڵی ٤٦٠ ک / ناکۆکی کەوتە نێوانی نیزامەدین و براکەی میر سەعید و لەکنی ئەما و چووە دەرباری سوڵتان.

وتراوە: لە ساڵی ٤٦٣ ک / پاشای ڕۆم[1] لە قوستەنتینیە وەدەرکەوت و گەیشتە مەنازگرد[2]، ئەلب ئەرسەلان گوێ بیستی ئەمە بوو، لە عێراق هاتە دەرێ و بەرەو دیاربەکر ملی ناو میر سەعیدی لەگەڵدا بوون لە (ئەلحەرشەفیە) لەسەر کەناری دیجلە دابەزی، خواجە نیزامولمولك چووە میافارقین، لەگەڵ میردا لە کۆشکدا کۆبۆوە و لەبارەی برایەکەی قسەی لەگەڵ کرد، کە چی درکاندووە لە لای سوڵتان، تێی گەیاند و ئەوەندە پارە و کەلوپەلی بۆ ئامادە کرد، کە کەم نەبوو، پێی وت: ڕام وایە بچیە کن سوڵتان چۆنت دەوێ ئاوا دەگەڕێیتەوە، ئەوەندە پارەی ئامادە کرد کە کەم نەبوو، شەو مایەوە بۆ بەیانی بڕیاری دەرچوونی دا، لێرەدا خوشکانی میر و هاوسەرەکەی[3] چوونە لای نیزامولمولك داوێنی خواجەیان گرت و وتیان: هانامان بۆ تۆ هێناوە، وتی: بە خوا من وەکو میرێك لە ئێوەی دەبەم، بەڵام وەکو سوڵتان دەیگەڕێنمەوە. ئینجا ڕۆیشت و لەگەڵ سوڵتاندا کۆبۆوە. ئەویش ڕێزی لێنا و ئەوەندەی پارە پێشکەش کرد، کە باس ناکرێ. خواجە بە سوڵتانی ڕاگەیاند، کە خوشکانی و هاوسەری میر چۆن دەستەوداوێنی بوون و ئەویش چی بۆ زامن کردوون دڵنیای کردۆتەوە. سوڵتان وتی: سوێندم بۆ سەعیدی برای خواردووە، نیزامولمولك وتی: من لەگەڵ ئەوەدا هیچم پێ ناکرێ بەڵام تۆ سوار بە بچۆ ڕاوێ هەرچی دەیکەم لێم گەڕێ، سوڵتان سوار بوو بۆ ڕاوێ خواجە هەڵوێستی نواند، بە گرتنی میر و تەسلیمکردنی بە براکەی، چووە لای

---

[1] – ناوی ئەرمانۆشە. بڕوانە (ابن الاثیر ح ١٠ ص ٤٤، مرآة الزمان – لە ڕووداوەکانی ساڵی ٤٦٤ ک / ﻫ ، عقد الجمان – لە ڕووداوەکانی ٤٦٣ك / ز، البنداری ص ٣٧)

[2] – مەنازگرد: شارێکی ناسراوی نێوانی خەلات و وڵاتی ڕۆمە دەکەوێتە ئەرمینیا، نزیکە لە ئەرزەن نێوانیان دوو ڕۆژ یا سێ ڕۆژ ڕێیە، نێوانی ئەو و بەدلیس نزیکەی ڕۆژێك و نیوە. (معجم البلدان ح ٤، ص ٦٤٨، تقویم البلدان ص ٣٩٥).

[3] – لە ب پەڕی ٦٣؟ و "مارش" پەڕی ٩١؟ داهاتووە کە ست عەزیزە و ست زوبێدە و ست زەینەب هاوسەری میر و خوشکانی چوونە دەرەوە بۆ ئەو.

خزمەتکارێکیان بەناوی بەشارە ئەلئەزرەق بۆ خێوەتەکە و سلاوی لێکرد و وتی: نەکەی! ئێستا هاتویتە لام! داوای لێبوردنی لێکرد، جا کۆتێکی دەرهێنا و وتی: پێیەکان درێژ کە ئەویش وای نەکرد و کەچی ڕایکێشا و کۆت و پێوەندی کرد، خرایە سەر ئێسترێك لە نێوان دوو لاباردا برایە هەتاخ لەوێ بەند کرا[1].

وتراوە: زۆبیدە خوشکی میر خەزێنەیەکی مەزنی بە ئەحمەدی کوڕی بەخشیبوو، وتی: لەگەل میر[2] دەربچۆ تێی نەگەیەنی کە چیت پێیە، تا دەبینی میر هەرچی پارەی پێیەتی تەخشان و پەخشانی دەکا و هیچی نامێنێ، لەو کاتەدا پارەکانی پێ نیشاندە و بیخە بن دەستی، وەختێك میر هەرچی پێیبوو هەمووی پەرت و بلاو کرد و هیچی نەما، دلی تەنگ بوو حالی ناخۆش بوو، جا میر ئەحمەد پارەکانی و هەرچی دایکی دایبوویێ خستیە بن دەستی میرەوە، بەمە میر لە تەنگانە دەرچوو، ئەمە لە چاکترین باردابوو، ئینجا سولتان پۆشاکی دایە و ڕێزی لێنا و گەڕاندیەوە، خواجە وتی: من پەیمانی ئەوەم بە نزیکانی تۆ داوە بتگەڕێنمەوە بە سولتان و تەنیا یەك سولتانمان هەیە، بەلام تۆ سولتانی میرانی و ئەم نازناوەی پێ بەخشی و گەڕایەوە میافارقین.

وتراوە: ئینجا سولتان گوێی لێ بوو پاشای ڕۆم گەڕایەوە، لە موسلێ دابەزی[3] و کۆمەلێکی زۆر لە خەلکی ئەخلات و مەنازگرد لە دوای ئەو دابەزین و پێیان ڕاگەیاند، کە پاشای ڕۆم هاتەوە ولات، سولتان گەڕایەوە بەرەو ئەرزەن و بەدلیس هەلکشا و دادوەری مەنازگردی لەگەلدا بوو، ئینجا گەیشتە خەلات و گرتی و چەند ڕۆژێك تیایدا مایەوە، جا پاشای ڕۆم هاتە ویلایەتی مەنازگرد، سولتانیش چووە دەرەوە، بە ڕێکەوت تا لە دەروازەی مەنازگرد دابەزی، لە نێوان هەردووکیان نامە گۆڕینەوە

---

[1]– لە (مرآة الزمان) دا هاتووە کە نیزالمولك بە دوای سەعید دا چوو کە لەپچەی کرد و بە ئێسترێك بەرەو هەتاخ بردرا و لەوێ زیندانی کرا.

شیاوی باسە دانەری (مرآة الزمان) لێرەدا لە فارقی وەرگرتووە.

[2]– واتە نیزامەدین.

[3]– واتە سولتان.

دەستی پێکرد، پاشای ڕۆم بیٚ، شومار خەڵکی لەگەڵ بوو. ئیبن ئەلمەحلەبان لە لای سوڵتانەوە چووە لای پاشای ڕۆم و ئەویش پرسیاری لەبارەی وڵات و بارودۆخەکەی لێکرد، وتی: پێم بڵێ کامەیان خۆشترە: ئەسفەهان یان هەمەدان؟ وتی: ئەسفەهان، وتی: پێمان گەیشتووە کە هەمەدان زۆر ساردە، وتی: بەڵێ تەواوە، پاشا وتی: زستان لە ئەسفەهان بەسەر دەبەیت، ئەسپ و ماین و گوێدرێژەکانیش لە هەمەدان. ئیبن ئەلمەحلەبان پێی وت: ئەمانە ڕاستە زستان لە هەمەدان بەسەر دەبەن، بەڵام بۆ تۆ نازانم. ئینجا لێی دوور کەوتەوە و لە سوپادا بۆ جەنگ بە یەك گەیشت. ڕۆم پۆلەکانی خۆیان لە (٣٠٠) هەزار سواردا ڕێکخست و سوڵتانیش کەمی خەڵك لەگەڵ بوو، چی وای نەمابوو بۆ دەست پێکردنی ڕۆژی هەینی بوو تا کاتێك کە سوڵتان نەیزانی بوو کە وتار بێژ لەسەر مینبەرەوە، کاتی هاتنە خوارەوەیەتی بە خەڵکی وت: هەڵمەت بەرن! هەموویان هێرشیان برد تەکبیریان لێ دا، سوڵتان وتی: ئەمە کاتی نزایە لەسەر هەموو مینبەرەکان بۆ سوپای موسڵمانان و خەڵکی تر لەسەر نزای خۆیان باوەڕدارین، بەڵکو ئەمە خوایە و نزای یەکیان گیرا دەبێت، ئینجا هەڵمەتیان برد و تەکبیریان لێدا و خوا سەرکەوتنی پێ بەخشین، پاشای ڕۆم شکستی هێنا، خەڵکێکی زۆری لێ کوژرا، دەستکەوتێکی زۆریان لە پارە و پول بە دەست هێنا، تەنانەت خەڵك بە بەرتیل زێڕ و زیوی بە تالان براویان دابەش دەکرد. خەڵکی ئەخلات و مەنازگرد ئەوەندە پارە و پولیان بە تالان برد، کە تا ئێستاش پێیەوە دەوڵەمەندن. ئەوان لەگەڵ سوپادا وەدەرکەوتبوون، خۆیان پتەو کرد و کوشتاریان کرد و تالانێکی زۆریان کرد، لەو ساڵەدا خەڵکی ئەخلات دەلەمەند بوون و پارەدار بوون. سوڵتان گەڕایەوە ئازەربێجان، لە ئەخلات و مەنازگرد فەرمانڕەوایەکی دانا، ئەم شوێنانە لە دەستی بەرەبابی مەڕوانیدا نەمان و لە بن دەستی سوڵتانە و زەوی لێ دادەبڕێ.

وتراوە: دواتر میر سەعید ناردیە کن نیزامەدینی برای و داوای لێکرد و شەکوای حاڵ و باری خۆی بۆ دەکات و زەوی پێ دەدا، وەزیر ئاماژە بەوە دەکا، کە

وەدەربنرێ و ئامەدی پێ ببەخشرێت و تیایدا بمێنێتەوە و جێگیر بێت، لە هەتاخ چووە دەرەوە بەرەو میافارقین، چاوی بە میر کەوت و گریان، لەگەڵیدا چووە ژووری تایبەت: چەند ڕۆژێك لەگەڵ یەکتر مانەوە و پێکەوە بوون لە سەر خواردن و خواردنەوە هەموویان پێکەوە شەویان دەگوزەراند.

شەوێکیان کە هەردووکیان نوستبوون، بەری بەیانی خزمەتکاری میر سەعید هەڵسایەوە و هاتە کن میر سەعید، کە نوستبوو و بێداری کردەوە، پێی وت: ئەوە چیتە؟ وتی: بڕوانە نیزامەدینی برات خەوتووە، ئەمە شمشێرتە لێی بدە! بیکوژە و وڵات بگرە دەست. پێی وت: ئەی فەروخ نەکەی! ئیبن عەجەب بەندەیەتی و وەفادارە، من کوڕی فەزلۆنیەم و ناپاك نیم؟ ئەمە هەرگیز نابێت، جا ساتێك نوست و میر لە خەوی هەستاند و بەیانی ساتێك دەم و دویان کرد، ئینجا هەستان و میر سەعید خۆی ئامادە کرد و بەرەو ئامەد بەڕێ کرا و خاوەنداریەتی کرد و ماوەیەك تێیدا مایەوە، بەڵام میر پەشیمان بۆوە لەوەی ئامەدی بە میر سەعید سپارد، کەنیزەیەکی دڵبەری کڕی و بۆ ماوەیەك لای مایەوە، ئینجا پێی وت: دەکرێ ببی بە هاوسەرم و وڵات بگریە دەست؟ وتی: چ بکەم؟ پێی وت: بزانە من دەمەوێ وەکو دیاریەك بۆ براکەمت بنێرم لە ئامەد، گەر ماوەیەك لە کنی مایتەوە، جارێکیان کە کاری خۆی لەگەڵ کردی دوایی ئەم دەسەسڕەی بدەیێ، بەمە قایل بوو، لەوی کە میر پێی گوتبوو تەماحی ڕێ نیشت[1].

---

[1]– لێرەدا چیرۆکەکە دەوەستێ لە پەڕی "أ" بەڵام سەرگوزشتەی ب پەڕی ٦٠ ب لەگەڵ (مرآة الزمان) لە ڕووداوەکانی ساڵی ٤٦٤ ك / ١٠٧٢ دەڵێن کە: کەنیزەکەی بۆ براکەی نارد پێی وت کە کڕیومە، ڕێکی و جوانیەکەیم بینی بۆ تۆم ڕەوانە کرد. کە گەیشتە میر سەعید زۆر پێوەی پابەند بوون بۆیە ئاگای لە خۆی نەما شەوێکیان جووت بوون کە لێی بۆوە دەسەسڕەکەی پێدا و دوای سێ ڕۆژ ئینجا مرد. نیزامەدین بەرەو ئامەد ڕۆیشت و بە دوای ست عەزیزەی دانارد و وتی: منداڵەکانت منداڵمن و من بۆ تۆم، ئەمیشیان ئامەدی بە ئەو بەخشی و کەنیزەکەشی کردە هاوسەری و لەگەڵیدا گەڕایەوە میافارقین و پلە و پایەکی بەڕێزی لای هەبوو.

وتراوە: سوڵتان کە پاشای ڕۆمی بەدیل گرتبوو، ئازادی کرد، جەنگەکە لە ساڵی ٤٦٣ ك / ١٠٧٠ ز بەرپا بوو.

وتراوە: لە ڕۆژانی ئەلقائیم ئەمبەشی یاخی بوو، کە (ئیقسیس) بوو لە چیادا لە هاوەڵانی سوڵتان بوون، لە شام دەرچوو، دیمەشق و ڕەملە و بەیتولمەقدس و هەموو کەنارەکانی گرتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، دەسەڵاتی عەباسیانی لەو وڵاتانە گێڕایەوە، هەر لە ساڵی ٤٧٣ك / ١٠٨٢ ز[1] ئەو ناوچانە لە بن دەستی دەسەڵاتدارانی میسر هاتە دەر. لە ساڵی ٤٦٥ ك / ١٠٧٣ ز میری سوپاکان لە میسر بە دیارکەوت و لە ساڵی ٤٦٣ ك / ١٠٧٠ ز مزەگەوتی دیمەشقی گرت و کاروباری بەڕێوە برد، بەڵام ڕاستیەکەی هەروەکو ئاماژەمان بۆ کرد، ئەمە لە ساڵی ٤٧٢ ك / ١٠٨١ ز دا ڕوویدا.

وتراوە: لە ساڵی ٤٦٦ ك / ١٠٧٤ ز[2] پێکداکانی شەرەف ئەلدەولە موسلیم کوڕی قورەیش لە دەروازەی لەگەڵ ئورتوق و هاوەڵانی سوڵتان ئەلب ئەرسەلان ڕوویدا، کە بۆ گرتنی دیار ڕەبیعە هاتبوون، هەموو عەرەب و سەربازانی دیار ڕەبیعە و دیاربەکر کۆبوونەوە، میر ئورتوق و سەربازانی سوڵتان هەڵمەتیان بۆ بردن، بەرەو ئامەد پەنایان برد و لە دەروازەکەیدا بە گژیاندا چوون، شەرەف ئەلدەولە و عەرەب شکستیان هێنا و ئورتوق و سەربازانی بەرەو عێراق گەڕانەوە، لە ساڵی ٤٦٨ك / ١٠٧٦ز[3] ڕۆژی هەینی دەی جەمادی یەکەم ئیمام ئەلقائیم بینەمریلا لە تەمەنی حەفتا و پێنج ساڵی و سێ مانگ و پازدە ڕۆژیدا کۆچی دوایی کرد، لەو کاتەی کە ئەلقائیم لە حەدیسە گەڕایەوە

---

[1]– لە (ابن الاثیر ح ١٠ ص ٤٦ و ٦٨) بە ئەتسزونیقسیس هاتووە، لە (النجوم الزاهرە ح ٥ ص ٨٧) بە ئەتسزو لە (مرآة الزمان) بە ئەتسرهاتووە. (بەڵام ڕاستیەکەی ئەتسزە – وەرگێڕ).

[2]– لە هەندێ سەرچاوەکان هاتووە ڕووداني جەنگی شەرەف ئەلدەولە و موسلیم کوڕی قورەیش لە دەروازەی ئامەد لەگەڵ میر ئورتوق و سوپاکەی سوڵتان لە ساڵی ٤٧٧ ك / ١٠٨٥ ز دابوو. بڕوانە (ابن الاپیر ح ١٠ ص ٨٦، مرآة الزمان، عقد الجمان).

[3]– کۆچی دوایی خەلیفە ئەلقائیم ساڵی ٤٦٧ك / ١٠٧٥ ز بوو، بڕوانە (النجوم الزاهرە ح ٥ ص ١٩٧ ن ١٩٨، ابن الاثیر ح ١٠ ص ٦٤، شذرات الذهب) المنتظم – ڕووداوەکانی ساڵی ٤٦٧ك / ١٠٧٥ ز – دانەر لە باسەکانی دواتری باس لەوە دەکات کە کۆچی دوایی کردنی لە ساڵی ٤٦٧ ك / دابوو ئەمەش بۆچوونی مێژوونووسانە.

بەغدا و لە جێگای خۆی خەوی بۆ نەدەهات و ڕێی بە کەس نەدەدا کە بەرچایی و خواردنەوەی بۆ بهێنن، خۆی خزمەتی خۆی دەکرد و لە خاکی خەلیفەکاندا نێژرا. ماوەی دەسەڵاتداریەکەی چل و سێ ساڵ[١] و پێنج مانگ و دە ڕۆژ بوو. پێشەوایەکی دادوەر و چاکەخواز و باوەڕدار و خواپەرست بوو، زۆر چاکەخواز و هێمنانە و دادوەرانە بوو، کە کچی سوڵتان ئەلب ئەرسەلانی کرد بە هاوسەری خۆی، تەنیا منداڵێکی هەبوو بەناوی ئەبو عەباس محەمەد، کە نازناوی ئەلزەخیرە بوو، یەکەم کەس بوو لە ئەنجامی ڕووداوەکانی بەساسیری لەگەڵ دایکی چووە دەرەوە، چوونە لای نەسرلدەولە، لە ئامەد مانەوە پاشان گەڕانەوە بەغدا، هەروەك باسی ئەم ڕووداوەمان کردووە، ئەم زەخیرە منداڵێکی هەبوو پەروەردە کرا هێشتا بابی لە ژیاندا مابوو، کە کۆچی دوایی کرد، منداڵەکەشی ناو نابوو عەبدولاّ و ئەلقائیم پەروەردەی کرد و گەورە بوو، کە ئەلقائیم کۆچی دوایی کرد، لەو کۆشکەدا تەنیا ئەم کوڕەی تیا بوو، نە لە برای و نە لە برازاکانی و نە لە مامەکانی و نە لە ئامۆزاکانی هیچ منداڵێکی لە ناو کۆشکدا نەبووە. خەڵکیش ڕێککەوتن لەسەر بەڵێن پێدانی و بەڵێنیان پێی دا و بە ئەبی قاسم ناسرا و نازناویشی بووە ئەلموقتەدی. خەڵکیش هەموو دانیان پێدانا، نوێژی لەسەر ئەلقائیمی باپیری کرد و جا بردیان و نێژرا. دوای ئەوەی کرایە خەلیفە پێش نوێژی عەسری لە ڕۆژی هەینی جەمادی یەکەمی[٢] ساڵی ٤٦٧ ك / ز بۆ خەڵك کرد.

وتراوە: لە سێزدەی شەعبانی ئەو ساڵە بەڵێنی پیێ دراوە، چونکە مەسەلەکە هەروا مایەوە تا سوڵتان لە خوراسانەوە گەیشت، هەردووکیان تەواون، چونکە خەڵکی بەغدا لە ڕۆژی کۆچی دوای باپیری بەڵێنیان پێدا. مایەوە تا سوڵتان گەیشتە بەغدا،

---

[1]– لەسەرچاوەکانی دیکە چل و چوار ساڵ خەلافەتی گرتە دەست. بڕوانە (الکامل فی التاریخ، البدایە و النهایە، المنتظم، النجوم الزاهرە، شذرات الذاهب).

[2]– ئەم ڕیوایەتە هاوتایە لەگەڵ (الکامل فی التاریخ، النجوم الزاهرە، شذرات الذهب، المنتظم)دا.

جا ئەو و هاوەڵانی بۆ جاری دووەم بەڵێنیان پێیدا و لە خەلافەت جێگیر بوو. ئەمڕۆ هەموو ئەوانەی لە کۆشکن لە وەچە و وەجاخی گەورە و بچووکی خەلیفە و کوڕانی ئەون، چونکە دوازدە کوڕی لە پاش بەجێ ماون، ئەلموستەزهیر خەلافەتی گرتە دەست، کە دوایی باسی دەکەین، ئەوانی دیکە لە کۆشك مانەوە و تا ئێستا منداڵیان لێ وەپاش کەوتوون، هەموو ئەوانەی ئەمڕۆ لە کۆشکن لە کوڕانی ئەلموقتەدەین، من کە لە ساڵی ٥٣٤ ك / ١١٣٩ ز چوومە بەغدا بە کوڕانی ڕاگەیشتم حەوت پیاوی مەزنن، لەوانە مەڕوان کە گەورەکەیان بوو، ئەمڕۆ خەڵکێکی زۆر لەوان کەوتۆتەوە.

وتراوە: لە ساڵی ٤٦٥ ك / ١٠٧٣ ز سوڵتان ئەلب ئەرسەلان[1] کوڕی داود کۆچی دوایی کردو لە ئەسفەهان نێژرا. دوای خۆی مەلیکشا بووە سوڵتان. لەوی دادپەروەرتر و بەخێرتر بەدی نەکراوە، خەڵکیش لە سەردەمی ویدا هەموو چاکەیەکیان دەستیگر بوو، وتراوە: سوڵتان ئەلب ئەرسەلان ساڵی ٤٦٦ ك / ١٠٧٤ ز یاخود لە شەست و حەوت کە هی یەکەم ڕاسترە، کۆچی دوایی کرد.

وتراوە: لە ساڵی ٤٦١ك / ١٠٦٩ سوڵتان نیزامەدین لە میافارقین چینی چوارەمی تاوەری پادشا (برج الملك)ی بەسەر پەرشتی قازی ئەبی نەسر هیبەتولاّ کوڕی جەرجور شاذی مەشریقی بینا کرد، پارەی خۆی لێ خەرج کرد.

وتراوە: لە ساڵی ٤٦٨ ك / ١٠٧٦ز دادوەر ئەبو نەسر کوڕی جەرجور لە میافارقین لە ناکاو کۆچی دوایی کرد. کۆمەڵێك لە خەڵکی میافارقین بۆ دادوەرێتی جێگرایەتیان کرد. لەوانە: ئیبن عامر، ئیبن زێدان، کوڕانی قازی ئەبی عەلی کوڕی بەغل، چاودێری کاروباری وەقفی بە کوڕی بەغل سپاردبوو، وەزیر ئەبو تاهیر کوڕی ئەنباری گرنگی بە ئەبی بەکر محەمەد کوڕی سەدەقە دا و ڕێزی لێدەنا، کە فیقهزان و زانا بوو یەکێك بوو

---

[1] – سەرچاوەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئەلب ئەرسەلان کوڕی میر داودە و برای سوڵتان توغرولبەگە، لە ساڵی ٤٦٥ ك / ١٠٧٣ ز کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە (ابن الاپیر ج ١٠ ص ٥٠، ابن خلکان ج ٤ ص ١٦٠، البدایە و النهایە، مرآة الزمان، المنتظم، شذرات الذهب، النجوم الزاهرە، ج ٥ ص ٩٢).

لە هاوەڵانی کازرۆنی فیقهـزان، قـازی ئـەبی بـەکر لـە کن قـازی ئـەبی مەنـسور کـوڕی شازانی توسی خوێندویـەتی و جێگری لـە جیـاتی قـازی ئـەبی نەسـر کـوڕی جـەرجور دەکرد و هەر ئەویش سەرەڕای مەیلی خەڵکی بۆی کردی بە قازی، چـونکە جێگرایـەتی بۆ قازی ناوبراو کردبوو شارەزایی خەڵکی بوو، وەزیر چاودێری کـرد و متمانـەی پێـدا. کەسـێکی هەڵکەوتـە و لـە نێـو پیاوانـدا زانـای لـێ دەرچـوو، چـۆتە لای سـوڵتان و موشەتەبی[1] مامۆستای ئەسفەهان بووە، ئامادەی دیوانی خەلافەت بوو. بە ویستی خوا دواتر لە بارەیەوە دەدوێین. دادوەر ئەبو حەسەن کوڕی بەغل بەسەر کاروباری وەقف و شورەوە دانرا، دروسـتکردنی دواتـاوەرە بـچووکە کـە لـە سـەردەمی نیزامەدینـدا لـە ئەسـتۆی ویـدا بـوو، کـە هـەر دووکیـان لـەناو دەروازەی شـارن، ئاوێنـە و ڕوانگـەیان لەسەرە، نێوی قازی لە مزگەوتێ بەسەر پاکگـای (طهـارة) ئاسـنگەرانەوەیە، ماوەیـەك مایەوە، گەڕایەوە بۆ ئامەد.

وتراوە: لە ساڵی ٤٧١ ك / ١٠٧٩ز[2] ئەقسیس (ئەتـسز) دیمەشـقی لـە ژێـر دەسـتی میسریەکان هێنا دەر و نیزامەدین لە میرایەتی مایەوە، پاشایەکی دادپەروەر بوو، نەرم و نیان بوو، ژیاننامەیەکی پاکی هەبوو، زۆری چاکەی لەگەڵ خـەڵك دەکـرد، میافـارقین لە سەردەمی ویدا بە چاکترین شیوە بوژایەوە، خـەڵکیش لـە سـایەی حوکمیـدا خێـر و بەرەکەتیان پێ برا. چاودێری گوزەرانی خەڵکی دەکرد و پرسیاری بـاری ژیانیـانی لـێ دەکردن، لەوانەی دەپرسی کە دیـار نـەبوون، قـەت میافـارقین ئەوەنـدە بـە ئـاوەدانی نـەبینرابوو وەکـو سـەردەمی نیزامـەدین، لـەو سـەردەمەدا کـەس لـە خـەڵکی وێ

---

[1]– موشەتەب کوڕی محەمەد کوڕی ئەوسامە کوڕی زەید ئـەلنوعمان ئەلغـەفاری ئـەبولموزەرەر لـە بنەچـەدا لـە خـەڵکی ئەودیوی ڕووبارە لە ساڵی ٤١٤ ك / لە دایك بـووە، لـە فـەرغان فیقهـی خوێنـدەوە تـا بووەتـە فیقهـزان، لـە ئەسـفەهان و بوخارا و ڕەی گوێ بیستی فەرمانیشت بوو. چەند جارێك هاتۆتە بەغـدا و فەرمایـشتی خوێنـدووە. (ابـن النجـار) دەڵێـت: بەهاوڕێیەتی وەزیر نیزامولمولك هاتووە چاوی بە پێشەواکانی کەوتووە و لێدوان و گفتوگۆ دروسـت بـووە. (ابـن الاثـیر) دەڵێت: لە ساڵی ٤٨٦ك / کۆچی دوایی کردووە و لە تەنیشت پێشەوا ئەبو حەنیفە نێژراوە.

[2]– لە پێشتریش باسمان کرد کە سەرچاوەکانی دیکە وتویانە کە گرتنی دیمەشق لە ساڵی ٤٦٨ ك بووە.

دەوڵەمەندتر نەبووە، چەند شوێنی لە شورەی میافارقین و شورەی ئامەدی هەڵچنی و بڵند کرد، نێوی بە شوێنەکانەوە لە دەرێ و ناویدا هەیە و و پردێکی لەسەر دیجلە لە ڕۆژهەڵاتی ئامەد لە ژێر تاشەبەردەکە و دەروازەی گرد دروست کرد، لە پارەی خۆی تێدا سەرف کرد، کە بە چاودێری وەزیر ئەبوفەزل ئیبراهیم کوڕی ئەنباری بوو لە ساڵی ٤٧٢ ك / ١٠٨٠.

وتراوە: لە ساڵی ٤٧٢ ك / ١٠٨٠ شکستی شەرەف ئەلدەولە بوو لە دەروازەی ئامەد، کە میر بەدرانی لەگەڵ بوو لە بەرامبەر میر ئەرتەق. پێشتر باسی ئەم ڕووداوەمان کردووە لە ساڵی شەست و شەش.

وتراوە: میر تا زیلحیجەی ساڵی ٤٧٢ ك / ١٠٨٠ ز ژیاو ویلایەتەکی دوازدە ساڵ[1] و چەند مانگێك بوو، ئەبو تاهیر سەلامە کوڕی ئەنباری کاروباری وڵاتی ڕێکخست، کوڕە گەورەکەی ناسرئەلدەولە ئەبو موزەفەر مەنسوری وەلی عەهدی هێنا و زانا و ئەستێرەناسەکان ئامادە بوون. پیاوێکی ئەستێرەناس لە بەتواناترین زانایانی ئەستێرەناسی بەناوی ئیبن عیسون خەڵکی بەغدا بوو هاتە خزمەتی نیزامەدین، بەختی گرتەوە وای بینی کە تا پاشی سێ ڕۆژان میر لە میرنشینیتی دانامەزرێ، میر شۆراو کفن کرا و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە تابوتەکەدا بەجێهێڵدرا و نەنێژرا. وتراوە: مشك چاوەکانیان کۆڵی بوو، کە ڕۆژی چوارەم هات میر ناسرولدەولە ئامادە بوو لەسەر تەخت دانیشت و سڵاوی میرایەتیان لێکرد، مام و ئامۆزایانی وماڵباتی خۆیان و لێپرسراوانی دەوڵەت ئامادە بوون و وتاری میرایەتی بۆ خوێنرایەوە، لەو کاتەی بە پادشا ناوزەد کرا.

---

[1]– بەم شێوەیە لە بنەڕەتدا هاتووە، بەڵام لە پەڕی ب بەڕی ٦٥؟ و مارش پەڕی ٩٢؟ داهاتووە کە ویلایەتەکەی سێ ساڵ و چەند مانگێکە، کە ئەمەش هەڵەیە، چونکە زانراوە کە نیزامەدین کوڕی نەسرولدەولە لە دوای کۆچی دوایی باوکی لە زیلقیعدەی ساڵی ٤٥٣ك / ١٠٦١ ویلایەتی کردووە، لە زیلحیجەی ساڵی ٤٧٢ ك / ١٠٨٠ کۆچی دوایی کردووە، بەم جۆرە ماوەی ویلایەتەکەی ١٩ ساڵ و مانگێکە.

باسی ویلایەتی میر ناسرولدەولە مەنسور

(خوای گەورە لێی خۆشبێت)

وتراوە: دادوەر و گەواهیدە و زانا و پیاوماقول و گەورە پیاوانی وڵات و قورئان خوێنان ئامادە بوون و شاعیران هۆنراوەی پیرۆزبایی و دەسەڵاتیان بۆ گووت، پاشان میر هەستا چووە ژووری تایبەت، وەزیر و ئەندامانی بنەماڵەی میر چوونە ژوورەوە و میر کاتژمێرێك مایەوە، جا وەزیر هاتە دەرەوە جلەکانی دڕابوو، مێزەرەکەی هەڵوەشابوو، میریش هاتە دەرەوە و بەرگی گۆڕی بوو لەسەر عەرزێ دانیشت و بەرگی ماتەمینی پۆشی، خەڵك و قورئان خوێن و شاعیران خڕبوونەوە و شیعری لاوانەوەیان دەهۆنیەوە. ئەوێ ڕۆژی شێخی خواپەرست ئیبن خەلەف کۆچی دوایی کردووە، مزگەوتەکەشی لە بن دەروازەی کۆشکە، لە گەورەپیاوانی شاربوو، خۆی بۆ پەرستنی خوا یەکلاکردبۆوە، میر وای دانا بێتە کۆشك، جا نوێژی لەسەر ئەو و نیزامەدین کرد و هەر دوو جەنازەکە لە دەروازەی ئەلهەوەوە بەڕێکران.

وتراوە: میر لە تەنیشت نەسرولدەولەی باوکی لە خوار گۆڕەپانەکە نێژرا. وتراوە: هاتنە ژوورەوەی جەنازەکە بۆ کۆشك لەسەر ناسرولدەولە پیرۆز نەبوو، ئەو منداڵانەی نیزامەدین دوای خۆی بەجێی هێشتبوون: ناسرولدەولە وەلی عەهد مەنسور، میر بەهرام، میر ئەحمەد کە بچووك بوو، خاتوو فاتە کە مێردەکەی میر موجاهید ئەبی

قاسم هیبەتولاّ کوڕی موسەك بوو، بەدلیسی[1] لە لایەن میرەوە بۆ برا بۆوە، بەلاّم پێش گواستنەوەی هاوسەرەکەی میر موجاهید کۆچی دوایی کرد. دوای وی براکەی ڕەئیس ئەبو عەبدولاّ محەمەد کوڕی موسەك خاتوو فاتەی هێنا و ماوەیەك لای مایەو و کۆچی دوایی کرد.

وتراوە: کە ڕەئیس ئەبو عەبدولاّ دەرمان داوی کردەوە.

وتراوە: ئیبن عیسۆنی ئەستێرەناس لە ساڵی ٤٦٣ك /١٠٧٢ ز لە خزمەتی نیزامەدین بوو، کە ئامادەی کۆڕی دانیشتنی میر دەبوو. وا ڕێککەوت لە ڕۆژانێك یا شەوانێك لە لای میر لە (المنتظرة المعتيقة) دەیخواردەوە، چوو دەرەوە سەیرێکی شار و شورە پڕشنگدارەکەی کرد، مانگەشەو بوو، تەماشایەکی ئاوەدانی و باخچەکان و خانوبەرەی شاری دەکرد، چاوی لە ئاوەدانی و باغ و باغاتی دڵگیری دەوروبەری شار دەکرد. گەڕایەوە کن میر و وتی: ئەی گەورەمان شارێکی چەند ڕێکە و چ بوژاندنەوەیەکی زۆری تێدایە! بەلاّم بە پێی ئەستێرەناسی لە دوای تۆ و ماڵباتی تۆ، خراپەکاری و ستەم و زۆرداری زیاتر لە هەشتا ساڵ باڵی بەسەردا دەکێشێ! خەڵك بەمە سەرسوڕماو بوون. ئەوەی کە وتی ڕاست دەرچوو، چونکە لە دوای مردنی نیزامەدین کە ولاّت لە بن دەستی ناسرولدەولە چووە دەرێ، کەوتە دەست تورك، دەسەلاّتداران گۆڕان، ستەم و زۆرداری و خراپەکاری لەوێ بالاّ بوو، خەڵکەکە بەو پێیەی ئەستێرەناسەکە دەری بڕیبوو، دەست تەنگ بوون، تا ئێستا بەدەیەکی سەردەمی نیزامەدینی لێ نەهاتۆتەوە.

---

[1]- بەدلیس: شارێکی نزیك ناوچەی ئەرمینیایە دەکەوێتە نزیك خەلات و باغ و باغاتی زۆری هەیە. (معجم البلدان ج ٢ ص ٩٠).

وتراوە: لە ساڵی ٤٧٦ ك / ١٠٨٥ ز ئیبراهیم کوڕی یوسف شیرازی[1] کۆچی دوایی کرد – خوا لێی خۆش بێت – لە ساڵی ٤٧٢ ك / ١٠٨١ ز[2] تاجولدەولە تتش کوڕی ئەلب ئەرسەلان فەرمانڕەوایەتی گرتە دەست.

وتراوە: لە هەمان ساڵدا ناسرولدەولە لە فەرمانرەوایەتی و وەزیرزەعیم ئەلدەولە ئەبو تاهیر سەلامە کوڕی ئەنباری لە وەزارەت جێگر بوون، زەعیم ئەلدەولە عەمیدولمەلیك کاروباری وڵاتی بەڕێوە برد و بە چاکترین شێوە سیاسەتی قەڵەمڕەوی دەکرد. پیاوێکی پزیشك بەناوی ئەبو سالم لە کن میر پێگەی هەڵکشی و حانوتێکی لە بازاڕی عەتارەکان هەبوو (سوق العطاریین)، میر لە خۆی نزیك کردەوە و لە کنی گەیشتنە پایەکی بەرز، هاوسەرەکەشی فریحە کچی فەلەستین لە کن هاوسەری میر ست ئەلناس و پێش چوو، پزیشکەکە پلە و پایەی هەر بەرز دەبۆوە و گەورەتر دەبوو، تا میر وەزیر ئەبی تاهیر کوڕی ئەنباری گرت و خستیە زیندانێوە، جا هەموو کاروبارێکی بە ئەبو سالمی پزیشك سپارد و میر و هاوسەرەکەی و وڵات هەمووی کەوتە ژێر فەرمانی ئەبو سالم و ژنەکەی.

وتراوە: وەزیر فەخرولدەولە محەمەد کوڕی جەهیر کە وازی لە وەزارەتی نیزامەدین هێنابوو، بۆ ماوەیەك بووبووە وەزیری ئەلقائیم[3]، ئینجا لادرا گەیشتە خزمەتی سوڵتان

---

[1]– ئیبراهیم کوڕی عەلی یوسف ئەبو ئیسحاق فەیرۆز ئابادی شیرازی شافعی لە ساڵی ٣٩٣ك لە دایك بووە، پێشەوایەکی فیقهزان و زانا و لە خواترس بوو. (ابن خلکان ح ١ ص ٢٩، النجوم الزاهرە ح ٥ ص ١١٧).

[2]– لە (ابن الاثیر) لە ڕووداوەکانی ساڵی ٤٧١ ك / ١٠٧٩ ز هاتووە کە "لەم ساڵەدا تاجولدەولە تتش کوڕی ئەلب ئەرسەلان دیمەشقی گرتە دەست...) ئینجا دەڵێت: "حافز ئەبولقاسم کوڕی عەساکر دیمەشقی لە کتابی (تاریخ دمشق) دەڵێت ئەمە لە ساڵی ٤٧٢ ك / بووە".

لە (ابن خلکان ح ١ ص ٢٦٤) هاتووە کەتتش بەدیلی گرت و کوشتی و وڵاتەکەی گرتە دەست ئەویش لەساڵی ٤٧١ ك / ١٠٧٩ ز لە هەندێ مێژوویی دا دیتومەکە ئەمە ساڵی ٤٧٢ / ١٠٨١ ز بووە".

[3]– لە ساڵی ٤٥٤ ك / ١٠٦٢ بوو (ابن خلکان ح ٤ ص ٢١٢، ابن الاپیر ح ١٠ ص ١٤).

مەلیکشا[1]، دوای خۆی عەمیدولدەولە[2] ئەبو مەنسور محەمەد کوڕی جەهیری کوڕی وەزارەتی پێ سپێردرا، زوبێدەی کچی[3] خواجا بزرك نیزامولمولك حەسەن[4] کوڕی ئیسحاقی هێنابوو، عەمید ئەلدەولە بوو بە وەزیری موقتەدی بیلا و وەزیر فەخرولدەولە لە خزمەتی سوڵتاندا مایەوە، وەختێك بە دەستگیرکردنی وەزیر ئەبی تاهیر کوڕی ئەنباری و بەرزبوونەوەی پایەی ئەبی سالمی پزیشك و تێکچوون و لە گرێژەنەچوونی دەوڵەتی مەڕوانی زانی. لەگەڵ خواجا نیزامولمولك دواو باس و خواسی وڵات و موڵکداریەتیەکەی نەوەی مەڕوانی بۆ کرد و باسی گەنجینە و پارە و پول و گەوهەری وانی بۆ کرد، زامنی بۆ گرتنی وڵات و دەستکەوتی بێشوماری ئەوانی بۆ کرد، ئینجا خواجا لەگەڵ سوڵتان دوا و پێی وت: ئەم وڵاتە شێواوە، پارە و پولێکی بێ ژمار

---

[1]– جەلالدەولە ئەبولفەتح مەلیکشا کوڕی ئەلب ئەرسەلان محەمەد کوڕی داودی سەلجوقی. لە دوای مردنی باوکی بە وەسێتی وی لە ساڵی ٤٦٥ / ١٠٧٤ز، هەموو خاکی ئەو دیوی ڕووبار وخاکی هەیاتلەکان و بابولئەبواب و خاکی ڕۆم و جەزیرە و شامی فەرمانڕەوایەتی کرد، لە چاکترین پاشاکان بوو، نازناوی دادپەروەر (العادل) بوو. لە شەوالی ساڵی ٤٨٥ ك / ١٠٩٤ ز کۆچی دوایی کرد. لە تابوتەکەی بۆ ئەسفەهان بە ڕێکراو لەوێ نێژرا (ابن خلکان ح ٤ ص ٣٧٠، النجوم الزاهرە ح ٥ ص ١٣٤).

[2]– وەزیر محەمەد کوڕی محەمەد کوڕی جەهیر، ئەلساحب شەرەفەدین عەمید ئەلدەولە، کابرایەك بوو لە کارو کردەوە بە تەگبیر، زیرەك، ئازا بوو، وەزارەتی بۆ خەلیفە ئەلقائیم گرتە دەست و دوای ئەویش بۆ ئەلموقتەدی، ئەبێ شوجاع لایدا، ئینجا ئەلموستەزهیر هێنایەوە و بۆ ماوەی (٨) ساڵا وڵاتی بەڕێوە برد، لە ساڵی ٤٩٣ ك / ١٠٩٩ ز کۆچی دوایی کرد.(ابن خلکان ح ٤ ص ١٢، النجوم الزاهرە ح ٥ ص ١٦٥، ابن الاثیر ح ١٠ ص ٢٠٣

[3]– لە (ابن الاثیر ح ١٠ ص ٤٠، تاریخ دولە آل سلجوق ص ٣٥) هاتووە ژنهێنانی عەمید ئەلدەولە لە ساڵی ٤٦٢ ك / ١٠٧١ بوو. لە (تاریخ دولة آل سلجوق ص ٥٠) هاتووە: "وا ڕێککەوت کە کۆچی دوایی کردنی کچی نیزامولمولك هاوسەری عەمید ئەلدەولە لە شەعبانی ساڵی ٤٧٠ ك / ١٠٧٩ز بوو، وەکو ڕێز لێنانێك بۆ باوکی لە کۆشکی خەلافەت نێژرا".

[4]– حەسەن کوڕی ئیسحا کوڕی عەباس وەزیر ئەبو عەلی توسی، کەسایەتیەکی ئایین پەروەر بوو، دوای ماوەیەك ئەلب ئەرسەلان کردیە وەزیر، کاتێ ئەلب ئەرسەلان کۆچی د وایی کرد، کوڕانی ململانێیان لەسەر دەسەلات لێ پەیدا بوو، لەو کاتەدا وەزیر کاروباری بە ڕێکوپێکی بردە سەر و بەردەوام بوو لە وەزارەت و (٣٤) یا (٤٠) ساڵ وەزارەتی بۆ سەلجوقیان کردووە، لە ساڵی ٤٨٥ ك / ١٠٩٤ ز لە تەمەنی ٧٦ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە. (النجوم الزاهرە ح ٥ ص ١٣٦، مرآة الزمان – ڕووداوەکانی ساڵی ٤٨٥ ك / ١٠٩٤ ز).

و بێ سنووری لێیە، سولّتان سوپای ئامادە کرد و وەزیر فەخرولدەولەی[1] کردە سەرلەشکر و پێشەوای ئەو سوپایە، بە مەبەستی دیاربەکر بە ڕێکەوت، کە لە ولاّت نزیك بۆوە و ناسرلدەولە گوێبیستی هاتنیان بوو و لە ڕاستی ئەم هەواڵە گەیشت، باروذۆخی ولاّتی ڕێکخست و خستیە ژێر دەسەلاّتی ئەبی سالمی پزیشك و هاوسەرەکەی، فەرمانی بەسەربازان و خەڵك دا، کە گوێڕاڵی فەرمانی ئەو بن و لاڕێی نەکەن. میر بەرەو جەزیرەوە ڕێکەوت، لەوێ مایەوە، میر حوسێنی کوڕی نەسرلدەولەی مامی بەسەر جەزیرە دانا و کۆمەڵێکی لە خەڵکی میافارقین لەگەڵ خۆی برد، لەوانە میر ئەبولهەیجای ڕەوادی[2]، میر داود کوڕی ئەشکەری قەرتەقی، ڕەئیس ئەبو عەبدولاّ کوڕی موسەك، بوغالب، بوعیسا و هی دیکە، بە نیازی دەرباری سولّتان بەرەو ئەسفەهان ملیان نا، ئەمەش لە کۆتایی سالّی ٤٧٧ك / ١٠٨٦ ز بوو، وەزیر فەخرولدەولە گەیشتە دیاربەکر و سوپاکەی بلاّوبۆوە، لە میافارقین دابەزی و سەرکردەی سەرۆکان (زعیم الرؤساء) ئەبوقاسمی کوڕی وەزیریش لە ئامەد دابەزی و سەربازێکی زۆری لەگەڵدا بوو، لە سالّی حەفتا و هەشت تا تشرین لە ئابلۆقەدانی میافارقیندا بوو، زستان هات و میر[3] زستانی لە ئەسعەرد بەسەر برد، تا سێزدەی زیلقیعدەی سالّی ٤٧٨ ك / ١٠٨٧ز مایەوە، جا گەڕایەوە بۆ میافارقین، گەمارۆی توند کرد و هەموو دیاربەکر لە ئابلۆقەدا بوو. ئینجا میر ئەرتق باپیری ئەرتقیان لە لایەن سولتانەوە بۆ بە هاناهاتنی وەزیر گەیشت و سەربازێکی زۆری لەگەڵدا بوو، ئەویش ئابلۆقەی میافارقینی دا و ئاوی لێ بڕی و زۆر بە توندی تەنگاوی کرد.

---

[1]– لە ب پەڕی ٦٨ ب (مارش) ٩٨؟ هاتووە کە : "سولّتان داوای لە میر ئەرتق یەك لە هاوڕێیانی کرد و سەربازانی بۆ ئامادە کرد و وەزیر فەخرولدەولەی کردە پێشەوای ئەم سوپایە" و لە (ابن خلكان ج ٤ ص ٢١٢) هاتووە:"میر ئەرتق کوڕی ئەکسب خاوەنداری حەلەوان لەگەڵ ئەودا بە ڕێکەوت".

[2]– ڕەوادی هۆزێکی کوردانە.

[3]– لەسەرچاوەکە دا میر هاتووە، بەلاّم ڕاستیەکەی مەبەستی وەزیر ئیبن جەهیر کە سەرکردەی سوپای سەلجوقی بوو.

وتراوە: میر ناسرلدەولە لە قاپیەی سولتان بوو. خەڵك بۆ وی لە کن سولتان تکایان دەکرد، سولتان ناردەی ڕەوانەی کن میر کرد و تێی گەیاند کە: وڵات لە نێوانی خۆمان و تۆدا دابەش دەکەین، میافارقین تایبەتە بۆ تۆ، چونکە ماڵی خۆتە، ئامەدیش بۆ تۆ بەرامبەر ئەوە جەزیرە بۆ ئێمەیە، وڵاتەکەی تریش دابەش دەکەین، ئەتۆ سەرپشك بە کوێت دەوێ، دابەشکردنەکەش نیوە بەنیوە دەبێت. وتی: با بیرێکی لێ بکەمەوە، شەوێ مایەوە سوارێکی لە لایەن ئەبی سالمی پزیشك بۆ کن هات و نووسینێکی پێ بوو تێیدا دەڵێت: دڵت توند مەکە و وڵات باشە، ئێمەش چۆنت دەوێ واین، ئەگەر دە ساڵ ئابلۆقە بدرێین گوێمان لێ نییە، گرنگی بە هیچ مەدە، وڵات پتەو و بەهێزە، گوێ بیست بووم کە داوایان لێ کردووی بەعرین[1] بدەی تا بخرێتە سەر دیاربەکر و دیار ڕەبیعە، نەکەی ئەم کارە بکەیت! شەرەفولدەولە قەراوش هەوڵیدا تا نەسرلدەولە بەعرینی بداتێ و نەیدایێ، وتی ئەمە سنووری نێوان دیاربەکر و دیار ڕەبیعەیە، ئەمەش چونکە نێوانیان ناخۆش بوو، ئەگەر ناچار کرای شتێك بدەی ئەوا قەلای بالوسایان بدەیێ، کە قەلایەکی سەر سنووری وڵاتە، دەکەوێتە لای سەرەوەی هەرماس[2] کە بۆ نوسەیبین شۆڕ دەبێتەوە، دوایین سنووری دیاربەکرە. بۆ بەیانی ناسردەولە نوێنەری بۆ سولتان ڕەوانە کردو وتی: ماڵی خۆم بە دەستەوە نادەم و لە موڵکی خۆم دەرناچم.

ماڵم هەقە ئەو کەسەی ئەبو سالم ڕاوێژکار و پلاندانەر و خاوەن بۆچوونی بێت، بێگومان: عاقیبەتی ماڵ خرابوون و دەوڵەت ئاوابوونە.

---

[1]– بەعرین: شارۆچکەیەکی نێوان حمس و کەناراوە، بەم شێوەیە ناونراوە، بەڵام ڕاستیەکەی (بارین)ە. (معجم البلدان ج ١ ص ٦٧٣).

[2]– هەرماس: ڕووبارێکە لە نوسەیبین، لە کانیەك دەردەچێت کە شەش فەرسەخ لە شارەکە دوورە. (معجم البلدان ج ٤ ص ٩٦٢).

لە ساڵی ٤٧٨ ك / ١٠٨٧ ز شێخ ئەبولمەعالی جوینی[1] کۆچی دوایی کرد، ئەو لە ساڵی ٤١٩ ك / ١٠٢٨ ز هاتبووە دنیاوە.

وتراوە: ماوەیەك ئابلۆقە لەسەر وڵات بەردەوام بوو، خزمەتکارێکی تاقمی سوڵتان بەناوی ئەلکعۆباری لەگەڵ سەربازان بۆ بەهاناهاتنی وەزیر هات، خەڵك و سەرباز دابارین و ئابلۆقەکە لە هەموو لایەکدا سەختتر بوو، یەکەم شوێنێك کە چوونە ناوی ئامەد بوو، زەعیم کوڕی وەزیر لە ڕۆژی چوارشەم لە مانگی سەفەری ساڵی ٤٧٨ ك / ١٠٨٧ ز دەستی بەسەرداگرت، شەڕ لە سەر میافارقین گەرم بوو، ئەلکۆباری تیرهاوێژێکی زۆری لەگەڵدا بوون، بە ڕادەیەك کە پارێزەرانی سەر شوورەکە نەیاندەتوانی بە دیار بکەون، تاوەری دەروازەی ناو شاریان ڕماند، شارەکە بەدەستەوە درا و ئەمەش لە شەوی سێشەمەی شەشی جەمادی یەکەمی ساڵی ٤٧٨ ك / ١٠٨٧ ز ڕویدا. وتراوە ساڵی ٤٧٩ ك / ١٠٨٨ز هی یەکەم ڕاستترە، وتراوە لە شەشی جەمادی کۆتایی ڕۆژی شەممە بوو. ئینجا چووە نێو شارێ دەستی بەسەر گەنجینە و پارە و پولی ماڵباتی مەڕوان دا گرت، ئەبو سالمی گرت و دەسەڵاتی ڕانا و هەموو دیاربەکری خستە ژێر دەستەڵاتی خۆی و قەڵاو پێگە قاییمەکان بە دەستەوە دران و هەموو جێگایەکانی گرت، سەربازەکانیش بۆ لای سوڵتان گەڕانەوە. میر جەبق بە خۆ و بە سێ سەد سوارەوە وەکو (شەمنە) لە ولاّ مایەوە، فەخرلدەولە پێگەی زیاد[2] (خەرتبرت)ی بۆ بڕیەوە، هەر بەهی وی مایەوە و دوای خۆیشی بوو بەڵێ منداڵەکانی تا میربەلك کوڕی بەهرام کوڕی ئەرتقی خستیە ژێر دەستی خۆیەوە، لەویەو بوو بە هی میر داوود و کوڕانی، تا ئێستاش لە ژێر دەستی ئەو دایە. تا ئێستا کۆمەڵێك لە نەوەی

---

[1]– عەبدولمەلیك کوڕی عەبدولاّ کوڕی یوسف ئەبولمەعالی جوینی فیقهزانی شافعی بە (امام الحرمین) ناسراوە. لە زانستی گوتەکاری (علم الکلام) چەند کتێبێکی داناوە، جوین شارێکە سەر بە نیساپور. ألنجوم الزاهرە، شذرات الذهب، ابن الاثیر – ڕووداوەکانی ساڵی ٤٧٨ك /١٠٨٧ – ابن خلکان ح ٢ ص ٢٤١).

[2]– پێگەی زیاد: لە خاکی ئەرمینیا کە ئێستا بەخەرتبرت ناسراوە دەکەوێتە نێوان ئامەد و مەلاّتیە، لە مەلاّتیە نزیکترە. (معجم البلدان ح ٢ ص ٢٧٦).

میر جەبق ماون کە لە حەسنیکیفان لە خزمەتی کوڕانی فەخرلدین قرا ئەرسەلان کوڕی داووددان.

وتراوە: میر ناسردەولە مەنسور کاتێ هەواڵی گرتنی وڵاتی پێگەیی، سەری کێوانی لێ وەتەنگ هات، ئیدی خۆشی و شادی کۆتایی هات، ئەو لە قاپیەی سوڵتان جۆرێك لە تەگبیر و بۆچوونی بێجێ و ملنەدان و ناکۆکی لەگەڵ میرەکان و سوڵتان و یاوەرانی لێ وەشایەوە، کە هەر شایانی منداڵانیش نەبوو، هەتا لە هیچ یەك لە یاوەرانیشی قبوڵ نەدەکرا، ئۆباڵ بە ملم کۆتایی دەوڵەتان و فەوتانیان ئە ئاوا دەبێ. کە وڵاتی لە دەست سەند سوڵتان یەکێکی نارده کنی و پێی وت: بڕوانە لە قەرەبووی وڵاتەکەت چت دەوێ تا بتدەمێ، وتی: حەربەیەك لە سینگم بدرێ و لە پشتم دەرچێت! بە سوڵتانیان ڕاگەیاند: داوای حەربا[1] دەکات، ئەو گوندەی بۆ بڕیەوە کە ناسراوە بە حەربا و دەکەوێتە سەروی بەغدا لە عێراقێ، داهاتی ئەوێ سێ هەزار دیناری ئەمیری بوو، چوو لەوێ ئاکنجی بوو تا (دەبێ مەبەستی وەزیر بێ) مەلیکشا مرد — بە ویستی خوا باسی دەکەین.

وتراوە: میر لە میافارقین جێگیر بوو، هەموو وڵات لە ژێر فەرمانی ئەودا بوو، دەستی بە دروستکردنەوەی تاوەری (باب الربض) کرد کە لە کاتی ئابلۆقەدانی شاردا ڕماندبووی، پەرستگا (البیعە) بازنەییەکەی مەسیحیانی ڕوخاند، کە نزیك بوو لە دەروازەی ڕەبز (باب الربض). شوێنە ڕوخاوەکانی شورەکەی هەڵچنینەوە و تاوەری گەورە و دەروازەی ڕەبزی بینا کردەوە، لێپرسراو و سەرکاری لە هەموو دیاریەکر دانا، بەردەوام سەرانەشی بۆ دەهات. خۆی لە میافارقین دادەنیشت و زەعیمی کوڕیشی لە ئامەد بوو. جا وەزیر زەعیمولدەولە ئیبنولئەنباری لە زیندان ئازاد کرد، کە ئەبو سالم بەندی کردبوو و ناردی بۆ حەسنکێفا، کە والیەکی خزمەتکاری بەناوی یاقوت لێ بوو ،

---

[1] – حەربا، شارۆچکەیەکە لە ئەوبەری دیجلە لە نێوان بەغدا و تکریت. (معجم البلدان ج ٢ ص ٢٣٥).

باپیرم ڕەئیس ئەبولحەسەن[1] عەلی کوڕی ئەزرەق چاودێری حەسنکێفا بوو، وەزیر ئەوی دایە دەست باپیرم لە میافارقین و بۆ حەسنکێفای برد و چەند ڕۆژێ تێدا مایەوە، بە وەزیر فەخرلدەولەیان وت: ئەوە ئیبنولئەنباریە شارەزایە لە پارە و پوولی بەرەبابی مەڕوان، گەنجینەکانیان و چیان هەیە، ئەگەر ئازادت کرد لەوانەیە بچێتە دەرگای سوڵتان و تێی بگەیەنێ چیت دەست کەوتووە، بۆیە مانەوەی سودی نییە، جا بە دوای یاقوتی خزمەتکار و باپیرمی دا نارد و فەرمانی پێکردن، وەزیر ئەبی تاهیر بکوژن، باپیرم گەڕایەوە و لەگەڵی پێک هات و وتی: من دەیشارمەوە و وا پیشان دەدەم، کە مردووە و کەس پێی نازانێ، بەم شێوەیە نەخشەیان داڕشت، کە گەیشتە حەسنکێفا و چەند ڕۆژێک وەزیر ئەبو تاهیر وای پێشاندا، کە نەخۆشە خەڵک و پزیشکان سەردانیان کرد، تا ڕۆژێکیان وا پێشاندرا کە مردووە و جەنازەیان هێنادەر و خەڵک نوێژی لەسەر کرد، لە کن دادوەر بە نوسراو سەلمێنرا کە وەزیر ئەبا تاهیر لە ڕۆژی ئەوەندەی ئەوەندە کۆچی دوایی کردووە، نوێژی لەسەر کراوە و نێژراوە، نوویسندەیەکی شایستە لەو بارەوە بۆ میافارقین و هەروەتر بۆ هەموو دیاربەکر و دیارڕەبیعە و بەغدا نێدرا و مردنی ڕاگەیەندرا، لە هەموو وڵات تا لە ئەسفەهانیش مردنی یەکلا کرایەوە، جا باپیرم و یاقوتی خزمەتکار تا فەخرلدەولە لەو وڵات مابوو، وەزیر ئەبو تاهیریان شاردبۆوە، کە دواتر بە ویستی خوا باسی دەکەین.

وتراوە: وەزیر فەخرلدەولە لەو وڵات جێگیر بوو لەگەڵ خەڵک باش بوو، بە تایبەتی بۆ خەڵکی میافارقین و ڕێزی لێ گرتن و کارو بژێوی بۆ خەڵک دابین کرد، زۆر شتی لەسەر هەڵگرتن، لە میافارقین مایەوە و خەزێنەکانی ماڵی مەڕوانی لە هەموو توخم و هەموو جۆرێک بەردەست کرد، باپیرم لە حەسنکێفا لە کنی ئامادە بوو، بارێکی زۆری بۆ ئامادە دەکرد، دەیدا بە دەستی چەند کەسێک کە متمانەی پێ بوون، ئەوانیش لە ڕێی ئاوەوە بۆ عەمیدلدەولەیان لە بەغدا دەبرد کە وەزیری خەلیفە موقتەدی بوو.

---

[1] - بڕوانە (مرآة الزمان) ڕووداوەکانی ساڵی ک٤٨٣/١٠٩١ز)

گوێبیستی باوکم بووم لە بابی خۆی دەگێڕایەوە – خوا لێیان خۆشبێت – دەیگوت: وەختێکیان وەزیر بە دوایدا ناردم و منیش لە حەسنکێفاوە گەیشتمە لای، کە چوومە ژووریٚ سلاّوم لێی کرد و وەلاّمی سلاّوەکەی دامەوە و وتی: عەلی ئەو جار بارت سوکە! جا مێزێکی بلورینی چێوە پێنج بستی ویٚ دام، کە پێچکەکانی هەر بلور بوون و پێنج پارچە دەفری گلێنەی بلور و جوتێك قابی بلور و سیٚ سلّسلّە و پلّپلّە و پێنج پەرداخ بۆ خواردنەوە و شەربە و شەرابی و کلاجو کە هەموویان بلور بوون و نەخش و نیگاریان لەسەر هەلّکەنرابوو، دەست ڕەنگینی و وەستاکاریەکیان تێدا کرابوو کە لەوان جوانتر نەبینرابوو.

ئەو جار جامولکەیەکی زێڕی بۆ هێنا دەریٚ، کە پەردەکەی لەسەر لابرد و پەمۆی لەسەر هەلّگرت، تیشکێکی وەکو تیشکی خۆر لە جامولکەکە دەرچوو شوێنەکەی ڕوناك کردەوە، تەسبێحی نەسرلدەولەی دەرهێنا، کە (١٤٠) دانە مرواری بوو، هەر دانەیەك کێشەکەی مسقالێك قیرات زیاتر یان کەمتر بوو، لە ناوەڕاستدا چیا[1] یاقوتە سورەکە بوو، کە مەلیك عەزیز کوڕی بوەیهی بۆ نەسرلدەولەی هێنابوو، (١٠) دانە یاقوتی ڕەنگا و ڕەنگی تێدا بووە و (١٠) دانە بلخش[2] کە لە وێنەیان نەبینرابوو، (١٠) قامیشە زومردود کە هەر قامیشێك وەکو قامك وابوو. وەزیر وتی: عەلی ئەمە هۆی وێرانبوونی مالّی بنەمالّەی مەڕوان و لە دەستچوونی ولاّتیان بوو، گوتم، ئەمە چۆن بووە گەورەم! ئەویش وتی: کە نەسرولدەولە مرد بە سولّتانیان ڕاگەیاند، کە پارە و پولێکی زۆر و بێشوماری لە پاش بەجێماوە. تەسبیحێکی بەجیٚ هێشتووە کە ئاوا و ئاوایە، شمشێرێکی لە دوای خۆی بەجیٚ هێشتووە، کە لە موسکی ستاندووە و حوشتریٚ لەت دەکات.

---

[1] – (الحبل الياقوت الاخمر) هاتووە، بەلاّم ڕاستیەکەی (الجبل الياقوت الاحمر)ە. (وەرگێڕ).

[2] – بلخش: گەوهەرێکی لە بلخشانەوە دەهێنریٚ. پێشی دەلّێن بذخشان.

سوڵتان ئەلب ئەرسەلان بە دوای نیزامەدینی دا نارد و داوای شمشێر و تەسبێحی لێ دەکات، ئەویش شمشێرێکی دیکەی بۆ نارد، نە ئەو شمشێرەی کە داوای کردبوو لەگەڵ ملوانکە و کەلوپەلی نایاب و دیاری بە بەها، سوێندی خوارد کە تەسبێحەکەی نەبینیوە و دیار نییە. کە نیزامەدین کۆچی دوایی کرد و میر ناسرلدەولە مەنسور جێی گرتەوە، سوڵتان مەلیکشا داوای لێکرد شمشێر و تەسبێحەکەی بۆ بنێرێت، بەلام ئەو سوێندی خوارد کە نەیبینیون، دەخۆی ڕانەدی شتێك بۆ سوڵتان بنێرێ، دینارێك بکات، وا ڕێککەوت نوێنەرەکەی هات و منیش لە لای خواجا نیزامولمولك بووم، بە هەلم زانی و گوێبیستی قسەکان بووم و زۆریشم قسە کردن و جا سوپا ئامادە کرا و بەرەو ولات بە ڕێخرا، وتم: ئەی گەورەم بەهاکەی چەندە؟ وتی: ئەوەی میر هەندێکیان کۆن بوو و لە ڕۆژانی وەزارەتم بۆ نەسرلدەولە من ئەوەی بە دەستم گەیشت چل و پێنج پارچە بوو لەگەڵ هەندێ خشڵ بە بەهای شەست و پێنج هەزار دینار و هەموویم لێك دایەوە بێجگە لە چیا یاقوتەکە بایی (٢١٥) هەزار دینار بوو، میر نەسرلدەولە بیست هەزار دیناری لە باتی چیا یاقوتەکە و قورئانێك دایە مەلێك عەزیزی بوەیهی.

باپیرم وتی: هەموویم برد و داکشیم بەرەو حەسنکێفا، تا گەیشتمە پیاوێك لە بنەماڵەی ئەبی لعەقارب هەمووی وەرگرت و بەرەو بەغدا بە ڕێکەوت و پێشکەشی عەمیدلدەولەی کرد.

وتراوە: فەخرلدەولە دەستی بەسەر پارەکانی ماڵیاتی مەڕواندا گرت، لەمەو لەوەی کە لە ئەبی سالمی پزیشکزانی دەسکەوت جگە لەوەی ئەبو سالم بردبووی یان لەکن خەڵکی دانابوو بڕی هەزار هەزار دیناری خشت بوو، بێجگە لە قاپ و قاجاع و کەلوپەلی نایاب و شتی دروستکراوی زێڕین و زیوین و خشڵ کە بەهایەکی زۆری هەیە. فەخرلدەولە لە میافارقین مایەوە و ولات بۆ ماوەی دوو ساڵان لە ژێر فەرمانی ویدا بوو، ئینجا سوڵتان داوای کرد، بەلام بێ فەرمانی ئەوی کرد و خەیاڵی یاخیبوون لەکەللەی دا و خەڵکی شاری سوێند دا پشتگیری بکەن، بەلام پەشیمان بۆوە و بینی ئەمەی بۆ

سەر ناگرێت، چونکە عەمیدولدەولە وەزیری خەلیفەیە، ئیدی خۆی هێنا و برد تا عەمیدولدەولە لە وەزارەت لادرا.

لە ڕۆژی دوو شەممە٢٣ی جەمادی یەکەمی ساڵی ٤٧٨ ك / ١٠٨٧ ز گەیشتە میافارقین[1] ماوەیەك لەوێ مایەوە، فەخرولدەولە دێری عیبادی کردبووە مزگەوت، بەلام مەسیحیانی میافارقین سی هەزار دیناری ئەرمانۆسیان پێ بەخشی و کردیەوە دێر، جا وەزیر فەخرولدەولە چووە خزمەتی سوڵتان، بە سوڵتانیان ڕاگەیاند فەخرولدەولە پارەیەکی زۆری لە خەزێنەکانی ماڵی مەڕوان بۆ خۆی ماشیوەتەوە و خواجا نیزامولمولك پێی زەنگین بووە، سوڵتان دیاربەکری بە عەمید قەوامولدین ئەبی عەلی بەلخی سپارد، بەڕێکەوت تا گەیشتە وڵات و دەستی کەوت و لە ساڵی ٤٨٢ ك/ ١٠٩١٠ ز چووە ناوی.

لە دەستخەتی داوود ئەبی بەکر کوڕی سەدەقە بینیومە، کە عەمید ئەبی عەلی لە زیلحیجەی ساڵی ٤٧٩ ك / ١٠٨٨ چووە میافارقین، سوڵتان بەرەو بەغدا ڕۆیشت و فەخرولدەولەی کوڕی جەهیری لەسەر کار لابرد. لە زیلقیعدەی ساڵی ٤٧٩ ك / ١٠٨٨ ز سوڵتان مەلیکشا موسڵی لە ژێر دەستی میر ئیبراهیم کوڕی قورەیش هێنایەدەر و دایە دەست عەمیدولمولك، کە بە چاکترین شێواز خەڵکی بەڕێوە برد، فیقهزانێکی باش بوو و هەموو ڕۆژێك بۆ وانەوتنەوە لە بەرەبەیانی زوو تا چێشتەنگاوێکی درەنگ دادەنیشت، ئەوجا دەچوو کاروباری دەسەلات و تا کاتی عەسر خەڵك و دیوانی بەڕێوە دەبرد، خەڵك کەسیان وەکو وی نەدیبوو، دادوەر و چاکەخواز بوو بۆ خەڵك، لە ئەنجامی دادپەروەریتی وی ڕۆژانی بە ڕۆژەکای نیزامەدین دەچوێنرا لە بابەتی کاری چاکە و ئارخەیانبوونی خەڵك لەسەر پارە و پولیان و ڕێز و حورمەت گرتنیان.

وتراوە: شەوێکیان لە کۆشك خەوتبوو، لە کاتی بەرەبەیانیدا گوێبیستی دەنگی زەنگی کڵێسە بوو. وتی: ئەمە چییە؟ پێیان گوت: ئەمە دێری عیبادە لە سەروی

---

[1]- واتە فەخرولدەولە بن جەهیر.

کێوەکەیە. کە بەیانی داهات لەگەڵ خەڵکدا بۆوەو وتی: لە وڵاتی موسڵمانان‌دا زەنگی ناقوسمان لەسەر سەری لێ دەدرێ، دیارە ئێمە لە قوستەنتینیەین، وتیان: ئەی گەورەمان ئەوە جارێکیان کرابووە مزگەوت و مەسیحیەکان کردیانەوە دێر، فەرمانیدا لە جێگای کوشتارگای قوربانی مەسیحیان لە دێرەکەدا میحراب دروستیکرێت و کرایە مزگەوت و ناونرا مزگەوتی فەتح، جا مەسیحیەکان کۆبوونەوە و پەنجا هەزار دیناریان پێشکەش کرد، لێی وەرنەگرتن، تا ئێستا مزگەوتەکە وەکو خۆی ماوەتەوە. کە کردی بە مزگەوت هەرچی پەیوەندی بە وەقفەوە هەبوو بۆی دانا و زەویەکانی (بارومارى) بۆ بڕیەوە، کە تا ئێستا بەدەستی جوتیارەکانیەوەیە و هەر بۆیان ماوەتەوە، لە سەحنەکەدا میحرابێك و جێنوێژێکی دروست کردووە لە لای قیبلەیڕا بڕیەوە.

وتراوە: عەمید ئەبو عەلی لە وڵاتدا مایەوە و لەگەڵ خەڵکیدا چاك بوو، لەگەڵ کەسدا بە بێ شەرعی نەجوڵاوەتەوە، وا ڕێککەوت کە والیەك لەسەر ئەرزەن دانرابوو، پیاوێك بەناوی بستی کە خەڵکی شاری بست بوو، زوڵمی لە خەڵکی ئەرزەن کرد، موڵك و ماڵ و پارەیانی دەست بەسەرداگرتن و لێی زەوت کردن، خەڵکی ئەرزەن چوونە قاپیەی سوڵتان و شکایەتیان لێی کرد، خەڵکی میافارقین مەیلیان لە وەزیر فەخرولدەولە کوڕی جەهیر هەبوو، کە لەگەڵیان چاك بوو، بۆیە کۆمەڵە خەڵکێکی میافارقین بۆ کن سوڵتان ڕێکەوتن لەوانە: میر ئەبو هەیجا، ڕەئیس ئەبو عەبدوڵا کوڕی موسەك، کوڕی غالب، قازی ئەبو بەکر کوڕی سەدەقە، قازی ئەبولقاسم کوڕی نەباتە، باپیرم ڕئیس ئەبو حەسەن کوڕی ئەزرەق. ناڕەحەتی خۆیان بەرامبەر عەمید ئەبی عەلی نیشاندا، سوڵتان وتی: لای نابەم، دادوەر ئامادە بوو خواجە پێی گوت: ئەی گەورەمان پیاوەکە بابایەکی چاکە، بەڵام خەڵك لێی بێزار بوون و نازانین چی دەبێت و ئێمە نزیکین لە سەناسنە و فەرمانیش لە تۆوەیە، وا ڕێککەوت کە ئەلڕەئیس ئەبو عەبدوڵا کوڕی موسەك لە ماڵی سوڵتان کەوتە ناکۆکی لەگەڵ شێخ ئەبو عەبدوڵا کوڕی زێدان ، سوڵتان وتی: ئەم غەلبە غەلبە چییە؟ خواجە وتی: گەورەمان ئەمانە خەڵکی

دیاربەکرن، غەلبە غەلبیانە لەسەر عەمید ئەبی عەلی، سولتان وتی: لەسەریان لا دەچێت، جا لابرا. وەزیر ئەبو تاهیر کوڕی ئەنباری لە دەروازەی سولتاندا بوو، لەگەڵ خواجە ڕێککەوت و خواجە کاروباری دیاربەکری بەو سپارد، کە فەخرولدەولە چووە کن دەروازەی سولتان و عەمید ئەبو عەلی کاری ولاتی گرتە دەست، پایەبەرزی ماقوڵ ئەبو غەنایم کوڕی ئەنباری برای وەزیر گەیشتە خزمەتی سولتان، داوای لە فەخرولدەولە کرد، کە براکەی ئازاد بکات، وەزیر وتی: ئەو کۆچی دوایی کردووە، وتی: بەڵگەت چییە؟ وتی: ئەم کۆنووسەیە، جا نووسینێکی دەرهێنا– مردنەکەی – دەریدەخا هەتا لە ئەسفەهانیش متمانەی پێکراوە و جێگیر بووە، وتی: براکەم لە ژیاندایە و لە حەسنکیفا زیندانییە. جا سولتان و خواجە بە دوایاندا نارد و ئامادەیان کرد و ماوەیەك لە ئەسفەهان مایەوە تا وەکو ئەمیر ئەبی عەلی لابرا، جا ولات درایە دەست وەزیر ئەبی تاهیر کوڕی ئەنباری و واژۆی بۆ کرا. بەڕێکەوت و بۆ ماوەی نۆ ڕۆژان فەرمانەکەی پێ بوو.

وتراوە: وەزیر عەمید ئەلدەولە کە لە کن سولتان بوو، لەگەڵ خواجە نیزامەدین ڕێککەوت، کە ولاتی دیاربەکری بۆ ماوەی سێ ساڵ بە هەزار هەزار دینار پێ بدرێت، خەواجە و سولتان فەرمانیان بە خەڵکی دیاربەکر دا، کە هاوڕێ لەگەڵ عەمید ئەلدەولە بچنەوە بۆ ماڵەکانیان و دە هەزار درهەمی بۆ خەرجیان بڕیاردرا، هی فارقیەکان چوار هەزار درهەم بوو، کۆبوونەوە و وتیان: لەمە هیچمان دەست ناکەوێ، سەرکردە و گەورەکان بۆ خۆیانی هەڵدەگرن، جگە لەوان کەس هیچی پێ نابڕێ، وا باشە داوا لە سولتان بکەین، کە باجی سەر ڕێبوار و خەڵکی شاری هەڵگرێ، چونکە هەرچی لە شار و ڕەز و میوەجات و سەوزە و پاقلەمەتی زەویەکان دەست دەکەوێ هەمووی پیتاکی لەسەر بوو. هەروا لەسەر خەڵوز و چیلکەش هەموو خەڵکی تایبەت و گشتی بە هەژار و دەولەمەندەوە تێدا بەشدار بوون ، سەرجەم خەڵکی دەگرتەوە لەبارەی لابردنیەوە داوایان لە سولتان کرد، ئەویش لەسەری لابردن و هەتا ئێستا هەر وایە. باقی

ناوچەکانی دیکە چیان بۆ دانراوە ئەوەیان وەرگرت و سەرکردە و گەورە پیاوان هەموویان لرف دا و هیچیان لەسەر لانەچوو، ئەو باجانە لە هەموو دیاربەکر لە ئامەد و جەزیرە و شوێنانی دیکە هەتا ئێستا هەر ماون.

وتراوە: ساڵی ٤٨٢ ک / ١٠٩٠ ز سوپای میسری عەسقەلان لە چنگ دەسەڵاتدارانی دەردێنێ.

وتراوە: عەمیدولدەولە هات و گەیشتە ولات و چووە میافارقین، لە ڕۆژی چوار شەممەی (١٦)ی زیلقیعدەی ساڵی ٤٨٢ ک / ١٠٩٠ ز کاری وێی ڕێکخست و لێی جێگیر بوو، پارە و داهاتی هەموو دیاربەکری وەرگرت و لەگەڵ خەڵکی باش بوو و چاودێری کردن و بژێویی و کارو فەرمانی بۆ دابین کردن، خێزانەکەی زوبێدە[1] کچی نیزامولمولك لە کۆشکی میافارقین لەگەڵیدا بوو، ئەو هەڵگیراوانەی فەخرلدەولەی باوکی بەدەست کەوت، کە لە دیاربەکر بوون، هۆکاری وەدەستگرتنی تەنیا بۆ دەستکەوتی ئەو هەڵگیراوانەی فەخرلدەولە بوو لە دیاربەکر.

وتراوە: پێش دەرچوونی عەمیدولدەولە لە ئەسفەهان، وەزیر فەخرودەولەی لەسەر دیارڕەبیعە دانا و ئەویش چووە وێ، یەکەم شوێن کە چووە ناوی نسەیبین بوو، کە لە مانگی ڕەمەزانی ساڵی ٤٨٢ ک / ١٠٩٠ ز داگیری کرد، جا موسڵ و سنجار[2] و ڕەحبە و خابور[3] و سەروی دیارڕەبیعەی هەموو گرت، لەسەر هەموو مینبەرەکان وتاری بۆ خوێنرایەوە و کەوتنە ژێر فەرمانڕەوایەتییەوە، بەم شێوەیە مایەوە تا مانگی

1– دانەر باس دەکات کە زوبێدە خێزانی عەمیدولدەولە لە ساڵی ٤٨٢ ک / ١٠٩٠ ز کۆچی دوایی کردووە، بەڵام لە ساڵی ٤٧٠ ک / ١٠٧٩ ز کۆچی د وایی کردووە، هەروەو لە (تاریخ دولة آل سلجوق و ابن الاثیر ح ١٠ ص ٧٤ و النجوم الزاهرة ح ٥ ص ١٠٦ و المنتظم) لە ڕووداوەکانی ساڵی ٤٧٠ ک / ١٠٧٩ز).

2– سنجار: شارێکی بەناوبانگە لە جەزیرە لە نێوان وێ و موسڵ سێ ڕۆژە. وتراوە کە سوڵتان سەنجر کوڕی مەلیکشا کوڕی ئەلب ئەرسەلان کوڕی سەلجوق تیایدا لە دایك بووە و بەناوی وێوە ناونراوە. (معجم البلدان ح ٣ ص ٢٥٨).

3– خابور: ناوی ڕووبارێکە لە نێوان ڕەئسولعەین (سەرکانی) و فورات لە خاکی جەزیرە، ویلایەتێکی فراوانە و ئاوەدانی زۆری تێدایە لە قرقیسیا و ماکسین و مەجدەل و عەربان، بنەچەی ئەم ڕووبارە لە کانیاوەکانی سەرکانییە (معجم البلدان ح ٢ ص ٣٨٣).

ڕەجەب ساڵی ٤٨٣ ك / ١٠٩١ ز و لە موسڵ کۆچی دوایی کرد و جەنازەکە، میرانی عەقیلی هەڵیانگرت و لە گردی توب[1] لە دەروازەی موسڵ لەبەرەی لای دیجلە نێژراوە و گۆڕەکەشی تا ئێستا لەوێیە.

وتراوە: عەمیدولدەولە لە ولاّتدا مایەوە تا کۆتایی ساڵی ٤٨٤ ك / ١٠٩٢ ز و جا لە دەرباری سوڵتانەوە داوا کرا و وێڕای قازی ئەبو بەکر کوڕی سەدەقە قازی ئەبو قاسم کوڕی نەباتە، کوڕەکەی عەلەمەدین ئەبو حەسەن و باپیرم ئیبن ئەزرەق و ئیبن موسەك و کۆمەڵێك لە میافارقین ڕۆیشتن، باپیرم قەڵای ئەرزەنی بە چاودێری ویلایەتەوە پێ سپێردرابوو، بە درێژایی مانەوەی عەمیدولدەولە لە ولاّتدا، هەر لە وێڕا ڕۆیشت عەمیدولدەولە لە ڕێگەدا ڕێزی گرتن و لەگەڵیاندا باش بوو، تا گەیشتنە دەربار لە ئەسفەهان، ماوەیەك مانەوە، ئەبوبەکر کوڕی سەدەقە لەگەڵ زانا موشەتەب لە خوێندنگای ئەسفەهان بەرامبەرکێ (مناظرة)ی کرد و پایەیەکی بەرزی بەدەست هێنا. عەمیدولدەولە بە یاوەری فارقیەکان بەرەو بەغدا بە ڕێکەوت، کە گەیشت دایبەزاندن و ڕێزی لێنان، دوای چەند ڕۆژێکی کەم عەمیدولدەولە وەزارەتی خەلیفە موقتەدی بۆ جاری دووەم وەرگرت و فارقیەکان ئامادەی کۆشکی خەلافەت بوون و پێش خەڵکی دیکەی خستنە ئینجا چەند ڕۆژێك مانەوە پۆشاکیان پێ بەخشرا، گەڕاندنیەوە میافارقین.

عەمیدولدەولە لە کاتی چوونە دەرەوەی لە ولاّت، ئەلکاف برای تا مانگی ڕەمەزانێ بەسەر ولاّتەوە دانابوو، کە ئەبولبەرەکات کوڕی جەهیرە لە میافارقین، کە بچوکترین براکانیەتی ئەلکاف تا مانگی ڕەمەزانی ساڵی ٤٨٥ ك / ١٠٩٣ ز لە ولاّت مایەوە، جا بۆ لای سوڵتان بانگ کراو لە میافارقینەوە چی پارە و پولی دەست کەوتبو و بردی و چووە کن سوڵتان لە بەغدایێ و ئەبو حەسەنی کوڕی لە میافارقین بەسەر هەموو

---

[1]– گردی توب: شوێنێکە لە بەرامبەر شاری موسڵ و لە ڕۆژهەلاّتی دیجلە بە نەینەواوە بەستراوە. (معجم البلدان ج ١ ص ١٦٦).

دیاربەکرەوە جێهێشت، کە کافی گەیشتە موسڵ گوێبیستی مردنی سوڵتان مەلیکشا بوو، مردنەکەش لە شەوالی ساڵی ٤٨٥ك / ١٠٩٣ ز بوو لە بەغدا دەرمان و کرابوو.[1] مردو بەرەو ئەسفەهان بە ڕێکرا و نێژرا، دوای ئەو بەرکیارق کوڕی سەلتەنەتی وەرگرت و ناز ناوی شەهابولدەولە[2] بوو، وتاری لە بەغدا بۆ خوێنرایەوە، دادوەر و خێرخواز بوو، کەم ئەزیەتی خەڵکی دەدا، خەلیفە موقتەدی پۆشاکی پێ بەخشی، لە سەڵتەنەت جێگیر بوو، سوڵتان مەلیکشا لەم ساڵەدا بەرەو بەغدا ڕۆیشت، لە مانگی ڕەمەزانی هەمان ساڵدا لە ڕێگەی باتنیەدا[3] ئەمانە خواجە نیزامەدین ئەبو حەسەن کوڕی ئیسحاقیان کوشت. سوڵتان چووە بەغدا و لە شەواڵ کۆچی دوایی کرد. تەرکان خاتوون[4] فەرمانڕەوایی دایە مەحمودی کوڕی، جا گەیشتە ئەسفەهان، (بەرکیارق) بۆی هاتە دەرێ و فەرمانڕەوایەتی گرتە دەست، دوایی چاوی مەحمودی برای کە بچووك بوو کوێر کردن.

وتراوە: هەواڵی مردنی سوڵتان گەیشتە میافارقین و خەڵك شێوان و تێك قەوشانەوە و ناکۆك بوون، ئەبو حەسەن کوڕی ئەلکافی لە کۆشك هاتە خوارو چووە خانووی عەجەمیە، من ئەو ئەبوحەسەنی ئەکافیەم لە بەغدایێ لە ساڵی ٥٤٣ ك / ١١٤٠ز بینیوە، پیاوێکی کەڵەگەت بوو سەر و ڕیشی ماش و برنجی بوو، تەنکە ڕدێنێکی هەبوو، کە خەڵك ناکۆك بوون، ڕێککەوتن کە بینێرنە کن سوڵتان بەرکیارق و داوای لێ بکەن بێت، نووسیبوویان، ئەم وڵاتە هی بابتە و جگە لە ئێوە کەسێکی

---

[1]– لە ڕاستیدا سوڵتان مەلیکشا بە دەستی حەشیشیەکان (باطنیةکن) کوژراوە. (وەرگێڕ).

[2]– لە (البدایە والنهایە والنجوم الزاهرە) لە ڕووداوەکانی ساڵی ٤٩٨ك / ١١٠٤٨ز) نازناوی بەرکیارۆق "روکن ئەلدەولە" یە. لە "شذرات الذهب" ڕووداوی هەمان ساڵ و (ابن خلکان ح ١ ص ٢٤٢) نازناوەکەی (روکن ئەلدین)ە.

[3]– لە (مرآة الزمان) ڕستەکە تەواو نییە لە ڕووداوەکانی ساڵی ٤٨٥ ك / ١٠٩٣ ز داهاتووە: "... پیاوێکی دیلەمی لە باتنیەکان هەلی کوتایە سەری".

[4]– لە (البنداری ص ٦٧) و (ابن الاثیر) ڕووداوەکانی ساڵی ٤٨٥ ك / ١٠٩٣ ز و (البدایە و النهایە) لە ڕووداوەکانی ساڵی ٤٨٧ ك / ١٠٩٥ بە (خاتوون تەرکیان شا" هاتووە.

دیمان ناوێت، جا یان بۆ خۆت وەرە وەریبگرە، یان کەسێك بنێرە تەسلیمی کەین و ئێمە ولاتمان بۆ ئێوە پاراستووە، بەلام ئەو ماوەی نەبوو بێت و وەریگریّ، بەلام پەیمانی ئامادەبوونی پێدان، کار درێژەی کێشا خەلك کۆبوونەوە و وایان بە باشتر زانی، کە یەکێك دابنرێت لە کۆشك دابنیشێت بۆ پاراستنی ولات. لەسەر دیاریکردنی ئەبی سالم یەحیا کوڕی حەسەن کوڕی میحوەر رێککەوتن، قازی و کۆمەلێك لە پیاوماقولان دەستیان بۆ بە سنگەوە دەنا و بە گوێرەی ڕای ئەویان دەکرد، هێنایان و بڕیارەکەیان پیّ گوت، ئەو ڕەتی کردەوە، گوتیان هەر دەبیّ پاراستنی ولاتی سولتان وەئەستۆگری، کلیلەکانی شاریان ویّ داو لە تاوەری شادا بیّ ڕەزامەندی خۆی دانیشت، ماوەیەك خەلك ئاوا مانەوە و درێژەی کێشا و سولتان یا جێگیرەکەی نەگەیشتە ئەم ولاتە، خەلك تێك گیران و تێك چرژان. جا کۆمەلێك گوتیان داوای ناسرلدەولە مەنسور کوڕی مەڕوان دەکەین بۆ ئەم کارە، کە سولتان مەلیکشا مرد، ئەو لە دێی حەربا لە عێراق بوو، ناسرلدەولە چووە جەزیرە و گرتی و فەرمانڕوایەتی گێڕا و تیایدا مایەوە، هەندیّ لە خەلك سوور بوون لەسەر ولات خستنە بن دەستی، بەلام خەلك رقیان لە فەرمانڕەوایی بنەمالەی مەڕوان دەبۆوە، چونکە هەموو چاکە و ڕێز و خۆشیەکیان لە دەولەتی سولتان و دادپەروەری کوڕی جەهیردا چنگ کەوتبوو[1]، بۆیە ئەمەیان پیّ ناخۆش بوو.

ئیبن ئەسەد[2] لە میافارقین پیاوێکی شاعیر و ئەدیب بوو، خێرخواز و خەلکی هەبوو، پیّ گەیشتن و کۆمەلێك لە خەلکی بازاڕی و هەرچی و پەرچی و هەرزە و نەزانی لیّ کۆبوونەوە لە دەوری شاردەسووڕایەوە و ئاگاداری شورەی شار دەبوو، کار

---

[1]– نازانریّ ئەم قسەیەی فارقی لە چ قەناعەتێکەوە سەرچاوەی گرتووە. چونکە خۆشی و دادپەروەری و تەنایی سەردەمی دەولەتی مەڕوانی مەگەر هەر تەنها خودی زانیاریەکانی پێشوتری فارقی گەواهیدەر بیّ دەنا بە هیچ پێودانگێك شایانی بەراورد نییە لەگەلّ سەردەمی سەلجوقی. (وەرگێڕ).

[2]– حەسەن کوڕی ئەسەد ئەبو نەسری فارقی شاعیری ناسراو، کە ڕەوان بێژ و زانا و لێهاتوو بوو لە زمان و ئەدەب، لە سالّی ٤٨٧ ك / کۆچی دوایی کردووە. (النجوم الزاهرە ح ٥ ص ١٤٠).

درێژەی کێشا و سوڵتان کەسێکی لە لایەن خۆیەوە نەنارد، سوڵتان تاجولدەولە تتش کوڕی ئەلب ئەرسەلان هەموو شام و کەناراوەکانی لە سەردەمی مەلیکشای برای گرتبووە دەست، لە ساڵی ٤٧٣ك / ١٠٨٢ ز دیمەشقی بەردەست کرد و لە دەستی ئەقسیس هێنایە دەریّ و حەلەب و هەموو شامی گرتەدەست. کە گوێبیستی هەواڵی مردنی مەلیکشای براکەی بوو، لە شامەوە بەرەو ڕەقە و خابور و ڕەحبا بە ڕێکەوت و هەموو ئەم ناوچانەی گرتە دەست. جا بەرەو نووسەیبین چوو ئابلۆقەی دا، ڕووبەڕووی عارەبان بۆوە، سەربازانی دیار ڕەبیعەی شکاند و بەسەر هەندێك لە میرانی عەرەبدا سەرکەوت، لەبەر چاوی وی بیست میری دیل کوژران. لەوانە: میر ئیبراهیم کوڕی قورەیش کوڕی موقەلەد برای شەرەفولدەولە موسلیم کوڕی قورەیش و میر حوسێن کوڕی نەسرلدەولە کوڕی مەڕوان و کۆمەڵێك لە گەورە پیاوان و میرانی عەرەب. لە دەروازەی نوسەیبین دایکوتاو گەمارۆی دا، تا چووە ناوی خەڵکێکی زۆری کوشت.

وتراوە: ئینجا بە زەبری شمشێر چووە ناوی و خەڵکێکی بێشۆماری لێ کوشت و هەموو شاری تالآن کرد و خەڵکی تەپەسەر و دەستبەسەر کرد و ئەوەی بەسەر خەڵکی نوسەیبیندا هات بەسەرکافرانیشدا نەهاتووە، کە کاریش لەسەر میافارقین لە ساڵی ٤٨٥ ك / ١٠٩٢ ز درێژەی کێشا و کەسێك لە لای سوڵتانەوە نەهات. خەڵك لە مزگەوتێ کۆبوونەوەیان کرد و ڕێککەوتن لەسەر چوونی قازی ئەبوبەکر کوڕی سەدەقە، شێخ ئەبو سالم کوڕی میحوەر، ئیبن زێدان، ئیبن موساعید، ئیبن بەلك و کۆمەڵێکی وی دی و شێخ ئەبو حەسەن عەلی کوڕی میحوەر لە شوێنی باوکی لە کۆشك دانراو کلیلەکانی شاریشی لەکن بوو، جا ئەوانی تر بەرەو نوسەیبین ڕۆیشتن بۆ لای سوڵتان تاجولدەولە، چوونە لای و ڕێزی لێنان و پایەداری کردن و مانەوەی بۆ مەیسەر کردن، وتیان: شارمان بۆ ئێوە پاراستووە و کەس لە لایەن سوڵتانەوە نەهاتووە و تۆش برای ئەویت و لە خەڵك لە پێشتری و بێجگە لە ئێوە کەسی ترمان ناوێت، وتی: چەند ڕۆژێك ئارام بگرن و پێکەوە دەڕۆین، جا مانەوە.

میر ناسرلدەولە مەنسور کوڕی مەڕوان کە لە عێراقەوە بەرەو جەزیرە هەڵکشابوو، بەردەستی کردبوو – وەك باسمان کردووە – لەویَ مایەوە و گوێبیستی هەواڵی میافارقین بوو، بە شێخ ئەبی نەسر کوڕی ئەسەدی ئەدیب و شاعیری ناسراوی شاری میافارقینی ڕاگەیاند، کە مەبەستی دەستگرتنی میافارقینە و خۆی لیَ نزیك کردەوە و دڵی نەرم کرد، ئەویش قایل بوو و داوای کرد، وا ڕێککەوتبوو گەورە پیاو و دەمڕاستانی میافارقین لەویَ نەبوون، ناسردەولە لە سەرەتای ساڵی ٤٨٦ ك / ١٠٩٤ ز گەیشتە میافارقین و ئیبن ئەسەد شارەکەی بەو سپارد، ئەویش ئیبنو ئەسەدی کردە وەزیری خۆی و نازناوی کردە محیەلدەولە، جا شێخ ئەبولحەسەن کوڕی میحوەر لە تاوەری شا هاتە خوار و لەگەڵ میردا کۆبۆوە و ئەویش لە پاراستنی گیان و سامانیان دڵنیای کردەوە، شێخ ئەبولحەسەن بە دوای قازی و باوکی و کۆمەڵەکە بەرەو ئامەد ڕۆیشت، تا لەوێوە بچێتە نوسەیبین، لەو کاتەدا تاجولدەولە گەیشتە ئامەد و گرتی، چەند ڕۆژێکی کەم تێدا مایەوە و گەیشتە میافارقین، لە سەرەوەی تەپۆلکەی باقوسی دابەزی و خەڵکێکی زۆری لەگەڵدا بوو، بەرەو شار بەڕێکەوتن و پەیامی بۆ ناردن و ترساندنی بەوەی کە چی بەسەر خەڵکی نسەیبیندا هاتووە، کە دەنگی داوەتەوە، جا سوڵتان سوار بوو لە تەپۆلکەکە هاتە خوارێ و پێشڕەوی کرد و چووە تاوەری عەلی کوڕی وەهب، کە خەڵك دیتیان هەموو لێکڕا هاواریان کرد و وڵاتیان تەسلیمی وی کرد، ئەویش ئەویَ ڕۆژێ لە مانگی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی ٤٨٦ ك / ١٠٩٥ز چووە نێو شار و میر مەنسور لە دەروازەی هووە چوە دەرێ و لە چادرگەی ئەبو لنەجم وەزیری سوڵتان گیرسایەوە و پەنای بردە بەر میری پەردەدار[1]، ماوەی ئەو حوکمەی دوایی پێنج مانگ بوو.

---

[1]– لە بنەڕەتدا ئاوا نووسراوە لە (ب) بەپەڕی ١٨٠ ا و (مارش) بەر پەڕی ١٩٧ ا هاتووە (چۆ نێو چادرگەی میری پەردەدار و وەزیر ئەبو نەجیم) و لە (مرآة الزمان) ڕووداوەکانی ساڵی ٤٨٧ ك / ١٠٩٥ ز هاتووە)پەنای بردە بەر وەزیری سوڵتان ئەبو نەجم، ئەویش پەنای دا).

سولّتان لە میافارقین جێگیر بوو، لەگەڵ خەڵکەکەدا باش و دادپەروەر بوو، باجەکانی پیتاک و دەیەك و بەشی و تێچوونی و هەموو تەگەرەکانی لەسەر هەڵگرتن و خەڵك لەگەڵ وی بە خۆشی دەیان گوزەراند، جویەی ئەتڵەسی و مێزەر و کەوا و ئێستری بەزین و جڵەوەوە پێشکەشی قازی ئەبو بەکر کرد و جگە لە زەویەکانی خۆی (قلوفح)یشی دایێ، پۆشاکی بە هەمووان بەخشی و موڵك وماڵەکانی لەبەر چاو گرتن و زۆر چاکەی لەگەڵدا کردن.

وتراوە: پێشگرتنی ناوچەکە ناردیە دووی هەر یەکە لە ئەلکافی کوڕی جەهیر و وەزیر ئەبو تاهیری کوڕی ئەنباری، بۆ ئەوەی هەر یەکیان زوو گەیشت بیکا بە وەزیر، ئەلکافی کوڕی جەهیر پێشتر گەیشت و کرایە وەزیر، پاش چەند ڕۆژێك ئەبو تاهیر گەیشتە جێ، بەلاّم وەزارەتی لە دەست دا. کە میافارقینی تەسلیم کرا و ئەویش ڕێکیخستەوە، کۆڵەبەن (مملوك)ێکی لە کۆشك دانا نێوی تەغتەکین بوو[1].

وتراوە: ئەوجا سولّتان سەربازی کۆکردنەوە و بەزائی فەرمانڕەوای ڕەها و ئاقسنقری فەرمانڕەوای حەلەب و یەرغرسخانی ئەنتاکیەی لەگەڵ خۆی برد. ئەوانە پیاوی سولّتان مەلەك شابوون و ئەو ناوچانەیان لە بن دەست بوو.

کە مەلەك شا مرد تاج لدەولە لە دیمەشق وەدەرکەوت، ئەوانەش لە خزمەتیدا بوون، کە دیاربەکر و ناوچەکانی دیکەی گرت. جا سەربازی کۆکردنەوە و سوپای دەنگ دا و بە نیازی ڕووبەڕووبوونەوەی سولّتان برکیارق ماوەیەك لە حەڕان مایەوە.

وتراوە: کە سولّتان فەرمانڕەوایی میافارقینی گرتە دەست، ئیبنو ئەسەد شکستی هێنا و ماوەیەك خۆی شاردەوە، جا لە حەڕان چووە کن سولّتان و کە گەیشتنە کنی بە هۆنراوەیەکی سەرسوڕهێنەر ستایشی کرد، بەیتێکی هۆنراوەکە بوو بە بەلاّی سەری کە ئەمە بوو:

---

[1] – میرزوهێرەدین ئەبو مەنسور تەغتەکین کوڕی عەبدولاّ، ئەتابەکی فەرماندەی شام و کۆد. بەین تاج الدولە لە سالچی ٥٢٣ ك /١١٢٩ مردووە. (النجوم الزاهرە، ح ٥ ص ٢٣٤).

حەلەب پێڵۆمی پڕ ئاو کردم و داییاراند
حەڕانیشت گەرمایی کوشتنی پێم گەیاند[1]
وتراوە: وتی: حەڕانیش بە گەرمی تاسە.

کە چاوی بە سوڵتان کەوت و هۆنراوەکەی بۆ وت و ڕای لێ بوو، خەڵکیش شیعرەکەیان پێ خۆش بوو، هەندێ لە ئامادەبووان وتیان: ئەی گەورەمان، ئەمە دەناسیت؟ وتی: ئەوە کێیە؟ وتیان: ئەوە بوو کە لە میافارقین مابۆوە و ڕانەوەستا، تا تۆ هاتیت و خۆی بەسەر ڕای خەڵکیدا زاڵ کردبوو، فەرمانی دا و هەرچی و پەرچی و نەزانی کۆکردنەوە و داوای کوڕی مەڕوانی کرد و میافارقینی بەو سپارد، جا بڕیاریدا لە ملی بدرێت، لە حەڕان لە ساڵی ٤٨٧ ك /١٠٩٥ ز کوژرا.

وتراوە: لە ساڵی ٤٨٨ / ١٠٩٦ ز هەراو هۆسەی ئامەد لە دژی جێگیری تەغتەکین سەری هەڵدا، دژی ئەو جولانەوە، تەغتەکین ئابلۆقەیدا و کۆمەڵێکی کوشت و کۆمەڵێکیشی بە دارێ وە هەڵواسین، ئامەد هەر لە ژێر فەرمانڕەوایی تاجولدەولە مایەوە، دوای ئەو کەوتە دەست شادەقاق، ئینجا بۆ میر یەنال، دوای بۆ میر فەخرلدەولە ئیبراهیم و لە ژێر دەستی ئەو و کوڕانیدا مایەوە تاوەکو ئێستا.

وتراوە: وەزیر ئەبو تاهیر کوڕی ئەنباری لە میافارقین مایەوە، هەموو کارێکی پێ سپێردرابوو، کە هەواڵی کوژرانی ئیبنو ئەسەدی پێ گەیشت دڵگران بوو، ناڕەزایی دەربڕی، لە (١٤) زیلقیعەدەی ساڵی ٤٨٧ ك / ١٠٩٥ ز لە میافارقینەوە چوو بۆ هەتاخ و لەوێ مایەوە، ئەبولقاسمی کوڕە گەورەی و کوڕەکەی دیکەی ئەبو سەعد، ئەبو عەبدوڵا محەمەد کوڕی سەدیدی برازای لەگەڵ بوو. برای لە میافارقین دواکەوت تەغتەکین گرتی، وەزیر ماوەیەك لە هەتاخ مایەوە و ئینجا لەوێ ڕۆیشت، سوڵتان بە دوایدا نارد و هەرەشەی لێ دەکرد، ئەویش ترسی لێ نیشت و چووە خەرتەبەرت کە (حجن زیاد)ە، کە میر جەبەقی لێ بوو، لە لای خوشك و کوڕی میر جەبەق لە حجن

---

[1] - ئەم هۆنراوەیە لە (النجوم الزاهرە) دا هەیە.

زیاد مایەوە، سوڵتان داوای کرد، بەڵام بە دەستەوە نەدرا، جا ناردیە لای خوشکی جەبەق و پێی ڕاگەیاند، کە بە دەستەوەی بدات، گەرنا لە ملی جەبەق دەدرێت، کە لەگەڵ ئۆردوی تاجولدەولەدا بوو، جا لەگەڵ کوڕە گەورەکەی ئەبولقاسم بە دەستییەوە دا، بەڵام کوڕە بچوکەکەی ئەبو سەعد و برازاکەی ئەبو عەبدوڵای لە کن خۆی هێشتنەوە، وتی: ئەمانە چیان تێیە بۆوەی بەدەستەوە بدرێن! ئەوکات تەمەنی هەر یەکیان هەژدەساڵی بوو، وەزیر بۆ لای سوڵتان بردرا، کە ئەوکات لە شمشات لە نزیک مەلاتیە بوو، سوڵتان فەرمانی دا لەسەری بدرێت، لە جەمادی ئاخیرەی ساڵی ٤٨٩ ك / ١٠٩٨ لە ملی ئەو و ئەبولقاسمی کوڕی درا، خوا لێیان خۆشبێت! سەرەکان نێردرانە میافارقین، سەدید ئەبولغەنائیم لە زیندان دەرهێنرا بۆ دەروازەی میافارقین و میر تەغتەکین فەرمانی دا، کە لە ملی بدرێت، ئەو ڕۆژە یەکەم پێنج شەممە بوو لە مانگی ڕەجەب، بە ڕۆژوش بوو، پێش مل پەڕاندنی پیاوێك لە سەربازان بەناوی هارون جەلابلی هاتە لای و سەتلێك ئاوی بۆ هێنا و پێی گوت: بخۆوە، وتی: من بە ڕۆژوم! دەمەوێ بە ڕۆژووەوە بە دیداری خوا بگەم، جا لە ملی درا و دواتر لاشەیان کەوڵ کرد، سەری وەزیر و کوڕەکەی لە نێو شاریدا سوڕێنترانەوە، ئینجا جەستە و سەرەکانیان لە گۆڕ شاردەوە، بۆ ماوەیەکی درێژ بە شەو ڕوناکایی پەخشییە سەر گۆڕەکە، هەموو خەڵك دەیان بینی، موئەیەدین سەدید ئەلدەولە ئەبو عەبدوڵا محەمەدی ئەنباری ئەم قسەیەی بۆ کردووم، کەوا: کاتێ خوشکی جەبەق مامم و ئەبالقاسمی کوڕی دا بەدەست سوڵتان من و ئەبو سەعدی ئامۆزام چەند ڕۆژێك لای خوشکی جەبەق ماینەوە، ئینجا لە خەرتەبەرت چووینە دەرەوە، چاوساغی لەگەڵدا ناردین تا گەیشتینە ماردین و چووینە ناوی و میر جالستری سەرداری ماردین بۆ لای خۆی بردنی و لای ئەو ماینەوە. جا خۆمان ئامادە کرد و ڕۆیشتین بۆ نوسەیبین و دابەزین و ماوەیەك تێیدا ماینەوە و ئینجا بەرەو بەغدا ڕۆیشتن و لەوێ لە خزمەتی دیوانی خەلیفەدا بووم و نازناوم سەدیدلدەولە بوو. لە ساڵی ٤٩٢ك / ١١٠٠ز بۆ میافارقین نێردرام و منیش تەرم

و سەری باوکم و سەری مامم و کوڕەکەییم هێنایە بەغدا، گۆڕێکم لە بەغدا و لە نزیک موسا کوڕی جەعفەر خوالێیان خۆشبێت! لە مەزارگەی دەروازەی تین لە گۆڕستانی قورەیش لە لای ڕۆژئاوا بنیاد کرد، هەموویانم لەوێ شاردنەوە. وتی: لە خزمەتی موستەزهیر[1] وەکو (وكيل الدار) بەردەوام بووم، ماوەیەك بە مەبەستی نامەناردن منی دەنارده شوێنان، بەم جۆرە مامەوە تا ساڵی ٥٠٧ ك / ١١١٣ ز تاوەکو ئێستاش دیوانی ئینشام گرتە دەست.

نازناوی بووە موئەیەدەدین، بووە جێگیری وەزارەت بۆ موستەرشید[2] و موقتەفی[3] و بانگێشتی پێسپاردنی وەزارەت ڕۆژانی موستەرشید و ڕۆژانی موقتەفی کرابوو و نەیگرتە دەست، گەیشتە بەرزترین پلە و پایەکان، بە درێژایی فەرمانڕەوایەتی موستەرشید و موستەزهیر و موقتەفی و ڕۆژانی موستەنجید[4] لە دیوانی ئینشادا مایەوە، لە شەعبانی ساڵی ٥٥٨ ك / ١١٦٤ ز کۆچی دوایی کرد – خوا لێی خۆشبێت – من کاتێ لە ساڵی ٥٣٤ ك / ١١٤٠ ز کە سەفەری بەغدام کرد لەوێ ئەم قسانەی بۆ کردم کە پشت بە خوا باسی دەکەم.

---

[1] – ئەبولعەباس ئەحمەد کوڕی خەلیفە موقتەدی بیلا کوڕی محەمەد زەخیرە کوڕی قائیم، بەڵێنی خەلافەتی بۆ درا دوای کۆچی دوایی موقتەدی بیلای باوکی لە ساڵی ٤٨٩ ك / ١٠٩٧ ز لە ساڵی ٥١٢ ك / کۆچی د وایی کرد (النجوم الزاهرە، ابن الاثير) لە ڕووداوەکانی ساڵی ٥١٢ ك / ١١١٨ز.

[2] – ئەبو مەنسور فەزل کوڕی خەلیفە موستەزهیر بیلا ئەحمەد کوڕی خەلیفە موقتەدی بیلا و دوای کۆچی دوایی باوکی لە ساڵی ٥١٢ ك / بەڵێنی خەلافەتی بۆ درا، بە توانا و بەهێز بوو، لێهاتوو و زانا و دانا بوو، قورئان خوێن و گوێبیستی فەرموودە بوو، شیعری وتووە. لە مەراغە لە ساڵی ٥٢٩ ك / ١١٣٥ ز. النجوم الزاهرە ح ٥ ص ٥٧، ابن الاثير ح ١١ ص ١٠).

[3] – ئەبو عەبدولا محەمەد کوڕی خەلیفە موستەزهیر بیلا ئەحمەد کوڕی موقتەدی، دوای کوژرانی براکەی ڕاشید بیلا ساڵی ٥٣٢ ك / ١١٣٨ ز بەڵێنی خەلافەتی بۆ درا و لە ساڵی ٥٥٥ ك / ز کۆچی دوایی کردووە لە خانووەکەی نێژرا. (النجوم الزاهرە ح ٥ ص ٣٣٣، ابن الاثير ح ١١ ص ٩٦).

[4] – ئەبو م وزەفەر یوسف کوڕی موقتەفی کوڕی موستەزهیر لە ساڵی ٥٥٥ ك / ١١٦١ ز خەلافەتی دوای کۆچی دوایی باوکی وەرگرت. لە ساڵی ٥٦٦ ك / ١١٧٢ ز کۆچی دوایی کرد و لە خانووەکەی نێژرا. (النجوم الزاهرە ح ٥ ص ٣٨٦، ابن الاثير ح ١ ص ١٣٤).

وتراوە: ئینجا سوڵتان تاجولدەولە دوای کوژرانی وەزیر ئەبی تاهیر کوڕی ئەنباری سەرباز و میرانی کۆ کردەوە و بەرەو ئازەربێجان بە ڕێکەوت و داوای سەلتەنەتی دەکرد و بۆ ئەوەی ڕوبەڕووی سوڵتان بەرکیارق ببێتەوە، کە گەیشتە ئازەربێجان ئاقسەنقەر و بەزان[1] خاوەندارانی حەلەب و ڕەها پشتیان تێکرد و گەڕانەوە، بەڵام تاجولدەولە بە دوایاندا گەڕایەوە و پێیان گەیشتن و شکستی پێ هێنان و پێی گوتن: ئەز چ خراپەکاریەکم لەگەڵ ئێوە کردووە؟! من دیمەشقم هەبوو، ئێوەش ڕەها و حەلەب! جا لە ملی دان.

گەڕایەوە مەیدانخوازی شەهابولدەولەی برازای کرد و ڕووبەڕووی یەك بوونەوە، ئینجا هەردوو سوپاکە بە گژ یەکدا چوون، لەو کاتەدا بەندەیەکی بەزان خاوەنی ڕەها لە پشت تاجولدەولە بوو، بەرامبەر بۆی هەڵکەوت و لە نێو ئەو بگرە و بەردەیەوە، تیرێکی ئاراستەی ناوەڕاستی پشتی کردو لە ساڵی ٤٨٩ ك / ١٠٩٧ ز سللار بۆوە.

وتراوە: جەنگەکە لە دەروازەی ڕەیدا بوو هەر لەوێ کوژرا. سەربازانی هەردوو لا لێك جیابوونەوە و سوڵتان بەرکیارق سەرکەوت لە دەسەڵاتدا تاق بۆوە. فەرمانڕەوایەتی هەر دوو عێراق[2] و ئازەربێجانی کرد. سەنجر فەرمانڕەوایی خورسانی گرتە دەست، کە بچوکترین براکانی بوو. شام و دیاربەکر لە ژێر دەستی کوڕانی سوڵتان تاجولدەولە تتش مایەوە. حەلەب و دەورو پشتی لە ژێر دەستی شاڕەزوان بوو، دیمەشق و دیاربەکر لە ژێر دەستی دەقاق بوو.

---

[1]– لە (ابن الاثیر ح ١٠ ص ١٥٧، النجوم الزاهره، ح ٥ ص ١٥٥) بە (بوزان) هاتووە و لە (المنتظم) لە ڕووداوەکانی ساڵی ٤٨٦ ك / ١٠٩٤ ز بە (توزان) هاتووە، لە (مرآة الزمان) لە ڕووداوەکانی ساڵی ٤٨٧ ك / ١٠٩٥ز بە (تەزان) هاتووە.

[2]– مەبەستی بەسرە و کوفەیە. (وەرگێڕ).

تەغتەکین لە میافارقین بوو، کە تاجولدەولە کوژرا، بەرەو دیمەشق ڕۆیشت و بوو بە ئەتابەگی[1] شادەقاق، میر شەمسولدەولە ئاشتی کردە والی لە میافارقین و کاروباری بۆ ڕێکخست، جا چووە دیمەشق و هەموو کاروبارەکانی گرتە دەست. دیمەشق و ئەتابەگی بۆ شادەقاق، بەڕێوە دەبرد، میر ئالتاش لە میافارقین مایەوە و کاروباری کەوتە دەست، حابی ئەبو حەسەن عەلی کوڕی محەمەد کوڕی ساف کرد بە وەزیر، کە بەندەیەکی بەرەبابی نەباتە بوو لە نەوەی قازی عەبدولاّ کوڕی خەلیل کوڕی موبارەك کوڕی مەیمون، کە لە پێشووتردا باسمان کردن، کوڕێکی هەبوو بە ناوی محەمەد و گەورە بوو پێگەیی لە مەیدانیّ کڕین و فرۆشتنی دەکرد، ماوەیەك مایەوە و کچی نانەوایەکی خواست بەناوی ئیبن خەلەف نانەوا و کوڕێکی لیّ بوو ناوی نا عەلی و بە ئەبی حەسەن ناوی دەبرد و پێگەیشت، محەمەدی کوڕی ساف باوکی کڕین و فرۆشتنی دەکرد، کە گەورە بوو، قازی ئەبو بەکر کوڕی سەدەقە لە کن خۆی دەکاری کرد و ماوەیەك لە خزمەتی وی دا مایەوە، ئینجا شێخ ئەبو سالم یەحیا کوڕی حەسەن کوڕی میحوەر کردیە باجگر لە کاروباری وەقف، ئەویش بە مۆڵەتی قازی ئەبی بەکر کوڕی سەدەقە و ماوەیەك بەردەوام بوو، ئینجا دادوەر کردی بە موحتەسیب، پایەی بەرزتر بوو، وەختیّ ئەلتاش بوو بە دەسەلاّتدار کردی بە وەزیر، جا دەستی بەسەر موڵك و ماڵی خەڵکدا گرت و بە توندی جولاّیەوە و ستەمکارێکی بە هێز و بە زەبر بوو، زۆردارێکی گەورەیە و دەستی بەسەر ماڵ و سامانی خەڵکیدا دەگرت و زیانی پیّ دەگەیاندن، ماڵی کۆمەڵێك لە خەڵکی میافارقینی تێکدا و پەرتەوازە بوون، ئەوەی توانی کۆچی کرد، کاری وای ئەنجام دا کە کەس وەك وی نەکردووە، خودا لەسەر ئەمە سزای دەدا!

---

[1] – ئەتابەگ: بە مانای میری باوکە، یەکەم کەسێك بەم ناوە نراوە نیزامولمولك وەزیر مەلیکشا کوڕی ئەلب ئەرسەلانی سەلجوقی، کاتیّ مەلیکشا کاروباری پاشانشینەکەی لە ساڵی ٤٦٥ ك / ١٠٧٤ ز پیّ ڕاسپارد. (صبح العشی ح ٤ ص ١٨).

وتراوە: لە ساڵی ٤٨٧ ك / ١٠٩٥ ز قازی تاجولدین ئەبو تاهیر عەلی کوڕی نەباتە لە دایك بوو، خوا لێی خۆشبێت!

وتراوە: لە ساڵی ٤٨٦ ك / ١٠٩٤ ز[1] میر ناسرلدەولە مەنسور کوڕی مەڕوان لە جەزیرە کۆچی دوایی کرد و بەرەو ئامەد بەڕێ کراو لە لای سەرووی کۆشك لە گومبەزێکدا نێژرا، کە هاوسەرەکەی ست لناس کچی مامی میر سەعید کوڕی نەسرلدەولە بینای کردبوو، کە لای (السلسلە)وە بەسەر دیجلەیدا دەڕوانی، خۆشی لەوێدا نێژراوە.

وتراوە: ئەمە کۆتایی فەرمانڕەوایەتی بەرەبابی مەڕوانیانە، چونکە لە ساڵی ٣٨٠ ك / ٩٩٠ ز دەسەڵاتیان دەست پێ دەکات، کە سەرەتای فەرمانڕەوایی ئەبی عەلییە، تا ئیبن جەهیر وڵاتی گرتە دەست لە ساڵی ٤٧٩ ك / ٩٨٩ ز، بەڵام میر مەنسور ماوەیەك گەڕایەوە و فەرمانی گرتەوە دەست، بەم جۆرە سەد ساڵیان تەواو کرد، جا دەسەڵاتیان لەناوچوو فەرمانڕەوایەتیان کۆتایی هات.

من بەبیرم دێت هەتا ئێستا کێیان ماوە و دەڵێم: ئەوەی پێم گەیشتووە لە گەورە پیاوان و پیاوماقولان و ئەوەی پێم زانیوە و بینیومە و گوێبیستی بووم، کە میر نیزامەدین کوڕی نەسرلدەولە کە کۆچی دوایی کرد، لە دوای خۆیدا میر ناسرلدەولە مەنسوری جێنشینن و میر بەهرام و میر ئەحمەدی بچووك و کچێکی بەناو (ست فاتیمە) جێ هێشتووە، کە لە پێشتووتردا باسمان کردووە.

بەڵام میر ناسرلدەولە مەنسور کۆچی دوایی کردووە و میر تاجولدەولە محەمەد و کچێکی کە شوی بە میر ئەبو نەسر کوڕی ئەبیلفەوارس کوڕی ییبراهیم کوڕی نەسرلدەولە کرد و لە پاش بەجێماوە، کە کوڕێکی لێ بوو نێوی نرا حوسێن، ئەو مابوو بینیومە و لەسەردەمی ئێمەدا کۆچی دوایی کرد.

---

[1] – لە (ابن الاثیر ج ١٠ ص ١٧٤، النجوم الزاهرە ج ٥ ص ١٥٧) داهاتووە کە ناسرلدەولە لە ساڵی ٤٨٩ ك / کۆچی دوایی کردووە.

- بەڵام میر تاجولدەولە محەمەد کاتێ میر سەکمان قوتبی لە ساڵی ٥٠٢ ک / ١١٠٨ میافارقینی گرت چووە ئەوێ و لەوێ ما. (ست خەتافە) کچی میر بەهرام کوڕی نیزامەدینی خواست و هێنای. کە پێشتر شوی بە میر محەمەدی دوینی[1] کردبوو، کە لە سەردەمی قلیج ئەرسەلان[2] میافارقینی گرتبووە دەست – کە بەویستی خوا باسی دەکەین – دوایی تەلاقی دا. کە میر تاجولدەولە محەمەد خواستی لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی میر سەکمان و دوایی ئەو هەموو فەرمانڕەوایەتییەکەی نەجمەدین ئیلغازی و زۆربەی فەرمانڕەوایەتییەکەی سەعید حوسامەدین[3] – خوا لێی خۆشبێت – لە میافارقین مانەوە. تا ساڵی ٥٤٠ ک / ١١٤٦ ز جا چووە ئەرزەن و لە خزمەتی وەزیر یاقوت ئەرسەلان کوڕی شەمسولدەولە تەغان ئەرسەلان ئەحدەبدا بوو، تا کۆچی دوایی کرد. میر فەخرەدین دەوڵەتشا کوڕی تەغان ئەرسەلانی برای فەرمانڕەوایەتی گرتە دەست، ئینجا لە خزمەت و ڕێزی ئەودا، لەگەڵیدا باش بوو پێکەوە چوونە خزمەتی سوڵتان مەسعود لە هەمەدان، ئەویش ڕێزی لێنا و لە کۆڕی خۆیدا داینیشاند و لەگەڵیدا باش بوو، میر دەوڵەتشا ئەگەر ئامادەی کۆڕی سوڵتان ببوایە ڕادەوەستا و تاجولدەولە محەمەد دادەنیشت، خێزانەکەی (ست خەتافە) لە ئەرزەن کۆچی دوایی کرد، بە ڕێکرا و لە میافارقین لە خوار مزگەوتی سەخرە (بەردین) نێژرا. میر تاجولدەولە تا ساڵی ٥٥٤ ک / ١١٦٠ ز ژیا و لە ئەرزەن کۆچی دوایی کرد و بەرەو

---

[1]– دوین: شارۆچکەیەکە لە ناوچەی ئاران لە ئەوپەڕی سنووری ئازەربێجان، دەکەوێتە نزیک تەفلیس.

[2]– قلیج ئەرسەلان کوڕی سلێمان قتلمش لە سەرەتادا لە خزمەتی مەلیکشای سەلجوقی دابوو کە ناردی بەسەر لەشکرێکەوە بۆ جەنگی ڕۆم، توانی بەسەریاندا سەر بکەوێت و مەلاتیە و قەیساریە بگرێت... ئینجا دەستی بەسەر میافارقین داگرت. بەڵام جەنگێك لە نێوان خۆیی و چاولی بەندەی سوڵتان محەمەد کوڕی مەلیکشا بەرپابوو شکستی هێنا و خۆی لە ڕووباری خابور فڕێدا و نقوم بوو، تابوتەکەی بەرەو میافارقین بە ڕێکرا و نێژرا. (النجوم الزاهرە ح ٥ ص ١٩٠، ابن الاثیر) ڕووداوەکانی ساڵی ٤٩٩ک / ١١٠٥ز.

[3]– تەمرتاش کوڕی نەجمەدین ئورتوق خاوەنداری دیاربەکر. دادپەروەر بوو دڵسۆزی زانایان و ماقوڵان بوو، لە ساڵی ٥٤٧ ک / ١١٥٣ ز کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە (ابن الاثیر ح ١٠ ص ٦٦، الذهبي، تاریخ الاسلام، عقد الجمان). بەڵام لە (ابن القلانسي، تاریخ دولە، آل سلجوق) دا لە ساڵی ٥٤٩ ک / ١١٥٥ ز کۆچی د وایی کردووە.

میافارقین بە ڕێکرا و لە تەنیشت خێزانەکەی لـە لای چـیا نێـژرا، ئـەو لەگـەڵ ژنەکەیـدا کاتێ لە میافارقین بوون، پێش ئەوەی بچنە ئەرزەن حەجیان کردبوو، کۆچـی دواییـان کرد و وەچاخ کوێر بوون.

بەڵام میر بەهرام لە جەزیرە[1]، کۆچی دوایی کـرد و لـە گومبـەزی دەروازەی چـیادا نێژرا، تەنیا دوو کچی جێ هێشت: ست سورە و خەتافە وەکو لەوە پێش باسـی لێکـرا. سورە ڕەیس ئەبو عەبدولا محەمەد کوڕی موسەك خواستی، لە دوای کۆچی دوایی ست فاتە کـچی نیزامـەدین کـە پـوری سـورە بـوو و کـوڕێکی لـێ بـوو بـەناوی موسـەك لـە سەردەمی ئێمەدا کۆچی دوایی کرد، ئەویش دوو کچی بوو لەگەڵ کوڕێك بەناوی مامـك، کە ئێستا لە میافارقینە و دوو کچەکەش بوون بە خێزانـی مـیر سلێمان و داود کـوڕانی میر عەلی کوڕی ئەبیلفەوارس کوڕی ئیبراهیم کوڕی نەسرلدەولە.

بەڵام میر ئەحمەد کوڕی نیزامەدین کە بچوکترینیان بوو، گـەورە بـوو پێگەیـشت و چـووە خزمـەتی سـوڵتان محەمـەد. ماوەیـەك مایـەوە و چـووە موسـڵ لـە کـاتی فەرمانڕەوایی (کلیفا)[2] پیاوێکی بەوەج و سوارچـاك بـوو، پلـە و پایـەی بـەرزی هـەبوو، فەرەنگەکان بە دیلیان گرت و لایان مایەوە، ژنی هێنا و کوڕێکی بوو ناوی نـا محەمـەد، کە لە دیلی گەڕایەوە بەردەوام لە گەڕان و سوڕان بـوو، لـە زۆر جێیـان کـار و خزمـەتی میرێکی دەکرد و جا دەچووە خزمەت میرێکی دیکە، بۆ ماوەیەك بوو بە فـەرمانڕەوایی تەنزە، ئینجا فەرمانڕەوایـەتی هـەتاخی کـرد و تیایدا مایـەوە و جێگیر بـوو، کۆشـێك منداڵی بوون، لەوێ عەیامێکی درێژ مایەوە، ڕۆژێـك لـە ڕۆژان محەمـەدی کـوڕی لـە کـن فەرەنگەکانەوە هاتە لای و نیشانەیەکی لـە لابـوو، کـە پێـشووتر بـاوکی کوڕەکـە ئـەم نیشانەی دابویە، خێزانەکەی پێش دەرچوونی، کە ئەو کوڕەش گەورە بوو دایکـی ئـەو نیشانەی دایە و وتی: برۆ لای باوکت، ئـەو مـیر ئەحمـەد کـوڕی مەڕوانـە لـە دیاربـەکر،

---

[1]– جەزیرە: مەبەستی جەزیرەی ئیبن عومەرە (بۆتان) کە دەکەوێتە کوردستانی تورکیا.

[2]– بە کلیفا نووسراوە: بەڵام لەسەر چاوەکاندا نێوی وانەهاتووە، لەوانەیە (کریوفا) بێت و تێکدرابێ.

گەیشت و چووە هەتاخ و لەگەڵیدا کۆبوویەوە و نیشانەی پێدا و سوێندی دا، لە لای مایەوە و ژنی بۆ خواست و دوو کوڕی بوو ئەوان، میر ئیبراهیم و میر حەسەن، کە ئێستا لە میافارقین لە خزمەتی میر نەجمەدیندایە، بەڵام باوکیان چەند ڕۆژێك مایەوە جا میر ئەحمەدی باوکی لێی تورە بوو، لە قەڵا چووە دەرەوە دابەزی بۆ دەوروبەری شار و نەگەڕایەوە و بزر بوو، تا ئێستا گوێبیستی هەواڵی ئەو نە بووین و کەس نەیبینیوە.

میر ئەحمەد کۆمەڵە منداڵێکی هەبوو گەورەکەیان میر ئیبراهیم وە میر بەهرام و میر عیسا و چوار کوڕی بچوکی دی، میر ئەحمەد تا ساڵی ٥٢٨ ك / ١١٣٤ ز لە هەتاخ مایەوە، کاتێك بۆ ڕاو چووە دەرەوە میر بەهرامی کوڕی لێی هەڵگەڕایەوە، دەرگاکەی هەتاخی لە ڕووی داخست، لاساری لە باوکی کرد و فەرمانڕەوایەتی قەڵای هەتاخی گێڕا، جا چووە کن ئەحمەد سەعید حوسامەدین لە خزمەتی ئەودا مایەوە.

ئینجا میر عیسا گەیشت، هەتاخی لە میر بەهرامی براکەی ستاندەوە و دایبەزاند، ئەمەش لە سەرەتای ساڵی ٥٢٩ك / ١١٣٥ز بوو، تێیدا جێگیر بوو، میر ئەحمەدی باوکی ناردیە کنی و داوای لێکرد هەتاخی بۆ بگەڕێنێتەوە، بەڵام کوڕەکەی وەڵامی نەدایەوە و پێی وت: با لە دەوروبەری قەڵاکەی هەتاخ دانیشێت، تۆ میر بە و ئێمەش لە ژێر فەرمانی تۆ داین، منیش لە قەڵاکەم. ئینجا میر ئەحمەد چووە کن سەعید حوسامەددین و وتی: هەتاخم بە تۆ بەخشیوە و بڕۆ ناویەوە، ئەویش لە ساڵی ٥٣٠ ك / ١١٣٦ ز ماوەیەك ئابلۆقەی دا و میر عیسا بە دەستیەوە دا و لێی دەرچوو، بە خۆیی و خێزانی و منداڵەکانیەوە چوونە ئامەد. هاوسەرەکەشی کچی میر شارۆخ خاوەنی حانی بوو، جا ماوەیەك لە ئامەد مایەوە، پاشان چووە خزمەتی فەخرەدین قەرا ئەرسەلان کوڕی داود کوڕی سەکمان کوڕی ئەرتەق، لە خزمەتیدا مایەوە تا کۆچی دوایی کرد. کە تا ئێستا لە خزمەتی کوڕانی فەخرەدینە و کۆمەڵێ منداڵی هەیە.

میر بەهرام کوڕی ئەحمەد دوو کوڕی هەبووە. ئەوانیش: مەحمود و عەلی، لە میافارقین لە خزمەتی میر نەجمەدین بوون، لە ساڵی ٥٤٨ ك / ١١٥٤ ز کۆچی دوایی کرد.

لە ساڵی ٥٣٢ ك / ١١٣٨ ز میر ئەحمەد کوڕی نیزامەدین لە میافارقین کۆچی دوایی کرد و لە گومبەزی بەرەبەبابی مەڕوانان نێژرا و کۆمەڵە کچێکی لە دوای خۆی جێهێشت.

میر بەهرام کوڕی عیسا چوار کوڕی بچووکی لە پاش بە جێمان، ئەوانیش: عەبدولا و سلێمان و ئەبولقاسم و یەحیا لە خزمەتی سەعید حوسامەدین و ماوەیەك لە خزمەتی شا نەجمەدیندا بوون.

لە ساڵی ٥٥٦ ك / ١١٦٢ ز میر سلێمان لە دەروازەی بارعیە کوژرا، کاتێ کۆجبا[1] هەڵگەڕانەوەی ئەنجام دا و تابوتەکەی لە زیلقیعدە بۆ میافارقین بە ڕێکرا و لە گومبەزی مەڕوانی نێژرا.

میر ئەبولقاسم بەرەو ئەرزەن ڕۆیشت و لە کن تاجولدەولە محەمەدی ئامۆزای مایەوە، تا تاجولدەولە کۆچی دوایی کرد، جا بژێوی ژیانی وەرگرت و ماوەیەك گەڕایەوە میافارقین لە خزمەتی شانەجمەدیندا بوو.

میر عەبدولا لە خزمەتی حوسامەدین مایەوە، دواتریش ماوەیەك لە خزمەتی شانەجمەدین بوو، پاشان چووە خزمەتی فەخرەدین قەرائەرسەلان، تا ئەو کۆچی دوایی کرد، یەك لە یاوەرانی بوون، ئێستاش لە خزمەتی کوڕانی فەخرەدینە لە حەسنکێفا، مانەوەی زیاتری شعێبینیەتا کە ئەمەش دێیەکی موڵکی خۆیانە لە ناوچەی بەینە نەهرەین لە شاری میافارقین، لەوێ لەگەڵ میر یەحیای برایدا بوو. میر عەبدولا ئەبولقاسم هەردووکیان کۆمەڵە منداڵێکیان هەیە، ئەوانەی باسمان کردن لە کوڕانی نیزامەدین یاخود دەگەڕێنەوە سەر.

---

[1]– ئاواهاتووە و سەرچاوەکانی بن دەستمان لەو بارەوە زانیاری بە دەستەوەنادەن.

من لەوانەی لەبیرمن کە دەگەڕێنەوە سەر نەسرلدەولە بێجگە لە پشتی نیزامەدین: میر ئیبراهیم کوڕی نەسرلدەولە کە خاتوو فاتیمەی کچی میر ئەبی دەلف سەتخاریب کوڕی میر ئەبی عەلی حەسەن کوڕی مەڕوانی کرد بە هاوسەری ژیانی، هەروەکو باسمان کرد، کوڕێکی لێ بوو بەناوی میر ئەبولفەوارس شادزیك، کە ئەمیش ژنی خواست و پێنج کوڕی هەبوو: ئەبو نەسرو ئیبراهیم و عەلی و ئەبو دەلف و ئەبو فەتح، میر ئەبولفەوارس لە ڕەجەبی ساڵی ٥٠٥ ك کۆچی دوایی کرد. کوڕەکەی ئەو میر ئەبی نەسر کچی ناسرلدەولە مەنسوری خواست، کوڕێکی لێ بوو بەناوی حوسێن، هەروەکو باسمان کرد لە سەردەمی ئێمەدا مرد، کوڕێکی لە کەنیزەیەك بوو بەنێوی حەسەن، لەساڵی ٥٣٧ ك / ١١٤٣ ز لە باشزەرم کۆچی دوایی کرد، کە لە کچی دەرباس کوڕی عیسکۆهـ کوڕی نەسرلدەولە کوڕێك[١] و کچێکی لەپاش بەجێ ماوە[٢]، ئەویش[٣] کچی میر سلێمان کوڕی عەلی کوڕی ئەبولفەوارسی خواست، کچەکە شوی بە میر مەحمود کوڕی ئەبولفەوارس کرد و چەند منداڵێکیان لێ بوو. میر ئەبو فەتح لە ساڵی ٥٣٣ ك / ١١٣٩ ز کۆچی دوایی کرد و ژنی نەخواستووە و کەسی لە دوای خۆی جێنەهێشتووە.

میر ئەبو دەلف کچی میر ئەحمەدی[٤] خواست و هەر لە کن وی کۆچی دوایی کرد، دوای وێ خوشکی هاوسەری پێشووی بەناوی سروە هێناوە و سێ کوڕیان بوو، ئەوانیش: سەعید و باد و مەڕوان بوون، میر ئەبو دەلف لە سێی ڕەجەب ساڵی ٥٤١ ك / ١١٤٦ ز کۆچی دوایی کرد، کوڕەکانی لە خزمەتی مامیان میر شوجاع ئەلدەولە ئیبراهیم کوڕی ئەبولفەوارسدا بوون، بەڵام عەلی کوڕی ئەبولفەوارس ئەویش خاتوو

---

[1]– مەبەستی حەسەنی کوڕیەتی.

[2]– ڕستەکە تەواو نییە لەبەر پەڕی ٨٧ دا هاتووە : " لە کەنیزەیەك کوڕێکی بوو بە نێوی حەسەن کە کچی دەرباسی کوڕی عیسکویە هێنا".

[3]– لە بنەڕەتدا ئەو جێیە ڕەش بۆتەوە، بەڵام دەستەواژەی ب پەڕی ٨٧ ا ئاوایە "کوڕ و کچێکی لێ بوو کوڕەکە نێوی... (ڕەش بۆتەوە) کچی میر سلێمانی کوڕی عەلی کوڕی ئەبولفەوارسی هێنا".

[4]– لەبنەڕەتدا بە میر نیزامەدین ئەحمەد هاتووە.

زەینەب کچی ڕەیس موسەکی گەورە و کوڕی ڕەیس ئەبو عەبدولاّ کوڕی موسەکی خواست و سێ کوڕیان بوو: سلێمان و مەحمود و داود، ئەوانیش لە میافارقین لە خزمەتی شا نەجمەدیندان، هەر یەکەیان ئێستا کۆشێك منداڵیان هەیە.

میر عەلی لە دوازدەی زیلقیعدەی ساڵی ٥٤٨ ك / ١١٥٤ ز لە باشزەرم کۆچی دوایی کرد، بە ڕێ کرا و لە میافارقین لە گۆڕستانی میر ئەبولفەوارسی باوکی نێژرا.

میر ئیبراهیم کە گەورەترینی براکانی بوو دوای ئەبی نەسر خاتووە زینەی کچی ڕەیس ئەبی عەلی کوڕی ئەلرەحی خواست، باوکی زینە لە ئەرزەن چاودێر (ناظر) بوو، کچێکیان بوو بە نێوی فاتیمە، کە ئەویش شوی بە میر ئەحمەد کوڕی عەبدولاّ کوڕی ئەحمەد کوڕی نیزامەدین کرد، کە کۆمەڵە منداڵێکی لێ بوو، هەروەها کوڕێکی لە کەنیزەیەك بوو بەناوی میر مەسعود کوڕی ئیبراهیم، لە لای بابی مایەوە تا کۆچی دوایی کرد، عەیامێك مایەوە پاشان چووە خزمەتی نورەدین، فەرمانڕەوای شام ڕێزی لێنا و زەوی زۆری دایێ، جا پاش ماوەیەك لێی جیا بۆوە و چووە میسر و لەسەردەمی شاوردا خزمەتی کرد، کە ئەسەدەدین شێرکۆ چووە میسر فەرمانڕەوایی گێڕا، چووە خزمەتی وی، ئێستاش بە چاکترین شێوە لە میسر لە خزمەتی سەلاحەدیندایە. میر ئیبراهیم ژنی براکەی خۆی ئەبودەلفی خواست بەنێوی خاتوو سروە و دوو کوڕیان بوو، ئەوانیش: ئەحمەد دیل و ئەبولفەوارس، کە تا ئێستا لە خزمەتی مالك نەجمەدین بەردەوامن. میر ئیبراهیم لە باشزەرم لە ڕۆژی دوو شەممەی ٦ی شەعبان ساڵی ٥٥٩ك / ١١٦٥ ز کۆچی دوایی کرد، تەرمەکەی بەیانی ڕۆژی سێشەممە گەیشتە میافارقین و لە گومبەزی نەسرلدەولەی گەورە نێژرا. ئەو گۆڕە سەد و سێ ساڵ هەر لە کۆچی دوایی نەسرلدەولە نەکراوەتەوە و نەسرلدەولە لە ساڵی ٤٥٦ ك / ١١٦٢ ز[1] تیایدا

---

[1]– نەسرلدەولە لە ساڵی ٤٥٣ ك / ١١٥٩ ز کۆچی دوایی کرد و لە مزگەوتی (المحدثة) نێژرا، گوتراوە لە کۆشکی سەدەلی نێژراوە تا ست ئەلمەلیك ئەو گومبەزەی کە بەناوی ئەوانەوەیە بینا کردووە لە ساڵی ٤٥٦ ك / ١١٦٢ ز تیایدا نێژراوە.

نێژراوە، ئەمانە کوڕانی میر ئەبولفەوارس کوڕی ئیبراهیم کوڕی نەسرلدەولەن و لەوانە میر حەسەن کوڕی نەسرلدەولە کە وەکو باسمان کرد لە ساڵی ٤٥٨ ک / ١١٦٤ ز کوژراوە و دوو کوڕی جێ هێشتووە، ئەوانیش: ئەبو سەعید و مەنکەلانن.

بەڵام ئەبو سەعید بە کوێری سەری نایەوە و هەروەکو پێشتریش باسمان کرد تۆوی لێ نەگیرایەوە.

بەڵام مەنکەلان کوڕێکی بووە بەناوی ئەبولهەیجا، جا چووە ئەسعەرد و لەوێ ئاکنجی بوو، سێ کوڕی بووە، ئەوانیش، مەڕوان و حەسەن و حوسێن، لەگەڵ چەند کچێکدا پاشان لە سەردەمی ئێمەدا چووە میافارقین و تێیدا مایەوە، تاوەکو لە ساڵی ٥٥٩ ک / ١١٦٥ مردووە و لەکن میر حەسەن کوڕی نەسرلدەولەی باپیری لە مزگەوتی (المحدثة) نێژراوە، هەتا ئێستا کوڕەکانی لە میافارقین دادەنیشن.

لەوانە عیسکۆ کوڕی نەسرلدەولە کە کوڕێکی بووە بەناوی دەرباس و لە گوندی (الحومات)ی نێوان دوو ڕووبار لە شاری میافارقین جێنشین بووە و هەر لەوێ ژنی هێناوە و چەند کوڕێکی بووە، لەوانە عیسکۆ کوڕی دەرباس کە لە سەردەمی ئێمەدا لەم گوندەدا ماوەتەوە، کوڕێکی بووە بەناوی مەم و چەند کچێکیشی لە (الحومات) تاوەکو ئێستا نیشتەجێن. ئەمانە هەموویان بە بنەچە دەگەڕێنەوە سەر نەسرلدەولە، لەوانەی کە تاکو ئێستا ماون. کیژو کاڵیشیان هەن، بەڵام ئاماژەمان بۆ هەندێکیان کردووە، پیاوانمان باس کردوون کە وا بزانم کەسیان بەلاوە نەنراون و بە گوێرەی توانای خۆم دەرم خستون.

بەڵام لە ئامۆزایانی نەسرلدەولە ئەوانە دێنمە بەرچاوم، کە لێیانم کۆڵیوەتەوە، لەوانە: میر مەرزەبان کوڕی بلاشو کوڕی کاک کوڕی مەڕوان، کە لە دوای مردنی کەسی جێ نەهێشتووە.

ڕەئیس عەلی کوڕی مەنسوور کوڕی کاک، کە تەنیا کچێکی لەدوا جێ ماوە کە شوی کردووە بە میر مەرزەبان و لە دوای مردنیان کەسیان جێنەهێشتووە.

لەوانە ڕەئیس موسەك كوڕی محەمەد كوڕی كاد، مردووە و لەدوای خۆی ڕەئیس هیبەتولاَ كوڕی موسەك و میر موجاهید ئەبولقاسم كوڕی موسەكی جێ هێشتووە، مردوون و كەسیان لە دوای خۆیان جێنەهێشتووە. هەروەها (موسەك) كوڕێكی دیكەشی بووە، نێوی ئەبو عەبدولاَ كوڕی موسك، كە منداڵی زۆر بوون و هەر لە ژیانی خۆیدا مردوون، لەوانە موسك و مامكی كوژراون كە داكیان نێوی چۆیبی بووە. موسك كچێكی لەپاش بەجێ ماوە كە لە خوشكی میر ئەبو عەلی كوڕی ئەبی هیجای ڕەوادی بووە، كە دوایی میر عەلی كوری ئەبولفەوارس هێنای هەروەكو پێشتر باسمان كرد — تانهۆ ماوە.

هەروەها ڕەئیس موسەكی بچووك لە خاتوو سروەی كچی میر بەهرام كوڕی نیزامەدین منداڵی جێ هێشتووە، كە تاوەكو سەردەمی ئێمە هەر ماون، بە نەخۆشی فێگری مرد — مەبەستی ڕەئیس موسەكە — ڕەئیس مامك كە لە خزمەتی مالك نەجمەدین بووە، لەدوای خۆی دوو كچی جێ هێتشتوە و میر سلێمان و داود هێناویانن، وەكو باسمان كردووە.

لەوان ڕەئیس ئەفشین كوڕی مەنكەلان كوڕی كاك، كە مرد لە دوای خۆی كوڕێكی بەناو مەنكەلان جێهێشتووە و دوو كوڕی هەیە، ئەویش بەناوی ئەبولهەیجا و مەسەك. سەبارەت بە ئەبولهەیجا لە دوای مەرگی كچێكی جێهێشتووە، بەلاَم موسەك گردەنشین بوو، حەجی كردووە و خاتوو بادیەی جوبی هێناوەو كوڕێكیان بووە بەناوی محەمەد كەسیر، كە گەورە بووە كەریمەی كچی سەعید تاجولدەولە ئەبی تالیب كوڕی تاهیر كوڕی نەباتەی هێناوە — خوا لێی خۆشبێت — سێ كوڕیان بووە، ئەوانیش: ئەفشین و عەلی و موسەك، ڕەئیس محەمەد كە خۆی لە دنیایێ بەردابۆوە و بوو بوو بە سۆق لە ساڵی ٥٦٤ك / مردووە و كوڕەكانیشی لە میافارقینن.

ئەمانە ئامۆزایەكانی نەسرلدەولەن ئەوانەی كە نەوەیان هەبووە، ئێمە دەگەڕێنەوە بۆ باسنەكردنی بنەماڵەی مەڕوانی و دەڵێن: لە ساڵی ٤٨٩ ك / شكستی كلبغا بوو لە

دەروازەی ئامەدە لە مانگی زیلقیعدەدا، لە کاتێکدا کە لە مانگی زیلحیجەی هەمان ساڵ گەیشتبووە ئامەد.

وتراوە: کە تاجولدەولە تتش کوژرا لە دوای خۆی شەهابولدەولە بەرکیاروك دەسەڵاتی گرتە دەست و تا ساڵی ٤٩٣ ك / مایەوە. وتراوە: لە ساڵی ٤٩٨ ك / مردووە. خەلیفەی عەباسی موقتەدی کۆشکی خەلافەتی نوێ کردەوە، چونکە ڕەونەقی جارانی نەمابوو نۆژەنی کردەوە. سوڵتان شەهابولدەولە مرد و لە شوێنی خۆی سوڵتان محەمەد کوڕی مەلیکشا کاروباری گرتە دەست، : کە نازناوی (بەتر) بوو. پاشایەکی دادپەروەر و بەزەیی بوو، خێر و چاکەی زۆری بۆ خەڵك ویستووە، کەسێکی بێ گەرد و بە ڕەوشت بووە، کەم ستەم و دەسەڵات پتەو بووە.

وتراوە: لە ڕۆژی هەینی ناوەڕاستی موحەڕەمی ساڵی ٤٨٦ك / [1] لە ناکاو خەلیفە لە بەغدا مرد – خوا لێی خۆشبێت – لە گۆڕستانی لای ڕۆژهەڵاتی بەغدا نێژرا. ماوەی فەرمانڕەوایەتیەکەی ١٧ ساڵ و دوو مانگە، وتراوە ١٩٢ ساڵ بووە.

وتراوە: مەلیکشا زۆری لە موقتەدی دەکرد و دەیویست لە بەغدا نەمێنێ و کوێی بوێ لەوێ نیشتەجێ ببێ، بۆ بیست دانە ڕۆژان بەڵێنی پێدا کە مۆڵەتی بداتێ، لەو ماوەیەدا بە ڕۆژوو بوو تەنگانەی وە پێکەوت و بە گڵ و خۆڵ بەربانگی دەکردەوە، لەبەر باری تەعالا دەپاڕایەوە، تا سوڵتان مرد و خەلیفە مایەوە.

وتراوە: موقتەدی پێشەوایەکی دادپەروەر و خاوەن باوەڕێکی چاکەخواز بووە، کۆمەڵە منداڵێکی جێهێشتووە، گەورەکەیان بە خەلیفە دانرا بەناوی ئەبی لعەباس و

[1] – هەندێ لەمێژوونووسان وای بۆ دەچن کە ساڵی مردنی خەلیفە لە ٤٨٧ ك / بووە. بڕوانە: (النجوم الزاهرة ح ٥ ص ١٣٩، ابن الاثیر، ح ١٠ ص ١٥٥، المنتظم، مرآة الزمان، البدایة و النهایة، شذرات الذهب) لە ڕووداوەکانی ساڵی ٤٨٧ ك/.

[2] – لە (ابن الاثیر و البدایة و النهایة و المنتظم) هاتووە: "خەلافەتەکەی نۆزدە ساڵ و هەشت مانگ دوو ڕۆژ کەم بوو". لە (النجوم الزاهرە) : "خەلافەتەکەی موقتەدی نۆزدە ساڵ و هەشت مانگە". لە (مرآة الزمان): "خەلافەتەکەی نۆزدە ساڵ و پێنج مانگ و دوو ڕۆژ بوو".

نازناوی کرا بە (المستظهر باللە). تاوەکو ئێستاش نەوەی موقتەدی و کوڕانی لە خەلافەت ماونەتەوە، چونکە لە دوای ئەلقائیم تەنها خۆی مابۆوە.

وتراوە: ساڵی ٤٩٠ ک / قازی ئەبوبەکر کوڕی سەدەقە لە میافارقین مردو ژنی نەهێناوە و کەسیشی جێ نەهێشتووە.، موحتەسیبی میافارقین لە پرسەکەی دانیشتبوو بەرۆکی خۆی و پێنج شەش باڵا پۆشی بیشاوەری و هی دیکەی دڕاند و مێزەری لەسەری خۆ کردەوە و بە پێخواسی بە دوو جەنازەکەی کەوت و هاواری کرد، ئەی گەورەمان هەرچی لە میافارقین بوو لە گەورە پیاو مەزنان مێزەریان کردەوە، تەرمەکەی لەسەر ڕێ لە کن گۆڕستانی شەهیدان لە نزیك مزگەوتی موعەلەق نێژراوە.

وتراوە: کۆمەڵێك بۆ دادوەرێتی میافارقین داواکران لەوان: کوڕی موساعید، کوڕی زێدان، پیاوێکی فیقهزان بەناوی شەریف کوڕی ئەبی لسەخا و هی دیکە.

وتاریبێژ ئەبولقاسم یەحیا کوڕی تاهیر کوڕی نەباتەی بە قازی میافارقین دانا، نازناوی (فخر القضاة) بوو، خۆی و باو و باپیرانی وتاربێژی میافارقین بوون. لە دایکبوونی دەگەڕێتەوە ساڵی ٤٢٥ ک / وتاربێژی لە ساڵی ٤٤١ ک / سەردەمی فەرمانڕەوایی نەسرلدەولەی وەرگرتووە، لەو کاتەی کە ئەو پۆستەی پێدرا میر لە نەسریە بوو. ئەو یەکەم کەس بوو لە بنەماڵەی نەباتە وتاربێژی وەرگرتووە، لە دوای خۆی قازی عەلەمەدین ئەبوحەسەن وەریگرتووە، کە لە دایك بوونەکەی دەگەڕێتەوە ساڵی ٤٦٤ ک /.

وتراوە: لە ساڵی ٤٨٩ک / پێشەوا ئەبو تەمیم مەعد موستەنسیر بیلای خەلیفەی میسر لە میسر مرد. لێرەدا ئیسماعیلیەکان پەرتەوازە بوون، هەندێکیان وتیان کە موستەنسیر نووسراوێکی داناوە، بە دانانی ئەبو مەنسور نەزاری کوڕی کە جێی بگرێتەوە، موستەنیسر کچی میر بەدرئەلجەمالی میری سوپاکانی هێنابوو، کوڕێکی بووە بەناوی ئەحمەد و بە ئەبیلقاسم ناوی بردووە، میری سوپاکانی بەدر لە ساڵی

٤٨٨ ك /[١] مـردوو و ئـەفزەلی کـوڕی جێگـای گرتـەوە، موستەنـسیر مـرد مـیری سـوپا دەسەڵاتی زیاد کرد و لە هەمبەر نزار بە هێز بوو، بۆیە ئەبالقاسم ئەحمـەدی خـوارزای بە پێشەوا دانا و نازناوی ئەلموستەعلی لێنا. بـەم جـۆرە خـەڵکی میسر بـوون بـە دوو بەش، بەشێکیان لەگەڵ موستەعلی بـوون، کـە لـە دەسـەڵات دا بـوو، ئـەوی دیکـەیان لەگەڵ نەزار بوون، کە لە میسر بزر بوو. حەسەن کـوڕی سـەباح لـە ئەلەمۆتـەوە هاتـە لای و لەکنی مایەوە و کچی حەسـەن کـوڕی سـەباحی هێنـا و کوڕێکیـان بـوو نـاوی نـا محەمەد و نازناوی کردە موستەفا، وتـراوە: نازنـاوی کـراوە بـە قـائیم. موسـتەعلی لـە خەلافەتدا مایەوە و لە دوای کوژرانی سوڵتان تاجولدەولە، ئەفزەلی خالی لە میرایەتی سوپادا جێگیر بوو.

لە ساڵی ٤٩١ ك / فەرەنگەکان دەرکەوتن و ئەنتاکیا و تەرابلوسیان گرتە دەست. لـە سـاڵی ٤٩٢ ك قـودس و دەوروبـەریان لـە سـور و عـەکا گـرت. لـە سـاڵی ٤٩٨ك / شوێنەکانی دیکەی کەناراویان بەردەست کردووە و دەسـەڵاتیان زیـادی کـرد، پاشـان ڕەها و پێگەکانی دەوروبەرییان دەست بەسەردا گرت تا ناوچەی فوڕات.

وتراوە: پاش مردنی سوڵتان هەموو دیاربەکر کەوتە بن دەستی تاجولدەولە، جگـە لە میافارقین هیچ بۆ شادقاق نەمایەوە لە پاش وی ئامەدیش بوو بە هی میر یەنال، کـە هەتا ئێستاش لە بن دەستی منداڵەکانیدا ماوە.

حوسامولدەولە تمتکین[٢] بەدلیس و ئـەرزەنی گرتـە دەسـت. پاشـای ئـەرزەن مـیر شاروخ کە ئەرزەنی لەدەست دابوو، حانی گرتەدەست، قزل ئەرسەلان (الـسبع الاحمـر) ئەسعەرد و تەنزی و باهمودی گرتە دەست و لەمەو پێشیش شاری دوینی سەر بەشاری

---

[1]– لە ابن الاثیر ح ١٠ ص ١٦١، النجوم الزاهره، ح ٥ ص ١٣٩، البدایـە والنهایـە و شـذرات الـذهب داهـاتووە کـە مردنـی ئەلموستەنسیر بیلا لە ساڵی ٤٨٧ ك بووە.

لە النجوم الزاهره ح ٥ ص ١٤١ و ابن الاپیر ح ١٠ ص ١٦٠ نووسراوە ٤٨٠ ك مردووە.

[2]– لە بنەڕەتدا بەم جۆرە هاتووە، لە پەڕی ٩٥؟ بە "التمکین" و لە مارش ٩٩ ب بە (التمشکین) و و لە (النجوم الزاهره ح ٥ ص ١٢١، ابن القلانس ص ٢١٥، ٢٥٣، ٢٥٥ بە (کمشتکین) هاتووە.

ئەرزەنی گرتە دەست. میرسەکران کوڕی ئەرتەق لە ساڵی ٤٩٥ ك / شاری حەسنکیفای لە ژێر دەستی میر موسا دەرهێنا و کوشتی و تاوەکو ئێستا هەر لە ژێر دەستی ماوەتەوە. کە میر سەکمان مرد لە دوای ئەو میر ئیبراهیمی کوڕی بۆ ماوەیەك جێی گرتەوە، پاشان ئەویش مرد، لە دوای ئەو کوڕێکی دیکەی بەناو میر داود کوڕی سەکمان دەسەلاتی گرتە دەست و ماوەیەك مایەوە، ئەوانی دی ماردینیان حوکمڕانی کردو میافارقینیش میرتاش لە ژێر فەرمانی دەقاق پاشادا حوکمی تێدا دەکرد.

وتراوە: لە ساڵی ٤٩١ ك / شا دەقاق گەڕایەوە میافارقین و هەموو میرەکانی دیاربەکر هاتنە خزمەتی وەزیر محەمەدی عەجەمی، کە خەڵکی دوین بوو، لەگەڵ شادەقاق هاتبوو.

وتراوە: لە ساڵی ٤٩٣ ك/ ئیبن تجاز لە تەڕابلوس مرد و فەڕەنگەکان حوکمی شارەکەیان گرتە دەست، لە هەمان ساڵدا شادەقاق موحتەسیب وەزیری میسر ئاڵتاش گرت و ڕەئیس ئەبو عەبدولا کوڕی موسەك کڕیەوە و کوشتی و لە توونی گەرماوی ئیبن موسەك لە دیوار بە دیواری خانووەکەی ناشتی، لە کاتی فەرمانڕەوایەتیەکەیدا ڕەئیس ئەبی عەبدولای گرت و زیندانی کرد و ماڵ و موڵکی زەوت کرد، هەموو کارێکی ناشرینی دەرهەق کرد، کە شادەقاق – موحتەسیبی – گرت ئەبو عەبدولا کوڕی موسەك لێی کڕی و کوشتی، لەگەڵ وی کۆمەڵێکی دیکەی گرتن، لەوانە ئیبن خەلیل شەمسار و زاواکەی و ئیبن کەرجی و پارە و پولی لێ تالان کردن، تەنانەت مافووتی کردن، دواتر ئیبن کەرجی لە ترسی ئازار و ئەشکەنجەدان کلس و زەڕنەخی خواردەوە حەیاتی ڕەشی دا، بەڵام ئیبن خەلیل شەمسار لە میافارقین چووە دەرەوەو شکستی هێناو بەرەو وڵاتی عەجەم ڕۆیشت و چووە شاری ئامەل[1]. لە وڵاتی مازەندەران سوڕایەوە و لای شاعەلی سیاوە عەیامێك مایەوە و هەر لەوێ ژنی هێنا و منداڵی بوون. کە لە ساڵی ٥٤٩ك / ١١٥٥ز سەفەرم بۆ ڕەی کرد، یەك لەوانەی جێی بڕوان لەوێ پێی

---

[1]– ئامەل: ناوی گەورەترین شارە لە تەبەرستان لە دەشتاییەك هەڵکەوتووە. (معجم البلدان ج ١ ص ٦٨).

ڕاگەیاندم، وتی: من لەکن شا سیاوە چاوم پێیکەوت – واتە خەلیل شەمسار – کە لە ڕێزدارترین پایە و چاکترین پلەدایە و تا ئێستا چەند منداڵێکی لەوێن.

وتراوە: لە ساڵی ٤٩٥ ك / ١١٠١ جگەرمش مرد و لە دوای خۆی کوڕەکانی ماوەیەك دەسەڵاتدار بوون و دوایی دەسەڵاتیان نەما.

وتراوە: لە ساڵی ٤٩٧ ك / ١١٠٣ ز فەرەنگەکان بەسەر ئەنتاکیایاندادا و هەر ئەوێ ڕۆژێ گرتیان. وتراوە: شادەقاق لە میافارقین وەزیر محەمەدی بەسەر کۆشك و شارەوە دانا و یەغموری پەردەداری لە تاوەری شا بە جێهێشت و بۆ خۆی بەرەو دیمەشق بەڕێکەوت، وەزیر محەمەد لە میافارقین مایەوە و جێگیر بوو، خاتوو خەتافەی کچی میر بەهرامی خواست، وەکو باسمان کرد دوایی لێی جیا بۆوە.

وتراوە: لە ساڵی ٤٩٧ ك / ١١٠٣ ز فەڕەنگەکان شکستێکی گەورەیان لەسەر دەستی شادەقاق لە تەبەریە پێکەوت و پارە و سامانیان بە تاڵان چوو، موسڵمانەکان دەستکەوتێکی جەنگی زۆریان وەدەست هێنا. ئەمە شکانی "ئەسنا" بوو لەسەر دەستی سەکمان کوڕی ئەرتف و جگەرمش. لە هەمان ساڵدا شێخ ئەبو نەسر کوڕی تکریتی نۆژدار لە میافارقین کۆچی دوایی کرد.

وتراوە: لە ساڵی ٤٩٨ك / ١١٠٤ ز شادەقاق[1] لە دیمەشق کۆچی وایی کرد. ئەتابەگ تەغتەکین دیمەشق و دەوروبەری گرتە دەست. شارەزوان حەلەب و دەوروبەری فەرمانداری کرد.

وتراوە: لەم ساڵەدا وەزیر زیائەدین محەمەد بۆ مەلاتیە نێردرا بۆ کن سوڵتان قلیج ئەرسەلان کوڕی سلێمانی کوڕی قتلمش داوای لێکرد بۆ میافارقین بێت. شا سلێمان کوڕی قتلمش لە لایەن مەلیکشاوە نێردرابووە ئەم ناوچانە و وڵاتی ڕۆم و مەلاتیە و

---

[1] – لە(النجوم الزاهرة، ابن الاثیر، شذرات الذهب، البدایة والنهایة) هاتووە کە شادەقاق لە ساڵی ٤٩٧ك / ١١٠٣ز کۆچی دوایی کردووە.

قەیساریە و ئەقسرا – ئاق سەرای واتە شاری سپی – و قۆنیاو سیواس[1] و هەموو ویلایەتی گرت. لەوێ مایەوە و تاک ڕەوانە حوکمی دەگێڕا، کە کۆچی دوایی کرد قلیج ئەرسەلانی کوڕی جێگای گرتەوە، کاتێك وەزیر محەمەد بە دوایدا چوو، ئەویش ئامادە بوو لە ١٧ی جەمادی یەکەمی ساڵی ٤٩٨ ك / ١١٠٤ ز گەیشتە میافارقین و گرتیە دەست و ماوەیەك تیایدا مایەوە و وەزیر محەمەدی کرد بە وەزیر.

میرانی هەموو دیار بەکر ئامادە و لە خزمەتیدا بوون، میر ئیبراهیم فەرمانڕەوایی ئامەد، ئەلسەبع ئەلئەحمەر لە ئەسعەرد، سەکمان کوڕی ئەرتق و میر شارۆخ و حوسامەدین و مەملوکی باوکی خەمرتاش سلێمانی کە ئەتابەگی خۆی بوو، کردی بە سەرداری میافارقین.

قلیج ئەرسەلان لە میافارقینەوە چووە دەرەوە و وەزیر محەمەدی لەگەڵ خۆی برد و شاری ئەیلستینی بۆ بڕیەوە و لە مەڵاتیە نیشتەجێ بوو، سەربازانی کۆکردەوە و گەڕایەوە، لە دەروازەی موسڵ دابەزی، لەوێ بەرامبەر جاولی سەقاوەی مەملوکی سوڵتان محەمەد شکستی خوارد و بە شکستی گەڕایەوەو لە خابووردا نقوم بوو و خنکا. ئەمە لە ساڵی ٤٩٩ ك / ١١٠٥ ز بوو[2]، تابوتەکەی بەرەو میافارقین[3] بە ڕێکرا و ئەتابەگ ئەو گومبەزەی کە ناسراوە بە گومبەزی سوڵتان بۆی بینا کرد، تا ساڵی ٥٣٨ ك /١١٤٤ ز لەوێ شاردرابۆوە، جا سوڵتان مەسعود میر سەدید بەهائەدین باکالحاری عەلەوی کوڕی لە قۆنیاوە نارد و تابوتەکەی دەرهێنا و بەرەو ئامەد بە ڕێی کرد، تا لەوێ بیبات بۆ قۆنیا بۆ کن سوڵتان مەسعودی باوکی، وا ڕێککەوت کە شاتلحان[4] لە

---

[1]– سیواس: شارێکی گەورە و ناسراوە، قەلایەکی بچوکی تیایە. نێوانی سیواس و قەیساریە شەش میلە. (تقویم البلدان).

[2]– لە (النجوم الزاهرە ح ٥ ص ١٩٠) هاتووە کە قلیج ئەرسەلان لە ساڵی ٤٩٨ ك / خنکاوە، بەلام لە (ابن الاثیر ح ١٠ ص ٢٩٨) هاتووە کە لە ساڵی ٥٠٠ ك / خنکاوە.

[3]– لە (ابن الاپیر ح ١٠ ص ٢٩٨) هاتووە کە لە شەمسانی گوندێکە لە خابوور نێژراوە.

[4]– لەو سەرچاوانەی لە لامانن ناوی نەهاتووە.

هەمان ساڵدا بە دیارکەوت، سولتان قۆنیای جێهێشت و میر سەدید بەهائەدین تەرمەکەی گەڕاندەوە میافارقین و تا ئێستا هەر لەوێیە.

وتراوە: ئەتابەگ خەمرتاش میافارقینی گرتە دەست و تاکڕەوانە فەرمانڕەوایەتی تێدا کرد و کارەساتی بەسەر خەڵك هێنا و بەخۆی و بە ژنەکەی دەستی بەسەر مولك و ماڵیاندا دەگرت و خەڵکی زۆر وەزەواق هێنابوو.

وتراوە: لە ساڵی ٤٩٩ ك / ١١٠٥ ز میر سەکمان قوتبی لە خەڵات دابەزی و لەگەڵ شەمسولدەولە جگەرمش خاوەنداری موسڵ کۆبۆوە و سەربازانیان کۆکردەوە و بەرەو دەروازەی حەڕان بە ڕێکەوت و لەگەڵ فەڕەنگەکان جەنگان و شکستی گەورەیان پێگەیاندن، کە بە شکستی ڕووباری بلیخ ناسراوە.

وتراوە: لە ساڵی ٥٠١ ك / سولتان محەمەد سەیفولدەولە سەدەقە کوڕی مەزیەد[1] کۆچی دوایی کردووە.

وتراوە: لە پێنج شەممەی (٢٠)ی جەمادی یەکەمی ساڵی ٥٠٢ ك / ١١٠٨ ز میر سەکمان خاوەنداری خەڵات هاتە دەوری میافارقین و لە تشرینی یەکەمی ئەم ساڵەدا ئابلۆقەی خستە سەر. لە زستانێکی سەختدا بە توندی بۆ ماوەی حەوت مانگان ئابلۆقەی دا، ئەتابەگ خەمرتاش لە شەوالی ساڵی ٥٠٢ ك / ١١٠٨ ز بە دەستەوەیدا، میر سەکمان چووە میافارقین و هەموو میرانی دیاربەکری لەگەڵدا بوو، کە پێشتر ناومان هێناون. پۆشاکی پێشکەش کردن و بڵاوەیان لێکرد، لە میافارقین نیشتەجێ بوو، بارگرانی و باجی دەیەك و قستی لەسەر لابردن، خانەی دراو لێدانی نەهێشت، ئەوە کە موحتەسیب و ئەتابەگ زیادیان کردبوو لە باج و سەرانەی سەر خەڵکی لایبرد،

---

[1] – میر سەیفولدەولە سەدەقە کوڕی مەنسوری کوڕی دوبەیس کوڕی مەزیەدی ئەسەدی میری عەرەب، خاوەنداری حللە (شارێکی نێوان کوفە و بەغدایە) لە جەنگێکی نێوان ئەو و سەربازانی سولتان محەمەدشا کوژرا. (النجوم الزاهرە، ابن الاثیر – لە ڕووداوەکانی ساڵی ٥٠١ ك / ١١٠٧ ن).

زۆر شتی لەسەر خەڵك لابرد (حشری)[1] شورەی دانا و خەلکی لەسەر مولك وماڵیان هێشتەوە و خەراجی سەریانی سوك کرد و هەموو هۆیەکانی زوڵم و زۆرداری لەسەر لابردن، غەزغەلی بەندەی لە کۆشکی میافارقین وەکو والی دانا و شاری دا بە دەست خەواجا ئەسیرلدەولە ئەبولفتوح و خەڵکیش بە خۆشی لەگەڵیان دەیان گوزەراند.

وتراوە: لە ساڵی ٥٠٢ ك / ١١٠٨ ز میر مەودود موسڵی کەوتە بن دەست و بوو بە سەرداری وێ.

وتراوە: لە ساڵی ٥٠٣ ك / ١١٠٩ ز قازی فەخرەدین ئەبو عەلی کوڕی عومەر لە جەزیرەوە گەیشت – کە قازی جەزیرە بوو لێخرابوو – بوو بە قازی میافارقین و قازی ئەبولقاسم کوڕی نەباتە خوا لێی خۆشبێت لە دادوەرێتی لادرا.

وتراوە: موستەعلی لە خەلافەتی میسر هەروا مایەوە و کۆمەڵێك دەڵێن: لە فەرمانڕەوایەتییەکەدا بەختی نییە، چونکە موستەنسیری باوکی بڕیاری لەسەر خەلافەتی ئەو نەدابوو، بەڵکو بە زاڵبوون خەلافەتی گرتە دەست، باوکی بڕیاری لەسەر نزاری دابوو، کە ببێ بە خەلیفە کە چوو بووە ئەلەمۆت لەگەڵ حەسەن کوڕی سەباح – وەکو باسمان کرد – کوڕێکی بوو ناوی محەمەد و بە ئەبالقسام بانگێشتی کرد و نازناوی نا موستەفا، خەلیفەی ئیسماعیلیان بوون وتیان: نازناوی ئەلقائیم بوو، کوڕێکی بوو ناوی نا نزار کوڕی محەمەد، کە ئێستا بە قسەی خۆیان خەلیفەی ئیسماعیلیە لە خوراسانە، کۆمەڵێکی دیکە وتیان: لە مەغریب و کۆمەڵێکی تر وتیان: لە میسر بووە و لێی دەرکراوە، نزار کوڕی بووە و بڕیاری داوە ببێتە خەلیفە و بە پەنامەکی مردووە، کوڕێکی بوو بەناوی نزار و بڕیاری دا کە ببێ بە خەلیفە و لە میسر بە نادیاری مردووە. نزار کوڕی محەمەد کوڕی نزار ئێستا لە میسرە. ئاینزاکەیان پێی وایەوە کە پێشەواکەیان نامرێت، تا منداڵێکی نێرینەی لە پاش بە جێ نەمێنێ، بۆوەی ببێت بە خەلیفە.

---

[1]– ئاوا هاتووە کە مانایەکی ڕوون و گونجاوی لەوێدا نییە.

وتراوە: موستەعلی لە خەلافەت مایەوە تا ساڵی ٥٣٠ ك / ١١٣٦ ز لە میسر كۆچی دوایی كرد[1] و پەیمانی خەلافەی بە ئەبی عەلی مەنسوری كوڕی دابوو، نازناوی (الآمر باحكام الله) بوو، جا لە میسر خەلافەت جێگیر بوو و فەرمانی خۆی سەپاند و ناوی بەرز بۆوە و هەندێك پەیدا بوون، وێڕای بانگەشەكەران (دعاة) كە لە ناو خەڵكیدا بڵاویان دەكردەوە، گوایە زانینی غەیبی پێیە و دەزانێ كە چی ڕوو دەدات پێش ئەوەی كە ڕوو بدات، جا فەرمانڕەوایەتی میسر و ناوچەكانی بۆ مسۆگەر بوو.

وتراوە: لە ساڵی ٥٠٤ ك / ١١١٠ ز میر سەكمان لە میافارقین دابەزی بە مەبەستی گرتنی ڕەها، كۆمەڵە سەربازێكی زۆری لەگەڵدا بوو، بەڵام كۆچی دوایی كرد و تابوتەكەی لە میافارقینەوە بەرەو خەلات بە ڕێكراو نێژرا.

وتراوە: لە ساڵی ٥٠٥ك / شێخ ئەبو حامدی غەزالی[2] لە ڕۆژی دووشەمەی چواردەی جەمادی ئاخیرە كۆچی دوایی كرد خوا لێی خۆشبێت. لە هەمان ساڵدا قازی ئەبولقاسم كوڕی نەباتە كۆچی دوایی كرد خوا لێی خۆشبێت و لە لای باپیری ئەلخەتیب ئەبی تاهیر كوڕی محەمەد كوڕی عەبدولڕەحیم كوڕی نەباتە خوا لێی خۆشبێت نێژراوە.

وتراوە: لە ساڵی ٥٠٥ك / پادشا ڕەزوان كۆچی دوایی كرد[3].

1– لە (النجوم الزاهره ج ٥ ص ١٦٨، ابن الاثیر ج ١٠ ص ٢٢٤، البدایه و النهایه، شذرات الذهب – ڕووداوەكانی ساڵی ٤٩٥ ك/١١٠٠ ز) هاتووە كە موستەعلی لە ساڵی ٤٩٥ ك / كۆچی دوایی كردووە.

2– پێشەوا ئەبو حامید محەمەد كوڕی مەحمود كوڕی محەمەدی غەزالی توسی فیقهزانی شافیعی، پێشەوای سەردەمی خۆی، لە لای ئەبی لمەعالی جوینی فیقهی خوێندووە تا شارەزایی لە زۆر زانست وەرگرتووە، لە خوێندنگای نیزامیە وانەی وتووەتەوە و فەتوای داوە. دانراوی زۆری هەیە لە ناسراوترینیان (الاحیاء). وازی لە مامۆستایەتی هێناوە و جلی خامی زبری پۆشیوە و بەری خۆی داوە و ڕۆژوگرتن و حەج كردن.

3– لە (النجوم الزاهره ج ٥ ص ٢٠٥، الكامل فی التاریخ ج ١٠ ص ٣٤٩) داهاتووە كە شارەزوان لە ساڵی ٥٠٧ ك كۆچی دوایی كردووە.

وتراوە: لە ساڵی ٥٠٦ ك/ تاجولدەولە تتش کۆچی دوایی کرد، میر نورلدەولە بەلك کوڕی بەهرام کوڕی ئەرتوق لە هەمان ساڵدا کۆچی دوایی کرد و وتراوە کە لە ساڵی پێنج سەد و حەوت کۆچی دوایی کردووە.

وتراوە: لە ساڵی ٥٠٦ك/ خاتونی هاوسەری میر سەکمان و میر ئیبراهیمی کوڕی گەیشتنە میافارقین. غەزغەلی لە ویلایەت لادرا و سەدید ئەبو سەعید ئەلحوەیلی لە وەزارەت دانراو ئەبو مەنسور ئەمەعینی برای ویلایەتی میافارقینی وەرگرت و جێگیر بوو، دادوەر فەخرەدین ئیبن عومەر بووە والی لە جەزیرە و ئەبولفەتحی برای لە میافارقین مایەوە.

وتراوە: لە ساڵی ٥٠٧ك / قازی عەلەمەدین ئەبو لحەسەن عەلی کوڕی یەحیا کوڕی نەباتە چووە خەلات و لەگەڵ میر ئیبراهیم و خاتوندا کۆبوویەوە و دادوەرێتی میافارقینی پێ راسپێردرا و گەڕایەوە بۆ وێ.

وتراوە: لە ساڵی ٥٠٧ ك/ میر ئیبراهیم کوڕی سەکمان وەزیر ئەلسەدیدی لە ویلایەتی مەنازگرد کوشت و ئەلمەعینی برای لە میافارقین یاخی بوو، دادوەر عەلەمەدین ئەبولحەسەن کوڕی نەباتە لە دادوەرێتی میافارقین لادابوو، میر ئیبراهیم و خاتون، بۆ دادوەرێتی، فیقهزان ئەبالمەرجا یەحیا کوڕی ئەلسەریریان دانا، کە فیقهزانێتی بە توانا بوو و لە یاوەرانی قازی ئەبی بەکر کوڕی سەدەقە بوو.

هەروەها شێخ ئەبی بەرەکات عەزیزی باوکی قورئان خوێنێکی ڕەوان و زانا بوو، لە یاوەرانی ئەو میسریە بوو، کە هات بۆ میافارقین، ئەبالمرجی لە کۆتایی ساڵی ٥٠٧ بوو بە قازی.

وتراوە: کاتێ کە ئەلمەعین لە میافارقین یاخی بوو، فیقهزان ئیبن زەریری گرت و پەردەداری کچی سەکمان کە لە کنی بوو، ناوی نەتارا بوو کوشتی، بۆ دادوەرێتی ئەبولحوسێن ئەحمەد کوڕی عەمار کوڕی موزەفەری دانا، کە خەڵکی بەدلیس بوو، ئەلمەعین ماوەیەك لە شار فەرمانڕەوا بوو. ئیبن زەریر لە ڕەجەب ساڵی پێنجسەد و

هەشتداگیرا و لە شەوی نیوەی شەعبان لە ساڵی پێنجسەد و هەشت کوژرا، لە مەزاری موسڵمانان نێژرا.

وتراوە: لە ساڵی ٥٠٨ك / میر مەودود[1] چووبوو بۆ لای تەغتەکین لە دیمەشق و ماوەیەك لە لای وی مایەوە، ڕۆژێکیان چووە مزگەوتی دیمەشق بۆ نوێژکردن، دەستەیەك لە باتنەکان بەسەریاندا دا و کوشتیان و لە تاوەری ئەلئەخزەر لە ژێر ئاشەکە نێژرا و گومبەزێکی لەسەر کراوە و تاوەکو ئێستا هەر ماوە.

وتراوە: لە ساڵی ٥٠٧ك / میر مەودود شکستی بە فەرەنگەکان هێنا، لە کەناری تەبەریە تالانی کردن و زۆری لێکوشتن.

وتراوە: لە کۆتایی ساڵی ٥٠٨ قەراجائەلساقی مەملوکی سوڵتان محەمەد گەیشتە دەروازەی میافارقین و لە تەپۆلکەکان دابەزی و ماوەیەك مایەوە، ئەو وەختە ئەلموعین کاروباری شاری لە بن دەستدا بوو، قەراجاوا خۆی نیشاندا، کە هەر بەوێدا تێدەپەڕێ و چاوەڕێی دەکرد کە یاوەرانی پێی بگەن، نە بە قسە و نە بە نامە لای لە ئەلموعین نەکردەوە، بەلام ئەلموعین مانەوە و میوانداری بۆ پێکهێنا، (قەراجا) هەموو ڕۆژێ دەچووە ڕاوێ و بە کن دەروازەی شاردا تێدەپەڕی، لەسەر هەمان پەیڕەوی خۆی ڕۆژێکیان قەراجا لە دەروازەی ئەلحوش ڕەت بوو و هێرشی کرد و بە شمشێرەکەی زنجیری دەروازەی شکاند و چووە ژوورێ. یەك لە خۆراسانیان پەلاماری دا و شمشێری لێ هەڵکێشا، میر تێیەوە خوڕی. (قەراجا) هاتە نێو شار کۆمەڵێکی لەگەڵ بوون لەناو دەروازەکەی راوەستا. پیاوێکی ئاسنگەر خۆی بەسەر دەست و پێیاندا دا و لەگەلی چوو تا دەرگای کۆشك. هاوار هاوار بەرز بۆوە و دەرگای کۆشك داخرا و خەڵك کۆبوونەوە، ساتێك مانەوە و دواتر ئەلموعین دەرگای کۆشکی کردەوە. جا عیزەدین قەراجا لە کۆتایی ساڵی ٥٠٨ چووە میافارقین و ئەلموعین لە خانووی

---

[1] – لە (ابن الاثیر ج ١٠ ص ٣٤٦، النجوم الزاهرە ج ٥ ص ٢٠٧) داهاتووە کە میر مەودود لە ساڵی ٥٠٧ ك کۆچی دوایی کردووە.

عەجەمیە نیشتەجێ بوو. قەراجا دەسەڵاتی شاری گرتە دەست. یاوەران و باروبارخانە و ژنەکەشی لە شار نیشتەجێ بوون. ژنەکەی کەنیزەکی سوڵتان محەمەد بوو، کە کچی سوڵتانیشی لەگەڵ بوو نێوی فاتمە خاتونی گچکە بوو. کەوا خەلیفە موقتەدی لە ساڵی ٥٣٤ لە بەغدایێ هێنای و زەماوەندی لەگەڵ کرد.

وتراوە: قەراجا سێ ڕۆژ مایەوە و ئەلموعینی کرد بە وەزیر و دیاری پێ بەخشی و هەموو کاروبارێکی بەو سپارد، ئیبن مەتەری لە دادوەرێتی لادا و عەلەمەدین کوڕی نەباتەی لە جێی دانا و لەدادوەرێتی بەردەوام بوو، تا کۆچی دوایی کرد، کە دواتر بە ویستی خوای گەورە باسی دەکەین.

وتراوە: قەراجا لە میافارقین مایەوە، ئینجا سوڵتان داواکەی جێبەجێ کرد و بە دوایدا ناردی و ئەویش چووە لای و ویلایەتی فارس و شیرازی وڵاتی فارسی بە قەراجا بەخشی و ئەلموعینی وەزیریش لەگەڵیدا بوو، ئینجا سوڵتان محەمەد کوڕەکەی بە دوای مەملوکەکەی حوشبەکدا نارد — ئەتابەگی سوڵتان مەسعود بوو، کە بە بچووکی باوکی بەوی سپاردبوو، فەرمانی پێدا بچێ ببێتە والی بەسەر میافارقینەوە. بە دوای خێزانی قەراجایدا نارد، کە بێت و نێردراوەکە والیەك بوو بەناوی ڕەزبیگی و لە ساڵی ٥٠٩ك / چووە میافارقین لەگەڵ ویدا ئەتابەگ زەنگی کوڕی ئاق سەنقری نارد، کە بیست سواری لەگەڵ بوو، کە لە خزمەتی حوشبەکدا بوون.

کە بە تەنیا تەلئەعفەری بۆ بڕابۆوە، جا خێزانی قەراجای لەگەڵ کچی سوڵتان لەگەڵ خۆیدا بردنە موسڵ و ڕەزبەگی لە میافارقین جێگیر کرد.

وتراوە: لە سەرەتای ساڵی ٥١٠ك / موستەوفی موئەیدولدەولە ئەبولحەسەن کوڕی ئەلمەختەر لە جەزیرەوە گەیشتە میافارقین و دیوان و ئیستیفای پێ سپێردرا. جا زینەی کچی ئوستاد ئەبی غالبی خواست. وتراوە لە ساڵی ٥٠٩ك / نەجمەدین ئیلغازی بەرسەقی شکستی هێنا.

وتراوە: لە ویلایەتی رۆژیەکی دەست درێژی بۆ سەر میافارقین و ولاتەکە زیادی کرد، لە هەموو لایەك لێیان دادەبڕی، زۆربەی ناوچە تێکدرا، لە ویلایەتی ئەتابەگ خەمرتاش شوێنێکی زۆریان لێ دابڕاند. میر سەکمان کوڕی ئەرق شاری حەزەی حەسەنکێفا لێ دابڕاند، لە لای پارچەی کەنداوی ساتیدما تاوەکو دەروازەی شەعب تا کەنداوی ئەرزەن بە نزیکەی سەد پارچە زەوی کشتوکاڵی، لە ماردین فەخرەدین ئیلغازی شاری حەنازیلەی خستە سەر خاوەنداریەتی، لە پارچەی لای دیجلەوە تا وەکو چیایی (الصور) بە نزیکەی هەشتا پارچە زەوی کشتوکاڵی.

میر فەخرلدەولە خاوەنداری ئامەد سێ پارچە زەوی کشتوکاڵی لە رۆژهەلاتی ڕووباری حو گرتە دەست، میر شارۆخ خاوەنداری حانی بەشی سەرەوەی پردی بەرزی گرتە دەست، میر ئەحمەد خاوەنداری ناوچەی هەتاخ بەشێکی بۆ خۆی گرتە دەست، سەناسنەکان نزیکەی سی دێی غاب الجوز و دەوروبەری ناوەوەی سەروی سیلسیلەیان گرتە دەست، حوسامئەلدەولە خاوەنداری ئەرزەن بیست و پێنج دێی نێوانی هەردوو ڕووباریدا گرت، ئەمەش لە دەرئەنجامی ململانێی والیەکان و گۆڕانکاری دەوڵەتان و لاوازی میافارقین و بێ بڕستی والیەکانی و کەمی پارێزەرانی بوو، هەر بۆ ماوەیەکی کەم کە یەکێك فەرمانڕەوایی دەکرد، تالانی و دەست بەسەرداگرتنی موڵك و ماڵی خەڵکی دەکرد، چونکە سوور دەیزانی کە هێندەی لێ نامێنێتەوە، ئینجا ولاتیان لەبن و پاڵەوە دەرهێنا و خەڵکیش موڵك و ماڵیان دەست بەسەردا دەگیرا و ماڵیان تێکدرا و هەژار بوون.

وتراوە: لە ساڵی ٥٠٩ك / نەجمەدین ئیلغازی بەرسەقی لە لایەن داراوە شکستی هێنا.

وتراوە: لە شەواڵی ساڵی پێنج سەد و دە لە شوباتدا لە میافارقین من لە دایك بووم و بورج و بەخت دووبشك و مەریخ بوو و سوپاس و پاداشت لە لایەن خواوەیە.

وتراوە: لە چواردەی ڕەبیعولئاخیرەی ساڵی ٥١٢ك/ دا خەلیفە موستەزهیر بیلا ئەبولعەباس ئەحمەد کوڕی موقتەدی کۆچی دوایی کرد، خوالێی خۆشبێت. تەمەنی چل و یەک ساڵ و شەش مانگ و حەوت ڕۆژ بوو. ویلایەتەکەی بیست و پێنج ساڵ و سێ مانگ و پازدە ڕۆژ بوو، لە بەغدا نێژرا، لەو ڕۆژەی کە کۆچی دوایی کرد خەڵك بەڵێنیان بە کوڕەکەیدا، کە وەلی عەهدی باوکی بوو، پێشەوا ئەبی مەنسور ئەلفەزل کە نازناوی لەو ڕۆژەوە نرابوو بە ئەلموستەرشید بیلا و لە خەلافەت جێگیر بوو. کە پیاوێکی بەتوانا و ئازا و لێهاتوو بوو. وتراوە: لە ڕۆژی پێنج شەمەی چواردەی مانگی ڕەبیعولئاخیرەی ساڵی پێنج سەد و دوازدە بەڵێنی پێدرا، خەلافەتەکەی حەڤدە ساڵ و شەش مانگ و بیست ڕۆژ بوو، چونکە لە دەیەی کۆتایی شەعبانی ساڵی چوارسەد و هەفتا و شەش لە سەردەمی باپیری موقتەدی لە دایك بووە و ئەدیب ئەبیوەردی[1] ئەو نازناوەی بە باڵا بڕی.

وتراوە: لە ساڵی ٥١٢ك/ سوڵتان محەمەد لە دەروازەی هەمەدان کۆچی دوایی کرد، سوڵتان مەحمودی کوڕی لە سەلتەنەت دانیشت و کچی سوڵتان سەنجری[2] مامی خواست و کوڕێکیان بوو بەناوی کەهازنەسپ، کە عێراقی سەروو عێراقی خواری گرتە دەست.

[1] – ئەبو موزەفەر محەمەد کوڕی ئەبی لعەباس ئەحمەد کوڕی محەمەد کوڕی ئەبی لعەباس ئەحمەد کوڕی ئیسحاق قەرش ئەمەوی شاعیری ناسرا. لە ئەدیبە ناسراوەکانە، شاعیرێکی خۆشمەشرەب بوو. ئەبیوەردی لە ساڵی ٥٠٧ کە لە ئەسفەهان کۆچی دوایی کرد. ئەبیوەرد شارۆچکەیەکە لە خۆراسان، لە معدم الادبا ح ١ ص ٣٤١، شذرات الذهب، النجوم الزاهره، ابن الاثیر).

[2] – سوڵتان سەنجر شا کوڕی سوڵتان مەلیکشا کوڕی ئەلب ئەرسەلانی سەلجوقی. لە چواردەی مانگی ڕەبیعولئەوەلی ساڵی ٥٥٦ کۆچی دوایی کردووە لە شاری مەڕو نێژراوە (ابن خلکان ح ٣ ص ١٤٧، النجوم الزاهره ح ٥ ص ٣٢٦).

هەروەها سوڵتان سەنجەر خوراسان و ئەودیوی ڕووبار و ڕەی گرتە دەست، سەنجەر لە فەرمانڕەوایەتییەکەی جێگیر بوو تا هۆزەکانی غەز[1] لە ساڵی ٥٠٥ گرتیان کە دواتر باسی دەکەم بە ویستی خوا.

وتراوە: سوڵتان سەنجەر لە ساڵی ٤٧١ك /[2] لە دایک بووە کاتێک کە سوڵتان مەلیکشا گەیشتە دیارڕەبیعە، لە خوار سنجار[3] ئەم کوڕەی لە دایك بوو، وترا: ناوی چ لێ بنێین؟ وتی: ئەم شارە ناوی چییە؟ وتیان: سنجار. وتی: سەنجەر، ناویان نا سەنجەر، لە خاوەندارێتی مایەوە تا غەز گرتیان.

1– بۆ ماوەی پێنج ساڵ غەز بە دیلیان گرت، ئینجا هەڵات و چووە شاری مەرو لە ساڵی ٥٠٢ کۆچی دوایی کرد (البدایە و النهایە)، لە سەرچاوەیەکی دیکە دەڵێت کە تورکەکان بۆ ماوەی چوار ساڵ بەدیلیان گرت و جا توانی خۆی دەرباز بکات و بگەڕێتەوە لای موڵك و سامانی خۆی تا لە ساڵ ٥٥٢ کۆچی دوایی ك رد. (النجوم الزاهرە).

2– لە (البدایە و النهایە و النجوم الزاهرە) داهاتووە کە لە ساڵی ٤٧٩ ك کۆچی د وایی کردووە.

3– سنجار: شارێکی بەناوبانگە لە جەزیرە دا نێوان ئەو و موسڵ سێ ڕۆژە کە دەکەوێتە قەدپاڵ چیایەکی بلند (معجم البلدان).

زنجیره چاپکراوەکانی دەزگای وەرگێڕان

١ـ شادی بۆ هەمووان / ن: ئەندرۆ ماتیۆس / و: فریاد بارزانی

٢ـ بەرەو خۆشبەختی / ن: ئەنتۆنی ڕابێنز / و: حەسەن ئەحمەد مستەفا

٣ـ ژنە دڵخوازەکان / ن: ج.س.ساڵت / و: مقداد شاسواری

٤ـ ڕۆحی یاساکان / ن: مۆنتسکیو / و: ئیدریس شێخ شەرەفی

٥ـ مێردە خۆشەویستەکان / ن: ج.س.ساڵت / و: مقداد شاسواری

٦ـ حیکمەتی دێرین / ن: وی ویو / و: جیهانگیر غەفاری

٧ـ ڕێزمانی ئینگلیزی / چەند سەرچاوەیەك / و: سالار محمەد قادر

٨ـ کورد لەسەدەی حەوتەمەوە تا دەیەم / ن: ئارشاك پۆلادیان / و: جەلیل کاکەوەیس

٩ـ مەکتوب / ن: پاولۆ کۆیلۆ / و: جیهانگیر غەفاری

١٠ـ بوژانەوەی سایکۆلۆژیەت لە ژیاندا/ ن: ئەلفرێد ئادلەر / و: شوکر سلێمان

١١ـ محمەدی قازی و پەیامی وەرگێڕ / ن: عیرفان قانعی فەرد /و: ئیسماعیل زارعی

١٢ـ خاتوتی غەم / ن: سارا باپیری / و: سالار مەحمود

١٣ـ چەمکە سەرەکییەکانی کۆمەڵناسی/ ن: ماکس ڤیبەر / و: عوسمانی ڕەحیمی

١٤ـ شیکردنەوەی کەسایەتی / ن: عەمرۆ حەسەن بەسران / و: دانا حەمە نوری

١٥ـ ئیسکۆرت بەرەو تاران / ن: پیتەر پلیچ / و: حەسەن ئەیوب زادە

١٦ـ ئایین و کۆمەڵناسی / ن: ئایرن هاڵ و مەسعود جەلالی مقەددەم / و: هیوا مەلا عەلی

١٧ـ گەمە لە ژیانی منداڵاندا / ن: کۆمەڵێك پسپۆڕ / و: کەمال فاروق

١٨ـ بەدگۆڕان / ن: فرانتز کافکا/ و: جەلیل کاکەوەیس

١٩ـ وتەکانی ژیان / ن: جاکسۆن براون / و: فریاد بارزانی

٢٠ـ کۆمار / ن: ئەفلاتون/ و: سۆران عومەر حەمە، ڕێبوار قارەمانی، مەهدی حەسەن چۆمانی

٢١ـ هەواڵگری لە سەردەمی سەلاحەدیندا/ ن: د. نەیەز مەجید ئەمین / و: کەمال غەمبار

٢٢- کۆمەڵناسیی حیزبە سیاسییەکان/ ن: رۆبێرت میشێل / و: یاسین حاجی زادە

٢٣- رووخساری رووتی ئافرەتی عەرەب/ ن: نەوال سەعداوی / و: رەزوان

٢٤- نهێنییەکانی ژنان / ن: باربارا دی ئەنجلس / و: مەریوان غەریب

٢٥- سۆسیۆلۆژیای مەعریفە/ ن: دیڤید کلۆفێر و سیلاخ سترۆبێرگ / و: بەختیار عەبدولرەحمان

٢٦- نیشانەکانی رۆشنبیری/ ن: ئێدوار سەعید/ و: داود رەسولی کیا

٢٧- بۆ ئاسوودەبوونت لە شوێنی کار / ن: پاوڵ ویلسۆن / و: عەباس غەزالی

٢٨- چاوە شینەکانی سەگ / ن: گابرێل گارسیا مارکیز / و: ئیسماعیل زارعی

٢٩- دۆخگۆڕینەکانی عایشە/ ن: عەبدولوەهاب بەیاتی / و: ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل

٣٠- کەسایەتی بەهێز / ن: ناسر هورمز / و: دڵشاد وەسانی و بەهزاد حەوێزی

٣١- کۆمەڵناسیی جەنگ / ن: گاستۆن بوتۆل / و: رامبۆد لووتف پوور

٣٢- کردستان واستراتیژی دولتها / ن: حوسێن مەدەنی / و: فتاح کاویان (بۆ زمانی فارسی)

٣٣ - ژنێك بۆ شەش پیاو / ن: عەزیز نەسین / و: سەباح ئیسماعیل

٣٤- میرگەها بۆتان / نووسین و وەرگێڕانی : د. سەلاح محەمەد سەلیم

٣٥- پێغەمبەر و دێوانە / ن: جوبران خەلیل جوبران / و: شۆرش غەفووری

٣٦- سەرەتاکانی هەستی نەتەوایەتی کورد / ن: عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی / و: سەلاح عومەر

٣٧- سروودێکی ئاینیی جەژنی کریسمس / ن: چارلز دیکینز / و: گۆنا عەبدولئیلا تۆفیق

٣٨- سروود و گاتەکانی زەردەشت / ن: د. حوسێن وەحیدی / و: وریا قانیع

٣٩- ئەو خاڵانەی خۆشەویستی بەهێزتر دەکەن / چەند سەرچاوەیەك / و: فریاد بارزانی

٤٠- ئاسایشی نێودەوڵەتی / ن: کۆمەڵێك پسپۆڕ / و: قادر وریا

٤١- رێبازی عەشق / ن: نیکتات ئیسواران / و: هاوار ئەحمەد هەڵەبجەیی

٤٢- بەرەو خۆشبەختی / ن: ئەنتۆنی رابینز / و: حەسەن ئەحمەد مستەفا (چاپی دووەم)

٤٣- رەخنەگرتن لە ئەقڵی ئیسلامی / ن: د. محەمەد ئارکۆن / و: دلێر ئەحمەد بەرزنجی

٤٤- رێبازە ئەدەبییەکان/ چەند سەرچاوەیەك / و: فەرهاد پیرباڵ (چاپی دووەم)

٤٥- لە رێی سیفەت و هەڵسوکەوتڕا کەسایەتی خۆت بناسە / ن: سۆزان ئەلبوز / و: لوقمان باپیر